چەند باسێکی

# کورد و تورك

بەرگی یەکەم

نووسینی : کەندالْ ، وانلی

(وەرگێران و) پەراوێز نووسینی : شێرکۆ هەژار

چاپی دووەم

٢٠٠٩/٢٦٢١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ناوەرۆك


| ناوەرۆك | لاپەرە |
|---|---|
| سەرەتا - ئەم دووباسە و تێبینی ................................................ | ٧ -٩ |
| باسی یەکەم - کورد لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا ........................................ | ١٣-٥٤ |
| یەك - لە عوسمانێتیەوە بۆ نەتەوایەتی ................................................ | ١٣-١٧ |
| دوو - ریشەی کوردایەتی ................................................ | ١٨-٢٢ |
| ١- دۆخی حوکمی کوردستان ................................................ | ١٨-١٩ |
| ٢- کوردستانی دەرەبەگی ................................................ | ٢٠-٢٢ |
| سێ - راپەرینەکانی سەدەی نۆزدە ................................................ | ٢٣-٣٣ |
| ١- راپەرینی بابان ................................................ | ٢٤-٢٥ |
| ٢- هەوڵی میر محەمەد بۆ کوردستان هێنانە ژێر دەسەڵاتی خۆی .................. | ٢٥-٢٧ |
| ٣- راپەرینی بەدرخان بەگ ................................................ | ٢٧-٢٩ |
| ٤- یەزدان شێر ................................................ | ٣٠-٣١ |
| ٥- راپەرینی ١٨٨٠ ( شێخ عوبەیدوڵلا) ................................................ | ٣١-٣٣ |
| چوار - سیاسەتی پان ئیسلامێتی و تواندنەوە ی | |
| سوڵتانی سوور عەبدول حەمیدی دووەم ................................................ | ٣٤-٣٦ |
| - ئەفواجی خەفیفە ................................................ | ٣٥-٣٦ |
| پێنج - یەکەم رێکخراوانی نەتەوەیی کورد ................................................ | ٣٧-٤٢ |
| ١- تەعالی وە تەرەقیی کوردستان (کوردستان تەعالی وە تەرەقی جەمعیەتی) | |
| - (و کورد نەشری مەعاریف جەمعیەتی) ................................................ | ٣٨-٣٩ |
| ٢- کورد کولوپ لەری ( یانە کوردیەکان) ................................................ | ٣٩-٤٠ |
| ٣- هێڤیا کورد ................................................ | ٤٠-٤١ |
| ٤- کوردستان موحیببوون جەمعیەتی ................................................ | ٤١ |
| - پارتی موجەددید ................................................ | ٤١-٤٢ |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەش - ساڵانی شەڕی جیهانیی یەکەم ............................................ ٤٣-٤٤
حەوت - ساڵانی دوای شەڕ ............................................................ ٤٥-٤٩
- ڕێکخراوانی نەتەوەیی کورد ( دوای شەڕ) ............................................ ٤٧-٤٩
١- ئیستیخلاسی کوردستان ............................................................ ٤٧
٢- کورد ئیستیقلال جمعیەتی ......................................................... ٤٧
٣- کوردستان تعالی جمعیەتی ........................................................ ٤٧-٤٩
- ڕاپەڕینی کۆچگیری ................................................................ ٤٨-٤٩
٤- کورد تەشکیلاتی ئیجتیماعیە جمعیەتی ......................................... ٤٩
٥- کورد میللەت فیرقەسی.............................................................. ٤٩
٦- یانەی دیاربەکر ...................................................................... ٤٩
هەشت - پەیمانی سێڤر - ١٩٢٠/٨/١٠ ................................................ ٥٠- ٥٤
پەراوێزی وەرگێڕ ...................................................................... ٥٥-٧٨

باسی دووەم - لێنۆڕینێکی مسەلەی نەتەوایەتیی کوردستانی تورکیا

بە زەمینەی مێژووییەوە ............................................................ ٧٩-١٢٣
یەك - سەرەتا، زانیاریەکی گشتی ..................................................... ٨١-٨٦
دوو - زەمینەی مێژوویی( تا شەڕی جیهانیی یەکەم) .................................. ٨٧-٩٣
سێ - بزووتنەوەی کەمالی و گەلی کورد............................................... ٩٤- ١٠١
چوار - باری ساڵانی ١٩٥٩-١٩٧٠ .................................................... ١٠٢-١١٠
پێنج - تورکیە ئیشچی پارتیسی(پارتی کرێکارانی تورکیا) ........................... ١١١-١١٩
شەش - ڕژیمی فاشیستی مارتی ١٩٧١ ................................................ ١٢٠-١٢٣
پەراوێزی وەرگێڕ ...................................................................... ١٢٤-١٤٢
ناوی هێندێك لە سەرچاوەکانی وەرگێڕ.................................................. ١٤٣- ١٤٤
پێڕستی ناو .............................................................................. ١٤٥- ١٥٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەخشەکان


بەشێکی نەخشەیەکی کوردستان .................................................. ١٠

بەشێکی ئیمپراتۆریی عوسمانی .................................................. ١٢

tووران .................................................................................. ٦٤

ویلایەتەکانی هەرێمی باکووری کوردستان ساڵی ١٩٧١ ٨٠

نەخشەیەکی درشتی بالکان.................................................... ١٢٩

ڕێگای گەشتەکەی ئەولیا چەلەبی .................................................. ١٣١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باسی یەکەم - کورد لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا: وەرگێڕاوی باسێکە کەکەنداڵ نووسیویەتی (١٩٧٦-١٩٧٧)، کراوە بە بەشی یەکەمی کتێبێك بە زمانی فەرەنسی، کە کتێبەکە دواتر کراوە بە ئینگلیسی و بە ئەڵمانییش . بەشەکانی تر: کوردستانی تورکیا، نووسینی کەنداڵ، کە من کردوومەتە کوردی ؛ کوردستانی ئێران، نووسینی دکتۆر قاسملو؛ کۆماری کوردی مهاباد، نووسینی ئارشی رۆزەفێڵت، ١٩٤٧؛ کوردستانی عێراق، نووسینی دکتۆرعیسمەت شەریف وانلی بە ناوی نهێنیی "مستەفا نازدار " - خۆی دوایی ئەمەی لە نووسینیدا ئاشکراکرد، لەبەر ئەوەیە کە منیش لێرەدا باسی دەکەم؛ کوردی یەکێتیی سۆڤیەت، نووسینی کەنداڵ- وەرگێڕانی بۆکوردی (سەلام عەبدوڵڵا) لە گۆڤاری "پەیڤ" ژ ٤، نیسانی ١٩٨٧دا بڵاوکراوەتەوە؛ وێڕای سەرەتاو بنەتا(باسی نێوانی کوردو رژیمی خومەینی)ی " ژێرار شالیا" ی دەرهێنەری کتێبەکە .

من لە سەرەتادا هەر نوسخە ئینگلیسیەکەم هەبوو وئەم باسەم ساڵی ١٩٨٨لەو وەرگێڕا :

People Without A Country, The Kurds and Kurdistan.
Ghassemlou.Kendal.Nazdar.Roosevelt.Vanly.
Edited by Gerard Chaliand.
Translated by Michael Pallis
Zed Press, 57 Caledonian Road, London N1 9DN.1980

دواتر وەرگێڕاوی ئەڵمانیەکەیم دەست کەوت ، وەرگێڕاوێکی کۆڵەواری دەستەیەکی سیاسیی ناسراو لە- ئەوسا- ئەڵمانیای رۆژئاوا :

Kurdistan und die Kurden . Band 1,mit einem Vorwort von Tilman Zűlich.
Reihe Pogrom 105/106. Gőttingen und Wien,März 1984.

دیسان بە وەرگێڕانەکەی خۆمداهاتمەوە و بەراوردم کرد و هێندێك تێبینیم وێخست (١٩٨٩) .

ساڵی ١٩٩٠نوسخە فەرەنسیەکەم وەدەست هێنا Les Kurdes et le Kurdistan، کە چاپێکی ١٩٨١ بوو ، لە هەمان بڵاوکەرەوەی چاپی یەکەمی :

François Maspero . 1,Place Paul-Painlevé,Paris Ve,1981.

ئەوسا هەردوو وەرگێڕاوە ئینگلیسی و ئەڵمانیەکە و وەرگێڕانەکەی خۆشم پێ بەراوردکردن و، ساڵی ١٩٩٤ بە پەراوێزەکانی خۆمدا هاتمەوە و هەندێ زانیاریی- بۆئەوسا- نوێ(ی سەرژماری... ئیدی)م لێ زیادکرد، و تەنیا لە یەك شوێندا زانیاریەکی بە تاریخی ١٩٩٦یشم خستۆتە سەر ، ئیتر ئەمەی لێ دەرچووە کە ئێستا دەیبینی .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باسی دووەم - لێنۆڕینێکی مسەلەی نەتەوایەتیی کوردستانی تورکیا بە زەمینەی مێژوویییەوە : پوختەی بەشی زۆری باسێکە، کە دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی بە ٨٣ لاپەڕەی ئا٤(خورشیدی) ساڵی ١٩٧١ نووسیویەتی :

Survey of THE NATIONAL QUESTION OF TURKISH KURDISTAN
With Historical Background . August 1971 .

نووسەر، ساڵی ١٩٨٠ کۆپیی نوسخەیەکی ( تایپکراوی ) لێ بۆ ناردم . منیش ، ساڵی دوای ئەوە(١٩٨١)پوختەیەکی کوردیم لێ سازکرد ،و لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا نوسخەیەکی دەستخەتم لێ دا بە ئازاد(محەمەد) مستەفا( لە سەردانێکی ئەوروپایدا) . ئازاد مستەفا، ساڵی ١٩٨٤ لە ئەشکەوتێکی کوردستاندا( لە چیای سورێن)،بە دەستی خۆی و بە جوانی وسەهوی کەم چاپی کرد و، زوو دووسەد دانە لەوە گەیشتبۆوە شاری سلێمانی . شتێکیش بە ناوی " خوێندکاری کورد" لە پایتەختی سوێد ، بەبێ ئاگاداریی من ، بە زنجیرە لە ژمارەکانی ٨ تا ١٣یدا بە چەند ساڵێك (١٩٨٦- ١٩٨٩)،بە هەڵەی زۆرو زۆر سەیرەوە(بە نموونە لە ژمارەی کوردوگەورەیی خاکی کوردستان )دا چاپ کردبوو. دواتر کە چاپکارم دیت ،گوتی کە بەهۆی کێشەی خێزانیی لەگەڵ ژنیدا حەواسی پەرت و بڵاو بووە ونەیزانیوە چیی کردووە،و ئەوە بەسەرچاپ کردنی گۆڤاری ڕێکخراوەکەیاندا شکاوەتەوە!. ئەمەی ئێستا زۆرتر چاپکردنەوەی هەمان ئەونوسخەیەی چاپەکەی کوردستانە، بەڵام بە ڕێنووسێکی هێندێك جیاواز و کەمێك دەستکاری و پەراوێزەوە .

تێبینی : ١- پەراوێزی نووسەر خراوەتە داوێنی لاپەڕە و پەراوێزی من بە ژمارە و دوای باسی نووسەر دێ .

٢- هەرکەسە لە قسەی خۆی بەرپرسیارە . ئەگەر من لە شوێنێکدا بیروڕام دەربارەی قسەی نووسەر دەرنەبڕیبێ، مانای ئەوە نیە کە ئیتر قەبووڵمە. من لە وەرگێڕان و پەراوێزەکانی خۆم بەرپرسیارم.

٣- هێندێك بەش کە لە ئەسڵەکەدا بەسەریەکەوەن ( ڕێکخراوانی نەتەوەیی...وئیدی)،لێرەدا بە سەر- دێڕی سەربەخۆ جیاکراونەوە .

٤- هەموو خەت بەژێردا کێشانێك هی منە .

٥- هەمووتاریخێك لەم کتێبەدا زاینی(میلادی)یە،مەگەر ئەوە کە لایەوە نووسرابێ کۆچی(مانگی)،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٦- هێندێك رەمزی بەكارهاتوو: ببە- بۆ بەراورد ؛ بڕ- بڕوانە،بشڕوانە ؛ پا- پاژ،بەرگ ؛ ژ- ژمارە؛ ل- لاپەڕە . وێڕای : م٢ میتری چوارگۆشە؛ كم٢ كیلۆمیتری چوارگۆشە ؛ پ.ز. -پێش زاین .

٧- هێندێك وشەی بەكارهاتوو - بە چ مانایەك

| وشە | بە مانای |
|---|---|
| بەند | ماددە(ی قانوون،پەیمان..ئیدی) |
| پارێزەر | ئەوقات، محامی، وەكیل |
| پاوان | ئیحتیكار |
| خوێندكار | قوتابی ، شاگردی خوێندن |
| خوێندگە | قوتابخانە . مەدرەسە |
| دەستوور | قانوونی ئەساسی |
| دەستووری، دەستووریەت | مەشرووتە |
| زانكۆ(یی) | دانیشگا(یی) |
| سەرانە | معدّل ، متوسّط |
| سەرژماری | ١- ئامار(زانیاریی ژمارەیی وەكۆكراو، لە هەر بابەتێك،زۆرتر لە مەیدانێكی هەراودا،بە سنفبەندی و رێكخستنەوە) .<br>٢- خەڵكژماری ( ژماردنی خەڵكی وڵات ، شار، و...ئیدی ، و هێندێك ئامار دەربارەیان) . |
| كۆلیج | دانیشكەدە،كلّیّە |
| ( ئەنجومەنی) كۆمەڵی نەتەوەكان | ( مەجلیسی) عوسبەی ئومەم . |

شێركۆ هەژار

نەورۆزی ٢٦١٦/٢٠٠٤

( چاپی یەكەم )

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باسی یەکەم

# کورد

# لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا

نووسینی : کەندالْ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەزعی کورد، هەر بە باسی تێکڕای مێژووی و بەتایبەتی باسی
ڕووداوانی سەد ساڵی ڕابردوو دەکرێ ڕوون بێتەوە .

## یەك - لە عوسمانێتییەوە بۆ نەتەوایەتی

ئیمپراتۆریی عوسمانی، کە نەیتوانی ڕەگەڵ کاروانی شۆڕشی سەنعەتی بکەوێ، ماڵ وێران بە دەست ناتەبایی ناوخۆوە ( بەهۆی : لەشکری زۆر، نەزمی زەویی کە بەدەست دەوڵەت و کۆسپێك بوو لە ڕێی گەشە - کردنی سەرمایەداریدا، و زوڵم ودیکتاتۆریی کە پەرەسەندنی بیری زانستی و فەلسەفی ڕێ نەدەدا، و... ئیدی ) ، دوژمنایەتیی نەمسا( ئوتریش) (١) و تەماحی ڕووسیای قەیسەرییش لەولاوە، ئەوەندەی تر هێزیان لێبڕی، ئەوەبوو لێكهەڵوەشانی لە سەدەی نۆزدەدا دەستی پێکرد .
ئینگلیس،ی کە ئیمتیازی(٢) زۆری لە دەوڵەتی عوسمانیدا وەدەست هێنابوو، بە ناوی گوایا پێش خستنی دەزگا و ژیانی ئەو دەوڵەتە، ئەوەندەی تر پەیمانی تر و قانوونی ئیسلاحات ( تەنزیمات - ١٨٣٩) (٣) ی بە قازانجی خۆی بەسەردا سەپاند و بەوە ئەوەندەی تر قوڕی کردە سەر .
دەوڵەتیعوسمانی ئەوەندە کەوتە ژێر باری قەرزەوە، کە ئیدی قەرزی پێ نەدەدرایەوە . دەوڵەتانی خاوەن قەرز ( ئینگلیس، فەرەنسا، نەمسا- هەنگاریا، ئیتالیا ) کۆمیتەیەکیان لە نێوان خۆیاندا بە ناوی " کۆمیتەی ئەورووپایی قەرزی عوسمانی " بۆ لێ ئەستاندنەوەی قەرزەکانیان پێکهێنا. ئەو کۆمیتەیە لە ساڵی ١٨٧٨ـەوە، هەموو دارایی ئیمپراتۆرییعوسمانیی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە (٤) . ئەورووپایی، مەعدەن و ڕێی ئاسن و بازرگانیی دەرەوەی عوسمانییان بە تەواوی بۆخۆیان دابڕی . مشاوری بێگانە بەسەر لەشکر و ئیدارەی عوسمانیدا داسەپێندران . سەفیری ئینگلیس لە ئەستەمبووڵ " لۆردستراتفۆرد کانینگ" کە پێی سپێردرابوو ئاگای لێ بێت " ئیسلاحات" بە چاکی بەجێبهێندرێن ، دەیتوانی بەکەیفێ خۆی وەزارەتی عوسمانی دروست بکات و بە کەیفێ خۆیشی خەرایکاتەوە(٥) . گەلانی بالکانی ژێردەستە، کە عوسمانییان هەرتەنیا بە دەزگای چەوساندنەوە و باج ئەستاندن دادەنا، ئەم هەلومەرجەیان بە دەرفەت زانی و قۆڵی خەباتی ڕزگارییان لێهەڵکرد . لەوسەری تری ئیمپراتۆری، ورووژانی کوردیش دەستی پێکرد . لە بەرامبەر ئەم ئیستیعمارگەری و دەسەڵات پەیداکردنەی بێگانە لەو دەوڵەتدا، کە لە لایەکەوە دواکەوتوویی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پێداویستی ڕۆژ، و لەلایەکی ترەوە " نەتەوایەتی"ی نەتەوە جیاوازەکانی بڕستیان لێ بڕیبوو، شتێکی نوێی بە ناوی عوسمانیچێتی پەیدابوو، کە مەیلی بەرگری لە خۆ کردن و محافەزەکارانە بوو . ڕابەرانی ئەم عوسمانیـ-چێتیە، کە لەسەرەتادا بە" عوسمانیانی لاو" ناسران ( نامیق کەمال ، زیا پاشا) ، لە ساڵی ١٨٦٥ـەوە کەوتنە خەمخواردنی دەرهێنانی ئیمپراتۆریی عوسمانی (- بە قسەی ئەوان - نەتەوەی عوسمانی ) لەو زەلکاوەی تێی ڕۆ-چووبوو . بیریان لەوە دەکردەوە چۆن ئیمپراتۆریەکی نوێی لێ سازکەن، چۆن لەهەژاری و نەداری و فەسادو دوا-کەوتوویی ڕزگاری بکەن، و زوڵم و دیکتاتۆریی سوڵتان نەهێڵن ."عوسمانیانیلاو" پێیان وابوو، بە دەستوور-ێکی " باش "ی کە یەکسانیو ئازادیی هەموونەتەوەکانی ئیمپراتۆریی دابین بکردبایە،جیابوونەوەخوازیی ئەو نەتەوانە پێشیدەگیرا ، خوێندن و خوێندەواری پێشدەبرا ،و"نەتەوەی عوسمانی بە پلەی ژیاریی ڕۆژئاوایی دەگە-یەندرا". ئەندامانی ئەم بزووتنەوە دەستووریە( مەشرووتەیە)ی" عوسمانیانی لاو" لە ئەفسەرانی لاو وخوێندەوا-ران (٦)بوون *، بزووتنەوەکەیان لە ساڵانی نەوەدی سەدەی نۆزدەدا بە بزووتنەوەی " تورکی لاو" ناو دەبرا(٧) .

بەرژەوەندی ڕیزەکانی ئەم بزووتنەوەیە جیاواز و تەنانەت زۆر لێك دوور بوون ، ئەنداماں لە سێ دەستە بوون :

١- دەستەی هەرە دەوڵەمەند ، بازرگانی یۆنانی و ئەرمەنی ( مەسیحی) ، کە ئەگەر نەڵێین بازرگانیی لەگەڵ ئینگلیس و فەرەنسایاندا بۆخۆیان پاوان کردبوو، ئەوا هەرنەبێ، هەرە زۆرترینی ئەو بازرگانیە بۆ ئەوان بوو .

٢- کاربەدەستانێکی عەسکەری و ئیدارەی عوسمانی، کە هەرچەندە ئەوەندەی بازرگانانی یۆنانی و ئەرمەنی دەوڵەمەند نەبوون، بەڵام دەلالی(قۆمسیۆن) و بەخشیشی بێگانەیان پێدەبڕا ، و لەگەڵ ئەوروپاییاندا هاوبەرژە-وەند بوون .

٣- کاسب و بازرگانی تورکی کەمتوانای کە- بە پێچەوانەی دوو دەستەکەی پێشوو- لەم دەسەڵاتەی ئەوروپاییان زیانیان دەدیت . کاسب و بازرگانی جووش هەر لەم دەستەیە بوون .

---

* بۆ زانیاریی پتر دەربارەی ئەم سەردەمەی سەرەتای چاوکردنەوەی سیاسیی گەلانی ژێردەستی عوسمانی بڕ-

Ş. Mardin, The Genesis of Young Ottoman Thought ( Princeton,1962) .

E.E.Remshaw,The Young Turks: Prelude to the Revolution of 1908 (Princeton,1957) .

و بەتایبەتی کتێبی زۆر زانیاریی" ی . ئا . پیترۆسیان" : تورکی لاو ( بە ڕووسی) کە لەلایەن " بیلگی یاینەڤی" یەوە کراوەتە تورکی ( ئەنقەرە، ١٩٧٤)، ئێمە کەڵکمان لە تورکیەکە وەرگرتووە .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەكنەبوونی بیرو بەرژەوەندی ، " توركی لاو"ی لێكدابڕین و ساڵی ١٩٠٢كردنی بە دوو بزووتنەوە :

- دوو دەستەی یەكەم ( بازرگانانی یۆنانی و ئەرمەنی ، و كاربەدەستانی قۆمیسیۆن وەرگر و بەخشیش خۆر) لە دەوری شازادە سەباحەدین هاڵابوون، دەیانویست توركیا لە سایەی پارێزگاریی ئینگلیسدا ئازادیی سیاسی و ئاسایشی تێبكەوێ( حوكمی زاڵمانەی تێدا نەمێنێ ) و بحەسێتەوە،هەركەسەی تێدا بەگوێرەی توانا و لێهاتوو- یی و بەبێ گوێدانە نەژاد و ئاینی پێشبكەوێ . ئەم دوو دەستەیە لەوانی دی جیابوونەوە و لەدواییدا بوون بە " حوریەت ڤە ئیتیلاف پارتیسی"(٨)، كە دیارە ئەگەر بە قسەی ئەوان بوایە، دەسەڵات لەو هەلومەرجەی ئەو- سادا بەلای نامسوڵماناندا دەشكایەوە .

- زۆربەی " توركی لاو "ی كە مسوڵمان بوون، و دوای جیابوونەوەی شازادە سەباحەدین و هاوبیرانی مانەوە، بە ناوی " ئۆسمانلی ئیتیحاد ڤە تەرەقی جەمعیەتی" یاخود زۆرتر هەر بە ناوی " كۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی" هاتنە پێشەوە*. كە دەڵێین" ئیتیحادیەكان"، مەبەست ئا لەمانەیە . ئەم ئیتیحادیانە،گوایا" دەوڵەتی دەستوو- ری" و " ئابووریی نیشتمانی" یان دەویست ، " ئیسلامی" یكیان دوو قوونی هەموو شتێ دەخست ، ئیتر ئەو سەردەمە باس هەر باسی " كەسابەتی ئیسلامی"،" كارخانەی ئیسلامی" و" بازرگانیی ئیسلامی" بوو...، ئە ئاوا ، ئەمانەی كە تادوێنێ باسی " نەتەوایەتیی عوسمانی "یان دەكرد ، ئەمجارە كەوتبوونە سەر " نەتەوایەتیی ئیسلامی" (دواییین دەبینین چۆن دەست لە كلكی هەرتكیان بەردەدەن و هاواری " نەتەوایەتیی تورك" دەكەن ) .

ئیتیحادیەكان،دەیانویست هەرچۆنێك بوایە، " یەكێتی "ی ئیمپراتۆریی عوسمانی بپارێزن ، دروشمی خەباتیان بۆ سەربەخۆیی نیشتمان و لەدژی دەسەڵاتی بێگانە بوو ، زۆر خوێندەواری كورد و عارەب و ئەڵبانیان رەگەڵ كەوتبوون،پەیمانێكی تاكتیكییان(١٠) لەگەڵ ئەرمەنی و بولگارە سۆسیال دیموكراتەكاندا بەستبوو، كە دەربا- رەی خەبات بوو بۆ نەهێشتنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی رەمزی" تاغووتی رۆژهەڵاتی " ، هەڵبژاردنی ئازادانەی مەجلیسێك( پەرلەمانێك) بۆ هەموان، كە بە دەستوورێك ئازادی و یەكسانیی - گوایا- هەمووگەلانی ئیمپراتۆریی عوسمانی دابین بكات .

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، پێی وا نەبوو دروشمی" ئازادی و یەكسانی" دەردی دەرمان دەكا. ئەو لەئیمپرا-

* فەلسەفەی پۆزیتیڤیزم (موسبەتە،وەزعی) تەئسیری زۆری لەسەرەتادا بەسەر ئیتیحادیەكان و دواتر بەسەر كەمالیەكاندا هەبوو (٩) .

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆریەکدا کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا هەر بەشە مسوڵمانەکانی لێ مابۆوە،چارەی تەنیا لە یەك دروشمدا دە-دۆزیەوە، دروشمی : یەکێتیی سیاسیی هەموو مسوڵمانان بەرابەریی خەلیفە ( ئەڵبەتە واتە عەبدول حەمیدی دووەم خۆی) لە بەرامبەر مەترسیی مەسیحیەکاندا . ئەڵمانیا،کە بەتەمای داگیرکردنی ئەنادۆڵ و میسۆپۆتامیا (١١) بوو ( رێی ئاسنی بۆ ئەوە دەگەیاندە بەغدا*) ، ئەم پان- ئیسلامێتیەی سوڵتانی عوسمانیی زۆر بە کەیفێ بوو و بەگەرمی پشتگیریی لێدەکرد .

ئیتیحادیەکان ساڵی ١٩٠٨ بە کۆدێتا هاتنە سەر حوکم، کۆدێتاکەیان سەرەتای زنجیرەی پازدە ساڵ کۆششی حوکم گرتنە دەستی چینێکی(١٢) تورك بوو کە بنەتاکەی مستەفا کەمال ( ئەتاتورك) تەواوی کرد .

کۆدێتای ١٩٠٨، لەسەرەتادا شادیی هێنا . کە " ئیرادەی ئیمپراتۆری" راگەیەندرا،و باسی ئازادی ویەکسانیی میللەتان و ئاینانی جیاواز - بە جۆرێکی کە لە تاریخی عوسمانیدا نەبیسترابوو - هاتەکایەوە ، هەستی برایەتیی ئەو خەڵکە بە شێوەیەك جۆشی سەند نەبێتەوە**. دوای پێنج مانگ،هەڵبژاردن‌کرا و پەرلەمان پێکهات، هەندێ ئازادی، بەتایبەتی نووسین و خوێندن بە زمانی زگماك، درا بە میللەتانی ئیمپراتۆری . بەڵام ، ئەوەندە ئازادیە زۆری نەخایاند ، ئەڵبانیەکان داوای هەڵبژاردنی مەجلیسێکی تایبەتی ئۆتۆنۆمیخۆیان کرد ، دەوڵەت بە سەختی لێی دان ؛ خوێندەوارانی غەیرەتورکی کە بە خەیاڵی" شۆرشی یەکسانی" ئەو هەمووە خەباتەیان لە ناخی دڵەوە بۆ ئیتیحاد وتەرەقی کردبوو،و ئێستا خەیاڵپلاوەکەیان لێ روون دەبۆوە،دەستە- دەستە ریزەکانیان جێهێشت و لەمەودوا دروشمی جیابوونەوە وسەربەخۆییان بەرز دەکردەوە . ئەڵبانیاو بولگاریا لە شەرەکانی بالکان (١٩١٢-١٩١٣) دا سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا . حیجازیش لە عوسمانی یاخی بوو .

بە کول بوونی دروشمی " یەکێتی عوسمانی " و بە ریسوابوونی لافی رژیمی " دەستووری " و " گیانی نوێ " ،

---

* بڕ- Earl Turkey, The Great Powers and the Baghdad Railway,Macmillan(London 1923) .

** کەسانێك بە چاوی خۆیان دیمەنی سەیریان لە مەیدانی سانتسۆفیا و لەسەر پردی گالاتا دیتووە . یۆنانی، بولگار، کورد، و ئەرمەنی وەك برا یەکتریان دە باوەش دەگرت . ئەفسەرانی تورکی لاو روو لە جەماوەر رایاندەگەیاند کە : جوو و مەسیحی و مسوڵمان چیتر دوژمنی یەکتر نین و ئێستا هەموو وێکرا بۆ شانازیی نەتەوەی عوسمانی هاوکاری دەکەن .(١٣)

Joan Haslip, le sultan, le tragedie d'Abdulhamid,Hachette(Paris,1960)P241.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیتیحادوتەرەقی- کە ئیتر هەر تورکی تێدا مانەوە - تورکچێتیەکەی خست کردەوە،هەموو کۆمەڵە وچاپەمەنی وخوێندگەی غەیرەتورکیی قەدەغەکردن وئەمجارە" توورانیچێتی"( پان-توورانی) ی بە ناوی بیروباوەڕی رەسمی خۆی راگەیاند(١٤). راستیەکەی،ئیتیحادیە تورکەکان، زۆر بەر لەوراگەیاندنە رەسمیە، بەکردار توورانیچێتیان دەکرد ، بەڵام ئەوەبوو ئیتر بەم راگەیاندنە بە رەسمی پێوەندیان لەگەڵ ناتورکاندا بڕی . پان- توورانی، زۆر لەژێر تەئسیری " پان- ئەڵمانیەت" دا، داوای نیشتمانی گەورەتری تورکیان دەکرد ( لە بەشی ئەوروپایی تورکیاوە تا پێدەشتەکانی ئاسیایەمەرکەزی) *."سوڵتان رەشاد"ی کە تاجی سوڵتانعەبدولحەمیدی دووەمی وەلانراوی درابوویێ،لەگەڵ پان-توورانیەتدا بوو. پان- توورانی، خەونی ئەوسا- وەك ئێستا- یان ئەوەبوو یەك ئیمپراتۆری لە تورکیاوە تا بە تورکستان ( ئازەربایجان ، ئوزبەکستان ، تورکمەنستان ،قرخیزستان و...ئیدی ) بە ناوی " ئیمپراتۆریی توورانی" پێكبهێنن . ئەوجا کە کوردو ئەرمەنی دەکەوتنە نێوان بەشەکانی ئەم ئیمپراتۆرییەوە و یەکێتیەکەیان دەشێواند ،دەبوو چارە بکرانایە . توورانی، رێك بەر لە شەڕی جیهانیی یەکەم ، چارەی ئەوەیان لە چوونە شەڕدا دیتەوە . بڕیاریان دا، لە ڕێی بەشداربوون لەو شەڕەدا، کورد و ئەرمەنی لە ئارادا نەهێڵن و خەونی گۆڕین بهێننە دی . بەوە کە ئەرمەنی مەسیحی بوون و نەدەکرا بتوێندرێنەوە، دەبوا هەموو بکوژرێن ؛ کوردیش بەزۆر کۆچیان پێبکرێ، پرش وبڵاو بکرێنەوە**و ئەوەندەی کوشتاریش پێویست بێت لێیان بکرێ . ئەوە نەخشەی رژیمی تورك...

...ئەی کوردایەتی ئەو رۆژی رێك بەرلە شەڕی جیهانیی یەکەمە لەکوێ بوو؟

---

* لە هەمووی سەیرتر" زیاگۆك ئالپ" ناوێك پیاوی سەرەکیی فکر(ئیدیۆلۆگ)ی ئەم پان- توورانیەتە بوو،کە لاوێکی کوردی خەڵکی دیاربەکر و شاگردی " دورکێم" (دورکایم،دورکهایم) (١٥) بوو . دوای سازکردنی لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی دەربارەی کورد (بڕ- کورد عەشیرەتلەری هەقندە ئیجتیماعی تەدقیقلەر ،ئەنقەرە، ١٩٧٥) بە تەواوی رووی وەرگێڕا و،، بە گەرمیی زەلامێکی تەواوە دە بێگانەدا، کەوتە نینکارکردنی ئەسڵی خۆی، نەتەوەیی تورك زۆریان پێ هەڵگوت، و ئێستا زۆر وادەبێ بە "باوکی رووحیی تورکیای نوێ "ناوی دەبەن .

** بەرنامەیەکی بە زۆر کۆچ پێ کردنی کورد لەلایەن ئەنوەر و تەلعەت پاشاوە،ئەو دوو رابەرە ئیتیحادیەی بەرپرسیاری سەرەکیی کوشتاریگەلی ئەرمەنی بوون، ئامادە کرا . دە بەندی قانوونێك بە ئیمزای سوڵتان ←

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوو - ریشەی کوردایەتی

هەرچەندە بیری هاونەتەوەیی زۆرلە زووەوە لە ناو خوێندەوارانی کورددا هەبووە، بەڵام بیری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی هەموو کورد بە دامودەزگای نەتەوایەتی لە کوردستاندا ئەوەندە کۆن نیە . ئەوەش بەهۆی چەند شتێکەوە بووە، کە یەکەمیان دۆخی حوکمی کوردستان بووە لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا .

### ١- دۆخی حوکمی کوردستان

نێوانی کورد و عوسمانی لە سەرەتای سەدەی شازدەوە دەست پێ دەکا . ئەوسا کوردستان چەندین ئەمارەت بوو، شای ئێران دەیویست بە زۆر بیانخاتە سەر ئێران، و رابەرانی کــورد بە شەڕ بەرەنگاری دەبوونەوە و بەرگرییان لەخۆیان دەکرد .

رابەرانی کورد، سالی ١٥١٤ لە شەڕی" چاڵدێران"دا، یارمەتیەکی زۆری سوڵتانی عوسمانییان لە دژی شای ئێران دا، وئەوە دەوری زۆری لــە سەرکەوتنی سوڵتانی عوسمانیدا هەبوو . کــورد و سوڵتانی عوسمانی پەیمانێکیان بەست، عوسمانی بەو پەیمانە : ١٦ ئەمارەتی کورد ( کــورد حکومەت لەری ) ی بە گــەورەیی و گرنگیی جیاواز، و ١٥ سەنجاقی کورد، و ژمارەیەك سەنجاقی عوسمانیی لە کوردستاندا قەبووڵ کرد *.

---

← محەمەد رەشادی پێنجەم،دەسەڵاتی گواستنەوەی تێکڕایی بە زۆری کوردانی بۆ دێهاتی تورکی ئەنادۆڵ راگەیاند، کە دەبوو نیسبەتی کوردیان تێدا لە ٥٪ی دانیشتوان کەمتر بوایە، ئـەوەش هەموو بە ناوی "پێداویستی جیهاد"وە باس کرابوو . لە سەردەمی شەڕدا، دەست بە بەجێهێنانی ئەو بەرنامەیە کرا : ٧٠٠ هەزار کورد بە زۆر برانە ئەنادۆڵ . بب -

Les Massacres Kurdes en Turquie, Hoyboun Ligue Nationale Kurde(Cairo,1928) .

* ئەم ناوانەی دەوڵەتانی سەدەی حەڤدەی کورد لەونووسینەی بەرهەمی پرۆفیسۆر" شەرافەدین تووران "دا هەن کە ناوی - بە زمانی تورکی-" تەقسیماتی ئیداریی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە سەدەی حەڤدەدا " یە، (زانکۆی ئەتاتورك،ساڵنامەی ١٩٦١،چاپی ئەنقەرە،١٩٦٣،ل ٢٠٥-٢٠٧) : جزرە، حەزرۆ، ئەگیل، ←

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمارەتانی باشووری کوردستان :

سەربەخۆیی تەواویان سەلێندرا بوو،پارەی تایبەتی خۆیان دەردەکرد، ناوی میریان لە خوتبەی هەینیدا دەبرا، بۆ هیچ شتێك لەبەردەم سولتانی عوسمانیدا بەرپرسیار نەبوون، و هیچ باجێکیان نەدەدا. بە گوێرەی ئەو پەیمانە تەنیا دەبوو دوو شت رەچاو بگرن، یەك : بەگژ سولتانی عوسمانیدا نەچن،و دوو- کە یەکجار زۆر گرنگە - : نەدەبوو سنووری قەڵەمرەویی خۆیان بەرینتر بکەنەوە ،- گوایا - تاکو کەس یەکێتیی قەڵەمرەویی و سەربەخۆیی ئەمارەتی هاوسێی پێشێل نەکات، کە لە راستیدا بۆ ئەوە بوو هەر کەسە لە سنووری خۆیدا بمێنێتەوە و یەك دەوڵەتی مەرکەزیی کورد پێك نەیەت .

سەنجاقی کورد :

بۆ ئەو شوێنانە دیارکرابوون کە عوسمانی دەیزانی قەت خۆی ئەوانەی بۆ کۆنترۆل نەدەکران ، حوکمی بەگی کوردی بەسەردا قەبووڵ کردبوون (کە زۆرتر ئاغای عەشیرەتی ناوچەکە بوون و دەکران بە تەبەعەی سولتانی عوسمانی )، ئەوانە بەکەیفی خۆیان دەیانخوارد،و حوکمیان بە میرات بۆ سەلێندرابوو و نەدەکرا لێیان بستێندرێتەوە، بەڵام - لە بەرامبەردا- دەبوو لە حەملەی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا ( زۆرتر بۆ لێدانی ئێران) بە ناوی " سپاهی" بەشداری بکەن .

سەنجاقی عوسمانی :

٣/١( نیسبەتی یەك لە سێ)ی کوردستانی عوسمانی ( ناوچەکانی باکوور، بەشێکی دۆڵی دیجلە و فورات، و چەند شارێکی گرنگ : دیاربەکر، سێرت، ماردین، خارپووت، و...ئیدی ) لە چەندین سەنجاقی عوسمانیدا گونجێندرابوو، کە بەگوێرەی نەزمی رەسمیی قانوونی عوسمانی بەرێوە دەبران .

---

← پالوو،کیغی ،گەنج ، بتلیس ، خزان ، هەکاری ، مەحموودی ، شەهریزۆر، میهریڤانا، عیمادیە ، ئاستی، تەرجیل، میهریبان .

(( جۆزێف فۆن هامەر لە " مێژووی ئیمپراتۆریی عوسمانی "دا ( چاپی فەرەنسی، پاریس،١٨٣٦) هەرباسی ئەیالەتی دیاربەکر دەکا کە لە ١١سەنجاقی عوسمانی، ٨ سەنجاقی کورد،و پێنج" حکومەتی بە میراتگری " پێکهاتووە)) (١٦) .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢- کوردستانی دەرەبەگی

ئەو دۆخەی کوردستان تاکو سەرەتای سەدەی نۆزدە - کەم تا زۆر - بەو شێوەیە مایەوە . بەشی زۆری کورد-ستانیعوسمانی بە ئەمارەتان و سەنجاقان گونجێندرابوو، و ئەوانە لەراستیدا سەربەخۆ بوون .ئەدەبیاتی کوردو فەرهەنگ و ژیاریی‌کورد لەوسەربەخۆیووندا گوڵیان کردو بووژانەوە . باتێ و جزیری و بایەزیدیی عیرفانی، خانی وکۆیی‌ی نیشتمانپەروەر، فەقێیتەیرانی شۆرشگێر چەپکێك بوون لەوگوڵزارە . شارەکانی کوردستان ، بەتایبەتی پایتەختی سیاسیی ئەمارەتە هەرە بەهێزەکان :بتلیس، جەزیرە،هەکاری و... ئیدی، پایتەختیگرنگی شیعرو موسیقاو زانستیش بوون، سیاسەتی ئەمارەت دەیپاراستن، پشتی دەگرتن، ئەوپەری دڵی گەرم دەکردن وپێشیدەخستن. وادەبوو کەسانێك لەو مەرکەزە فەرهەنگیە گرنگانەوە، بۆ ناو و ناوبانگی پتر، دەچوونە ئەستەمبووڵ ( کەسانی وەك : فوزوولی ، نابی ، نەفعی و...ئیدی )(١٧). دەرباری پادشایانی کورد، لە شکۆو رازاوەیی و دەوڵەمەندیدا ،هیچیان لەوەی پادشایانی ترکەمتر نەبوو، ( ئەو کڵیشەیەی هەندێ گەریدە و بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت، هەر لە مارکۆ پۆلۆوە(١٧تا) و بەم لاوە، لە هەندەران بۆ کوردیان کێشاوە، کە گوایا هەر دزی و جەردەیی زانیوە، کڵیشەیەکی پووچی داتاشراوی دژی حەقیقەتی تاریخە) . ئەم سەردەمە زێرینەی کوردستانی دەرەبەگی، هەرچەندە سەردەمی زیندووبوونەوە و بووژانەوەی هونەر و ئەدەبیات و زانست ( ژیانەوەی کورد) بوو،بەڵام زۆر لە دنیای دەرەوە دابڕابوو،" زۆرتر وابوو" میرهەر بە بووژانەوەی پایتەخت و ئاسایشی قەڵەمڕەوییخۆی شاد دەبوو و بیری دوورتر نەدەڕۆیشت . میرە کوردەکان - وەك هەر میرانی دنیا- رەقابەت وکێشە وهەرایان لەسەر گەورەیی هەبوو ، قەت نەیانتوانی یەك بگرن و دەوڵەتێکی مەرکەزیی کورد پێکبهێنن؛ هەرمیرێکیش هەوڵی بدایە بەزۆر قەڵەمڕەویی هاوسێی و هی خۆی بکاتە یەك ، سوڵتانی عوسمانی - بە ناوی پەیمانی چاڵدێران - بەرگریی لەو ئەمارەتە هاوسێیە دەکرد و رێی یەکێتیی نەدەدان .

راستیەکەی،میرهەبوون پێیان وابووکە سوڵتانیعوسمانی سێبەری خودا بوو لەسەر زەوی، تا ئەو سێبەرەهەوڵی لێدانی دەسەڵات و بەرژەوەندی ئەو میرانەی نەدابایە ، ئەوان لەخۆیانەوە خۆیان گوناهبار نەدەکرد . بیری " ئوممەتی ئیسلام" زۆر لەسەرووی" ئوممەتی کورد"ەوە بوو( ئەوە ئەگەر بیری" ئوممەتی کورد" هەر هەبووبێ ) . ئەم رەوشتەی میران و پادشایان و لایەنی ئاینیە ، دیارە کە زیانیان لە پێشکەوتنی نەتەوایەتیی کورد دەدا . دیسان پیاوهەردەبێ زۆرتر هۆی بابەتی (مەوزووعی )ی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان لەوەدا بەرێتەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەریەك . زۆربەی کورد لەوسەردەمەدا جووتیارو یان شوانکارە بوون،نەریتی کۆمەڵایەتی " عەشیرەتی " بوو، حاکمی سەنجاقی کورد زۆرتر هەر لە عەشیرەتی هەرە بەهێزی ناوچەکانیان بوون ، تەنانەت میریش هەر لە ڕێی سەرۆکایەتی کردنی یەکێتیعەشیرەتانەوە حوکمی دەکرد . بە بیری ئێمە،" عەشیرەتگەری" دەردی دەردان بوو، کۆسپی سەر ڕێی پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی کورد و، هۆی سەرەکیی سەرنەکەوتنی نزیکەی هەموو ڕاپەڕینە-کانی سەدەی نۆزدەی کورد بوو. کۆسپی ئاینی، لەچاو عەشیرەتگەری، شتێکی سانەوی و زۆرتر نەتیجەی ئەوە بوو . خیانەت، پەڕینەوە لەمەلا بۆ ئەولا ( ڕوو وەرگێران و سەنگەر گۆڕین) ، دووبەرەکی و لێكدابڕان و...ئیدی، و بیروباوەڕی عەشیرەتی بوون کە ڕاپەڕینەکانی سەدەی نۆزدەی کوردیان بەو دەردە برد .

" شوانکارەیی" بنچینەی ئابووریی عەشیرەتە . ڕاستە، شوێنی وەك دۆڵەکانی دیجلەو فورات لە کوردستاندا بۆ کشتوکاڵ بەپیتن ، بەڵام شاخ و داخی بەرز و هەڵەمووت بۆئەوە زۆر لەبارنین، ئەوەبووە کە کورد بە سەدان ساڵ لەو چیایانەدا هەر بە شوانکارەیی (لەوەڕاندنی ئاژەڵ) ژیاون . ئەو ژیانە شوانکارەییە تابلێی سەخت بووە، دەبوو هاوکاران لەوەدا زۆر چاك پشتی یەکتر بگرن، یەکێتی درێژخایەنیان پێ‌دەویست،و ئەوە دەیکردن بە یەك دەستەی یەك خوێن و یەك هەستی تایبەتی جیاواز لە دەستەی دی . ئەم ژیانە " بەرە "ی جیادەکردنەوە و لە پەرەسەندندا نەریتی عەشیرەتیی لێ پێکدەهێنان .

نەریتی عەشیرەت - وەك هەر نەریتێکی تری کۆمەڵایەتی - ڕەوشتی تایبەتی خۆی هەیە، کە هەڵسووڕانی ژیانی ئەوکۆمەڵە دابین دەکا. کاری شوانکارەییعەشیرەت زۆرساکارە،بیرکردنەوەیەك وسەنعەتێکی ئەوتۆی پێ‌ناوێ تا پێویستی - بڵێین- بەخوێندنەبێ،گۆڕان و وەرگرتنی زانیاریەکی نوێی ئەوتۆی تێدا دەکاردانیە. ئەگەر شوان بیری بەلای خوێندنیشدا بچێ، خوێندن شتێکە زۆرترهەرلە خوێندگەی شارستان و لە دێهاتدا دەکرێ پێکبێت، نەك لە ژیانی شوانکارەی کۆچەردا ، کە بەگوێرەی لەوەڕی ئاژەڵی هەر ڕۆژە لە شوێنێکە .

کۆمەڵی شوانکارە زۆرتر هەر بە خۆی و لەوەڕی ئاژەڵیەوە خەریکە و زۆر ناپەرژێتە سەر سەرنج دانی دوورترو ژیانی دنیای دەرەوەی ئەوەی خۆی، عەقڵی زۆر ساکارانە دنیا شی‌دەکاتەوە ، شی‌کردنەوەی دوانەییە (١٨) . کە جارێك عەقڵی شی‌کردنەوەیەکی ساکاری قەبووڵ کرد ، ئیتر ئەوەی لێ‌دەبێتە نامووس و شەرەفی،و توند چنگی لێ گیر دەکا، تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە و چاو پێدا هێنانەوە لە فەرهەنگی شوانکارەییدا نیە . شوانکارە،هەر ئەوەندە بە دڵ پێی وابوو زەلامێك لەگەڵیدا ڕاستە و بڕوای پێ‌هێنا ، ئیتر ئامادەیە کوێر-کوێرانە پشتی بگرێ و تەنانەت گیانی خۆیشی بەقوربان بکات ، هەڵسەنگاندنی هەر قسەیەك و تۆژینی باری سەرنجی ئەو کەسەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەبیردا نایەت، تەنانەت دەکرێ دەمکردنەوە بۆ دەربڕینی بیروڕایەکی ئاسایی لە مەسەلەیەکدا تێدا بە بێڕەوشتی دابنرێ .

دیارە ئەم زیهنیەتە، پەرەسەندنی نەتەوایەتی و سەرکەوتنی یارمەتی نادا . راستیەکەی ، ئەم نەریتی عەشیرەتیە بووکە هەموو راپەڕینەکانی سەدەی نۆزدەی کوردو تەنانەت زۆری سەدەی بیستەمیشی لەباربرد . هەویەتی"من" و"بیرکردنەوەی من" لە فەرهەنگیعەشیرەتیدا نیە ." ئێمە عەشیرەت" دەکاردایە . زەلامی عەشیرەت لە پێشدا بە عەشیرەتەکەی ناوی خۆی دەبا ،دوای عەشیرەتەکەی : ئاینەکەی مەسەلەیەتی ( مسوڵمان،یەزیدی،مەسیحی)، دوای ئەوانە ئەوجا نۆرە دێتە سەر نەتەوایەتیەکەی . عەشیرەتی" تر" بۆ زەلامی عەشیرەتی ، ناکرێ جێباوەڕ بێ، جا با ئەوعەشیرەتەی تر کوردیش و مسوڵمانیش بێت . عەشیرەتی تر هەر دەکرێ رەقیب بێ، رۆژێك گۆبەندێکی بۆ بنێتەوە و تەنانەت دەکرێ دوژمن بێ .

هەر عەشیرەتە، خۆی لە خۆیدا جۆرە دەوڵەتێکی زۆر سەرەتاییە، نەزمێکی هەڵسووڕاندنی بەرهەمی ئابووری و ئاسایشی ناوخۆ و شەڕکردنی دەرەوەی تایبەتی خۆی هەیە . رابەری عەشیرەت ، هەرچی بیڵێ قانوونە و دەبێ جێ بەجێ بکرێ . ئەندامانی عەشیرەت، بە نەریت و خوو و رەوشتی دێرینەیان، توند یەکتریان گرتووە و لەپشت رابەری عەشیرەتن، ئیتر ئەوە نیە بڵێی من کوردم و ئەندامی عەشیرەتیش کوردە و دەتوانین پێکەوە دابنیشین و لەیەکتر بگەین و رێك بکەوین ، نەخێر . بەگوێرەی عەشیرەتگەری ، پێوەندی کەسێکی دەرەوەی عەشیرەت بە ئەندامی عەشیرەت هەردەبێ لە رێی گەورەی عەشیرەتەوە بێت و رێیەکی تری نیە . ئاغاوەتی عەشیرەتانیش هەمیشە هەزارویەك کێشەیان لەنێواندا هەیە و ناسازێن،کەواتە یەکێتیی کوردی ئەو عەشیرەتانەش پێکنایەت . وادەبێ ترسی دەرەوە وادەکا هەندێك ئاغاوەت بسازێن، بەڵام ئەو سازانە زۆر ناخایانێ، لەسەر شتێکی زۆر پووچ و تورەهات تێکیدەدەنەوە، لە سەنگەرێکدا کۆنابنەوە، و تەنانەت وا دەبێ لە رقی یەکتر دەدەنە پاڵ داگیرکەری کوردستانەوە تاکو بەگژ ئەوعەشیرەتەی رەقیبدا بچن کە رەگەڵ بزووتنەوەی کورددایە .

سەرتاسەری مێژووی کورد پڕە لەم کارەساتانەی عەشیرەتان ، دە دیارە ئەمە زیان بە پەرەسەندنی نەتەوایەتی و خەباتی رێی بوونە دەوڵەت دەگەیەنێ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سێ - ڕاپەڕینەکانی سەدەی نۆزدە

کۆمەڵگای کورد ،بەو دەردانەی ژیانی عەشیرەتییەوە چووە سەدەی نۆزدەوە ، بەڵام هەرلە سەرەتای ئەو سەدەیەوە وەزعی نوێ پەیدابوون . یەکەمی ئەو وەزعانە ئەوەبوو : دەوڵـەتی عوسمانی لە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەدا حاڵی لە ئەوروپا شڕ ببوو،و لەشکری نوێی تازەنەفسی پێدەویستن و پێیوابوو ئەوەشی هەرلە کورد-ستان دەست دەکەوت، پارەی نوێی دەویست و زۆریشی دەویست، ئەوەبوو داوای هەرتك" شەرکەر"و" باج "ی لە میرانی کورد کرد ،و بەوە پەیمانی" چاڵدێران " ی پێشێل کرد ( دەوڵەتی عوسمانی ، بەگوێرەی ئەو پەیمانە، هەقی داواکردنی شەڕکەر و باجی لە میرانی کورد نەبوو) . یەکەودوا ئەوەبوو : کوردستان سەرتاسەری سەدەی نۆزدە شانۆی وێرانی وکارەساتی شەڕی عوسمانی و دوژمنانی بوو ( شەڕی رووس و تورکی ١٨٢٨-١٨٣٠و ١٨٧٧-١٨٧٨ ،و شەڕەکانی تورك وئێران) و ،ئەوە هەستی ناڕەزایی و تووڕەیی‌کوردەواریی لە ڕژێمی‌عوسمانی دەورووژاند. ڕۆژئاوایی ، بەناوی بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت و لە ڕێی خوێندگەکردنەوە و کۆنسولگەرییەوە، هەر لە ١٨٣٥ـەوە لـە کوردســتان دیار بوون . میر و ئاغاوەتی کــورد، لەلایەکەوە پێوەندییان بـە دنیای دەرەوەیان پتر دەبوو، و لەلایەکی ترەوە سەرکەوتنەکانی محەمەد عەلی پاشای میسر بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەرنجی ڕادەکێشان . نەتیجەی ئەوانە هەمووی ئەوەبوو کە، میرانی کـورد ملیان بۆ عوسمانی نەدا، ئـامـادە نەبوون سەربەخۆیی خۆیان قوربانیی بکەن و دوا بڕیاریان ئەوەبوو کە عوسمانی هەقی دەست خستنە هیچ کارو-بارێکی ئەوانی نیە و بە هیچ جۆرێك نە شەڕی بۆ دەکەن و نە باجی دەدەنێ . لەشکری‌عوسمانی هێرشی بۆبردن ، ئەوانیش وەڵامیان دایەوە (١٩) . میران و ئاغاوەتی کـورد لەسەدەی نۆزدەدا دەوری پەنجا ڕاپەڕینیان هەبوون . ئەم ڕاپەڕینانە چ بوون و چیان دەویست ؟ بەرلە هەموو شتێ : بۆ کوردستانێکی سەربەخۆبوون ؛ ڕابەرانیان دەرەبـەگ بوون، کە زۆرتر بیریان لای پاراسـتن و پەرەپێدانی بەرژەوەندی خۆیان بوو . چەند ڕاپەڕینێکی جەماوەریی لێدەرچێ،هەموو لە پایتەختی ئەمارەتی سەربەخۆوە سەریان هەڵدا ( پایتەختی : بـابـان، سـۆران، هـەکاری، بـادینان (عیمادیە) ، بـۆتان ) کە ڕابەرانیان ڕەمزی دەسەڵاتی چینی فیۆداڵی کـورد بوون *.

---

* ب‌ب - ( بەرووسی) جەلیلی جەلیل، کوردی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ،←

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرنەکەوتنی ئەو راپەڕینانە دەگەڕێتەوە : کەم ئەزموونیی رابەرانیان لە سیاسەتدا، نەبوونی پرۆگرامێکی تێکراییی و نەخشەیەکی گشتیی سوپایی و، نەبوونی یارمەتیی دەرەوە، بەڵام - بەر لە هەموو شتێك وبەتایبەتی- ئەو عەقڵە عەشیرەتگەریە دەردیکوشندە بوو . هەرچەندە مەترسیی دەوڵەتی عوسمانی بە ئاشکرا هەموانی وەکو یەك دەگرتەوە،کەچی هەر ریزەکانیان نەدەکردە یەك و وێکڕا نەدەچوونە مەیدانەوە ؛ سوڵتانی عوسمانی توانی زۆرکەڵك لە ناتەباییان وەرگرێ و لەدواییدا یەك بەدوا یەکدا لەناویان بەرێت (٢٠) .

## ١- راپەڕینی بابان

یەکەم راپەڕینی گرنگی سەدەی نۆزدەی کورد، ئەوەبوو کە ساڵی ١٨٠٦ بە رابەریی عەبدوڕەحمان پاشای ئەمارەتی بابان هەڵگیرسا . ئەمارەتی بابان سەدەی شازدە دروست ببوو، سەدەی حەڤدە زۆر پەرەی سەندبوو (٢١)، و لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا دەوری زۆرگرنگی لە سیاسەتی ناوچەدا هەبوو . "بابان" ی ئازا و شەڕکەر قەڵەمڕەوییان لەسەر حیسابی هەردوو ئیمپراتۆریی‌عوسمانی و ئێران بەرینتر دەکردەوە، زۆرمەدرەسە و زۆر کاری هونەری و بەتایبەتی بە نەمرهێشتنەوەی ناویان بە دروست کردنی شاری پایتەختیان سلێمانی دەریانخست کە ئەهلی ئاوەدان کردنەوە بوون . بابان ئەمارەتێکی بەهێز بوو و دەوڵەتی عوسمانی بەنارەحەتیەوە لەو هێزەی دەڕوانی . کاتێ ئیبراهیم پاشای بەبە ( دروستکەری شاری سلێمانی ) کۆچی دوایی کرد، دەوڵەتی عوسمانی ئەوەی بە هەل زانی و ویستی خالید پاشایەك لە عەشیرەتێکی رەقیبی بابان بخاتە جێی میری کۆچ- کردوو. عەبدوڕەحمان پاشای بابان(خوشکەزا(٢٢) وجێگرەوەی ئیبراهیم پاشا) ئەوهەوڵەی عوسمانیی بە تەوهین دانا، بە خەنجەر هەڵیکوتایە سەرحاکمی‌عوسمانیی سەنجاقی کۆیە و کوشتی، هێزی خالید پاشای شکاند،سێ ساڵ شەڕی دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتانی رەقیبی کرد ( کە ئەو عەشیرەتانە بەهۆی رەقابەتی عەشیرەتییەوە لە شەڕدا لایەنگریی لەشکری عوسمانییان لەدژی بابان دەکرد) . لەدواییدا، لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٨ دا شکا و بە پەنابەری چووە ئێران (٢٣) .

لەو سەروبەندەدا، عوسمانی هێزی زۆریان خستە باکووری کوردستانیشەوە، بەوناوە کە گوایا پێش بە خەتەری رووس دەگرن، بە باج و رووتاندنەوەو و تاڵان و بڕۆ کەوتنە گیانی کوردەوە . خەڵك، لە بێزارییان

---

← مۆسکۆ، ١٩٧٣، ل ٥٠) .

و بۆ بەرگری کردن لەخۆیان، لە ساڵی ١٨١٥وە، چەند جار لە" ئەرزەرۆم" و " وان "ـەوە ڕاپەرین، کە کوردی کوردستانی ئێران و ئەرمەنییشیان تێدا بەشدار بوون . لە سەردەمی شەڕی ١٨٢٨-١٨٢٩ی ڕووس و تورکدا، کە لە هەمان مەڵبەندی کوردستان بوو و دیسان ماڵی خەڵکی کوردەواریی وێران کرد، خەڵك دیسان ڕاپەرین . بەهەرحاڵ، ئەو ڕاپەرینانە ئامانجی دیارکراویان لەبەرچاو نەبوو و بەزوویی دامرکانەوە .

## ٢- هەوڵی میر محەمەد بۆ کوردستان هێنانە ژێر دەسەڵاتی خۆی

مەرکەزی قورسایی ڕاپەرینی کورد ،هەر لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستانی باشووردا مایەوە . دوای بابان، میرمحەمەدی ئەمارەتی سۆران (ی نێوان زێی بادینان ( گەورە) و سنووری دەوڵەتی ئێران)، هەلومەرجی دژواری ئیمپراتۆریی عوسمانیی بە هەل زانی و ڕاپەری کوردستانێکی سەربەخۆ پێك بهێنێ . میری گەورە لە نەژادی سەلاحەدینی ئەیووبی بوو(٢٤)، دەیویست شەرەفی وەدەستهێنانی یەکێتی و سەربەخۆیی کورد بەر بنەماڵەی خاوەن شکۆی کەوێت . میرمحەمەد ، هەلی پێ بەجێ بوو ،تورك بە شەڕی ڕووسان هیلاك ببوون و وا بەو حاڵە محەمەد عەلی پاشای میسریش یەخەی گرتبوون . میرمحەمەد ، بە تەئسیری نموونەی محەمەد عەلیی میسر، کارگەی چەکی دانان، کەوتە دروستکردنی تفەنگ و فیشەك و تەنانەت تۆپیش، پتر لە دووسەد تۆپی لە کارگەیدا دروست کرا کە ئێستاش هەندێکیان لە مووزەخانەی بەغدا و لە ڕواندز ( پایتەختی میر) ماون . میرمحەمەد چالاکانە خەریکی پێکهێنانی هێزی پیادە و سوارەی لەشکر بوو، لە کۆتایی مایسی ١٨٣٣دا بە لەشکرێکی دە هەزار سوارەو بیست هەزارپیادەی زۆر چاك مەشق‌کردوو، هەموو کوردستانی باشووری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە(٢٥) و گەیشتە سەر سنووری ئەمارەتی بۆتان . میر محەمەد دەیویست هەرچۆنێك بوایە شەڕی خۆیەخۆی کورد پێشی بگیرایە . بەدرخان بەگ، کە خەونی ئەوەی هەبوو ڕۆژێك ببوا بە پادشای کورد-ستان،و ڕێککەوتنی لەگەڵ میرمحەمەددا بە سەلماندنی‌گەورەیی میری ڕواندز دەزانی،لەگەڵیدا نەچووە بەرەوە*، هەرچەندە بەناوی ڕەمزێکی دۆستایەتی،" سەیفەدین" ی کوڕی ناردە لا . میر محەمەد سەفیرانی خۆی ناردە لای کوردەکانی کوردستانی ئێران و داوای پشتگیریی لێ کردن . سوڵتانی عوسمانی، ڕەشیدپاشا(٢٦) ی بە لەشکری سێواسەوە، و لەشکرەکانی هەردوو والیی مووسڵ و بەغداشی لەگەڵدا، ناردە سەر میرمحەمەد.

---

* A. Safrastian, Kurds and Kurdistan, Havril Press (London,1948),P.52 .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو هاوینی ساڵی ١٨٣٤، شەڕی کورد و عوسمانی لە گەرمەیدا بوو. فۆن مۆلتکە، ئەفسەرێکی گەنجی ئەڵمان (بە روتبەی سەروان(نقیب)) و ئەوکاتە لەگەڵ لەشکری عوسمانیدا بووە(٢٧)، بەم جۆرە باسی ئەو شەڕانەی کردووە: " شەڕەکان زۆر سەخت بوون ،کورد قارەمانانە بەرگرییان کرد، عەسکەری عوسمانی بۆ گرتنی بچووکترین تەپۆڵکە،کەمترین بەرزایی، دەبوو سێ تا چل رۆژ دە شەڕدا بن"*. لە شەڕەکاندا،لەشکر-ی نیزامیی میرمحەمەد بە هێزی تری پارتیزان ( شەڕی پێشمەرگەیی) یارمەتی دەدرا، تا لەدواییدا لەشکری عوسمانی برستی لێ برا و شەکەت و سەرشۆڕ کشایەوە.

لەم جارێ کپ بوونەوەیەی جەبهەی عوسمانیدا، میرمحەمەد بە هەڵی زانی کوردستانی ئێران رزگار بکا، لە ساڵی ١٨٣٥ـەوە دەستی پێ‌کرد، لەم سەر تا ئەوسەری کوردستانی ئێرانی رزگار کرد(٢٨) و چووە سەر سنووری باشووری ئازەربایجان. میر دەچووە هەرکوێیەك، بە شادییەوە پێشوازیی قارەمانی رزگاریهێنیان لێ‌دەکرد (٢٩) **. لەشکری ئێران هاواری لە رووسیای قەیسەری کرد، بەڵکو دە فریایەکی بکەوێ. لە سەرەتای هاوینی ١٨٣٦دا، دەنگوباسی هێرشێکی نوێی عوسمانی دە ئارادا بوو. میرمحەمەد بەگورجی گەڕایەوە مەرکەزو وەخۆکەوت،باشترین هێزی دە پایتەختدا دانا،ئەوجا کەوتە ئەوە ئەوەندەی تر عوسمانی و ئێران لێك بکات وکەڵك لە ناتەباییان وەرگرێ، نامەی بۆ شای ئێران نارد داوای رێککەوتنی لێ‌کرد: ئێران شەڕ لەگەڵ عوسمانیدا بکا و بە چەك و چۆڵ یارمەتیی کورد بدا، کوردیش سنووری قەڵەمڕەویی ئێران قەبووڵ بکا و باجیشی بداتێ. بەڵام دەرباری شا وا بە هاسانی فێڵی لێ نەدەکرا، بۆ فەرمانڕەوایانی ئێران کورد لە رووسیا خەتەرتر بوو، ئەوەبوو پێشنیاری میر محەمەد وەرنەگیرا(٣٠).

---

* H. Von Moltke, Lettres sur l'Orient (Paris,1872) , P.243.

** خەڵکی کوردستانی ئێران، دەردی خۆیان لای ئینگلیسێك باس کردووە کە لەوسەروبەندەدا بەو ناوەدا گەڕاوە، پێیان گوتووە :" پشتی خۆمان دەشکێنین هەموو رۆژ کار دەکەین، هێشتا بەشی ئەوەندەمان نان دەست ناکەوێ، برسێتیی پێ دابڕکێنین، ژن و پیاو و منداڵ پێخواس و جلشڕ و برسین "

H.C. Rawlinson, ' Notes on a Journey from Tabriz through Persian Kurdistan to the Ruins of Takhti-Sleiman', Journal of the Royal Geographical Society, Vol.x,1,1840,P.14.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کۆتایی تەمووزی ساڵی ١٨٣٦دا ،شەڕی کوردوعوسمانی بە سەختی دیسان هەڵگیرسایەوە. میرمحەمەد ، ڕواندزی پایتەختی چاك قایمکرد ، ئەوجا هێزێکی چل هەزارکەسیی بە فەرماندەیی ئەحمەد بەگی برای ناردە سەر ڕێی لەشکری عوسمانی . لەشکری کورد لەشکری عوسمانیی شکاند و ناچاری کرد بگەڕێتە دواوە .

عوسمانی، ئەمجارە پەنایان بردە بەرفێڵ و دەهۆ(٣١)، برایەتیی مسوڵمانانیان هێنایە کایەوە و تەئسیریان کردە سەر مەلا و ئەهلی ئاینی دەوروبەری میر ،کە ئەوانە زۆر تەئسیریان بەسەر جەماوەرداهەبوو . مەلایەك بە ناوی مەلای خەتێ - زۆربەی نووسەرانی کورد ئێستا بە خاین ناوی دەبەن - فەتوای دەرکرد کە هەرچی شەڕی لەشکری خەلیفە بکا کافرە . میرمحەمەد نەیوێرا بەگژ مەلایان و ئەهلی ئایندا بچێ، بەڵام دیسا گوێی بەو قسانە نەدا و ئامادە نەبوو گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانیدا بکا. لەدواییدا ،کە خەڵکەکە پشتیان لە میر کرد ، میر ناچار بوو تەسلیم ببێ(٣٢) . میر و خێزانی ناردرانە ئەستەمبووڵ، سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانی ڕووی خۆشی لێنا وهەندێ بە شان و باڵی برایەتیی مسوڵمانانی هەڵدا . لەو بەینەشدا لەشکری عوسمانی لە کوردستاندا بە سووتاندن وکوشتن خەریك بوو . دوای شەش مانگ، ڕێ درا بگەڕێتەوە ڕواندزو لە ڕێی گەڕانەوەدا(١٨٣٧) لە ترابزۆن بە دەستی پیاوەکانی سوڵتانی عوسمانی کوژرا .

میرمحەمەد بەم جۆرە ڕۆیشت، بەڵام ئاگری ڕاپەڕین سەرتاسەریکوردستانی گرتەوە .لە باکوور: ئەرزنجان، بایەزید و ئەرزەرۆم ؛ و لە ناوەند: بتلیس . لەشکری عوسمانی بە تۆپ دەیان دێهاتی کوردی تەخت کرد ، ڕابەرانی ڕاپەڕین تەیموور بەگ و ڕەجەب بەگ گیران و ئیعدام کران و ڕاپەڕینەکە بەوە کۆتایی هات .

لەرۆژهەڵاتەوە : لە بەهاری ١٨٣٧دا ،عوسمانی شەڕی دوو عەشیرەتی کورد ڕەشکۆتان و بەکرانی پاسوور ( قولپی ئێستای سەر بە دیاربەکر) ی دەکرد. حەملەی عوسمانی بەرەبەرە بەرەو باشوور دەکشا. عوسمانی پێش هێرش بردنە سەر بۆتان کەوتنە " ئارامکردنەوەی یەکجارییکوردستانی باشوور"، کە سەعید بەگی بادینان ( عیمادیە) و ئەحمەدبەگی ڕواندز( برای میرمحەمەد)ی تێدا بەشدار بوون (٣٣) .

## ٣- ڕاپەڕینی بەدرخان بەگ

بەدرخان بەگ ساڵی ١٨٠٢ لە جەزیرە ( پایتەختی ئەمارەتی بۆتان) لەدایك بوو. لە بنەماڵەیەك لە بنەماڵە هەرە بەهێزەکانی کورد بوو کە حوکمی عەشیرەتی " بۆتی" ( بوهتی )ی دەکرد ،عەشیرەتێکی کە شەرەفنامە دەربارەیان دەڵێ : " یەکێك لە عەشیرەتە هەرە ئازاکانی کوردستانن ، کە چەکی چاك و ئەسپی ڕەسەنیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆشدەوێ"* ، لە سەدەی چاردەوە - سەردەمێکی داگیرکرانی لەلایەن تەیمووری لەنگ و ئاق قۆیونلوی لێ دەرچێ - (٣٤) هەر فەرمانڕەوای ئەو ئەمارەتە بوون . دەرباری میر لە جەزیرە ، بە شکۆ و دەبدەبە بوو .

بەدرخان ، ساڵی ١٨٢١ کە باوکی مرد ، جێی باوکی گرتەوە و بوو بە میری بۆتان ، سوپایەکی بەهێز و زۆر بە زیپکوزاکوون ( زەبت و رەبت ، دیسپلین ) ی نیزامیی رێکخست، پێوەندیی نزیکی لەگەڵ میری هەکاری و مەحموودخانی مەکس ( کوردستانی مەرکەزی ) دا گرێ دا ، و ئەوجا چاوەڕێی هەل بوو . شکستی عوسمانی لە نیزیب** ئەو رۆژەی هێنا کە بەدرخان چاوەڕوانی بوو . بەدرخان بەگورجی راپەڕی ، لە کۆتایی ١٨٤٠دا دەسەڵاتی بەسەر هەموو کوردستانی عوسمانیدا هەبوو(٣٦)،و پەیمانی لەگەڵ بەگەکانی قارس ( هەرە باکووری کوردستان) ومیری ئەردەڵان (کوردستانی ئێران) دا گرێ دا. وەك سافراستیان ی ئەرمەنی نووسیویە، بەدرخان بەگ فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر بوو، دادپەروەریی نەك هەر لەگەڵ کـوردداء لەگەڵ ئەرمـەنی و ئاسـووری و کلدانی و هەمواندا وەك یەك بوو . لەوسەردەمەدا کە بێ نەزمی و بێ ویژدانی و فەسادی دەزگای حوکم دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و ئێرانی تەنیبوۆە، نەزم و دادپەروەری و ئاسایش لە قەڵەمڕەویی بەدرخاندا حوکمیان دەکرد . رووسێك لەو کاتەدا چووەتە بۆتان و ئەو بەراوردەی بە چاوی خۆی کردووە ، بۆتانی ئەوپەڕی پەسـند- کردووەو پێی هەڵگوتووە،لەوێدا نووسیویە :" مەسیحی، ئازادیی دینیان هەیە ، پەرستگای خۆیان لە جەزیرە و غەیری جەزیرەشدا هەن و هیچ فەرق و جیاوازیەکیان لەگەڵدا ناکرێ" ***.

راستی و دڵسۆزیی بەدرخان زۆری خۆشەویست کرد، و توانی تەبایی بسەپێنێ و کێشە و هەرایان نەهێڵێ. بەڵام دیسان،وەنەبێت بەدرخان موعجیزەی پێبوو بێت، تا ریشەی دووبەرەکی و دوژمنایەتی و رەقابەتی پێ لە کۆمەڵگای دەربەگی دەربهێنێ . دوایی کە شەڕی بەدرخان وعوسمان پاشاشەلە هەڵگیرسا ، دووبەرەکی دیسان سەری هەڵدایەوە. شەڕ تا هاوینی ١٨٤٧ وەستانی تێدا نەبوو . دەوڵەتی عوسمانی، لە رێی ئینگلیس وئەمریکا-

---

* شەرەفنامە، چاپی تورکی، ئەستەمبوول، ١٩٧٥،ل ١٤٨ .

** ساڵی ١٨٣٩ ، هێزەکانی عوسمانی لە بەرامبەرئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەدعەلیدا شکان(٣٥) .

*** "ف . دیتێل، تێبینی دەربارەی سەفەرێکی رۆژهەڵات لە ١٨٤٢تا١٨٤٥: کورد و بەدرخان بەگ، بیبلیۆتیکا دلیاچتێنیا ،بەشی/ بەرگی؟٩٥، ل ٢٠٥ ؛ ن. ئە. خالفین لە کتێبەکەیدا( بۆریا زا کوردستان = بەربەرەکانی لەسەر کوردستان) باسی کردووە ( مۆسکۆ،١٩٦٣، ل٥٤) .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکانی بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت لە کوردستاندا، هەوڵی دا مەسیحیەکانی بۆتان لە ڕژێمی بۆتان هەڵگێڕێتەوە، و لەو هەوڵەیدا زۆر سەرکەوت . مەسیحیی بۆتان - کە وەك هەموو خەڵکی تری بۆتان - سەربازییان بۆ ئەمارەت دەکرد و باجیان دەدا، لە جەرگەی شەڕدا - بە هاندانی کلیسایی ئینگلیس و ئەمریکاییەکان- گوتیان : "ئێمە نە عەسکەری دەکەین و نە باج دەدەین" * .

دوای سێ ساڵ شەڕ، هیچ نەتیجەیەکی ئەوتۆ لەبەرچاو نەبوو، برسێتی و هیلاکی و دەردو ئاهۆ بە هەردوو لادا بڵاو بوونەوە . بەڵام چونکە دەوڵەتیعوسمانی توانای چارەی پتر و هێنانە مەیدانی هێزی تری هەبوو، ئەم وەزعە خراپە زۆرتر هەر یەخەی کوردی دەگرتەوە. بۆڵە بۆڵ و کێشە وهەرای عەشیرەتی سەریان هەڵدایەوە. یەزدان شێر ی برازای (٣٧) بەدرخان، فەرماندەی باڵی ڕۆژهەڵاتی هێزی کورد بوو و نیوەی لەشکری لە ژێر فەرماندا بوو، عوسمان پاشا لە خشتەی برد و کێشایە لای خۆیەوە . بەوە، ڕێی جەزیرە بۆ عوسمانی کرایەوە ** . بەدرخان لە پایتەختی ئەمارەت دەرچوو و چوو لە قەڵای ئەروخ خۆی قایم کرد و بەرگریی درێژە پێدا. لە دواییدا هەرخۆی ناچار دیت تەسلیم ببێ،عوسمانی ناردیانە ڤارنا و لەوێوە بۆ کاندیا(کریت) (٣٨) .دواترناردرایە شام(دیمەشق)، و ساڵی ١٨٦٨ لەوێ کۆچی دوایی کرد .

حکومەتی عوسمانی، یەزدان شێر ی کرد بە حاکمی هەکاری، عوسمانی ساڵی ١٨٤٩ شەریف بەگی میری بتلیسیان ڕەوانەی ئەستەمبوڵ کرد و والیەکی عوسمانییان لەجێی دانا . ئەمارەتە کوردەکان، یەك لە دوای یەك، هەڵگیران و قەڵەمڕەویان خرایە ژێر ئیدارەی ڕاستەوخۆی ئەستەمبووڵەوە . بەڵام عوسمانی ئەوەیان بە چل ساڵ شەڕ جا بۆ پێکهات. ئەمارەتەکان ڕووخان،بەڵام خەبات بۆکوردستانێکی سەربەخۆ نەوەستا .

دوای ئەوە ، هەمان یەزدان شێر ی برازای بەدرخان ، کە تەماحی شەخسیی خیانەتی پێ بە مامی خۆی کرد- بوو، لە دەوڵەتی عوسمانی ڕاپەڕیەوە . یەزدان شێر لە هەکاری زۆر بە دەسەڵات ببوو و عوسمانی زۆر لەوە دەترسان، ئەوەبوو ساڵی ١٨٥٠ وەزیفەی حاکمی هەکارییان لێ ئەستاندەوە . ساڵی ١٨٥٣ کاتێ عوسمانی چووە شەڕی ڕووس، سوڵتانی عوسمانی فەرمانی جیهادی دەرکرد و داوای لە کوردان کرد بەشداری بن ، بەڵام کورد بە قسەیان نەکرد . لە لایەکی تریشەوە، جاسووسی ڕووسان هەرچەندە هەوڵیان دا و پارەیان خستە بەردەمی کوردان، بێ فایدەبوو، کورد شەڕیان بۆ هیچ لایەك نەکرد .

---

* ن. ئە. خالفین، هەمان سەرچاوە، ل ٥٦ .    ** ج. جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٤- یەزدان شێر

یەزدان شێر ویستی کەڵك لە هەلومەرجی شەڕیعوسمانی و رووس و لە ناڕەزایی‌کوردان وەربگرێ،کورد-ستانێکی سەربەخۆ پێك بهێنێ و خۆی بکاتە پادشای، ئەوەبوو لە بەهاری ساڵی ۱۸۵٥دا بە دووهەزار شەڕکەرەوە لە بتلیسەوە دەستی پێ کرد، حاکمی تورکی لە بتلیس راونا و کوردێکی لەجێگەی دانا؛ ئەوجا چووە مووسڵ و بە هاسانی گرتی. لە مووسڵ - کە مەرکەزێکی گرنگ بوو- چەك و جبەخانەیەکی زۆری دەستکەوت بوو، و بەوە هێزەکەی گەیاندە ۳۰ هەزار پارتیزان (پێشمەرگە)، بەم هێزە چووە سەر مەرکەزی عەسکەری و ئیدارەی ئیستیعماری عوسمانی لە کوردستان : سێرت .هەرچەندە هێزی والیی سێرت و والیی بەغداش بەرگرییان لەومەرکەزە گرنگە دەکرد ،هێزی یەزدان شێر- بروسکە ئاسا هەرهێندە بڵێی یەك و دوو-لە داگیرکەری پاك کردەوە . بە چەند مانگێك، وڵاتێکی بەرین، لە بەغداوە تا دیاربەکر و دەریاچەی وان لە ژێردەسەڵاتی‌یەزدان شێردا بوو. خەڵك هیوایەکی زۆریان بەوە پەیداکرد ،ئەوانەی دەیانتوانی تفەنگ‌هەڵبگرن، لە هەرگۆشەوکەنارێکی کوردستانەوە روویان لە یەزدان شێر کرد، تا هێزی لە کۆتایی هاوینی ۱۸۵٥دا بە سەدهەزار پیاو گەیشت * .

کە زستان هات،رووسەکان کشانەوە بارەگای زستانیان؛عوسمانی پشوویەکیان دا ودەستیان کرایەوە وهەموو توانایان خستە شەڕی یەزدان شێرەوە . ئینگلیس و فەرەنساش کە لەو سەردەمەدا لە شەڕی دژی رووسیادا (شەڕی قرم(۳۹) ) هاوپەیمانی عوسمانی بوون، نەیاندەویست کورد ببێ بە دەوڵەتێك ( بۆ ئەوان، چ مەعلووم ئەو دەوڵەتە نەدەکەوتە ژێر تەئسیری رووسەوە) . ئینگلیس ساڵی ۱۸۵٥ "نیمرود رەسسام" ناوێکیان(۳۹تا) بە جانتای پڕ لە پارەوە لە مووسڵەوە -گوایا- بۆ گفتوگۆ وکەوتنەنێوانەوە، ناردە بارەگای یەزدان شێر. نیمرود ئاغا کوردەکانی دەوروبەری یەزدان شێری یەك بەیەك بەسەرکردنەوە، وبەرتیلی چەك ودیاری و پارەی خستە بەریان،یەزدان شێریشی قەناعەت پێ‌کرد لە رێی ئینگلیسەوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بدوێ . هەندێ ئاغا بەرتیلیان وەرگرت و دەستیان کێشایەوە . یەزدان شێریش، هەرچەندە شەڕکەرێکی لێهاتووبوو بەڵام سەری زۆرلە دیپلۆماسیەت دەرنەدەچوو ،بڕوای بە بەڵێنی نیمرودو نیازی ئینگلیس"ی پێشکەوتوو وئەهلی ژیاری"

---

* ن. ئە.خالّفین، هەمان سەرچاوە، ل ٧٤ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد، لەولاشەوە نامەی داواکردنی یارمەتیی کە بۆ ڕووسانی ناردبوو وەڵامی نەبوو*، ئەوجا هاتبووە سەر ئەو باوەڕەش کە کوردیش وەکو یۆنان ومیسر بەبێ پشتگیریی ئەوروپایی ناتوانێ سەربەخۆ بێ. ئەوەبوو یەزدان شێر لەگەڵ نیمرود ڕەسسامدا چووە ئەستەمبوڵ ؛هەرکە گەیشتە ئەوێ،عوسمانی گرتیان و خستیانە حەپسەوە، هێزەکانی بێ ڕابەر مانەوە، سەردەمێك هەر بە چیایانەوە بوون تا دواییەکەی بڵاوەیان لێ کرد.

## ٥- ڕاپەڕینی ١٨٨٠ (شێخ عوبەیدوڵڵا)

دوا ڕاپەڕینی گرنگی سەدەی نۆزدەی کورد، ساڵی ١٨٨٠ بە ڕابەریی شێخ عوبەیدوڵڵا، کوردی هەردوو ئیمپراتۆریی عوسمانی وئێرانی گرتەوە. شێخ عوبەیدوڵڵا،کوڕی شێخ تاهای بەدەسەڵاتی تەریقەتی نەقشبەندی (کە خاڵفین بە" گەورەترین ڕابەری ئاینیی کوردان"ی ناوبردووە)، بە کۆچی دوایی باوکی ، دەسەڵاتی دینی و دنیایی بە میرات پێگەیشت. حکومەتی ئێران(٤٠)، لە دوا مانگی ١٨٧٢دا، داوای باجی لەکوردی خەڵکی " ورمێ"و" خۆی" کرد .کورد باجیان نەدا و بەڵگەشیان ئەوەبوو کە" ئەوان بەگوێرەی پەیمانێکی ساڵی١٨٣٦ لەگەڵ شای قاجار،باجیان هەر داوە بە ماڵی شێخ تاها،و ئێستاش دەیدەن بە شێخ عوبەیدوڵڵای کوڕی، ئیتر حکومەتی ئێران هەقی داوای باجی لەوان نیە". حکومەتی ئێران لەشکریکردە سەریان . شێخ عوبەیدوڵڵا بەوە تووڕە بوو، داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد هەقی بستێنێ و زیان بژێریی لە ئێران بۆ وەرگرێ ؛ و بۆ دابین- کردنی یارمەتیی عوسمانی، هێزێکی کەمی ڕەمزیی بۆشەڕی عوسمانی و ڕووسی ١٨٧٧-١٨٧٨ ڕەگەڵ هێزی عوسمانی خست . حکومەتی عوسمانی، والیی ئەرزەرۆمی بۆ بەجێ هێنانی داخوازیی شێخ ناردە تاران،بەڵام بێفایدە بوو و شا داخوازیی بەجێ نەهێنا .

شەڕی ١٨٧٧-١٨٧٨ی عوسمانی و ڕووس لە باکووری کوردستاندا ، کارەساتی گەورەی بۆ کوردان نایەوە، مەرگ و وێرانیی زۆری بۆ هێنا، قاتی و برسێتیەکی پەیداکرد ڕەنگە کورد بە سەدان ساڵ وێنەیان نەدیبووبێ.

---

* نامەکە درەنگ گەیشتبوو، کە تازە ئیتر بزووتنەوەی یەزدان شێر نەمابوو (بب- خاڵفین،هەمان سەرچاوە). فەرماندەی ڕووس " لیخۆتین "، چەند پێشنیاری یەزدان شێری تۆمار کردووە کە بۆ هاوکاری لەدژی عوسمانی پێشکەشی ڕووسانی کردووە . (بە ڕووسی : ڕووس لە تورکیای ئاسیایی لە ١٨٥٤ و ١٨٥٥؛ ج.جەلیل، هەمان سەرچاوە،ل ١٦٨-١٦٩) .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتی عوسمانی پارەی نەمابوو معاشی لەشکری بدا، لەشکر کەوتبووە تالان و بڕۆی ئەو خەڵکە هەژارە. خەڵك لە دەرسیم وماردین و هەکاری و بادینان و ...ئیدی ڕاپەڕین . مریدانی شێخ لە هەموو لایەکەوە پەنایان بە شێخ بردو تکایان لێ کرد چارەیەکیان بکا . شێخ لە چەند لایەکەوە وەخۆ کەوت : پیاوێکی ناردە ئەستەمبووڵ داوای وەستاندنی چەوساندنەوە و وێرانیی کوردان لەوێ بکا، و کەوتە ئامادەکردنی هێزی چەکداری خۆی لە کوردی هەردوو دیوی سنوور(ی عوسمانی و ئێران)؛ بە هیوای یارمەتی وەرگرتن پێوەندیی بە شەریفی مەککە و خدێویی میسرەوە کرد، پیاویشی ناردن نەبزی کۆنسولگەریی رووس لە ئەرزەرۆم و وان بگرن بزانن سیاسەتی رووس دەربارەی مەسەلەی کورد چۆنە. بەڵام رووسیا تازە لە شەڕی عوسمانی بیۆوە و ئەمجارە ڕاپەڕینی تورکمەنی تێ ئالابوو، بەوە بەتەواوی سەری قاڵ بوو . لەلایەکی ترەوە، جێگری کۆنسولی گشتیی ئینگلیس، ساڵی ١٨٧٩ لە وانەوە چوو سەری لە شێخ عوبەیدوڵلا دا* . دوای ئەو سەردانە ، یارمەتی بە دەستی شێخ گەیشت . ئەو یارمەتیە، هەرچەندە بەناوی فریاکەوتنی خەڵك لە برسێتی و قاتی بوو، بەڵام ئینگلیس -گوایا- لەو ڕێیەوە چەك و فیشەکیان بۆ شێخ دەنارد. حکومەتی عوسمانی، ئاگای لەو کەین و بەینە هەبوو و دەیویست ئاگری شێخ دە گیانی ئێران بەردا .

لە سەرەتای ئابی( ئووتی )١٨٨٠دا کۆبوونەوەی ئاغاوەت و شێخان ، بۆ دانانی نەخشەی شەڕ، لە شەمدینان کرا**. شێخ عوبەیدوڵلا زوو نیازی شەڕی بەجارێك هەرتك دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی خستە لاوە، و بڕیاری دا لەپێشدا هەر لە ئێران بدەن . هێرشی کورد ، لە ئۆکتۆبری ١٨٨٠دا بە هەشتاهەزار پیاو دەستی پێ کرد، زوو مهاباد و میاندواو و مەراغەی رزگارکرد و گەیشتە نزیکی تەورێز ( مەرکەزی ئازەربایجان ) . تەورێز مەرکەزێکی زۆر گرنگ بوو ،و لەوانەبوو گرتنی بۆنەتیجەی دوای شەڕ زۆرگرنگ بوایە،کەچی کورد نەیانگرت، بەو سەرکەوتنانەی تا ئەوسایان غووررا ببوون(٤١)، زیپکوزاکوونیەکەش - بەداخەوە- وانەبوو چەکدارانی شێخ نەتوانن خەڵك تالان بکەن . بەهەرحاڵ، شای ئێران زەندەقی لە شێخ چوو و کێچی دە کەوڵی کەوت ، و کردیە سەر ئەستەمبووڵ کە رزگاری بکەن لەو بەڵایە . دەوڵەتی عوسمانی،کە وادیاربوو لە سەرەتادا دڵی بەو

---

* ن. ئە. خالْفین،هەمان سەرچاوە ل١١٨ ، لە ئارشیفی سیاسەتی دەرەوەی رووسیای وەرگرتووە .

** پ. ئی. ئاڤریانۆڤ،( بە رووسی : کورد لە شەڕەکانی سەدەی نۆزدەی رووس لەگەڵ تورکیا و ئێراندا، تفلیس، ١٩٠٠،ل ٢٨٨ ،خالْفین(هەمان سەرچاوە ل ١٢٦) باسی کردووە .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەیاڵە خۆش ببوو کە شێخ ماوەیەك سەرێشەیەك هەر بۆ ئێران دەنێتەوە و دەبڕێتەوە،و ئێستا دەیدیت چۆن سەرکەوتنی چاوەڕوان نەکراو و خۆشەویستیی دە دڵی کورداندا پەیدا دەکرد و، بە ئاشکرا هەوڵی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەدا ، خەیاڵە خۆشەکەی ئەوسای لێ بوو بە خەم ، و هێزی نارد . شێخ عوبەیدوڵڵا، لە لایەکەوە لەشکری عوسمانی دەناردرایە سەر و لە لایەکی تریشەوە لەشکری ئێران ( و چەند عەشیرەتی کوردی دوژمن ) ، فەرمانی دا هێزەکانی دەست لەو ناوچانەی ژێردەسەڵاتیان هەڵگرن ولە قەڵەمڕەویی ئێران دەرچن . سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم، دەریخست کە زۆر زیرەك و شارەزای سیاسەت بوو، لەجیاتی بەگژدا چوونی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەڤاڵانی، دیاریی بۆ ئاغاکان نارد و لە شێخیشی گێڕایەوە کە ببێ بە میوانی لە ئەستەمبوڵ . بە گەیشتنە ئەستەمبوڵی شێخ عوبەیدوڵڵا، هەرای دیپلۆماسیەتی عوسمانی و ئێران گەرم بوو . سەفیری عوسمانی لە تاران، داوای لە ئێران کرد ئەو زیانە بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا ببژێرێ کە لە ساڵانی ١٨٧٠، ١٨٧٦،و ١٨٨١ وێی کەوتبوو . ئێرانیش بە هان دانی رووسیا، داوای لە عوسمانی دەکرد کە " نەخێر، دەبێ عوسمانی ئەو زیانە بۆ ئێران ببژێری کە لە حەملەی شێخ بۆ سەرئازەربایجان وە ئێران کەوتووە" (٤٢) . شێخ عوبەیدوڵڵا، کە بڕوای بە یارمەتیی سوڵتان نەما، لە مانگی ئابی ١٨٨٢دا لە جەنگەی ئەم چەقە و هەرایەی عوسمانی و ئێراندا، لە ئەستەمبوڵ رایکرد. شێخ عوبەیدوڵڵا ئەمجار دەیویست لەپێشدا کورد لە دەوڵەتی عوسمانی رزگاربکا، هیوایەکی هەبوو رووس یارمەتیی بدەن یان - هەرنەبێ - بێ لایەن بن . بەڵام رووسەکان، بە " پاراستنی" ئێران و سیاسەتبازیەکی لەگەڵ تورکیا(! عوسمانی)دا دەیانکرد شاد بوون و، بەتەما نەبوون بکەونە سەرەڕۆیییەکی نوێی نەتیجە نادیارەوە . عوسمانی بە گفتوگۆی شێخ و رووسیایان زانی و،لە ئۆکتۆبری ١٨٨٢دا لەشکریان نارد و شێخیان گرت، و خۆی و خاووخێزانی ناردرانە مەککە، چەند ساڵێك دوای ئەوە لەوێ کۆچی دوایی‌کرد و بەوە سەردەمی ڕاپەڕینانی دەرەبەگیی سەدەی نۆزدەی کورد کۆتایی هات .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چوار- سیاسەتی پان ئیسلامێتی و تواندنەوە ی سولَتانی سوور عەبدول حەمیدی دووەم (٤٣)

سولَتانی عوسمانی، دوای راپەرینەکانی سەدەی نۆزدەی کورد، سیاسەتی نزیککردنەوە و دۆستایەتیی سەرانی کـــوردی گرتە بەر، دەهۆلَی پان ئیسلامێتیی زۆر لێدا و بەوناوە زۆر ناو و نیشان و معاشی بە سەر ئاغاوەتی کورددا بەشیەوە ( کە ئەمان ئەوانەیان بە نیشانەی لێهاتوویی خۆیان دادەنا ) . یەکێك لە کوڕەکانی بەدرخان بەگ "بەحری بەگ"،کرا بە یاوەری سولَتانیعوسمانی . ئەولادی عەبدوڕەحمان پاشای بابان ، وەزیفەی گرنگی ئیدارەو زانکۆیان درایێ . شێخ عەبدول قادری کوڕی شێخ عوبەیدوللا، سالَی ١٩٠٨ بوو بە سەرۆکی مەجلیسیمشاورانی سەلَتەنەتی،رابەرانی کوردی کە تادوێنێ بە دوورخرانەوە( نەفی، تەبعید) لە ئەستەمبوولَ بوون، ئەمڕۆ دەرگای کۆشکی سولَتانیان لەوێ لەسەرپشت بۆکرابۆوە . ئەعیان و ئاغای سادەی عەشیرەتانیش لە" ئەلتاف وەعینایات "ی سولَتان بێبەش نەکران . عەبدولحەمیدی دووەم،گونجاندنی چینی دەرەبەگیکوردی دە رژیمیدا بە دوا چارەیەکی پێکهێنانی رژیمی مەرکەزیی دەزانی ، چاکیشی تێگەیشتبوو، بەوە هەم هێزی کوردی شەرکەری لە دژی رووس بۆخۆی دابین دەکرد ، و هەم دەیتوانی بەو ئاغاوئەعیانە کوردانە لە راپەرینی میللەتانی عوسمانی : ئەرمەنی، عارەب، ئەلَبانی، و تەنانەت لە بزووتنەوەی خودی میللەت کوردیش بدا .

نزیکەی ناوەندی مانگی نوامبری ١٨٩٠ (٤٤)، "ئیرادەیەکی سولَتانی" لە رۆژنامەکانی ئەستەمبوولَدا بلاَو- کرایەوە ، کە دەربارەی پێکهێنانی هێزێکی سوارەی کـورد بوو، بە ناوی " حەمیدیە" . فەوجەکانی حەمیدیە، لە سەرەتادا، لە ناوچەکانی سەرسنووری قەوقاسی رووسیا ( ناوچەکانی ئەرزەرۆم و باکووری بتلیس و وان ) دا پێکهێنران،کوردی ئەوناوچانە راپەرینیان بە تایبەتی لێ نەدیترابوو،و بەشێکی ئەرمەنیەکانیش لەوناوە دەژیان و لەو کاتەدا بۆ بزووتنەوەی رزگاریی خۆیان زۆرگەرم بوون . ئیرادەکە( مەرسووم ) ، لە هەر مالَە زەلاَمێکی بە ئەسپەوە داواکردبوو،ئەگە نا ،دەبوو زەلاَمێکی بێ ئەسپی لێ بچووبایەتە لەشکری پیادەی نیزامیەوە . حەمیدیە، بە نەزمی عەشیرەتییان رێکخرابوون ، و دەبوو هەر سالَە ماوەیەکی دیارکراو لەژێر فەرماندەیی ئەفسەرێکی تورکدا خزمەتیعەسکەریی بکەن، - بە گوێرەی ئیرادەکە- دەبوو دوای تەواوکردنی ئەو ماوە دیارکراوە، چەکە- کانیان تەسلیم بکەنەوە، هەرچەندە سوارە بەڕاستی ئەوەیان نەدەکرد ، بەلاَم ئەوە دەریدەخست کە بڕوای دەولَەت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەوانە بێ سنوور نەبوو. لەکاتی شەڕدا، دەبوو ئەو فەوجە غەیرە نیزامیانە دەستبەجێ بەدەم داوای سوڵتانەوە بهاتنایە، و بچوونایەتە شەڕەوە . ئەمانە، تابڵێی لەلایەن دەوڵەتەوە نازیان دەکێشرا ، معاشی باشیان دەدرایێ، و وادەبوو بەرزدەکرانەوە و دەکران بە ئەفسەر و یان بە پاشا ، ئیتر کە دیتیان دەوڵەت و خەلیفەشیان لە پشتە، ئەوەندەی تر بەسەر جەماوەری کورددا زاڵ بوون، و شادان و خەندان دوعایان بۆ عەبدول حەمیدی وەلی-نیعمەتی خۆیان دەکرد .

یەکەم شەڕی حەمیدیە ئەوەبوو کە بە فەرماندەیی ئەفسەرە تورکەکانیان، بەتایبەتی فەرماندەی گشتی و ڕێکخەری حەمیدیە زەکی پاشای بەدکاری لەعنەتی، چوونە سەر ئەرمەنیان و بزووتنەوەی ١٨٩٤-١٨٩٦یان لەناو بردن، و بە زنجیرەیەك کوشتار دەیان هەزاریان لێ کوشتن . دوای ئەوە، هەرهەمان ئەو قۆزاقە شوومانە بەردرانە گیانی ئەوکوردانەی لە دەرسیم و باشووری کوردستان ڕاپەڕین، هەرهەمان ئەوانە بوون کە بە فەرماندەیی ئیبراهیم پاشا بەگژ نەتەوەییە عارەبەکانیشدا کران .

سوڵتان عەبدول حەمیدیکە حەمیدیەی دامەزراند ،و دەرەبەگی کوردی دە ڕژیمیدا جێ کردەوە،ساڵی١٨٩٢ دوو خوێندگەی بەناوی " عاشیرەت مەکتەبلەری"، یەکیانی لە بەغدا و ئەوی تریانی لە ئەستەمبووڵ دانا ، تا ئەولادی ئاغاوەتی عەشیرەتانی کوردوعارەبیان تێدا فێری خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ سوڵتانیخەلیفە بکرێ . هەرچەندە ئەو مەکتەبلەرییە زۆر نەما ، بەڵام بەو تەمەنە کورتەشی زۆری کار بۆ سوڵتان کرد . زۆربەی خوێندەوارانیکوردی کە لەو خوێندگەیە دەرچووبوون، دڵسۆز و وەفاداری سوڵتان/خەلیفە بوون،و تەنانەت تا یەکەم ساڵەکانی ١٩٢٠یش هەر وا مانەوە . بەگشتی، دەکرێ بڵێین : عەبدول حەمیدلە سیاسەتی بەرامبەربە کورددا سەرکەوتوو بوو؛ شێخ عوبەیدوڵڵا ڕابەری دوا ڕاپەڕینی گرنگیکورد بوو( ڕاپەڕینی دەرسیم ومووسڵ ڕاپەڕینی ناوچەیی پەتی بوون ) ؛ کوردایەتی،کە دەکرا لەو سەردەمەدا زۆر گەشە بکا ،هەر لە جەغزی چەند دەستەیەکی خوێندەواراندا مایەوە ؛ خەڵکیش خەتای کارەساتی کولەمەرگیی خۆیان لە سوڵتان " حەمیدبابا " (باوە حەمید)ی چاکەکار نەدەدیت ، دوعایان لەو مەئموورە خراپانە دەکرد کە فەرمانی باوە حەمید گیانیان چاك بەجێ نەهێنابوو .

**ـ ئەفواجی خەفیفە :**

کە " تورکی لاو" شۆڕشیان کرد ، خەڵك هاوایان لێ بەرزبۆوە و داوای نەهێشتنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"حەمیدیە"یان کرد . بەڵام "تورکی لاو" ، هیچ کە نەیاندەویست دڵی ئاغاوەتی عەشیرەتان برەنجێنن، دەیانویست بەکاریشیان بهێنن، لەبەرئەوە وەکو خۆیان هێشتنەوە و هەر ناوەکەیان گۆڕی، کردیان بە "عاشیرەت خەفیف سواری ئالای لاری" و لە کورتیەوە " خەفیف ئالای لاری" ( ئەفواجی خەفیفە ) (٤٥) .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنج - یەکەم ڕێکخراوانی نەتەوەیی کورد

ڕاپەڕینەکانی سەدەی نۆزدەی کورد، نە ڕێکخراوی سیاسییان هەبوون و نە بەرنامەیەکی سیاسیی ڕوون و دیارکراو. دنیای ئیسلامیش - وەك زۆر بەشی تری ئەم دنیایە - بیری دروست کردنی پارتی سیاسیی بۆ هەڵسووڕاندن و ڕابەریکردنی خەباتی جەماوەر، لە ڕێی خوێندەوارانی کە چوون لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا خوێندوویانە لە ئەوروپاییان وەرگرتووە(٤٦). ڕۆشنبیریی کورد هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە سەری هەڵێناوە(٤٧). یەکەم ڕۆشنبیرانی کورد، هەموو لە ماڵە ئەعیانان بوون: کوڕە میرانی دوورخراوە بۆ ئەستەمبوڵ، یان ئەولادی ئاغاوەتی عەشیرەتیی کە لە "عاشیرەت مەکتەب لەری" دا خوێندبوویان، یان "ئەکادیمیای عەسکەریی ئیمپراتۆری" یان تەواوکردبوو (کە لە ١٨٧٠وە لاوی کوردیشی تێدا وەردەگیران).
ئەستەمبوڵ، لە گۆڕانی سەدە(١٩/٢٠)دا، شارێك بوو بە بیری شۆڕشگێڕی و ورووژانی نەتەوەیی جمەی دەهات. هەندێ لەو کوڕە کوردە ئەعیانانەش، لەو هەلومەرجەی ئەوسای ئەوێدا، کەوتنە ژێر تەئسیری هەندێ فکری ئەوروپایی و بە ناوی کوردی نەتەوەیی هاتنە پێشەوە. ئەوانیش، وەکو ڕۆشنبیرانی تر، چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی، کەوتنە ڕۆژنامە و گۆڤار دەرکردن و کۆمەڵە و ڕێکخراو دامەزراندن.
تا شۆڕشی تورکی لاو، یەکەم پێشڕەوانی نوێی کوردایەتی لە چەند دەستە و کۆڕ و کۆمەڵێکدا بڵاو ببوونەوە، چەندێکیان لە "ئیتیحاد و تەرەقی"دا بوون*.
مدحەت بەدرخان بەگ، نیسانی ١٨٩٨ یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی بە ناوی" کوردستان " بە دوو زمانیکوردی

---

* بە قسەی "ئیزرائیل نەعمانی" : " کوردی تێکۆشەر، لە کۆنگرەی ١٩٠٧ی تورکی لاو دا لە پاریس بەشدار بوون، کە هەموو ڕێکخراوە سیاسیەکانی گەلانی غەیرەتورکی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەو کۆنگرەیەدا لەوەدا یەك بوون کە لە خەباتی دژی زوڵمی عەبدول حەمیددا لەگەڵ تورکی لاو دا یەك بگرن ".

Israel Naamani, The Kurdish Drive for Self-Determination,Middle East Journal Nr. 3, 1966, P.280 .

دوو ڕابەری کوردی نەتەوەیی عەبدوڕەحمان بەدرخان (سەرنووسەری " کوردستان ") و حیکمەت بابان لە بەشدارانی کۆنگرەی ١٩٠٢ی پاریس بوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و تورکی دەرکرد. ئەم رۆژنامەیە، زۆرتر فەرهەنگی و پەروەردەیی گشتی بوو، بەلاّم کـوردپەروەرانی هان دەدا و بیری بەرەو پێشەوە دەبردن ، و دەنگی نیشتمانپەروەرانی کوردی تێدا کۆدەبوونەوە . دوای مدحەت بەگ ، عەبدورەحمان بەگی برای جێی گرتەوە و بوو بە سەرنووسەری ." کوردستان" بەهۆی وەزعی سیاسی و چالاکیی نووسەرانی، ناچار، چوو ماوەیەك لە جنێڤ(سویسرا) و دوای ئەوە لە لەندەن و دوای لەندەنیش لە فۆلکستۆن ( ئینگلستان )ـەوە دەردەچوو . دوای شۆڕشی تورکی لاو، سورەیا بەدرخان لە ئەستەمبوولّ دەریکردەوە . لە شەڕی جیهـانیی یـەکـەمـدا، دیسـان دەربەدەربۆوە، ئەمجارەیان لـە قاهیرەوە بـە دوو حەفتە ژمـارەیـەکی لێ دەردەکرا*.

## ١- تەعالی وە تەرەقیی کوردستان

یەکەم کۆمەلّەی کورد، دوای هاتنە سەرحوکمی" تورکی لاو" دامەزرا . رابەرانی کورد بەگەرمی پشتگیرییان لە رژیمی نوێ کردو هیوادار بوون مافەکانی کورد بدا . ئەمین عالی بەدرخان بەگ، جەنەراڵ شەریف پاشا ، و شێخ عەبدول قادر ( سەرۆکی مەجلیسی سەنایعوسمانی،کوڕی شێخ عوبەیدوللاّ) لە هەلی ئەوەندە ئازادیەی سەرەتای رژیمی نوێدا یەکەم کۆمەلّەی کوردیان دامەزراند : " تەعالی وە تەرەقیی کوردستان " ، رۆژنامەیـە-کیشیان بە ناوی " کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی " کرد بە دەنگی کۆمەلّە ، کە بە تورکی دەردەچوو و جەمیل پاشا سەرنووسەری بوو . ئەم غەزەتە ( رۆژنامە )یە یـەکەم بلاّوکراوەیەکی کـورد بوو کە بە ئیجازەی دەولّەت دەردەچوو، باسی زۆری گیروگرفتی کوردی تێدا دەهێنرایە پێشەوە : فـەرهـەنگ، زمان و یەکێتی نەتەوایەتی، و زۆر بە زوویی لەناو کوردی ئەستەمبوولّدا یەکجار زۆر خۆشەویست بوو .

هەر لەو سەروبەندەدا( پایزی ١٩٠٨) ، کۆمیتەیەك بە ناوی " کورد نەشری مەعاریف جەمعیەتی"، کە دەبێ سەر بە " تەعالی وە تەرەقیی کوردسـتان "بووبێت ، خوێندگەیەکی کـوردیی لە گەڕەکی" چەنبەرلی "ی ئەستەمبوولّ کردەوە .

" تەعالی وە تەرەقیی کوردسـتان " رێکخراوێکی خاوەن ئامانج و بەرنامە و رێکخستنی دیارکراو نـەبوو،

* Dr. Bletch Chirguh, La Question Kurde (Cairo, 1930), P.50) .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوێندەوارانی کوردی خاوەن بیری زۆر جیاوازی ئەستەمبووڵی کۆدەکردنەوە . خەباتی فەرهەنگی- کۆمەڵایەتی وکارە چاکەکانی(خوێندەواری هێنانە ناو حەماڵە کوردە بەدبەختەکانی بازاڕو شەقامەکانی ئەستەمبووڵ) دەبوو زەمینەی پێکهاتنی بزووتنەوەی سیاسی سازبکەن، بەڵام دوای سەرەتایەکی باش، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش کە وا بەزوویی ئەوەندە کوردی زۆری لێ کۆبۆوە، ڕابەرانی لێك ترازان ( بەدرخانەکان دژی شێخ عەبدول قادرو سەیدەکانی نەهری )، ڕەقابەتی کۆن زیندوو بوونەوە و تەنانەت یەکتریان بە " خاین"یش دانا*. شێخ عەبدول قادر لە کۆمەڵەکە دەرچوو و بۆخۆی چوو ڕۆژنامەی "هەتاوی کورد"ی دەردەکرد. بزووتنەوە بەم دووبەرەکیانە زۆر کز بوو .

## ٢- کورد کولوپ لەری

ئا لەم کاتەدا کە کوردی ئەستەمبوول هەر ژێرپێی‌خۆیان دەشێلا( نەدەچوونە پێشەوە )،کاری خەباتکارانی‌کورد لە کوردستان بە شێوەیەکی تر بوو، لاوان و خوێندەوارانی خەباتکاری کورد " کورد کولوپ لەری " ( یانە کورد- یەکان) یان لە شارستانی کوردەواری دادەمەزراندن ، بەتایبەتی لە : بتلیس، دیاربەکر، مووش، ئەرزەڕۆم، و مووسڵ . هەر بە نموونە، یانەی مووش پێوەندیی بە عەشیرەتانی ویلایەتەکەوە گرێ دا ** ؛ کاتێك یانەی بتلیس لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٨دا کرایەوە ٧٠٠ ئەندامی ناونووس کرد، ژمارەی ئەندامانی بە چەند مانگێك بە چەندهەزارکەس گەیشت ***. یانە کوردیەکان، بە جۆرە نەزمێکی عەسکەری بە تەرزی ڕێکخستنی " تورکی لاو"، ڕێکخرابوون،کە ئەوانیش ئەو شێوە ڕێکخستنەیان لە" کاربۆناری"ی ئیتالیایی وەرگرتبوو(٤٨) . ئەم یانە کوردیانە،بێ گومان، نیشانەی سەرەتای خەباتی سیاسیی ڕێکخراو و یەکەم ڕێکخستنی نوێی سیاسی بوون لە کوردستاندا .

دوای هەرای مارتی ١٩٠٩ و وەلانانی عەبدول حەمیدی دووەم (٤٩) ، " تورکی لاو " پێیان وابوو کە ئیتر کارێکیان بە خوێندەوارانی غەیرە تورك نەماوە، زۆر سەرەڕۆیانە تورکچێتیی ئەوپەڕی خەستی خۆیان پیشان دا .

---

* B. Nikitine, Les Kurdes, Imprimerie Nationale, Librairie C. Klincksieck (Paris,1956) .

** لازارێف،( بە ڕووسی) مەسەلەی کورد ،مۆسکۆ، ١٩٧٢ ، ل١٤٧ ،کە لە ئەرشیفەکانی ڕووسیای وەردەگرێ .

*** لازارێف، هەمان سەرچاوە .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوێندگە و ڕێکخراو و بڵاوکراوەی غەیرە تورك ، دیارە بە " تەعالی وە تەرەقیی کوردستان " و ڕۆژنامەکەی " کـورد تەعاون وە تـەرەقی غـەزەتەسی " و خوێندگەکانی گەڕەکی چەنبەرلیی ئەستەمبوڵ و بە یانـە کوردیەکانیشەوە( کوردکولوپ لەری)، هەموو هەر هەموو، قەدەغەکران و بەرپرسیارانیان گیران و یا کوژران؛ زۆرکوردی بەدەرەوە و خەباتکارانی ریزی پێشەوە،بە ساڵانی زۆری زیندان حوکم دران،هەندێ خۆیان شاردەوە، زۆربەی بەدرخانەکانیش دیسان دەربەدەری هەندەران بوونەوە .

کوردستان لە سەرەتای حوکمی" تورکی لاو" یشدا بێ ڕاپەڕین نەبوو، ساڵی ١٩٠٩ و دواتریش لە ١٩١٣دا بـە رابەریی سەلیم (خەلیفە) (٥٠) لە ڕاپەڕیندا بوو . بەتایبەتی ویلایەتی مووسڵ ( هەرێمی باشووری کوردسـتان ) لەو سەروبەندەدا بڵێسەی ڕاپەڕینی تێدا بەرز بیۆوە (دوایی دەبینین، تەنانەت دوای نەمانی حوکمی عوسمانی و داگیرکرانی لەلایەن ئینگلیسیشەوە،ئەو بڵێسەیە هەر لە بەرزبوونەوەدا دەبێ و سەرێشەیەکی زۆر بۆ ئینگلیسی داگیرکەر دەنێتەوە،شێخ مەحموود دە ساڵ دوای ئەوە بوو بە پادشای کوردستان). بارزانی و زێباری دەیانویست لەشکرو ئیدارەیعوسمانی بەتەواوی لەو ناوچانەی ئەوان وەدەرچن . عوسمانی،لەشکری چوارەم وشەشەمیان نارد و دەوری چل دێیەکیان تـاڵان و وێران کرد، بـەڵام نەیانتوانی چۆك بـە بـارزانییان بدەن ، ئـەوەبوو شـێخ عەبدوسسەلامی بارزانی تا کۆتایی ١٩١٤ بەرگریی کرد .

لەم سەردەمەی دیکتاتۆریی " تورکی لاو"دا، چەندین خەباتکارانی کـورد و ئەرمەنی و عـارەب،بۆ خەباتی دژی دوژمنی هـاوبـەش، پێوەندییان بـە یەکتر هەبـوو . کـــورد لەو ڕۆژە ڕەشـــانەدا یارمەتیی ڕاپـەڕینی عارەبـی یەمەن و عیراقی عارەب ( بەغدا و بەسرە) و جەبەل و جەزیرە(ی سووریا)یان دەدا . شێخ یەحیای ئیمامی یەمەن زەلامی دەناردن بە کوردستاندا دەگەڕان،پارەیان بۆ بزووتنەوەی عارەبی یەمەن کۆدەکردەوە*(٥١) .

### ٣- هێڤیا کورد

خەباتی میللەتانی ژێردەستی تورك، " تورکی لاو "ی ناچارکرد لە سیاسەتی چەوساندنەوەی ئەو میللەتانەدا

* لازارێف، هەمان سەرچاوە .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەرمیەك پیشان بدا . ئەوەبوو ساڵی ١٩١٢ کۆمەڵەی نهێنیی " هێڤیا کورد" بە رەسمی ئیجازەی درا . " هێڤیا کـورد" ، دەستەیەك خوێندکار و رۆشنبیری کورد ساڵی ١٩١٠ دروستیان کردبوو، وادیارە یەکەم رێکخراوی سیاسیی کوردی بەمەرکەزیەت بووە، کوردێکی ئەندامی پەرلەمانیعوسمانی بە ناوی " خەلیل حسەمن مۆتکی" رابەری بوو . هەر خوێندەوارێکی کـوردی کە راینەکردبوو یان نەگیرابوو، ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بوو . پیاوی فکر(ئیدیۆلۆگ)ی ئەم کۆمەڵەیە، زەلامێك بوو ناوی دکتۆر شوکرو محەمەد سەکبان ( کە دوایی رووی لە کـورد وەرگێڕا و داوایکرد تورك کوردان بتوێننەوە*) . " هێڤیا کورد" ، لە ساڵی ١٩١٣وە ، رۆژنامەیەکی رۆژانەی بە دوو زمانی کوردی و تورکی بە ناوی"رۆژا کورد" دەردەکرد ."رۆژا کورد" ساڵی ١٩١٤ناوی کرا بە" هەتاوی کـورد " (٥٢) . ئامانجی ئەم رۆژنامەیە : چاکترکردنی ئەلف - بێی کـوردی، بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و پەروەردەکردنی گەلی کــورد بوو . ئەم کۆمەڵەیە، زۆرتر لە ناو کرێکاران و لاوانی کــورددا چالاك بوو، کە بـە رادەیەکی باش مەسرەفیان دەکێشا، لەدواییدا وای لێ هات لـە زۆر شاری کــوردەواریدا هەبوو و تـەنانەت گەیشتە نـاو کــوردەکانی ئەوروپاش . تا لێرەدابوو کە شــەڕی جیهــانیی یــەکەم هەڵگیرسا، خــەباتکارانی چـالاکی کۆمەڵـە لێك دابڕان، بە هۆی عەسکەری کردنی ئەو شەڕەوە هەر یەکەیان کەوتە لایەکەوە ، و خەبات و چالاکیی پڕ لـە هیوای کوردی " هێڤیا کورد" پەك خرا .

٤- کوردستان موحیببوون جەمعیەتی

ساڵی ١٩١٢ ، بۆ روون کردنەوەی مەسەلەی کورد ، لە ئەستەمبووڵ دامەزرا .

ـ پارتی موجەددید:

هەر لە هەمان درەنگانی ساڵی ١٩١٢دا،کوردێکی ئەندامی پەرلەمان( لوتفی فکری) خۆی لە ئیتیحادیەکان جیاکردەوە و پارتی موجەددید ی دامەزراند . پرۆگرامەکەی، داوای عیلمانیەتی ئیمپراتۆریی عوسمانیی(لێك جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت، یەکسانیی مافی ژن و پیاو...ئیدی) و بەکارهێنان تیپی لاتینیی دەکرد . ئـەم قسانە،جارێ بۆ ئەو سەردەمە زۆربوون .تەنیا چەندخوێندەوارێکی کەم قەبووڵیان بوو کە کەمیان کـورد بوون .

---

* Dr. Sekban, La Question Kurde, des Problemes des minoritées,Presses Universitaires de France,1933.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پارتی موجەددید رۆژنامەیەکیشی هەبوو ناوی" ئیجتیهاد" بوو، " بیروورای مۆدێلی نوێی بڵاودەکردنەوە"، سەرنووسەری : خوێندەوارێکی کورد بوو ناوی " عەبدوڵڵا جەودەت" بوو . مستەفا کەمال(ئەتاتورک) پازدە ساڵ دوای ئەوە ئەو دروشمانەی خستە کارەوە ) .

دەکرێ بڵێین : ئەم سەردەمەی پێش شەڕی جیهانیی یەکەم، بەگشتی، سەرەتای چاوکردنەوە و فێربوونی شاگردانی رۆشنبیریی نوێی کورد بوو. سامانێك بە رەنجی زۆر وەسەریەك نرا و مشتی شەڕی جیهانیی یەکەم پرش و بڵاوی کردەوە .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەش - ساڵانی شەڕی جیهانیی یەکەم

" نیشتمانی تورك، نە تورکیایە و نە تورکستانە

نیشتمانی ئێمە وڵاتی مەزن و نەمری توورانە"

( زیا گۆك ئالپ)

رژیمی حوکمی سێقۆڵیی" ئەنوەر، تەلعەت، جەمال"ی ئیتیحاد و تەرەقی، بە هیوای گرتنی ئەو توورانەی شیعری زیا گۆك ئالپ،ئیمپراتۆریی‌عوسمانیی کێشایە شەڕەوە . رژیمی ئەو سێ زەلامە، بۆ بەجێهێنانی خەونی ئەو توورانە ، و لەژێر پەردەی شەڕدا ، کوشتاری پتر لە یەك ملیۆن ئەرمەنی و ٧٠٠هەزار کوردی کرد . ئەو هەمووە جووتیار و دێهاتیە کوردانەش کە بە خڕی کۆکرابوونەوە و رەوانەی جەبهەکان کرابوون ، تا بە فەرمانی " سوڵتان رەشاد"ی خەلیفە گوایا جیهاد بکەن ، ئەوانیش جیهاد پێ کردنەکەیان یەکجار زۆر گران کەوتە سەر . هەڵوێستی کوردان لەو چوار ساڵەی شەڕدا چی بوو ؟ زۆریان داوای جیهادی خەلیفەیان قەبووڵ بوو و چوون شەڕیان بۆ کرد . هەندێك - بەتایبەتی عەشیرەتەکانی‌کوردستانی باشوورو خەڵکی دەرسیم- بە دەنگی خەلیفەوە نەچوون و وەڵامیان نەدایەوە . چەند خوێندەوارێکی دەوڵەمەند ، توانیان بە پارە خۆیان لە عەسکەری کردن بپەرێننەوە . هەندێك کەسی تریش - بێ فایدە - هەوڵیان دا خۆیان و قەم و قیلەیان لە رووسیای هاوسێدا لە شەڕ و بەڵای شەڕ دوور بخەنەوە .

رووسیای قەیسەری ، لە کاتێکدا کە بەڵێنی یارمەتیی ماددیی زۆری بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەدا، خۆی ئامادە دەکردکوردستان بخاتە سەر رووسیا*. رێك بەهەمان شێوەی کە هێزە ئیمپریالیستەکانی تری وەك ئینگلیس و فەرەنسا ئەعیانی کوردو تورك وعارەب وئەرمەنیان بۆ مەبەستی‌خۆیان هەڵدەسووڕاندن، رووسیای قەیسەرییش دەیویست کوردان بۆ مەبەستی خۆی بەکاربێنێ . هاوپەیمانان ( ئینگلیس،فەرەنسا ، رووس )،لە سەرتاسەری شەڕی جیهانیی یەکەمدا سەرگەرمی باسی چۆنێتیی دابەش کردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی بوون؛ کە ئیمپراتۆرییەکەیان تەپاند ،کوێ بۆکێ بێ ؟ . مەرکەزی باسیان : وڵاتانی عارەبی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و

---

* بڕ- ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا( پۆسۆلستۆڤۆ ڤ کۆنستانتینۆپۆلە١٩٠٧-١٩١٣. د ٣٥٧٢،١-٣، سازونۆف - چاریکۆف)، لە لازاریڤ ( هەمان سەرچاوە) دا، ل١٥٩ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

كوردســـتان و ئەرمەنســـتان بوو . لە ناوەندی مایسی ١٩١٦دا، وەزیرانی دەرەوەی ئینگلیس ( سایكس ) و فەرەنسا ( پیكۆ) پەیمانێكیان ئیمزاكرد(٥٣) ، رووسیاش كەمێك دواتر(١٩١٦/٩/١) پاش دەستكاریەكی زۆر كەم ئیمزای‌كرد . ئەم پەیمانە كە بە ناوی پەیمانی سایكس - پیكۆ ناسرا، بوو بە بناغەی پەیمانی سێڤر بـۆ دابەش‌كردنی ئیمپراتۆریی‌عوسمانی لە نێوان ئینگلیس و فەرەنسادا*.

---

* بۆ زانیاریی پتر دەربارەی رێككەوتنی سایكس- پیكۆ بڕ- ( بە رووسی) : "پارچە‌پارچەكردنی توركیای ئاسیایی"، لە ئەسنادی نهێنیی وەزارەتی كاروباری دەرەوەی پێشووی رووسیا ، كە كاربەدەستانی سۆڤیەت بڵاویان كردۆتەوە ( مۆسكۆ، ١٩٢٤) .

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# حەوت - ساڵانی دوای شەڕ

بە بڕیاری شەڕوەستاندنی مودرۆس( مۆندرۆس) لە ١٩١٨/١٠/٣٠دا، ئیمپراتۆریی عوسمانی تەسلیم بوو و شەڕی جیهانیی یەکەم کۆتایی هات (٥٤) . هات وهاواری گرتنی هەموو " تووران "ی کە تووڕانی میللەتی تورکیان پێ هان دەدا، نزیك بوو خودی تورکیاشیان پێ لەدەست بدا . هێزی دەریایی ئینگلیس لە بۆسفۆڕدا دەگەڕا . لەشکری ئینگلیس و فەرەنسی و ئیتالیایی و یۆنانی ٧٥٪ی قەڵەمڕەویی تورکیایان بەدەستەوە بوو، هەر دەشتی قاقڕی ئەنادۆڵی مەرکەزی و بەشێکی کەناری دەریای ڕەش مابوونەوە کە بەلایاندا نەچووبوون .
ماوەی نێوانی ئۆکتۆبری ١٩١٨ و حوزەیرانی ١٩١٩ باشترین هەلی نەتەوەی کورد بوو دەوڵەتی خۆی تێدا دابمەزراندایە . لە حوزەیرانی ١٩١٩شەوە تا کۆتایی ١٩٢١هێشتا هەر دەکرا ،بەڵام ڕابەرایەتیی کورد نەیکرد: فەرمانڕەواییەکی تورك لە ئارادا نەمابوو، ئیتیحادیەکان ڕایانکردبوو، سوڵتان و حکومەتەکەی بە زەحمەت لە کەناری شاری ئەستەمبووڵ بەولاوە قسەیەکیان دەڕۆیشت، ئەوەی لە لەشکریعوسمانی مابۆوە لە هەڵوەشاندا بوو، ئەفسەرانی لەشکر هەر یەکە بەلایەکدا و پەرێشانی ژیانی خۆیان بوون، چونکە وا دانرابوو لەشکری عوسمانی هەر نەمێنێ و دەبوو هێزێکی بەتەواوی ڕەمزی بە ناوی " حەرەسی ئیمپراتۆری " لە جێی دابنرایە .
ڕووسیای قەیسەری،کە بەگوێرەی پەیمانی " سایکس- پیکۆ" زۆربەی کوردستانی بەردەکەوت ، ڕژێمی گۆڕا بوو بە" سۆڤیەت"و،دەستی لەو پەیمانە و بەشی خۆی لە خاکی هاوسێیان کێشایەوە . لەشکری ئێرانیش حاڵی لەوەی عوسمانی باشتر نەبوو . قەت هەلومەرج بۆ ڕزگاریی هەموو کوردستان لە چنگی بێگانە ئەوەندە لەبار نەبووە . تەنانەت ئەگەر بشڵێین لەوانەبوو ئینگلیس و فەرەنسی بە دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردستانی وا شاد نەبوونایە، ئەوە لە مەسەلەی نەدەگۆڕی . ئینگلیس - وەك کە کشانەوەیان لە ئورفە و عەنتاب بە ئاشکرا دەریخست - لەو کاتەدا توانای ڕێگرتنی ئەوەیان نەبوو . ئەگەر کورد دەوڵەتی خۆی بە " کاری کراو" پیادە بکردایە،ئینگلیس و فەرەنسی ئەوسا شتێکیان بۆ نەدەمایەوە غەیری ئەوە کە هەوڵ بدەن بۆ وەدەست هێنانی ئیمتیازاتی نەوت دۆستایەتیی بکەن . بیری دروست بوونی دەوڵەتێکیکورد، وەك دوایی دیتمان،ئینگلیسی بەتایبەتی ئەوەندە ناڕەحەت نەدەکرد . بەڵام بەداخەوە لەدەست کورد چوو .
پەرەسەندنی کورد هێشتا لە وەزعیکدا بوو،مەگەرهەر بکرایە ڕابەریەکی وای تێدا پەیدا بوایە : زۆر زۆرتر لە ژێر تەئسیری عەقڵی دەرەبەگ و کاهینەکاندا بێت تاوەکو بیرو ڕێگای نوێ . ڕابەریی کورد،لە نێوان " لەمێژینە"

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و گوایە " نوێخوازان"دا - وەك دەڵێن- داپاچرابوو . نیو دەرزەن حیزب و کۆمیتە بوون ، و داخی گرانی کورد ، ئەوانە هی ئەو رۆژە نەبوون . کاری دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە توانای ئەوانە بەدەربوو، ئەوانە عەقڵی سیاسی و مێژوویی پێداویستی ئەوەیان نەبوو . ئەوانەی کە ئەوسا گوایە" شۆڕشگێڕ"ی کورد بوون ،پارچەیەك لە ریسی خوێندەوارانی عوسمانی بوون ،بە هەرچی مەغزای فەلسەفی و سیاسیی دە دنیای ئەو فەرهەنگەدا بوو. نوختەی هەرەگرنگ دەربارەی رۆشنبیرانی عوسمانی ئەوەبووکە ئەوانە رۆشنبیر نەبوون ؛ بەڵکو " خوێندەواری ئیستیعمارکراو"بوون،"موستەعمەرەی خوێندەواریی رۆژئاوایی" بوون نەك رۆشنبیر . بە و ژیانەی هەیانبوو، " رۆژئاواییەتی" یان گرتبوو و لە میللەتی خۆیان غەریب بوون . هەربەشی ئەوەندە لە فەرهەنگی ئەوروپاییدا تواببوونەوە کە دەیانزانی میللەتەکەیان دواکەوتووە، بەڵام ئەوەندەیان لەو فەرهەنگە وەرنەگرتبوو پێی تێبگەیشتنایە بیانزانیایە ئەو دواکەوتووییە لەچیەوە هاتبوو ،پەرەسەندنی مێژوویی و ئابووریی زەمینەی ئەوە چیبوون و چۆن بوون . ئەو شۆڕشگێرانەی هەربە شكڵ نوێ بوون ،لە جەوهەردا هەمان ئەهلی تەوەککول بە قەزاو قەدەری پێشوو بوون ( جاران رەحمەتی خودا بوو دنیای بە کەیفێ خۆی دەگێرا ، ئێستاش دەوڵەتانی ئەوروپایی) . هەمیشە بەدوای ئەو وەهمەوەبوون کە رزگاربوون بەبێ خەبات کردن پێك دێ، هەر یەك هیوایان بۆ خۆیان و گەلیان هەبوو : لەژێرسێبەری دەوڵەتێکی بە ژیاریدا بپارێزرێن و ئیتر وەحەسێن . ئەوەبوو تەرزی بیرکردنەوەی "رۆشنبیرانیعوسمانی"ی کە هەر دەهاتە پێشەوە و زیادیان دەکرد، لە دڵی ئیمپراتۆریەکی نیوە موستەعمەرەدا ، کە تاقە رێی سەرکەوتنی تێدا بە سەفارەتخانەی دەوڵەتە گەورەکاندا دەڕۆیشت،و پیاو کاتێك دەکرا بە وەزیر یا پاشا ئەگەر ئەم سەفیری ئەوروپایی یان ئەوەی تریان پشتی بگرتایە . کوردی عوسمانیی خوێندەواریش،کە تا لەم خوێندگەیەیعوسمانی دەرچووبوون ، لایان وابووکە رزگاریی کوردستان هەر تەنیا و تەنیا لەدەستی ئینگلیس و فەرەنسادا بوو(٥٥) ، بەتایبەتی لەدەستی ئینگلیسدا. ئیتر سەیر نیە کە ژمارەیەکی باش لەوجۆرە خوێندەوارانەی کورد لە دەستەی دامەزرێنەرانیکۆمەڵی دۆستایەتیی بریتانیدا بوون، کە سەرۆکەکەی کێ بوویێت غەیری هەمان سوڵتانیخەلیفەی عوسمانی خۆی! . لەلایەکی تریشەوە، لە کوردستاندا نەریتی کۆمەڵایەتی زۆر گۆڕابوو، دەسەڵاتی سیاسی هەر لە نەمانی سەربەخۆیی ئەمارەتەکانەوە تا دەهات پرش وبڵاوتر دەبۆوە، لێك هەڵدەپریواو دەهاتە خوارەوە ، سنووری دەسەڵاتی سیاسی،لەوەی میرێکەوە هاتبووە سەر ئەوەی ئاغایەکی عەشیرەتی . هیچ رابەرێکی لەمێژینەی کورد نەبوو کە بیتوانیبا تەنانەت نیوەی ئەو هێزەش پێك بهێنێ کە بەدرخان یان یەزدان شێر چەند دەساڵی پێش ئەوە پێکیاندەهێنا . بەڵام،خۆ دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عیراق، سووریا،لوبنان،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئوردون و...ئیدی )یش کە دروست ببوون،بەرهەمی خەباتی یەکەم رابەرانی چینی ناوەند و شۆڕشگێڕ نەبوون، نەخێر. ئەوە ئیمپریالیزمی ئینگلیس و فەرەنسی بوون کە ئەو دەوڵەتانەیان دروستکردن، خۆیان دایانتاشین و بۆ خزمەتی بەرژەوەندی دەست بەجێی خۆیان لەوناوە قوتیان کردنەوە . ئەگەر ئینگلیس و فەرەنسا بیانویستایە دەوڵەتێك بۆ کورد دابنێن، دەیانتوانی بە تەرزێکی کە خۆیان بیانویستایە بۆ خزمەتی بەرژەوەندی خۆیان دروستیان بکردایە، چونکە رابەریی کوردیش لە نزیکەی هەمان پلەی دواکەوتوویی رابەریی زۆر وڵاتانی عارەبدا بوو . ئەوەی راستی بێت ، ئینگلیسەکان بیرێکیان لە دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردیش کردەوە، وەك کە دوایی لێی دەدوێین .

با جارێ لێرەدا ئاماژەیەك بەو رێکخراوە کوردانە بکەین کە دوای ئاگربەسی مودرۆس دروست بوون :

## ١- ئیستیخلاسی کوردستان

لە پێشدا سەیدعەبدوڵڵای شێخ عەبدول قادری شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری " ئیستیخلاسی کوردستان "ی دامەزراند . هەر ئەوەندەی دەربارە دەزانین کە لەگەڵ دیپلۆماتاندا مەسەلەی کوردی باس کردووە .

## ٢- کورد ئیستیقلال جەمعیەتی

سورەیا بەدرخان بەگ لە قاهیرە دایمەزراند ،کە لە یەکەم راپەڕینی کوردی سەردەمی کۆماری تورکیادا دەورێکی گرنگی دیت .

## ٣- کوردستان تەعالی جەمعیەتی

رێکخراوی هەرە گرنگ بوو، کە مەلا سەعید و مەلا خەلیل خەیالیی مۆتکی و هەمزە بەگی مەکس دایانمەزراند*. ئەم رێکخراوە دەیویست کورد لە چاردە نوختەکانی بیروباوەڕی ویلسن ( سەرکۆماری ئەمریکا ) دەربارەی

* مەلا سەعید، دواتر بە " بەدیعوززەمان سەعید نوورسی " ناسرا، خاوەنی زنجیرەیەك نووسینی ئاینیی بەناوی " رسالەیی نوور" و بناغەدانەری دەستەیەکی ئاینی بە ناوی " نوورجوو"(نوورچی) ، ئەم دەستەیە ئەمڕۆ چەند سەد هەزار ئەندامی هەیە، بەتایبەتی لە ئەنادۆڵی تورکدا .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ" ی نەتەوە ژێردەستەکان کەڵك وەربگرێ . شێخ عەبدول قادری کە بۆ مەککە دوورخرابۆوە،گەڕایەوە و لە یەکەم کۆنگرەیدا بەشدار بوو، و بە سەرۆکی هەڵبژێردرا. ئەمین عالی بەگی کوڕی بەدرخان و جەنەڕاڵ فوئاد پاشا بوون بە جێگرانی سەرۆك، و جەنەڕاڵ حەمید پاشا بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا. رابەرانی، دوای کۆنگرە وەفدێکیان پێکهێنا و چوون سەریان لە نوێنەرانی ئەمریکا و ئینگلیس و فەرەنسا لە پایتەختی عوسمانی دا، و مەبەست و ئامانجیان بۆ روون کردنەوە .

باسی"سەربەخۆیی"ی کوردستان لێدوانێکی توندوتیژی دە کۆمەڵەکەدا پێکهێنا.خەباتکارانی لاوی شۆڕشگێڕ " سەربەخۆیی تەواو "یان بۆ کوردستان داوا دەکرد . ئەعیانەکان بە رابەریی شێخ عەبدول قادری سەرۆکی کۆمەڵەکە ( و سەرۆکی مەجلیسی مشاورانی سەلتەنەتی) بەرگرییان لە " ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا" دەکرد . ئەوە کە" چوارچێوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی " ئاداری بە سەر پاداریەوە نەمابوو، بۆئەوان مەسەلەیەك نەبوو، دەیانویست قۆڵی لێ هەڵکەن ولەگەڵ تورکاندا چوارچێوەی ئیمپراتۆریی تلیش- تلیش- بوو سەرلەنوێ هەڵبەستنەوە، ئاداری بخەنەوە سەر پاداری و، تاکوکورد ئەوسا لەوێدا ئۆتۆنۆمیی دەست بکەوێ .

دەقی قسەی شێخ عەبدول قادر بەم جۆرە بوو : " ئێمە بێین و لەم رۆژی پێویستیەی تورکاندا پشتیان تێبکەین، و بە سەربەخۆیی کوردستان لێدانێکی کوشندەیان لێ بدەین، ئەوە شتێکە شایانی شەرافەت وغیرەتی کورد نیە، من لەوەدا پێدادەگرم کە حەقمن دەبێ یارمەتیان بدەین، ئەوجا ئێوە خۆتان چاك دەزانن کە تورك ئێستا ئۆتۆنۆ- میی کوردستانیان بە تەبەعەیی سوڵتان قەبووڵ کردووە،بە هەمان شێوە دەشزانن کە ئەگەر تورك بەڵێنیان نەبەنە سەر ،نەتەوەی کورد ئەوسا دەتوانێ مافی خۆی بەزۆر بستێنێ". ئەوەبوو چەندساڵێك دوای ئەوە،فەرمانڕەوایانی تورك بەڵێنیان نەبردە سەر، نەتەوەی کورد ویستی بەزۆر مافی خۆی بستێنێ بەڵام ئەوسا نەیتوانی و،مستەفا کەمال شێخ عەبدول قادری" زێدە بە نەخوەت"ی لە سێدارە دا .

ــ راپەڕینی کۆچگیری :

ئەندامانی لاوی کوردستان تەعالی جەمعیەتی، کە خوێن گەرمتر بوون، چوونەوە کوردستان و کەوتنە پێکهێنانی لقەکانی کۆمەڵە و نێوان پەیداکردن لەگەڵ گەلدا . چەند لاوێك لەمانە، چەند مانگێك دوای ئەوە ، توانیان عەشیرەتانی نێوان سێواس و مەلاتیە بەسیج بدەن و راپەڕن. ئەوەبوو، ناوچەیەکی زۆری دەوری کۆچگیری لە ناوەڕاستی١٩١٩دا، بە بنکە و سەرەتای کوردستانێکی سەربەخۆ رێکخرا. بەڵام راپەڕینی کۆچگیری پێوەندیی بە شوێنەکانی تری کوردستانەوە نەبوو، عەسکەری کەمالی لە مارتی ١٩٢١ دا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەناویان برد و ١١٠کەسیان لێ بە مەرگ حوکم دان . مستەفا کەمال، کە هێشتا خۆی هەر بێ هێز و لە وەزعی خەتەردا دەدیت و ، نەیدەویست ئاغاوەتی کـورد لە خۆی بڕەنجێنێ ، لەسـەر داوای عەشـیرەتانی دەرسـیم حوکمەکانی بە جێ نەهێنا و بەخشینی .

## ٤- کورد تەشکیلاتی ئیجتیماعیە جەمعیەتی

جیاوازیی نێوان ئۆتۆنۆمیخوازان و داواکارانی سەربەخۆیی کوردستان،ئاخریەکەی بوو بەهۆی لێك دابڕانی ئەو دوو دەستەیەی کوردستان تەعالی جەمعیەتی . ئەوانەی داوای " سـەربەخۆیی " یان دەکرد ، لێی جیابوونەوە و مەڵەیەکیان بۆ خۆیان بە ناوی " کورد تەشکیلاتی ئیجتیماعیە جەمعیەتی " پێکهێنا .

## ٥- کورد مێللەت فیرقەسی

لەو بەینەدا دروست بووە ، کە زانیاریەکی ئەوتۆمان دەربارەی نیە .

## ٦- یانەی دیاربەکر

جەمیل پاشازادە لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨دا یانەی دیاربەکری ژیاندەوە،کە زانیاریی دەربارەی بەرادەیەکی باش دەست دەکەوێ . هەڵوێستی لەوەی کورد ئیستیقلال جەمعیەتی(ی سوڕەیا بەدرخان) نزیك بوو، سەدان ئەندامی هەبوو کە دەوری بیست لەوانە رۆشنبیران بوون . لەسەرەتادا زۆرتر هەر چالاکیی فەرهەنگیی هەبوو،کاتێك هاتە سەر بیری دامەزراندنی بەشێکی عەسکەری کە کەمالی ئەوسا ئیتر بەشی ئەوەندە بەهێزبوون کە بتوانن لەوەی پەشیمان بکەنەوە .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەشت - پەیمانی سێڤر (١٩٢٠/٨/١٠)

" لۆید جۆرج "ی سەرەك وەزیرانی ئەوکاتەی ئینگلیس، لە" بیرەوەریەکانی شەڕ"یدا دەڵێ :" بە بێ گرتنی عیراق و سووریا، بەهیچ جۆرێك ڕێمان نەدەدا ئەو کۆنگرەی ئاشتیە پێکبێت" *. بەشێکی گرنگی ئەو داگیر- کردنەی بڕیاریان دابوو ئەوەی ویلایەتیموووسڵ(هەرێمی باشووریکوردستان) بوو، کە هەرچەندە لە ڕێککەوتنی سایکس- پیکۆدا بۆ فەرەنسا دانرابوو،بەڵام ئینگلیس چوار ڕۆژ دوای شەڕ وەستاندنی مودرۆس چوون داگیر- یان کرد. ئینگلیس لێکۆڵینەوەی زۆریان کردبوو و بەم نەتیجەیە گەیشتبوون کە هەرێمی باشووری کوردستان نەوتی زۆری هەیە ، ئەوەشیان لەبەرچاو بوو کە دوایی گفتوگۆی زەحمەتی بەدوادا دەهات، لەبەرئەوە بە زوویی داگیریان کرد و کەوتنە خۆ نزیك کردنەوە لە کورد، بەڵکو پشتگیریی کورد بەلای خۆیاندا بشکێننەوە .

ئینگلیس بۆئەوە،هەرلە سەرەتای ١٩١٨وە( کە هێشتا شەڕ بوو) کەوتبوونە پێوەندی و نێوان پەیداکردن لەگەڵ ڕابەرانی کورددا . سێر پێرسی کۆکس(دواتر بوو بە مەندووبی سامیی ئینگلیس لە عیراق) لە کوردانێك دەگەڕا بەکەڵکی ئینگلیس بهاتنایە ، لە تەمووزی ١٩١٨دا بۆ دیداری جەنەراڵ شەریف پاشا چووە شاری مارسێی (مارسیلیا)ی فەرەنسا تاکو ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی کوردستانی لەگەڵدا باس بکا** ( جەنەراڵ شەریف پاشا دواتر بوو بە سەرۆکی وەفدی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی) .

ڕووسیای سۆڤیەتی، لە ١٩١٧/١٢/٣دا، بە میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ڕاگەیاند کە هیچ ڕێککەوتنێکی ڕووسیای قەیسەریی دەربارەی دابەش کردنی خاکی ئێران و ئیمپراتۆریی عوسمانی ناسەلمێنێ . کەواتە، بەشی ڕووسیا بۆ ئەوانی ترمایەوە . ئەمریکا، کە دەوری لە سەرکەوتنی هاوپەیماناندا بیبوو، ئەویش داوای بەشی خۆی دەکرد. ڕاپۆرتی کۆمیتەی "کینگ- کرێن"ی ئەمریکایی،کۆنگرەی ئاشتیی ڕاسپارد: دەوڵەتێکی ئەرمەنی لە زۆربەی ئەو ناوچانە پێکبێت کە لە سایکس- پیکۆدا بۆ ڕووسیا دانرابوون ، دەوڵەتێکی تورك لە بەشێکی ئەنادۆڵدا پێکبێت ، ئەو دەوڵەتانە هەموو لەژێر ئینتیدابی دەوڵەتی وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمریکادا بن . هەرچەندە

---

* لازاریێف، هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٨ .

** Dana Adams Schmidt, Journey Among Brave Men, Boston-Toronto,1964,P.192-193.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرەنسا ،لەکۆنفرانسی ئاشتیدا ،لەسەرەتادا نەدەهاتە ژێرباری دروست کردنی دەوڵەتێك بۆکورد ، بـەڵام دوایی ملیدا بەمەرجێك دەوڵەتیکوردستان هیچ لەوبەشانەی کوردستان نەگرێتەوە کە سایکس- پیکۆ بۆ فەرەنسای دانابوون ، ئەوبەشانەی دەبوو بکەونە دەوڵەتی سووریاوە ، و ئەوانەی دەکەوتنە نێوان کلیکیا ( سیلیسیا ) ی " فەرەنسی " و کەناری رۆژئاوای فوراتەوە .

جەنەراڵ شەریف پاشای بابان ی نوێنەری کورد و بۆغۆس پاشا ی نوێنەری ئەرمەنی ، لە ٢٠/١٢/١٩١٩ دا پێکەوە دانیشتن و، بە رێککەوتنێك چارەسەری کێشەی نێوان کورد و ئەرمەنییان دوزیەوە و جیاوازیـی هەڵوێستیان لە نێوان هەڵگرت .

بـەشـداراني کۆنگرەی سـێڤر بریتی بوون لە : ئینگلستان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ( بـە سـیفـەتـی چاودێریکەر)، فەرەنسا ، ئیتالیا ، ژاپۆن،ئەرمەنستان، بەلجیکا(بلژیك)،یۆنان،حیجاز (عارەبستانی سعوودیی ئێستا ) ،پۆڵەندا(لـهستان)، پۆرتوگال، رۆمانیا، دەوڵەتی" سیرب - کروات - سلۆڤین " (دواتر:یوگۆسلاڤیا)، چیکۆسلۆڤاکیا ،تورکیا ،و وەفدێکی کـورد بەسەرۆکایەتیی جەنەراڵ شەریف پاشا بۆ بەشداربوون بە سـیفەتی چاودێریکەرلە کاتی باسی کوردستان و ئەرمەنستاندا .

نەتیجەی کۆنگرە، پەیمانێکی دوور و درێژی ٤٣٣بەندی بوو،کە لە ١٠/٨/١٩٢٠دا لە سـێڤر ئیمزا کرا * .

سێ بەندی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ ی بەشی سێیەم دەربارەی کوردستان و بەم جۆرە بوون :

« بەندی ٦٢ :

کۆمیتەیەك،ی بنکەی لە ئەستەمبووڵ دەبێ و، لە سێ ئەندامان پێكدێت کە لەلایەن حکومەتانی بریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیاوە دادەنرێن، لە شەش مانگی دوای وەکارخستنی ئەم پەیمانی حازریەدا، پلانێك بۆ ئۆتۆ- نۆمیی ناوچەیی بۆ ئەو مەڵبەندانە ئامادە دەکا کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردە و، کەوتوونەتە رۆژهەڵاتی فورات و، باشووری سنووری ئەرمەنستانی کە هێشتا دەبێ دیاربکرێ و، باکووری سنووری نێوان تورکیا و سووریا و میسۆپۆتامیا، وەك لە بەندی ٢٧ی بەشی دوو(برگەی٢و٣) دا هاتووە .

---

* بۆ دەقی پەیمانەکە بڕ- کۆمەڵە...

Nouveau Recueil Général des Traités,Leipzig,1924,t.XII,3e série, P.664-779.

( کۆمەڵە پەیمانانی گشتیی نوێ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر نەکرا مەسەلەیەك بڕیارێکی تێکڕایی لەسەربدرێ، هەرکام لە ئەندامانی کۆمیتەکە مەسەلەکە بە حکومەتی خۆی دەگەیەنێ . پلانەکە دەبێ پارێزگاریی تەواوی ئاسووری - کلدانییەکان وکەمایەتیە قەومی و ئاینیەکانی تری ناوچەکە دابین بکا . بۆ ئەم مەبەستە، کۆمیتەیەك لەنوێنەرانی بریتانیا ، فەرەنسا ، ئیتالیا ، ئێران و،کورد سەر لە ناوچەکە دەدا،تاکو بپشکنێ و بڕیار بدا،ئەگەر هیچ ،دەستکاریەك لەهەر شوێنێکی سنووری تورکیادا کە هەمان سنووری ئێرانیش بێت بکرێت، بەشێوەیەکی کە لەم پەیمانەدا باس کراوە » .

« بەندی ٦٣ :

حکومەتی عوسمانی لە ئێستاوە دەستەبەر دەبێ کە، هەموو بڕیارەکانی ئەو دوو کۆمیتەیەی لە بەندی ٦٢دا باس کراون، لە سێ مانگی دوای پێ ڕاگەیاندنیدا، قەبووڵ و جێ بەجێ بکا » .

« بەندی ٦٤ :

ئەگەر هاتو تا ساڵێك پاش خستنە کاری ئەم پەیمانە کوردەکانی دانیشتووی ئەو مەڵبەندەی لە بەندی ٦٢دا دەست نیشان کراوە، بە ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکانیان ڕاگەیاندو سەلماندیان کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو مەڵبەندە دەیانەوێ لە تورکیا جیاببنەوەو، ئەگەر ئەنجومەنیش پێی وابوو ئەوانە بۆ سەربەخۆییەکی وا دەبن و رایسپارد کە بیاندرێتێ،ئەوا تورکیا لە ئێستاوە دەستەبەر دەبێ کە ئەو راسپاردەیە قەبووڵ بکا و لەهەموو هەقودارایيەکی لەومەڵبەندە دەست هەڵگرێ . چۆنێتیی ئەو دەست هەڵگرتنە بەدرێژی لە پەیمانێکی تایبەتی نێوان تورکیا و هێزە هاوپەیمانەکاندا باس دەکرێ .

ئەگەر،وکاتێك،دەست هەڵگرتنی باسکراو بەجێ هات،و کوردی لەو بەشەیکوردستان دەژین کە ئێستا سەر بە ویلایەتی مووسڵە بە ئارەزووی خۆیان ویستیان بچنە پاڵ ئەم کوردستانە سەربەخۆیە، ئەوە لەلایەن هێزە هاوپەیمانە سەرەکیەکانەوە هیچ بەرهەڵستییەکیان ناکرێ * » .

پێش ئەوەی بێینە سەر باسی ئەو سنوورانەی بەندی ٦٢ دایناون، دەبێ ئەوە بڵێین کە پەیمانی سێڤر هەرێمی باشووری کوردستان ( ئەوسا بە ناوی ویلایەتی مووسڵ ) ی هەروا بە تەبیعەتی حاڵ بە بەشێك لەو کوردستانە دانەناوە کە لێی دواوە . بەگوێرەی ئەو پەیمانە، دەبوو خەڵکی هەرێمی باشووری کوردستان لەپێشدا چاوەڕێیان

* بڕ- کۆمەڵە... ل ٦٧٧- ٦٧٨ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکردایە تا ئەو دەوڵەتە کـوردیە ( بەشێکی باکووریان ) دروست دەبوو، ئەوسا دوای ئەوە پرسیاریان پێ دەکرا بزانرایە ئایا دەیانویست ببن بە بەشێك لەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی کـورد یان نا، دوای دروست بوونی ئەو دەوڵەتە و دوای ئەوەش کە زۆربەی خەڵکی هەرێمی باشووری کوردسـتان بیانویستایە ببن بە بەشێك لەوە، ئەوساش دە-مایەوە سەر ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان کە بیگوتایە" پێی وایە ئەوانە بۆ سـەربەخۆییەکی وا دەبن و رابسپێرێ کە بیاندرێتێ"، ئەگینا دەبوو" داوا لەبریتانیای مەزن بکرێت کە ئەو ناوچەیە بخاتە ژێر ئینتیدابی خۆیەوە " .

ئەوجا ئەم پەیمانە زۆر شوێنی کوردەواریی وەك : ئادی یەمان، مەلاتیە، ئەلبستان، دارەندە، دیوریك (دیڤریك) ی کە دەکەوتنە رۆژئاوای فوراتەوە (و زۆربەی دانیشتوانیان هەر کورد بوون) هەروا بەکەیفێ خۆی لە کـوردستان جیاکردۆتەوە و خەتی پێدا کێشاوە . ئەو" کەیفێ خۆی"یە، رێککەوتنێکی(هەمان رۆژی ١٠/٨/١٩٢٠ی) نێوان ئینگلیس و فەرەنساو ئیتالیا روونی دەکاتەوە، کە ئەوشوێنانەی بە "جەغزی بەرژەوەندی تایبەتی فەرەنسا" دانا-بوو .بەندی ٢٧( بەشی٢ ،برگەی٢و٣) - کە بەهۆی یەکجار زۆر دوورو درێژیی ناتوانین لێرەدا جێی بکەینەوە -، نەك هەرناوچەی‌کورداغ و دەشتی جزیرەی وەك ئێستا خستووەتە سەر سووریا ،بگرە شارەکانی:کیلیس،عەنتاب، بیرەجیك، ئورفە، مـاردین، نسێبین، و جەزیرەی ئیبنی عومەر( جزره ) شی هـەر بۆ سـووریای ژێر ئینتیدابی فەرەنسا داناوە *(٥٦) . ئەو شوێنانەی کە فەرەنسا چ راستەوخۆ و چ ناراستەوخۆ بۆخۆی دادەبڕین (جەغزی رۆژ-ئاوای فورات و جەغزی کە بۆ سووریای ژێر ئینتیدابی دانابوو) یەك لە سەرسێی کوردستانی‌عوسمانیی دەگرتەوە .

جگە لەو یەك لەسەر سێیەش ، "سنووری ئەرمەنستانی کە هێشتا دەبێ دیار بکرێ"ی پەیمانەکە، لەراستیدا بە بەندی ٨٩( بەشی٦ : ئەرمەنستان ) ی هەمان پەیمان دیارکرابوو : " تورکیا، ئەرمەنستان و لایەنانی تری بە شکۆی ئەم پەیمانەیان ئیمزا کردووە، دەستبەر دەبن کە سنووری نێوان ئەرمەنستان و تورکیا لە ویلایەتەکانی ئەرزەرۆم،ترابزۆن، وان،و بتلیسدا بەو جۆرە بکێشرێ کە سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دایدەنێ، و بڕیاری و هەرکردارانێکی ئەو رایبسپێرێ بۆئەوە کە ئەرمەنستان دەستی بگاتە دەریا، و بۆ بێ‌چەك کردنی هەر قەڵەمڕەویەکی عوسمانیی سەر ئەم سنوورە ، قەبووڵ بکەن** . بڕیاری سەرکۆماری ئەمریکا ویلسن ، بـە پێچەوانەی ئەو قسانەی خۆی بوون کە دەربارەی مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ ی نەتەوەکانی دەکردن ،

---

* بڕ - کۆمەڵە... ل ٦٦٨-٦٦٩ .

**بڕ- کۆمەڵە... ل ٦٨٣-٦٨٤ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەبێ ئەوە ئەزیەتی ئەوەندە بکێشێ بزانێ خەڵکی ئەو ناوچانە چارەنووسیخۆیان چۆن دەوێ، یان سەیرکا بزانێ لە چ نەتەوەیەکن . سەرکۆماری ئەمریکا : مووش، ئەرزنجان،بنگۆل،بتلیس،وان،کاراکیلیسیا(ئاگری)،ئیگدیر، و ئەرزەرۆمی کە هەرە زۆربەی خەڵکی هەموویان کورد بوون(٥٧) دەخستە سەر ئەرمەنستان ( و ئەرمەنستان دەبوو بکەوێتە ژێر ئینتیدابی ئەمریکاوە) . بەوە،یەك لەسەرسێی دیکەش لە کوردستانی عوسمانی جیا دەکرایە-وە ( گوتمان فەرەنسا یەك لەسەرسێی بۆخۆی جیاکردبۆوە )، کەواتە ئەو کوردستانە سەربەخۆیەی کە پەیمانەکە باسی دەکرد ، کوردستانی ئێرانی نەدەگرتەوە و لە کوردستانی عوسمانییش هەر یەك لەسەرسێی دەگرتەوە . زۆر لەوەڕگەی لەمێژینەو ناوچەی بە پیت دەکەوتنە ئەو دوو لەسەرسێیەی کوردستانی عوسمانییەوە کە بە گوێرەی پەیمانی سێڤر لەکورد دەستێندرا. ناوچەی هەژاری خارپووت،دەرسیم،هەکاری،وسێرت لەو یەك لە سەرسێیەی کوردستانیعوسمانیدا بوون کە دەدرا بەکورد ، دیاربەکر دەکرا بە پایتەختی،ویلایەتی مووسڵ دەبووە مەرکەزی ئابووریی، ودیارە نەوتەکە بەدەست ئینگلیسەوە دەبوو . ئەگەر پەیمانی سێڤر جێ بە جێ بکرایە،کوردستان دەکرا بە پێنج بەش : بەشێکی رۆژئاوای راستەوخۆ لەژێر حوکمی فەرەنسادا دەبوو، بەشێکی لە باشوور لەژێر حوکمی سووریادا، ئێرانیش بەشی رۆژهەڵاتی حوکم دەکرد، و بەشێکی باکووری دەخرایە سەر ئەرمەنستان ، و کوردستانی سەربەخۆ هەر لە بەشی ناوەندا دەبوو .

کە پیاو سەرنجی ئەمانە دەدا، بەخۆی نیە هەندێکی پێ سەیرە کە چۆن کوردی نەتەوەیی بە چەندین پشت ئەم پەیمانە زاڵم و بێ ویژدانەی سێڤریان بە سەلماندنی مافیکورد لە یاسای نێونەتەوایەتیدا داناوە(٥٨) . پەیمانی سێڤری کە بە سیستم دەیویست قەڵەمڕەویی تورکان دابەش بکات، نەك هەر بۆ گەلی تورك شتێکی ناهەق و تەوهین بوو، بگرە سووکایەتی بوو بە گەلی کوردیش .

بە رووخان و لێكهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی،هەموومیللەتانی ژێردەستی توانیان دەوڵەتی خۆیان دروست بکەن . تاقە میللەتێکی کە لەو قاعیدەیە بەدەر بوو، میللەتی کورد بوو، چونکە رابەرانی کورد لە رووی عەقڵی سیاسیەوە بێ فەڕ و لە رووی مێژووییەوە نیوسەدە لە سەردەمی خۆیان دواکەوتوو بوون .

نەتیجەکە ئەوەبوو،کوردی کوردستانی عوسمانی ، لەنێوان سێ قەوارەی سیاسیی دروستکراوی نوێدا دابەش کران : تورکیا، عیراق، و سووریا .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەراوێزی وەرگێڕ

« زۆرتر وایە ناوی سەرچاوە لێرەدا هەر بە کورتی ئیشارەتی پێدەکرێ،

بۆناوی تەواو بڕ- ناوی هێندێك لە سەرچاوەکانی وەرگێڕ ل١٤٣-١٤٤» .

(١) نوسخە فەرەنسی و ئینگلیسیەکە دەڵێن : نەمسا ( ئوتریش ) ، ئەڵمانیەکە دەڵێ : ئیمپراتۆریی نەمسا-هەنگاریا( ئوتریش - مەجارستان) . ئیمپراتۆریی نەمسا ساڵی ١٨٦٧بوو بە ئیمپراتۆریی نەمسا- هەنگاریا، تا لە ئەنجامی شەڕی جیهانیی یەکەمدا ( لێ جیابوونەوە و سەربەخۆبوونی هەنگاریا و چیکۆسلۆڤاکیا ) بوو بە کۆماری نەمسا(١٩١٨/١١/١١) .

(٢) مەبەست لەو ئیمتیازانەیە کە حکومەتی - لێرەدا - عوسمانی دەیدا بەو ئەوروپاییانەی کە لە قەڵەمڕەویی عوسمانیدا دەژیان و/ یان بە کاری بازرگانی سەریان لێدەدا . فەرهەنگی ئەوروپایی زاراوەیەکی تایبەتی بۆ ئەوە بەکار دێنێ ،کە هەم لە حەقارەت وهەم لە حەقیقەت زۆر دوور نیە ، وشەیەك( کاپیتولاسیۆن،کاپیچیوو-لێیشنز) ، کە هەرچەندە مانای رێککەوتنی نووسراویش دەگەیەنێ(- وەك بڵێین- بە سەردێڕ داڕشتن ، داڕشتنی مەرجەکانی رێککەوتن لەژێر چەند سەردێڕێکدا) بەڵام زۆرتر هەر بە مانای (پەیمانی) تەسلیم بوون، مل‌دان بۆ خواستی بەرامبەر بەکاردێ . ئەوروپایی ئەوە بۆ زنجیرەیەك لە ئیمتیازان بەکاردێنن کە لە نێوان ساڵانی ١٥٣٨ و ١٩٢٣دا هەیانبوون . بە گوێرەی ئەو ئیمتیازانە ، ئەوروپایی لە قەڵەمڕەویی عوسمانیدا لە زۆر رووەوە بە قانوونی وڵاتانی خۆیان دەژیان ، دادگا و قانوونی مەدەنی و حاکمی خۆیان هەبوو و دەوڵەتی عوسمانی هەقی بەسەریانەوە نەبوو، بۆ حاڵەتی غەیرە مەدەنییش،- بڵێین - جەزایی،هەر رێکخستنی تایبەتیان بۆ دانرابوو کە زۆر بە قازانجی ئەوان بوو؛ و لەبازرگانیدا باجیان کەمتر دەدا، وا دەبوو هێندێك باجیان هەر نەدەدا ؛ زۆر کار و باری ئایینیی مەسیحی( دەسەڵات بەسەر کلیساکاندا...ئیدی) بۆ ئەوان دابڕابوو(کە بنکەی ئیستیعمارگەریی ئەوروپاییانیان پێکدێنا ) . ئەگەر کەسانی خەڵکی وڵاتەکەش جنسیەی ئەوروپاییان وەربگرتایە، دیارە ئیتر هەمان ئیمتیازاتیان دەبوو ؛ وا دیارە رەحمان بەکری خۆشخوانی موکریان یەکێك بووە لەو کەسانەی کە بەر قانوونی کاپیتولاسیۆن کەوتوون، ئەڵمان وەخۆیان گرتووە ( بڕ- توحفەی موزەففەرییە) :

" رەحمان بەکر راوەستاوە(..)،حوکمی خاریجەگەری بەوی دراوە، ئەلحەملای کارمان تەواوە " .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوروپایی، پەیمانێکی نێوان فەرەنسا وعوسمانی (١٥٣٨/٢/١٨) بـە یەکەم گەوی ئەو زنجیرە " ملدانانە " ناودەبەن کە دواتر(١٥٦٩/٥/٣) نوێ و ئەوەندەی ترخست کراوەتەوە .

دوو بازرگانی ئینگلیس ، " ریچارد ستێپەر" و " ئێدوارد ئۆسبۆرن" ، دوای ڕێ خـۆش کردنێك ، " ویلیام هاربۆرن" ناوێکیان بە نوێنەری خۆیان نارده ئەستەمبوڵ . هاربۆرن ،کە دەیزانی عوسمانی پێشتر لەژێر باری کێشەی لەگەڵ نەمسادا ئیمتیازی دابوون بە فەرەنسا ، ئامادەیی دەربڕی کە بۆ شەڕی ئێران : ئاسن ، پۆڵا ، تەنەکە و زەرد ( نحاس، برنج ) فریای عوسمانی بخا . ئینگلیس بەوە ( لە ١٥٩٠/٥/٣دا) یـەکەم " ملدان" یان وەدەست هێنا ، و زۆر چالاکانە کەوتنە دامەزراندنی بنکەی بازرگانییان لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا .

ئەوروپایی پێش سەدەی شازدەش ئیمتیازی لەو بابەتانەیان لە دەوڵەتیعوسمانیدا هەبوون، بەڵام ئەوانە ملدانی لە ڕووی زەعیفیەوە نەبوون .دەسەڵاتیعوسمانی تا ١٥٢٩ لەهەڵچووندا بوو،لەو تاریخە بەدوا ئیتر لە ڕۆچووندا بوو تاکۆتاییهات. ڕەنگە یەکەم ئیمتیازی کە عوسمانی لە قەڵەمڕەویی خۆیدا دابێتی بـە بێگانە ئەوە بووبێ کەبایەزید(سوڵتان١٣٨٩-١٤٠٢) داویە بە بازرگانانی"جێنەوا"( ئێستاشارێکە لە ئیتالیا) و"ڕاگوسا"(ئێستا " دوبرۆڤنیك"ی کرواتیا ) کە لە بەرامبەر باجێکی دیارکراودا " بە قانوونی نوێنەرانی دیپلۆماسیی وڵاتـانی خۆیان "لە ئیمپراتۆرییعوسمانیدا بازرگانی بکەن . سوڵتان محەمەدی دووەمیش ،لە دوای گرتنی ئەسـتەمبوڵ (١٤٥٣)، بـۆ ژیاندنەوەی مەرکەزی بازرگانیی شارەکە ، هێندێك ئیمتیازی دان بە بازرگانە ڤینیسیەکان ( ڤینیس( بندقیه ← بۆنۆ دۆدجە) ئێستا پایتەختی مەڵبەندی ڤینێتۆ لە ئیتالیا) . بازرگانە ڤینیسیەکان دەبوو پارەیەکیدیارکراو بۆ ئیمتیازی باجیکەم و مانەوەی نوێنەری بازرگانییان لە ئەستەمبوڵ بدەن؛ ئەو نوێنەرەیان پێی دەگوترا:" بایلۆس " (وشەیەکی یۆنانی)، دوایی ئەوە هەڵگەڕاوەتەوە بووە بە" باڵیۆز"، دواتر بە شوێنێکی مانەوەی هەموو نوێنەرانی بێگانە لە گەڕەکی" چەمبەرلی"(چەنبەرلی) لە ئەستەمبوڵ گوتراوە :" باڵیۆزخانە" .

( بڕ- شۆ و شۆ،مێژووی ئیمپراتۆریی عوسمانی و تورکیای نوێ؛ لۆرد کینرۆس،سەدەکانی عوسمانی ) .

(٣) ئینگلیسەکان وەرەقەی مەترسیی محەمەدعەلی پاشایمیسریان بەکار دێنا ،پیاوی خەتی خۆیان کردە هـەمە- کارەی حکومەتیعوسمانی ( بۆ ئیمتیازان و لەسەر حیسابی فەرەنسا کە لایەنگری محەمەدعەلی بوو ) . پیاوی خەتی ئینگلیس( مستەفا ڕەشید پاشا) شتێکی بە ناوی سوڵتانەوە (خەتی شەریف،خەتی هومایوونی) لە ١١/٣ /١٨٣٩دا ڕاگەیاند کە بە سەرەتای تەنزیمات( تەنزیماتی خەیریە) دادەنرێ . خەتی شەریف ،" خەتی گولخانە " -

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شی پێ دەگوترێ ( بە ناوی شوێنی راگەیاندنی : گۆشەیەکی کۆشکی سەڵتەنەت کە لە رابردوودا شوێنی فڕنی دروستکردنی شیرینیی بە شکڵی گوڵاڵە بووە) (بڕ-لۆرد کینرۆس،سەدەکانی...) . تەنزیماتی‌خەیریەی عوسمانی (شتێکی لەبابەتی" ئیسلاحات"ی دواتری رەزاشای ئێران): پێکهێنانی‌هێزی چەکداری نوێ،نیزامێکی‌ئەوپەڕی مەرکەزی ودیکتاتۆری، ئیمتیازی زۆر دان بە شیرکەتەکانی بێگانە و رازی‌کردنی سەفارەتان بۆ دابین کردنی داهات و دەسەڵاتی حاکم، هەمووی لەژێر پەردەی نوێ‌خوازی و پێشکەوتندا. هەرچەندە " تەنزیمات" زۆرتر بەو جۆرە" ئیسلاحات"ـەی نێوان ساڵانی١٨٣٩ و ١٨٧١ گوتراوە( لە سـەردەمی سوڵتان عەبدول مەجیدو عەبدول عەزیز دا)، بەڵام ریشەی دەگەڕێتەوە " نیزامی جەدید" ی سەلیمی سێیەم و کارەکانی مەحموودی دووەم . " ئیسلاحات"ـە شەش نوختەییە مەسخەرەکەی مستەفا کەمالیش- بەشێوەیەك- درێژە پێدانی هەمان تەنزیماتە

(٤) دیونو عمومیە قۆمیسیۆنو(کۆمیتەی قەرزی گشتی)، ساڵی ١٨٨١ لـە نوێنەرانی : ئینگلسـتان،هۆڵەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، نەمسا- هەنگاریا، و ئیمپراتۆریی عوسمانی پێكهاتووە . عوسمانی هەر لە ١٨٧٥ ـەوە (سەردەمی عەبدول عەزیز) کەوتبووە زەلکاوی ئیفلاسەوە،کـاتێ عەبدولحەمیدی بلیمەتی سیاسەت هاتـە سەر حوکم(١٨٧٦) هەوڵی دا مەسەلەی دارایی چارە بکا، و دەوری سەرەکیی لەو مانۆڕ(مناوەرە)اندا دیت کە بە پێکهاتنی ئەو کۆمیتەیە گەیشت . راستە ئەم کۆمیتەیە رەمزێکی دەسەڵاتی ئیستیعماری ئەورووپایی بوو، بەڵام ئەوە عەبدول حەمیدی لە بەڵای گەورەتر رزگارکرد، عەبدول حەمید تەنانەت زیان بژێریەکەی رووسیاشی وەبەر کاری ئەم کۆمیتەیە خست ( ئەو زیانبژێریەی کۆنگرەی بەرلین بڕیاری دابوو ( بڕ- پـەراوێزی وەرگێڕی ژمارە ٤٨ی باسی دووەمی ئەم کتێبە)) . وا دیارە نووسەر ( کە باسی ١٨٧٨ی کردووە) بیری لای پێشنیارێکی رووسیا بووە لەکۆنگرەی بەرلین کە داوای‌کردووە کۆمیتەیەکی ئەورووپایی دارایی عوسمانی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە،بەڵام کۆنگرە قەبووڵی نەکردووە.(بڕ- شۆ و شۆ،مێژووی ئیمپراتۆریی‌عوسمانی‌وتورکیای نوێ؛ زورخەر، هۆکاری ئیتیحادی ) .

(٥) ستراتفۆرد کانینگ،ساڵهایەك پێش ئەو مەسەلەی کۆمیتەی قەرزە سەفیری ئینگلیس بوو لە ئەستەمبووڵ، سوڵتان‌عەبدولمەجیدی‌یەکەم هەرلە سەرەتای سەڵتەنەتیەوە(کە تەمەنی ١٦ساڵ بوو) زۆر لەژێرتەئسیری ئەودا بوو،دەسەڵاتی یەکجار زۆر و بەناوبانگ بوو، کە لە ئەستەمبووڵ بیانگوتایە" بویوك ئێلچی"( سەفیر،سەفیری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورە) مەبەست لەو بوو، ئیتر پێویست نەبوو ناوی خۆی و یا وڵاتی بهێندرایە . بویوك ئێلچی،دوای ئەوە کە لە کۆتایی چوارەم جاری بوونە سەفیری لە ئەستەمبوڵ(١٨٥١) گەڕایەوە لەندەن، لە پاداشی ئەو دەورەیدا کە لە ئەستەمبوڵ دیتبووی، لەقەب و ناوی " لۆرد ستراتفۆرد دو رێد کلیف" ی درایێ . ساڵی ١٨٥٣ بۆ پێنجەم و دواجارکرایەوە بە سەفیر لەئەستەمبوڵ تا ١٨٥٨ ،کە پێش گەڕانەوەی بۆ وڵاتیخۆی،لەمەراسیمێکی بەشکۆدا، بە ناوی ڤیکتۆریا ی شاژنی ئینگلیس لەقەبێکیشی دا بە عەبدول مەجید( نایت ئۆف گارتەر ) و یەك شریتی شینی " سانت جۆرج"یشی دە ملی هالاند!،- وەك لۆرد کینرۆس دەڵێ : تاکو ئیتر سوڵتانی مسوڵمانان سەیری بکات و چاو لە سەربازی شەهیدی مەسیح بکات !.گارتەر واتا گۆرەوی بەند ،لێرەدا لە- بە ئەسڵ-گۆرەویبەندی سەر رانی خانمێك( ژنیشازادەی وێڵز) کە لە سەمادا بەربووەو پادشا- بیلا مانێ- بۆی هەڵگرتووەتەوە،و وا لێرەدا وێڕای ملوانکەی بە وێنەی خەری زیندەیمەسیحی،کراوەتە ملیسوڵتان وخەلیفەی الإسلام والمسلمین .

(٦) نووسەر ،کە خۆی خوێندەوارێکی دووکانداری سیاسەتە و رۆشنبیر نیە،هەمان وشە بۆ "خوێندەوار"و بۆ " رۆشنبیر" بەکاردێنێ، کە دوو شتی جیاوازن . ئەوە لەولا بوەستێ کە خوێندەوارێکی خاوەن دیپلۆمی دکتۆرا دەکرێ بەتاڵیکیهیچوپووچ بێت، تەنانەت دکتۆرێك یا پرۆفیسۆرێکی یەکجار زۆر خوێندەواریش دەکرێ سەرسەرییەکی ئەوپەڕی تاریکبیر بێت و تەنانەت کار بۆ دەستگایانی جاسوسی یا سواڵ لە دیوەخانانی سیاسەت بکات، لە کاتێکدا کە دەکرێ نەخوێندەوارێك رۆشنبیر بێت، پەیامبەرێکی مەزن بێت .

(٧) نەتیجەیەکی " تەنزیمات" (زۆربوونی کادیری ئیدارەی مەرکەزیی ئیمپراتۆری) ئەوەبوو کە ، کەسانێك لە ئیدارەدا پێگەیشتن کە خۆیان بە هەقخوراو دەزانی( نامیق کەمال، زیا پاشا،عەلی سواڤی)، خوێندەوار و نوو-سەرو هونەرمەند بوون و نەیاندەتوانی قەڵغانی خوێندەوارانی تری کار بە دەست ( عەلی پاشا، فوئاد پاشا) ببڕن !، و پێش‌بکەون؛ دەیانویست جەغزی دەستەی حاکم گەورەتر ببێ،و باسی نوێنەریی"هەموان"یان هێنایە پێشەوە، بە نامیلکە و - زۆرتر- بە رۆژنامەگەری ( رۆژنامەی " تەسویری ئەفکار" ١٨٦٠-١٨٧٠) و.. .ئیدی دەیانویست جێی خۆیان بکەنەوە . لە رووی سیاسییەوە، من وا دێنە بەرچاوم کە هەلپەرستانێك بوون لە تاقمی - وەك لە سلێمانی دەڵێن - نە شیش بسووتێ و نە کەباب ، دەیانویست بە شادکردنی نارازییان کاربەدەستان بۆخۆیان رازی بکەن ، بەڵام ئەو بارتەقاییەیان هەر بۆ رانەگیرا . حاکمانی وەخت ، لەجیاتی ئەوە کە سەرو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەزیفەیەکی باشیان بدەنێ و مەمنوونیان بکەن ، لێیان دان ؛ ئەوانیش زۆریان پێ ناخۆش نەبوو بچنە سالۆنەکانی پاریسەوە، ئەوەبوو رایانکرد چوونە فەرەنسا . لەوبەینەدا ، مستەفا فازل پاشایەك ( کوڕی برایمی محەمەدعەلی پاشای میسر) لەگەڵ سوڵتاندا تێکچوو ( گوایا سوڵتان بە بەرتیل هەقی ئەوی خواردووە و لەقەبی "خدێوی"ی داوە بە براکەی تر( ئیسماعیل))، ئەویش بە پارەیەکی زۆرەوە چووە پاریس و بوو بە وەلی نیعمەتی ئەوتاقمە لەوێ . بەڵام بەهەرحاڵ، بە هێنانە مەیدانی دروشمی " دەستوور- پەرلەمان - عوسمانیەت " سەرنجی کسانێکیان لە کۆمەڵگادا راکێشابوو و لە ١٨٦٥دا کۆمەڵەیەك بە ناوی " یەنی ئۆسمانلی‌لار جمعیەتی " ( کۆمەڵی عوسمانیانی نوێ ) دامەزرابوو،کاتێك مستەفا پاشا لە پاریسەوە نامەیەکی کراوەی بۆ سوڵتان بڵاو- کردەوە، ئەوکۆمەڵەیە بەشی ئەوەندە لە ئەستەمبووڵ هەبوو کە نامەکە زۆر بڵاو بکاتەوە و سەرنجێکی حکومەت بۆ حاڵی ئەوانە رابکێشێ . حکومەت ، ئیتر - یەك دووانێکیان نەبێت - هەمووی هێنانەوە و بە سەرو وەزیفە مەمنوونی کردن و ؛ ئەوکارەی کە لە سەرەتادا عەقڵی پێ نەشکابوو، ئێستا کردی و مەسەلەکەی کپ کرد ( یەك چیرۆکی شانۆگەریی" وەتەن یاخود سیلیسترە "ی نامیق کەمالی لێ‌دەرچێ، ئیتر چالاکیەکی ئەوتۆ لەو تاقمە نەدیترا). زۆر وێ دەچێ، ناوی " عوسمانیانی لاو " لەو مستەفا پاشایەوە سەری هەڵدابێ ( لە پاریسەوە، بە مۆدێلی ئەڵمانیای لاو،ئیتاڵیای لاو...) .(" لاو" بە شێوازی باکوور واتا " کوڕ"، بەڵام من لێرەدا بە شێوەی بەکارهاتووی باشوور بەمانای "جەوان ، گەنج"ی بەکار دێنم ) .

قۆناغی دووەمی داوای دەستوورو پەرلەمان لە عوسمانیدا ئەوەبووکە مدحەت پاشا رابەریی‌کرد.خەباتی مدحەت پاشا ولایەنگرانی ( و تەفسیری هێندێك" تەلەبە"ی ئاینی،کە بۆ دەستوور راگەیاندن پشتیان گرتووە) وا بووە لە سەرچاوەکاندا لە قەوارەی خۆی گەورەتر خراوەتەبەرچاو . ئەمجارەش" سیاسەتچێتی" بوو جێیەکی بۆ دروشمی دەستوور کردەوە . رەنگە مدحەت پاشا خۆی مەسەلەی دەستووری بەجیددی بووبێت، بەڵام فکرە و - بەتایبەتی- " زیهنیەت "ی دەستوورو پەرلەمان لە کۆمەڵگای عوسمانیدا قەت ئەو هێزەی نەبووە کە خۆی بسەپێنێتە سەر حوکم، هەمیشە عونسوری تری سیاسی دەکاردا بوون کە پەرۆی ئەو دروشمەیان تێدا بەکار هێناوە .

لە کاتێکدا سەفیرانی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان لە ئەستەمبووڵ دەیانویست بە کۆنفرانسێك هێندێك - گوایا- ئیسلاحات بەسەرعوسمانیدا بسەپێنن ، تاکو پێش بە هێرشی رووسیا بگرن ( رووسیا کوشتاری بولگارەکانی کردبووە بیانوو ،دەیویست بەناوی پاراستنی هاوئاینانی،دەست بەسەر بالکاندا بگرێ) . عەبدول حەمیدی‌دووەم مدحەت پاشای کردەوە بە سەرەك وەزیران و دەستووری عوسمانیی - لە رۆژی کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا - پێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاگەیاند (١٨٧٦/١٢/٢٣)،ئەوە بوو دەنگی تۆپەکانی(ئاهەنگ گێڕانی ڕاگەیاندنی دەستووریعوسمانی) ژووری کۆنفرانسی سەفیرانی ئەوروپایی هێنایە لەرزە،و زەلامێکی نارد کە: وا دەستووری یەکسانییهەموان لە بەرامبەر قانوون و پەرلەمان بڕیاری لەسەردرا، ئیتر ئێوە باسی ئیسلاحاتی چی دەکەن ؟ . عەبدول حەمید ئیتر کاری بـە مدحەت پاشا نەما، نەیهێلا سێ مانگیش لە سەرەك وەزیرایەتیدا بمێنێتەوە، لە ١٨٧٧/٢/٥دا دووری خستەوە ( و دواتر لە مایسی ١٨٨٤دا لە حەپسی مەنفادا کوشتی ) . یـەکەم جەلسەی یەکەم پەرلەمانی عوسمانی لـە ١٨٧٧/٣/١٩دا کرایەوە ، بەڵام عەبدول حەمید نەیهێلا ساڵێکی تەواو بکا ، لە ١٨٧٨/٢/١٤دا ( بە بەهانەی شەڕی رووس) دایخست و ئیتر کۆتایی پێ هێنا( تا دوایی لە ١٩٠٨/١٢/١٧دا دیسان بۆ بارییەکی تری سیاسی کرایەوە ) . لە کۆنە " عوسمانیانی لاو"، تەنیا " سواڤی" بە داخستنی پەرلەمان واهەڵچوو کە تووڕەبوونی بخاتە بەرچاو، بە هێندێك چەکدارەوە ویستی بچێ سوڵتانی پێشوو( ی دەست بەسەر، موورادی پێنجەم ) لە کۆشکی " چراخان" ئازاد بکا تاکو ئەو تەختی سەڵتەنەت لە عەبدول حەمیدبستێنێتەوە،ئەوەبوو پۆلیس تەقەیان لێ کرد و کوشتیان . کەسانێکی هۆگری دەستوور و پەرلەمان ورەیان بەردا ، خۆشـەویستانێکی مدحەت پاشا ترسان ، هێندێکی ترحەزیان دەکرد لە دژی - وشەی زۆر بەکار هاتووی ئەو سەردەمە -" ئیستیبداد" خەبات بکەن، بـەڵام دیارە ئەو خەباتە ئازاد نەبوو، لەبەر ئەوە - ناچار- دەبوو بچنە وڵاتانێك کە خەباتیان تێدا ئازاد بووا ! ، کەسـانێك لەو دەستانە هەموو ، ڕوویان لە هەندەران کرد : پاریس، لەندەن، جنێڤ، بوخارێست، و میسر( دوای داگیرکرانی لە لایەن ئینگلیسەوە-١٨٨٢) .کەم کردنەوەی معاش خۆرانی لەشکرو وەزارەتەکان لەو بەینەدا (بە دەستکاریەکی نیزامیان) بووە هۆی وەزیفە نەمانی کۆمەڵێك خەڵك ، ئەوانیش ڕەگەڵ کۆچ کەوتن ، تاك و تەرای تریش بـە شێوەی تر، بە نموونە : ئـەحمەد رزا ( کە دواتر بەناوبانگ بوو ) کوڕی یەکێك لـە ئەندامە دەوڵـەمـەندەکـانی پەرلەمانی داخراو بوو، ساڵی ١٨٨٩ بۆ دیتنی پیشانگا سەرێکی لە پاریس دا، پاریسی پێ خۆش بوو و لێی -- مایەوە، پاش چەند ساڵێك کەوتە سیاسەتەوە." خەلیل غانم " یێکی ماروونیی لوبنانی،کە کورسیەکەی پەرلەمانی عوسمانیی چووبوو، لە پاریس ڕۆژنامەیەکی بە ناوی" لا ژۆن تورکی" ( تورکیای لاو ) دەرکرد. ئیتر کە لە کۆندا "عوسمانیانی لاو" یێك هەبوو، و ئەم " تورکیای لاو"ەشی هاتە سەر، ناوی تێکڕای ئەو دەستە و کـۆڕوکۆمەڵانەی عوسمانیی کە خەباتیان بۆ پەرلەمان و دەستوور دەکرد و دژی عەبدول حەمید بوون، لای ئەوروپاییان بوو بـە " تورکیلاو"،ئیدی ئەو ناوە بەو شێوەیە جێی خۆی گرت . (بڕ- گارنیە، کۆتایی ئیمپراتۆرییعوسمانی...،فەسڵی سێیەم،سەردەمی وەهم- تورکی لاو؛ ئێریك یان زورخەر،هۆکاری ئیتیحادی...،پێشەکی ؛ شۆ و شۆ،مێژووی...) .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(٨) من ئەم سنف بەندییەی نووسەر زۆر سەیر دەبینم . بەهەرحاڵ ، هێندێك شت هەن كە مەسەلەی دیدی جیاواز نین : سەرچاوەكان لەسەر ئەوە یەكن كە " ئیتیحادی عوسمانی جەمعیەتی " مایسی١٨٨٩ لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە ( و چەند ساڵێك دوای ئەوە ناوی خۆی كردووە بە " ئۆسمانلی ئیتیحاد وە تەرەقی جەمعیەتی " )، و كە چوارکەس دایانمەزراندووە : ئیبراهیم تەمۆ یا تێمۆ(Temo)ی ئەڵبانی، محەمەد رەشیدی چەركەس، عەبدوڵلا جەودەتی‌كوردی خەڵكی‌عەرەبگر(ئاراپكر)ی ویلایەتی مەلاتیە وئیسحاق سوكووتی‌ی‌كوردی‌خەڵكی دیاربەكر) . ناوی"عەلی"یەكی خەڵكی باكۆ ش لەهەندێ سەرچاوەدا هەیە؛ شۆو شۆ- لە بیرەوەریی" كازم نامی دورو"ناوێك- باسی ئەوكازمەش و پێنج هەڤاڵێكی دەكەن كە گوایا ئەوان دوو ساڵ پێش ئەوە دایانمەزراندووە بەڵام پێش تێ- چوونی ئەو چوارە ژیانێكی تێدا نەبووە . بەڵام یەك بوونی سەرچاوەكان تەنیا لەسەر ناوی ئەو چواركەسیە . لێم روون نیە نووسەرئەو چوار دامەزرێنەرەی لە سنف بەندییەكەیدا لەكوێدا جێ كردوونەوە . سەباحەدین ( ١٨٧٧- ١٩٤٨ ) كوڕی سانیحەی خوشكی عەبدول حەمیدی دووەم ، وێڕای برا( لوتفوڵلا ) و باوكی ( داماد ، مەحموود جەلالەدین پاشا) ، پتر لە دە ساڵ دوای دامەزرانی " ئیتیحادی عوسمانی جەمعیەتی " ( كە تازە ئیتر ببوو بە " ئۆسمانلی ئیتیحاد وە تەرەقی جەمعیەتی ") چوونە پاریس . ناوی كۆمەڵەكەی سەباحەدین : " تەشەببووسوو شەخسی وە عەدەمی مەركەزیەت جەمعیەتی " بوو( تەشەببووس لێرەدا واتا : پێش‌قەدەمی،یەكەم‌هەنگاونان، مویادەرە، ئینیتیكار) . دەستەجاتی" توركی لاو" لەكۆنگرەی یەكەمی پاریسدا(٤-٩/٢/١٩٠٢) بەتایبەتی لە دوو مەسەلەی سەرەكیدا زۆر لێك دوور بوون :

ئا- نەتەوایەتی : ئەحمەد رزا(١٨٥٩-١٩٣٠) ، بە شێوەیەك توركایەتیی دەكرد كە لەگەڵ نوێنەرانی میللەتانی تر ( بەتایبەتی ئەرمەنیەكان ) دا نەدەگونجا . سەباحەدین دەیویست بە بڕیاری بەجێهێنانی " ئیسلاحات" ی پەیمانەكانی١٨٥٦-١٨٧٨هەموان پێك بهێنێ،بەڵام هەردوولا ئەوەیان قەبووڵ نەبوو .(داخەكەم، هێشتازانیار- یەكی ئەوتۆ دەربارەی هەڵوێستی حیكمەت بابان و عەبدوڕەحمان بەدرخان لەو كۆنگرەیەدا بە دەستەوە نیە ) .

ب- سیاسەتی ئابووری و مەركەزیەت : ناوی رێكخراوەكەی سەباحەدین ناوەرۆكی سیاسەتی تا رادەیەكی باش پیشان دەدا ، وەزعی بازاڕ بڕیاری پلان بدا( ئابووریی بازاڕ ) نەك حكومەت پلانی بازاڕ دابنێ؛ بیری ئەحمەد رزا جیاواز بوو . سەباحەدین نامەركەزیەتی دەویست، وەك كە لە ناوەكەیدایە، ئەحمەد رزا مەركەزیەتی دەویست . كۆنگرەی دووەمی" توركی لاو" لە ئەورووپا ( پاریس ٢٧-٢٩/١٢/١٩٠٧) ، بە سەرۆكایەتیی ئەحمەد رزا و سەبا- حەدین و نوێنەری داشناقی ئەرمەنی بوو . كۆنگرە بڕیاری توندی دژی رژێمی عەبدول حەمید دەركرد ، بەڵام

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوکاریی ئەو لایەنانە هیچی لێدەرنەچوو و هەریەکە هەمان ڕێی خۆی گرتەوە بەر . سەباحەدین، ساڵی ١٩٠٨ لە پاریس گەڕایەوە، و لە ئەستەمبوڵ ( وێڕای ڕزا نوور و...ئیدی) " ئۆسمانلی ئەحرار فرقەسی "ی دامەزراند . ساڵی ١٩١١، ئەو فرقەیەش بوو بە بەشێك لە " حوریەت وە ئیتیلاف فرقەسی"، کە لە نوامبەری ئەو ساڵەدا بە ڕابەریی ئیسماعیل حەقی پاشا و فەریدپاشا(مێردی " مەدیحە"ی کچی عەبدول مەجیدی یەکەم ) و ڕزا نوور پێکهات . سەباحەدین یەکێك بوو لە ١٦کەسی کە ڕژیمی کۆدێتای ١٩١٣حوکمی مەرگی دان ( بەڵام ئەو ئیتر ڕایکردبۆوە پاریس ) . دوای کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەم ( و ڕاکردنی ڕابەرانی ئیتیحاد و تەرەقی : تەلعەت و جەمال و ئەنوەر لە ١٩١٨/١١/٢دا بە کەشتیەکی ئەڵمانی،ڕاگەیاندنی هەڵوەشانی ئیتیحاد وتەرەقی و دەست بەسەرداگرتنی هەموو داراییەکی لەلایەن حکومەتی نوێوە ) حوریەت وە ئیتیلاف فرقەسی دیسان سەر شانۆی گرتەوە .

(٩) من تا ئێستا سەرچاوەیەکم دەربارەی بیری ئیتیحادیەکان و کەمالیەکان نەدیتووە کە نەیگوتبێ ئەوانە لە ژێر تەئسیری فەلسەفەی پۆزیتیڤیزمدا بوون . بەڵام ئەوە شتێکە کە درشتکاریەکی زۆری تێدایە . ڕەنگە پۆزیتیڤیست بوونی ئەوانە وەك سۆسیالیست بوونەکانی نیوسەدەیەکی کوردەواریی پێش ١٩٩٠بووبێت .
ئەحمەد ڕزا و خەلیل غانم، ساڵی ١٨٩٥، ڕۆژنامەیەکی دووهەفتانەیان بە ناوی" مەشوەرەت "، بە دوو زمانی تورکی و فەرەنسی لە پاریس دەرکردووە ؛ دوای ئەوە بە تەئسیری شەخسی ئەحمەد ڕزا، دروشمی" ئینتیزام وە تەرەقی"ی لە سەرووی نووسراوە، دوای ئەوە - بەهۆی کۆبوونەوەی دەستەیەك لە ئەحمەد ڕزا - لەسەر گۆڤارەکە نووسراوە" ئۆرگانی ئیتیحاد وە تەرەقی " ، دوو وشەیکە ئەوسا لە ئەدەبیاتی باوی لایەنگرانی بیری ئۆگوست کۆنت و بیرکارانی تری بیری زانستیدا( سان سیمۆن، پرودۆن، میل،و... ) دیتوویانە . نەك هەر ئەوان ، بگرە دامەزرێنەرانی یەکەم ڕێکخراوی کوردییش ( ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدول قادری نەهری و شەریف پاشا)هەمان لەو وشانەیان خستووەتە ناوی ڕێکخراویانەوە. ئیتیحادیەکان، دواییهەموو پترلە جارێك یەکتریان گرتووەتەوەو دیسان لێکجیابوونەتەوە، سنووری ناو و ڕێکخراو و، شێوەی ناونان و بەرپرسیاری زۆر ڕوون و مەنتیقی نەبوون .کەمالیەکانیش،جگە لە ئینکارکردنی خوداو ئاینی باو( کە ئەمیش شەرت نیە ئینکارکردنی میتافیزیك بگەیەنێت،دەکرێ گۆڕینی شێوەیەکی بێت بە شێوەیەکی تر ) فریان بە سەر" هەر مەوزووعیەتی زانستی بۆقۆناغی سێیەم/ پۆزیتیڤـی ئیتیحادو تەرەقیی ڕاستەقینە/هەر زانست"ی پۆزیتیڤیستانەوە نەبووە .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(١٠) تاكتيكى - ليرەدا- واتا : بە مەبەستى بەجىٚهێنانى ئامانجى قۆناغێك .

(١١) ئەسڵ : میسۆپۆتامیا( بە یۆنانى واتا" ناوەندى رووباران")، ئیمپراتۆرى رۆمانى" ترایانوس" کە ساڵى ١١٥ پ ز بەشى باکوورى مەڵبەندى دیجلەو فوراتى گرتووە( بەشێکى کوردستان)،ناوى ئیدارەى" پرۆڤینسیا میسۆپۆتامیا" ى لێ ناوە،کە پێشتر ئەکەدى ( ئاشوورى، بابلى ) ناوى" بیت نهرایم" (وڵاتى دوو رووبار) یان بۆ ئەو مەڵبەندەو باشوورى(عیراقى ئێستا) بەکارهێنابوو . لە عارەبییشدا بلاد الرافدین/ مابین النهرین هەیە .

(١٢) ئەسڵ : (..) سەرەتاى شۆڕشى بۆرژواى تورك(..) .

(١٣) زەلامێك لەو ئاپۆڕەى جەماوەردا بانگ لە رابەرانى سەرشانۆ دەکا : "ئاخر ئەم دەستوورە چیە ؟ یانى چى ؟" . رابەرێك لەوانە دەست بەجێ و بە تووڕەییەوە وەڵامى دەداتەوە : " دەستوور شتێکى ئەوەندە گەورەیە، کەسانێکى کە ماناى نازانن" ئێشـشـەك لەردر" (کەرن،کەرگەلن) . ( لە بیرەوەریەکانى خالیدە ئەدیب،کە لە چەند شوێندا ئاماژەى پێ کراوە، لەوانە شۆ و شۆ لە مێژووى ئیمپراتۆریى عوسمانى و تورکیاى نوێ دا ) ؛ تۆمەز ئەویش وەکو"حوکمى زاتى" و " حوکمى زاتیى حەقیقى!"یەکەى ئێمە بووە .

(١٤) ئێرانى، سەردەمێك بە وڵاتانى پشت رووبارى جەیحوون ( رووبارى ئاموودەریا ، ئۆکسەس ) یان گوتووە " تووران" . " پان" بە یۆنانى واتا " هەموو، تەواوى" . رەنگە ئارمینیەس ڤامبەرى( جوویەکى هەنگارى١٨٣٢ - ١٩١٣) یەکەم کەس بوو بێت کە زاراوەى " پان- تووران" ى بەکارهێنابێ ،مەبەستى لە تووران : تورك زمانەکا- نى ئاسیاى مەرکەزى(تورکمەن،تاتار ،قرخیزى،ئوزبەك)، هەنگارى، فینلەندى،و ئەستۆنیەکان بووە؛ ئەوانەى لە رووى زمان و نەژادەوە بە یەك کۆمەڵ داناوە . هەرچەندە وادیارە ڤامبەرى خۆى دوایى لەو سنف بەندییە پەشیمان بووەتەوە، بەڵام هێندێك ئەورووپایى دواى ئەوەش زاراوەى " زمانانى توورانى" و " نـەژادانى تووراتى" یان هەر بەکارهێناوە . دواتر ماناى " تووران" کەمى کردووەتەوە و بۆ تێکڕایى وڵاتە تورك زمانەکانى ئاسیاى مەرکەزى و ئازەربایجان و تورکیا و ئەفغانستان بەکارهاتووە .

هەلومەرجى جیاواز لە قۆناغى جیاوازدا باوى ئەو دروشمەیان خۆش کردووە . ئالپئەرسەلان تورکەش وهەڤاڵانى

کتێبخانەى دیجیتاڵى
www.rabari.org

(پارتی نەتەوەی جووتیارانی جمهوری،و لە مارتی ١٩٦٥ـەوە ناوی : پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی) لە ساڵانی شێستەکان وحەفتاکانی سەدەی بیستدا لە پڕۆپاگەندە بۆ ئەو دروشمەدا زۆر چالاك بوون . تورکەش لە شەڕی جیهانیی دووەمدا هاوکاریی ئەڵمانیای نازیی کردووە، بە هیوای ئەوە کـە وڵاتانی" توووران "ی یـەکێتی سۆڤیەت بخاتە سەرتورکیا، هەمان مەبەستی کە ئیمپراتۆریی عوسمانیی خستە شـەڕی جیهانیی یـەکـەمەوە .




نەخشەی تووران لە سەر بەرگی ژ-١١ ،تەمووزی ١٩٤١ی گۆڤاری" بۆزکورت" ( گورگەبۆز ،گورگە بۆر)ی پان تورك ( کە لەنێوان ساڵانی ١٩٣٩و١٩٤٢دا دەرچووە) . لەسەرووییەوە نووسراوە" هەر عرقن ئوستوندە تورك عرقی !" ( نەژادی تورك لەسەرووی هەر نەژادێکەوە ) (لە " پان تورکیزم لە تورکیا "ی لانداو) .

(١٥) " شاگردی دورکهایم بوو" قسەیەکی زلە ." لاف لێدان "ی شاگردی فەیلەسووفێك بوون و وا بوون دووشتی جیاوازن .لە سەردەمێکدا مارکس بەلای کەم سەدهەزار شاگردێکی هەر لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست - بەو جۆرە- هەبوو . یاری کردنی سیاسەتچییەکان بە ساویلکەیی منالْ و مەزنی شارستانی دنیای سێیەم ئەم قەشمەرەی بە فەیلەسووف پیشان داوە ( فەلسەفەی " ئێمە لە میللەتی تورکین، لە ئوممەتی ئیسلامین و لە ژیاریی رۆژئاواییین! " لە لایەن کوردێکی خەلْکی دیاربەکرەوە!) . راوچیەکی دکتۆراش ، بەناوی تاها پارلا ، دکتۆرنامەیەکی بە ناوی " بیری کۆمەلایەتی و سیاسیی زیا گۆك ئالپ ١٨٧٦-١٩٢٤"بە زمانی ئینگلیسی- پێشکەشی زانکۆی کۆلۆمبیا کردووە و،لە هۆلەندا چاپ کراوەتەوە؛ قسەی بەتالْ و تورەهات .

(١٦) وەکو لە سەرچاوەی وەك ئەوەی " بیرکەن" دا باسی هەیە ، " تەرجیل " هەمان " حەزۆ"ی ئێستا بووە وئێستا قەلایەکی نزیکی بە ناوی قەلای تەرجیل لە نەخشەی سیاحەتگەراندا دیارکراوە؛ لە کاتێکدا کە"حەزۆ" ئێستا پێی‌دەگوترێ " ساسۆن " . وا پرۆفیسۆر تووران - بەگوێرەی ئەم قسەیەی کەندالْ - " حەزرۆ "( هازرۆ) و " تەرجیل " ی بە دوو حکومەتی کورد داناون، لە کاتێکدا کە وانلی لە باسی دووەمی ئەم کتێبەدا " حەزۆ " و حەزرۆ "ی بە یەك داناون ( کە هەلْەیە) .

ئەوەی کە خستوومەتە ناو (( )) ، هەر لە نوسخە ئینگلیسیەکەدا هەیە و لە دووەکانی تردا نیە .

(١٧) محەمەد کوڕی سولەیمان فوزوولی(١٤٨٠-١٥٥٦) یەکێك لە شاعیرە گەورەکانی بەغدا بووە، دیوانی بە فارسی‌و عارەبی‌و تورکی هەبووە . ئەنسیکلۆپێدیی" لارووس"ی فەرەنسی دەلْێ : فوزوولی" شاعیری بەئەسلْ کورد" . بەلام ستراتفۆرد شۆ، وادیارە لەژێر تەئسیری ئێزێل شۆ ی تورکی کە دەبێ ژنی بێ، فوزوولی هەر بە " شاعیری شیعەی عیراق" ناو دەبا و بەلای باسی کوردبوونەکەیدا ( کە لە لارووس‌دا هەیە) ناچێ . تەئسیری ئەو ژنەی ئەوەندە بەسەرەوە هەیە کەتەنانەت وێکڕا دەنووسن کە شێخ سەعیدی پیران بە هان دانی بۆلْشەفیکە- کانی مۆسکۆ دژی کۆماری تورکیا راپەڕی ! ( شۆ و شۆ،ل ٣٨١) .

یووسف نابی (١٦٤٢-١٧١٢) شاعیرێکی گەورە و نووسەر ، لەرێی وەزیرێکی سولْتان محەمەدی چوارەمەوە ( موساحیب مستەفا ئەفەندی) هاتۆتە پێشەوە ، لەرێی ئەوەوە ئەدەبیاتی فارسی زۆر تەئسیری بەسەر دەرباری عوسمانی دا پەیداکردووە .( شۆ)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەقعی(١٥٨٢-١٦٣٦)، شۆ دەڵێ : ئێمە کەم دەربارەی منداڵیی دەزانین، جگە لەوە کە خەڵکی نزیکی ئەرزەرۆم و لە خێزانێکی سوننی بووە (..) بە سوڵتانەکانی هەڵگوتووە و شیعری جنێویشی هەبووە تا بە فەرمانی بەیرەم پاشای سەرەك وەزیران خنکێندراوە ( لەکاتێکدا کە تاریخی سەرەك وەزیرایەتیی بەیرەم پاشا بە ١٦٣٧-١٦٣٨ باس دەکا) .

(١٧ئا) بڕوانە لاپەڕە ٧٨ .

(١٨) شی کردنەوەی دوانەییە،لێرەدا واتا دنیا بۆ ئەو یا چاکەیە یا خراپەیە، ڕەحمانە یا شەیتانە،ڕەشە یا سپییە، ( بۆکوردی هەرێمی باشوور) پارتی یا یەکێتیە ...( وئەوانە لە شەڕی یەکتردان)،ڕەوشت ولایەن و ڕێگا و ڕەنگی سێیەم و چوارەم و ...ئیدی دە دنیای سادەی ئەودا نین .

(١٩) بێ لەوەش، میری کورد هەبووە هەوڵی یەکێتیی ئەمارەتانی کوردی داوە، ویستوویە بەتەواوی سەربەخۆ بێ و هیچ پێوەندیەکی تەنانەت ڕەمزییشی بە دەوڵەتی بێگانەوە نەمێنێ .

(٢٠) وەزعی جوغرافیایی کوردستان وابووە، قەت یەك بێگانە نەیتوانیوە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی تەواوی بە - سەردا هەبێ، تا کوردیش لەبەرامبەریدا بە پێویستی بزانێ یەك بگرێ و لێی ڕاپەڕێ . کورد لەژێر فەرمانی میری خۆیدا بووە و میر سەربەخۆ بووە ( لەچی ڕاپەڕێ؟) . کاتێك لە میر دراوە، ئەوجا میر ڕاپەڕیوە . دەسەڵا- تی ناڕاستەوخۆ و ڕەمزیی بێگانەش قەت لەدەستی یەك ئیمپراتۆرییدا کۆنەبۆتەوە،عوسمانی و ئێران بە ئەزمە- ـوون بەو نەتیجەیە گەیشتوون کە یەك ئیمپراتۆریی ناتوانێ هەردوو دیوی زاگرۆس بگرێتەوە ( تەنیا کورد خۆی لە دڵی چیاکانیەوە دەتوانێ حوکمی داوێنی هەردوو دیوی ئەو چیایانە بکا)،لەبەر ئەوە کە میر ڕاپەڕیوە - بە تەبیعەتی حاڵ ، زۆرتر هەر وابووە وەکو ئێستای کردووە - لە دژی یەکێك لە داگیرکەرانی کوردستان ڕاپەڕیوە، و بۆ ئەوە - وەکو ئێستا- داوای یارمەتیی لە داگیرکەری تری کوردستان کردووە . گرێی زاگرۆس، گرێی لەمێژینەی کارەساتی نەتەوایەتیی‌کورد. هەمان داگیرکەریش قەت بە یەك جار پەلاماری هەموو میرانی کوردی لای خۆیەوە نەداوە تاهەموو ئەو میرانە بە یەك جار وەڵامی بدەنەوە (وەك حاڵەتی زۆر نەتەوایەتی) .

(٢١) ئەمارەتی بابان، وێدەچێ لەرووی بنەماڵەی فەرمانڕەواوە دۆخێکی بێوێنە بێت . جارێ بە وردی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نازانین کەی دامەزراوە، مێژووی بە سێ قۆناغ باسکراوە، دوا قۆناغی لە دوا چارەگی سەدەی حەڤدەوە تا ١٨٥١ بووە . ئەو ئەمارەتە بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا ،لە سەردەمی سێیەم میری ئەم قۆناغەیدا بەکربەگ زۆر پەرەی سەندووە، لە سیروانەوە تا زێی کۆیە ( زێی بچووك ) بووە . بەکربەگ،بە بەکرە سوور بەناوبانگ بووە، کە بەکرەجۆ ی لای شاری سلێمانی بە ناوی ئەوە ، ١٧١٦کۆچی دوایی کردووە .

(٢٢) وشەی" برازا" و"خوشکەزا" لە زمانی ئەسڵەکاندا هەر یەکن ، مام و خاڵیش هەروەتر( مەگەر وشەیەکی تر بە مانای لە دایکەوە یا لە باوکەوەی وێ بخرێ، کە لێرەدا نەکراوە) .

(٢٣) دەبێ ئیبراهیم پاشا(ی ئەحمەدپاشای خالیدپاشا ) و عەبدورەحمان پاشا(ی مەحموود پاشای خالیدپاشا ) ئامۆزا بوون . عەبدورەحمان پاشا، بەتایبەتی لەگەڵ دوو خالیددا ( یەکیان برای، ئەوی تر ئامۆزای ) کێشەی هەبووە . میرانی دوا سەدەی ئەمارەتی بابان، بەزوویی لادراون و وابووە دیسان هاتوونەتەوە سەر حوکم ، و لەگەڵ هەر لادران وهاتنەوەیەکدا، مەرکەزە جیاوازەکانی هێزی ئەمارەت ولەشکری عوسمانی و ئێران تێکەڵ بە کێشە بوونەوە . عەبدورەحمان پاشای بابان - بێ گومان - دەوری عەسکەری وسیاسیی زۆرگرنگی هەبووە، تەنانەت جارێك شاری بەغداشی گرتووە وهەوڵی داوە عوسمانی حوکمی بەغدای بۆ بسەلمێنێ . بەڵام ئەوەتا میرایەتیی بە شەش جارکردووە، مەحموود پاشای کوڕی بە دوو جار، ئیبراهیم پاشا(ی دامەزرێنەری شاری سلێمانی) - وەکو باوکی- بە دوو جار... . کەسێکی وەکو میر محەممەدی رواندز لە باباندا هەڵنەکەوتووە، بچێ دوور لە خزمان، کەسانی وەکو حەمەدی شیرین و خدری حەمەدی و مامیس و ...ئیدی بهێنێ، روتبەی سەر- هەنگیان بداتێ ، و پشت ئەستوور بە دەزگای سامناکی موخابەرات لە پێشدا مامەکانی خۆی ئیعدام بکا و لاشەیان چەند رۆژێك لە شوێنی گشتیدا هەڵواسێ، ئیتر هێزانی چ نزیك و چ دوور غەیری لەگەڵ خۆیدا دوان رێیەکی تریان بۆ نەمێنێتەوە ؛ یان بەهەر نەزمێکی تر کێشەی ناوخۆ کۆتایی پێ بهێنن .

(٢٤) بنەماڵەی میرمحەممەدی سۆران داری نەسەبی میریان بەم جۆرە داوە بە سەرچاوەی کوردی :
میر محەمەد بە ١٦ پشت دەچێتەوە سەر شوانێکی کەلۆس ( ددان کەل) کە- سەیدحوزنی دەڵێ- لەشارەزوورەوە چووەتە " هەودیان" ی نزیکی رواندز : کەلۆس- عیسا - شاعەلی بەگ - سەیدی - سولەیمان - قولی بەگ -

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سولەیمان - عەلی بەگ - ئوغوز بەگی گەورە - یەزدان شێر - خان ئاودەل بەگ - سوڵتان مەحموود - ئەحمەدبەگ - مەحموود بەگ - ئوغوز بەگی بچووک - مستەفا بەگ - میر محەمەدی رواندز( میری گەورە، پاشا کوێرە ) .

(٢٥) بەلاَی کەم قەڵەمڕەویی بابانی لێدەرچێ . وادیارە سنووری سۆران و بابان لە ئەوپەڕی گەورەبوونی سۆراندا لە قەحووغە بووە .(سەید حوزنی، مێژووی میرانی سۆران )

(٢٦) ئەو سەرچاوە کوردیانەی کە باسی رەشیدپاشایان کردووە و من دیتوومن ( سەید حوزنی،ئەمین زەکی، پەراوێزەکانی شەرەفنامەی کوردی)، پێوەندیەکی راستەوخۆیان لە نێوان مردنی رەشیدپاشا و کوژرانی میر محەمەدی رواندزدا باس کردووە . مستەفا رەشید پاشا(١٨٠٠-١٨٥٨) ساڵی ١٨٣٧ بۆ یەکەم جار بووە بە وەزیر(ی دەرەوە) ، یەکەم دەورەی سەرەك وەزیرایەتیی ساڵی ١٨٤٦ دەستی پێ کردووە، ساڵی ١٨٥٨ لە پێنجەم دەورەی سەرەك وەزیرایەتیدا مردووە ؛ لە کاتێکدا کە ساڵی کوژرانی میر محەمەدی رواندز بە ١٨٣٧ باس کراوە .

(٢٧) فۆن مۆلتکە (١٨٠٠-١٨٩١)،ساڵانی ١٨٣٦-١٨٣٩ لە لەشکری عوسمانیدا مامۆستا بووە،دوای ئەوە دەورێکی گرنگی عەسکەریی لە یەکێتیی ئەڵمانیادا هەبووە، بووە بە هاوکار و هەڤاڵی بسمارك و فەرماندەی لەشکری ئەڵمان لە شەڕی فەرەنسادا. برازاکەشی بە هەمان ناو (١٨٤٨-١٩١٦) دوای ئەوە ئەفسەرێکی گەورە بووە(سەرۆکی ستاد ١٩١٤).( ئەنسیکلۆپێدیەکان،لێرەدا ڤینکلەرپرنس ی هۆڵەندی) .

(٢٨) نە، لەم سەر تا ئەوسەر زۆرە ، وا نەبووە .

(٢٩) سەید حوزنی دەڵێ : کاتێك میر لە قەلاَی نەلوس تێپەڕی، بەگزادەی عەشیرەتی لیتان بە خەڵکی قەلاَی گوت کە بەدەنگێکی بەرز قەبوقەبو بکەن ( کە بۆ لەشکری شکاو دەبێژرێ)،میر گەڕایەوە سەریان، دوای سێ رۆژ ئابڵۆقە قەلاَی گرت (١٨١٦/٤/١٤) و وێرانی کرد ،گەورە و بچووك و نێر و مێ و ورد و مەزنی کوشتن ، تەنیا دایکێك و منداڵێکی ساوای شیرەخۆری لە مەرگ خەلەستن، و ئەو ساوایە یوسفی شەمسەدین بورهانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موکری بوو"( شێخی بەناوبانگ، باوکی زێنەب خانی دایکی هێمنی شاعیر) ( مێژووی میرانی سۆران) .
ئەم قسەیەی حوزنی حەقەن زیادوکەمی تێدا هەیە، بەڵام کێ لە دنیادا هەیە بچێتە هەر شوێنێ ( لە لایەن هەموو کەسەوە) بە شادییەوە پێشوازی لێ بکرێ ؟ .

(٣٠) ئینگلیس توانی بۆ بەرژەوەندی خۆی، دوو ئیمپراتۆریی هەردوو دیوی زاگرۆس لەدژی میری رواندز پێك- بێنێ . جۆرێك پەیمانی ئەلجەزایری ١٩٧٥ی بە دەوری کە ئەمریکا دیتی . تەبیعی پێشگرتن لە سەربەخۆیی کورد دەکاردا بووە، بەڵام کێشەی هێزە گەورەکان هۆی راستەوخۆی ئەو کارە بووە .

(٣١) وەرگێڕی ئەڵمانیەکە وشەی" فیڵ و دەهۆ"ی ئینگلیسی و فەرەنسی ( رووز)ی لێ بووە بە " رووسیا"!، دەڵێ : " فەرماندەی عوسمانی پەنای بردە بەر رووسیاو( ودیارە دوای ئەوە کە لە رواندزەوە خۆی بە رووسیادا کردووە!، لەوێوە) بانگی مسوڵمانێتیی لە میر کرد .

(٣٢) ئەم چیرۆکەی میرو فەتوای مەلای خەتێ دیوێکی رووکەشیی ئەفسانەیی هەیە . من لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر ئەمارەتی رواندز نووسیوە (چاپ نەبووە) . رەنگە ئەو فەتوایە تێدا فێڵێکی میر خۆی بووبێت .

(٣٣) ئەحمەدبەگ ( میر ئەحمەد ،بە ئەحمەدەڵڵە بەناوبانگ)٢-٣ساڵێك میرایەتیەکی پڕ لە کێشەو هەرای ناوخۆ و مەترسیی کردووە، تەنیا لە یەك رۆژی حەفتەدا ، بە ناچاری بۆ نوێژی جەماعەت، وێراوە لە ماڵ دەرچێ و زۆر بە پارێزەوە خۆی بگەیەنێتە مزگەوت، بەڵام بەوحاڵەش هەر کوشتوویانە ( ئامۆزازایەکی ، لە تۆڵەی باوك و باپیریدا کە میر محەممەد کوشتبوونی، کوشتی ) .(بڕ- حوزنی، مێژووی میرانی سۆران ) .

(٣٤) ئینگلیسیەکە و فەرەنسیەکە دەڵێن " لەسەدەی چاردەوە"، ئەڵمانیەکە دەڵێ" لە سەدەی پازدەوە " .
ئەو عیبارەتەی شەرەفنامە دە ئینگلیسیەکەدا نیە .
تەیمووری لەنگ نیسانی ١٣٣٦- ١٤٠٥/٢/١٨ ؛ ئاق قۆیونلو ١٣٨٧-١٥٠٢ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(٣٥) لەشکری ئیبراهیم پاشا ١٨٣٩/٦/٢٤ لە نێوان نیزیب و بیرەجیك ( ویلایەتی عەنتاب) لەشکری عوسمانیی تارومار کرد .

(٣٦) نە، کەمتر . زۆری کوردستانی عوسمانی ، بەڵام - بە نموونە- نەگەیشتە سلێمانی یا هەولێر .

(٣٧) بڕ- پەراوێزی وەرگێڕ ژ- ٢٢ ی ئەم باسە .

(٣٨) ڤارنا بەندەری بولگاری لەسەر دەریای رەش ( کە ئەوسا بولگاریا داگیرکراوی عوسمانی بوو ) .
کاندیا مەبەست لە بەندەری ئێراکلیۆن(هێراکلیۆن) ی دورگەی " کریت"ـە ( هەرچەندە سەردەمێك بە ئیتالی بە هەموو کریت گوتراوە کاندیا)، کریت ئەوسا داگیرکراوی عوسمانی بوو ( ساڵی ١٩١٣ کرا بە بەشێك لە یۆنان) .

(٣٩) رەقابەتی رووسیا و فەرەنسا لەسەر دەسەڵات لە فەلەستین و بۆ ئەوە ئیمتیاز سەندن لە عوسمانی لە ناوەندی سەدەی نۆزدەدا زۆر هەڵچوو.کاربەدەستانی ئینگلیس و عوسمانی زۆریان هەوڵ دا ئارامی بکەنەوە، بەڵام بێ فایدەبوو . شەڕ بەدووادا هات . عوسمانی و ئینگلیس و فەرەنسا کەوتنە بەرەیەك لە دژی رووسیا ( ١٨٥٤/٣/٢٨) . کاتێك ئینگلیس و فەرەنسی چوون ئەمارەتی مۆڵداڤیا و ڤالاشیا لە رووس بستێننەوە ( کە رووس لەو بەینەدا گرتبوونی)، رووس رێککەوتنی عوسمانی و نەمسا(٤/١٦)ی قەبووڵ کرد کە ئەوانە تا کۆتایی شەڕ لەژێردەستی نەمسادا بن . لەشکری نەمسا چوو لە دوو ئەمارەتەکەدا جێی رووسی گرتەوە. ئینگلیس و فەرەنسی ، لە کاتێکدا کە نەیاندەویست لە نەمسا بدەن و دیارە نەشدەکرا هەروا واز لە رووس بهێنن ( دوو ئەمارەتەکە دەکەوتنە نێوان عوسمانی و رووسەوە)، بڕیاریان دا روو لەو قەڵەمڕەویانە وەرگێڕن و بە دەریای رەشدا بچنە سەر دورگەی قرم ( کە ساڵی ١٧٨٤ ببوو بە بەشێك لە ئیمپراتۆریی رووس)، لەوێ هێزی دەریایی رووس لەناوبەرن، بەوە دەرسێکی رووسیا بدەن و توانای هێرشی دواتری لە دەریای رەشەوە بۆ سەرعوسمانی پێش پێ بگرن . شەڕ بەو شێوەیە چووە قرمەوە و ئەو ناوەی پەیداکرد .
رووسەکان لە حوزەیران( ژوئەن)ی١٨٥٥دا هێرشیان بۆ سەرهەرێمی باکووری کوردستان هێنا، لە ناوەندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو مانگەوە کەوتنە شەڕی گرتنی قارس  تا لە ١٨٥٥/١١/٢٥دا  ئەوجا گرتیان ، چەندەو چەندە لە گیان  و لە سامانی کوردی تێدا چووە .

شەڕی قرم لە شوبات(فیوریە)ی١٨٥٦دا ئەوجا بە تەواوی وەستا . کۆنگرەی پاریس ١٨٥٦/٢/٢٥ کرایەوە، لە ١٨٥٦/٣/٢٩دا بڕیارەکانی دەرکرد ، یەکێك لەوانە ئەوەبوو کە دەوڵەتانی ئەوروپایی بەڵێنیان دا یەکێتیی ئیمپراتۆریی‌عوسمانی لە هەر هەلومەرجێکدا لەڕێی گفتوگۆوە و ئەگەر پێویست بکا بە هێزی لەشکر بپارێزن ( کەچی بیست ساڵێك دوای ئەوە کە رووسیا دیسان هێرشی بۆ عوسمانی برد ، عوسمانی دەبوو هەر خۆی  بە - تەنیا شەڕەکە بکا ؛ بڕ- سان ستیفانۆ، پەراوێزی وەرگێڕ ی ژمارە ٤٨ی باسی دووەمی ئەم کتێبە ) .

(٣٩ ئا)  بڕوانە لاپەڕە ٧٨ .

(٤٠)  لەم بەشەدا هەردوو ناوی "  فارس ( پێرشیە...ئیدی)" و "  ئێران  " بەکار هێنراون .

ئێرانی خۆیان  لە کۆنەوە ناوی" ئێران"یان بەکارهێناوە، یۆنانیەکان پێیان گوتووە "پێرسیانوس" وئەوروپایی هەریەکە بەشێوەی خۆی  ئەمەی  وەرگرتووە . رەزاشا لە ١٩٣٥/٣/٢١دا  بە رەسمی  رایگەیاند  کە  هەر  ناوی " ئێران" لە وڵاتان قەبووڵ دەکا . چرچل لە ئابی١٩٤١دا، وای کرد کە ئیدارەی ئینگلیس بە رەسمی هەر پێرشە ( پێرشیە) (فارس) بەکاربێنێ ، نەوەکا کارمەندان ناوی ئێرانیان لەگەڵ ئەوەی عیراقدا لێ بشێوێ، چونکە ئەو دوو ناوە لە ئینگلیسیدا هەر دوا حەرفیان جیاوازە (ئیران،ئیراك) . محەمەدی کوڕی رەزاشا لە ئۆکتۆبری ١٩٤٩ دا هەردوو ناوی قەبووڵ کردن . هەردوو ناو لای ئەوروپاییان بەکاردێن، بەڵام لەوەتای رووخانی رژیمی  پەهلە- وییەوە زۆرتر هەر ناوی " ئێران " بەکاردەبەن .

(بڕ- کەنیهۆلم، سەرچاوەکانی شەڕی سارد لە رۆژهەڵاتی نزیکدا(..)  تورکیا و ئێران و یۆنان ) .

.

(٤١) " کۆچران" ی ئەمریکایی بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت لە ورمێ ، قەناعەتی بە شێخ عوبەیدوڵڵا کرد کە هێرشەکەی  بۆ سەر شاری ورمێ دوا بخا ، ئەوە کاتی دا بە هێزەکانی لەشکری ئێران کە  لە تەورێزەوە  بگەنە سەر کوردی بێ ئاگا و بێ خەبەر (...کە) بەشێکیان لە ڕێی چوونە سەر تەورێز بوون . (  فان بروونەسن ، ئاغا و شێخ و دەوڵەت،ل ٣٢٩) .

(٤٢)  زیان بژێری  لێرەدا نیسبەتێکی زۆری ئەم باسە کورتەی داگیرکردووە . جێی خۆی دەبوو ئەوەندەش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باسی لایەنی نەتەوەیی ڕاپەڕینەکە بکرایە : گوتارەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە کۆنگرەی نەهریدا ،نامەکەی بۆ کۆنسولی ئینگلیس ( کورد گەلێکی دلێر و ئازادیخواز و خاوەن ڕەوشتی بەرز و،کەلەپوور و نەریتی تایبەتی خۆی هەیە ، کەچی دوژمن بە پیاوکوژ و دڕندەی لێ دەدوێن (..) ئێمە هەرچی هەمانە ، ماڵ و گیانمان ، و تا دوا دڵۆپی خوێنمان پێشکەشی قوربانی دەکەین بۆ بەربەرەکانی دوو دەوڵەتی تورك و ئێران بۆ داخوازیی مافی خۆمان کە سەربەخۆییە ) ( سافراستیان ، خالفین ، دکتۆرنامەی شەمزینی...) .

(٤٣) سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم و ئەوروپایی زۆر یەکتریان دەبێزا . کوشتاری ئەرمەنیەکان لەلایەن ڕژێمی ئەو سوڵتانەوە، لە ئەوروپادا زۆر دەنگی دایەوە ؛ ئەوەبوو نووسەرێکی فەرەنسیی مێژووی سیاسی( پرۆفیسۆر ڤاندال) بە " سوڵتانی سوور" ی ناو برد ، واتا دەستی بە خوێنی ئەرمەنیەکان سوور بووە .

(٤٤) ئەوە فەرەنسیەکە و ئەڵمانیەکە؛بەڵام ئینگلیسیەکە دەڵێ"روو لە کۆتایی" ئەو مانگە؛ دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێ " بە شێوەیەکی ڕەسمی لە ناوەندی تەشرینی یەکەمی( ئۆکتۆبری) ١٨٩٠دا دامەزرێنرا" . کینرۆس و شۆ و ڤان برووینسن دەڵێن " ساڵی ١٨٩١ " .

(٤٥) ئەم باسەی " ئەفواجی خەفیفە" لە ئەسڵدا بە سەردێڕی تایبەتی جیانەکراوەتەوە . ئەمین زەکی دەڵێ : " لە حەمیدیە سواری ئالای لاری بەوە کرا بە خەفیف سواری ئالای لاری " ( ناوی"عەشیرەتی" ی لەگەڵدا ناڵێ) . ڕژێمی قاسم ی عیراق ساڵی ١٩٦١" فُرسان صلاح الدین" ی سازدان ،کورد لە سەرەتادا پێیان‌گوتن " جاش پۆلیس" ( کە ناوی پاسەوانی شەوانە بوو، مەدەنی بوون نە عەسکەری ،بەڵام ئەستێرەیەکی نیشانەی پۆلیسیان لە سەر پێچ/ عەگاڵ/ کڵاو... ئیدی دەبەست - ، بڵێین وەك شێرفەکانی کاتی خۆی لە ئەمریکا) . دوژمنێکی دێرینەی سەرۆك بارزانی (عەقید/ سەرهەنگ بدرالدین علي،محافز/ ئوستانداری هەولێر) یەکەم ڕێکخەریان بوو، ئەوەبوو دوایی بە فەرمانی سەرۆك بارزانی ، بەدەستی ئاغایەکی ئەو" فرسان "انە ( ڕەنگە فەتاح ئاغای هەرکی) لە بەغدا کوژرا . بەوە کە زۆربەی پۆلیسی کورد ڕەگەڵ شۆڕشی کورد کەوتن و خۆشە- ویستی بوون، کورد ئیتر وشەی "پۆلیس"یان لە ناوی ئەو فرسانە کردەوە و مایەوە " جاش" .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەددام حوسێن ، نزیکەی سەدەیەك دوای ئەزموونی سوڵتانی عوسمانی و تورکی لاو، تازە- تازە دەیویست ئەو ئەزموونەیان کۆپی بکاتەوە، تەنانەت خەللاقیەتی ناوگۆڕینەکەشی نەبوو، کە پەڕپووتیی فکری سیاسیی ئەو دەستەیە لە نازیە عارەبەکان پیشان دەدا(و بێ باکییش بە بیرەوەریی‌کوردو باری راگەیاندنی رێکخراوانی) . لە نەتیجەدا،هەمان ئەو" ئەفواجی خەفیفە"یە بوو کە یەکەم هەنگاوی راپەڕینی ١٩٩١یان نا و کۆتاییان بە رژێمی حیزبی بەعسی عارەبی سۆشیالست لە هەرێمی باشووری کوردستان هێنا ( کە دەیویست لاسایی سوڵتانی عوسمانی بکاتەوە ! ) . هەمان رژێم هەوڵی لاسایی کردنەوەی پاشاکۆرەی رواندزیشی دا ( لە ئاست ئەوانەدا کە لە عەسکەری‌کردن رایاندەکرد ) ، حیزبێك لە رووی فکرەوە ئەوەندە پەڕپووت و دواکەوتوو .

(٤٦) نووسەر ئەوەندە لە مێژووی ئیسلام بێ‌ئاگایە کە قسەی وا سەیر دەکا. مێژووی ئیسلام تەنانەت لە پێش راگەیاندنیەوە( لە رێکخراوەکانی" الأحناف "ەوە) تا سەرکەوتنی بەسەرئەوانی تردا و راگەیاندنی‌خۆی بە ناوی ئاینە حەنیفە راستەقینەکە، وئەو هەمووە رێکخراوانەی هەموودەورانی جیاوازی مێژووی سیاسیی‌ئیسلام کە لە رێکخراوی یەکجار زۆرنهێنیەوە بە دامەزراندنی دەوڵەتان گەیشتوون، وهەرلەرێکخراوی ئیرهابیە بەنگ‌کێشە ئیسماعیلیەکانەوە تا بە ئیرهابیەکانی ئەم سەردەمە دەگات، بە دەیان ورەنگە تەنانەت سەدان حیزب و رێکخراو.

(٤٧) نووسەر زۆر بە سەخاوەت وشەی رۆشنبیر بەکاردێنێ،کەچی دواتر دەڵێ کە لە کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەمدا رۆشنبیر هەر نەبوون ، خوێندەوارانی ئیستیعمار کراو هەبوون ، بڕ- ل٤٦ی ئەم کتێبە .
( نووسەر نەیتوانیوە مەبەستی خۆی دە وشەدا جێ بکاتەوە . لە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤەوە رۆشنبیر هەبوون .بەڵام لە چ قۆناغێك و چوارچێوەیەکداو بە چ قەوارەیەك ، لێرەدا داڕشتنی ورد پێویستە ) .

(٤٨) مەبەست لە رێکخراوی وەك هیوا و ژێ کاف . " ئیتیحادی عوسمانی جەمعیەتی" ( کە چەند ساڵێك دوای دامەزرانی ناوی بووە بە " ئۆسمانلی ئیتیحاد وە تەرەقی جەمعیەتی" )، شانەی هەبوون و هەر شانەیە وهەر ئەندامەش ژمارەیەکی هەبووە ( بە نموونە،تەمۆ ژمارە ١/١ بووە؛ وەك‌کە فرۆهێر لە ژێ کافدا ژمارە ١ بوو) . عوسمانیانی لاو، گوایە، ئەو تەرزە رێکخستنەیان لە کاربۆناری وەرگرتووە، کە ئەویش رەنگە لە ئەسڵدا لە رێکخراوی ماسۆنیەوە سەری هەڵدابێ . ماسۆنیەکان ( بەننایانی ئازاد) لە سالۆنێك راستەوخۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یارمەتیی بزووتنەوەی تورکی لاویان داوە( دواترمستەفاکەمالیش ماوەیەك لە ڕێکخراوی ماسۆنیدا بووە) .
ڕێکخراوی کاربۆناری( واتا خەڵووزەوان ) لە نێوان ساڵانی١٨٠٧و١٨١٢ لە باشووری ئیتالیا دامەزراوە، تەرزێك ڕێکخستنی نهێنی و لەبابەتی ئەوەی ماسۆنیی هەبووە ( ئەندامی‌نوێ بە مەراسیمێکی بەهەیبەت و سام وەرگیراوە و بەوە تەئسیرێکی ڕەوانیی زۆری کراوەتە سەر، و ئەو موحیتە دە ڕێکخراودا پارێزراوە ، ئەندامی نوێ دەبوو سوێند بخوا...ئیدی) . ئامانجی کاربۆناری بە کات و شوێن گۆڕاوە ( زۆریان ڕەگەڵ " ئیتالیای لاو" ی مازینی کەوتوون) . بۆ کۆبوونەوە ، خۆیان بە چەشنی خەڵووزەوانان گۆڕیوە و چوونە لێڕەوار، ناوەکە لەوەوە هاتووە .

(٤٩)" ئیتیحادی محەممەدی جەمعیەتی" بە رابەریی " حافز دەرویش وەحدەتی" ، بە ناوی داوای حوکمی شەریعەتی ئیسلام، لەناو محافزەکارانی دژی دەستووردا لەوکاتەدا هەرە چالاك بوو. دەستەیەك بە پشت-گیریی عەسکەری لەشکری یەکەمی ئەستەمبوڵ، شەوی ١٢ لەسەر١٣ی ١٩٠٩/٤/ دەوری پەرلەمانیان دا،کۆمەڵێك داوایان پێشکەش کرد، داواکان قەبووڵ نەکران، لە ئەنجامدا پەرلەمانیان داگیر کرد و دوو کەسیشیان ( بە هەڵە) تێدا کوشت . وەزیری شەڕ نەیویست پێشیان پێ بگرێ ، حوسێن حیلمی ( سەرەك وەزیران) وهەموو وەزیرەکانی داوای دەست کێشانەوەیان لە وەزیفە کرد ، عەبدول حەمیدی دووەم دەست-بەجێ قەبووڵی کرد و، هەموو داخوازیەکانی ئیتیحادی محەممەدی جەمعیەتی و لەشکری یەکەمی قەبووڵ کرد . " محەممەدی" کەوتنە گیانی " ئیتیحادی"یەکان و، ئەحمەد تەوفیق پاشا کرا بە سەرەك وەزیران .
مەحموود شەوکەت پاشا(ی عارەب،فەرماندەی لەشکری سێیەم لە مەکەدۆنیا) و ئیتیحادیەکان و مستەفا کەمال و هەڤاڵانیان لە سالۆنیك ( قەڵای دوژمنانی کاربەدەستانی ئەستەمبوڵ ) وەخۆکەوتن، بانگیان لە میللەتانی ئیمپراتۆریی کرد بەرگریی لە دەستوور بکەن ، ئەرمەنی لە ئەدەنە ڕاپەڕین و سێ هەزار کەسی تێدا کوژرا( ١٩٠٩/٤/١٤) . لەشکری سێیەم لە سالۆنیکەوە چووە ئەستەمبووڵ و دەستی بەسەر وەزعدا گرت و کەوتە قەڵاچۆکردنی ڕەقیبانی . هەرچەندە عەبدول حەمیدی دووەم فەرمانی دابوو کە پێش بە لە-شکری سێیەم نەگیرێ، بەڵام هەر دوای سێ ڕۆژ(٤/٢٧) لە سەڵتەنەت خرا و " محەممەدی پێنجەم ڕەشاد" خرایە جێگەی . مەحموود شەوکەت پاشا بوو بە دەسەڵاتداری یەکەم( بە ڕەسمی‌حاکمی‌عورفیی ئەستەمبووڵ و پشکنیاری لەشکری یەکەم و دووەم وسێیەم) . حوسێن حیلمی کرایەوە بە سەرەك وەزیران(١٩٠٩/٥/٥).

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

( بڕ- شۆ و شۆ ) . مەحموود شەوکەت پاشا، چەند ساڵێك دواتر(١٩١٣/١/٢٣) بوو بە سەرەك وەزیران ، تا لە ١٩١٣/٦/١١دا لە مەیدانی بایەزید لە ئەستەمبووڵ لە ڕێی چوونە کۆشکی سوڵتاندا تەقەی لێ کرا و کوژرا . دوای ئەوە،"سەفوەت بەگ" یێك پەنای بە شێخ عەبدوسسەلامی بارزانی برد ،والیی مووسڵ داوای لە شێخ عەبدوسسەلام کرد کە ئەوە تەسلیم بکاتەوە بەوناوە کە ئەوە مەحموود شەوکەت بەگ پاشای سەرەك وەزیرانی کوشتووە، شێخ عەبدوسسەلام تەسلیمی نەکردەوە .( بڕ- پێڕەش( ئەیووبی شێخ بابۆی بارزانی )، بارزان و حرکة الوعي القومی الکردی ١٨٢٦- ١٩١٤ ،چاپی ١٩٨٠) .

(٥٠) ئەسڵ : سەلیم عالی ( یان سەلیم عەلی) . ئەمین زەکی دەڵێ " مەلا سەلیم " .

(٥١) ئەسڵەکە زۆر شێواوە، ناوی بارزانی و بەرزنجی‌ی تێکەڵ پێکەڵ کردوون و هیچی بەسەرهیچیەوە نیە ؛ باسی ئەوانە و شێخ یەحیا و... دەبوا لە ژێر سەردێری تردا باس بکرانایە .

(٥٢) سەجادی ( مێژووی ئەدەبی کوردی) و جەمال خەزنەدار( ڕابەری ڕۆژنامەگەری‌ی کوردی) زانیاریەکی لەمە جیاواز دەدەن .

(٥٣) من نەمزانی وەزیر بوونی مارك سایکس و جۆرج پیکۆ لەکوێوە سەری هەڵێناوە . سایکس حەقەن وەزیر نەبووە . لە هیچ سەرچاوەیەکی تری غەیری کوردیشدا نەمدیوە کە پیکۆ وەزیر بووبێت .

(٥٤) ئەوە هەر لەگەڵ عوسمانیدا . بەڵام بە نیسبەت ئەڵمانیا لە ١٩١٨/١١/١١دا کۆتایی هات .
ئەنوەر و تەلعەت و جەمال، بە کەشتیەکی ئەڵمانی (١٩١٨/١١/٢) ڕایانکرد بۆ ئۆدێسە و لەوێوە بۆبەرلین، کە زۆر بە نهێنی( ناو و شوێن گۆڕین) دەژیان . وڵاتانی لەشەڕدا سەرکەوتوو داوای تەسلیمکردنەوەی هەر سێ ڕابەریان لە ئەڵمانیا دەکرد بۆ دادگاکردنیان بە سیفەتی " جینایەتکارانی کوشتارانی گشتی".
مۆسکۆ دەعوەتی لێ کردن بچن لە سۆڤیەت درێژە بە " خەباتی ڕزگاریی نەتەوایەتی" بدەن! . ئەنوەر و جەمال چوونە مۆسکۆ . ئەنوەر لەوێ" ئیسلام ئیختیلال جەمعیەت لەری ئیتیحادی "یەکی سازدا و لقێکی تورکیش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە ناوی " هالك شوورالار فرقەسی" . بۆلشەفیك دوای ئەوە بوونە یەکەم دۆستی مستەفا کەمال و دەستیان لەو دووانە بەردا . ئەنوەرهەوڵی دەدا بگەڕێتەوە قەڵەمڕەویی دەوڵەتی تورکیا ، تا لە شەڕێکدا( ١٩٢٢/٨/٤) بە دەستی سەربازی سوپای سوور (سۆڤیەت) کوژرا .« ١٩٩٦/٨/٣ گلەکەی لە تاجیکستانەوە ،بە مەراسیم و هەراو هەنگامەیەکی زۆر( بەشداریی سەرەك کۆمار دەمیرێل...ئیدی) ،هێنرایەوە کۆماری تورکیا و ڕۆژی دوای ئەوە لە گۆڕستانێکی تایبەتی (حوریەتی ئەدەبیە تەپەسی) ی چاغلایانی ئەستەمبوڵ نێژرا » .
جەمال، مامۆستایەتیی لەشکری ئەفغانستانی دەکرد؛ لە ڕێی گەڕانەوەیەکیدا بۆ مۆسکۆ، لە تفلیس دوو ئەرمەنی کوشتیان (١٩٢٢/٧/٢١) . تەلعەتیش لە بەرلین ئەرمەنیەك کوشتی (١٩٢١/٣/١٥) .

(٥٥) ئافەرم بۆ نووسەر کە ئاوا بە جوانی خۆی وهاوپیشەکانی تری هاودەمی خۆی دەناسێنێ . بەڵام خۆزیا ئاوا بە هاسانی دەستە چەورەکەی خۆی وخاوەن دیوەخانانی تری ئەم سەردەمەی وەك خۆی، بە سەری پیاوانی وەك شەریف پاشای خەندان و حیکمەت بابان نەدەستریەوە . زیرەکیەکی زۆر و بێ شەهامەتیەکی زۆر زۆرتر .

(٥٦) حکومەتی سووریا ئەو شوێنانە بە بەشێك لە نیشتیمانی عارەبی سووریا باس دەکاو ئەوە لە کتێبەکانی " جوغرافیای نیشتمانیعارەب"ی خوێندگەکانیدا بە دەرس بە منداڵان دەخوێنێ .

(٥٧) بڵاوکەرەوەی چاپە ئەڵمانیەکە لێرەدا، لە دووکەواندا و بە تیپی جیاوازی ورد، ئەم تەعلیقەی خۆی نووسیوە : « چونکە کەندالٚ پەڕۆیەك بەسەر باسی کوشتاری ئەرمەنیاندا دەدا، کە زۆر کورد بە فەرمانی تورك بەشدارییان تێدا کرد، لێرەدا روون نیە بۆچی ئەرمەنی بەدەگمەن لەو ناوچە ناوبراوانەدا مابوونەوە .
- دەستەی نووسەرانی پۆگرۆم » .
کە تەعلیقیکی سیاسیی پەتییە، بۆ مەبەستی نێوانی "پۆگرۆم"و کەسانێکی ئەرمەنی نووسراوە . بڕ- ل ٩٥ی ئەم کتێبە .

(٥٨) ئەمین زەکی لە باسی پەیمانی سێڤردا نووسیویە :
" خولاسە، مەسئلەی کورد لە حەواڵە و گەواڵە زیاتر شتێکی تر نەبوو . قۆنفرانسی سوڵح، کە کەلیمەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەدالەت و ئینساف و قوتارکردنی میللەتانی مەزلوومەی لە زمان نەئەکەوتە خوارەوە، ئەمجارەش بەرامبەر بە کۆمەڵی بەشەریەت ئیسباتی کرد کە کەلیمەی عەدل و ئینساف بێ مەعنایە و قەڵغانێکە بۆ تەفرەدانی بەشەریەت. هاواری زەعیف و مەزلووم، حەق و حقووقی بێکەسان تەئسیر ناکاتە ویجدانی سیاسەت. بە دەرەجەیەکی وا کە ئەوانەی کە چوار وڵاتی گەورەیان پێشکەش یەك - دوو ملیۆن ئەرمەنی کرد، حەتتا وڵاتێکیشیان بە راستەوراست بە چەند ملیۆن کورد رانەبینی. ئەم زڵلەی حەقارەتە کە لە تەرەف قۆنفرانسی سوڵحەوە لە رووی عەدالەت و ئینساف درا، بە راستی وەکو ئەمسالی تاریخیەی دەرسێکی تری عیبرەت بوو بۆ سواڵکەرانی عەدالەت و ئینساف!". (خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان، بەرگی یەکەم،ل٢٥٣ ؛ رێنووسە نوێیەکە لەمنەوە).

دکتۆر کەمال مەزهەریش لەسەر پەیمانی سێڤری نووسیوە و ویستوویە سووك و ریسوای بکا. بەڵام - وەك نووسەری باس دەڵێ - زۆر کوردی نەتەوەیی پێیان هەڵگوتووە، تەنانەت نووسەرێکی کورد (وا دەزانم مەحموود زامدار بوو) چەند رۆژێك یان چەند حەفتەیەك پێش بڵاو بوونەوەی ئەو نووسینەی دکتۆر کەمال مەزهەر، کچێکی خۆی ناونابوو "سێڤەر" (بە ناوی پەیمانی سێڤر).

دەبینی کە دکتۆر وانلی‌ش لەم کتێبەدا هەمان هەڵوێستی دژی ئەو پەیمانەی هەیە.

پەیمانی سێڤر تاقە دەستکەوتێکی دیپلۆماسیی سەدەی بیستەمی کوردە، کورد بۆ یەکەم جار و دواجار لەو سەدەیەدا بە پەیمانێکی دیپلۆماسیەتی جیهانی(و بە بەشداریی دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان تێدا) بە "نەتەوەیەك کە لەرووی پرەنسیپەوە دەکرێ دەوڵەتی نەتەوایەتی پێکبهێنێ" قەبووڵ کراوە؛ ئەگەر پێك بهاتایە دەبووە سەرەتایەك و دەکرا دواتر لە گۆڕانە گەورەکانی سەدەی بیستدا زۆر بگۆڕدرایە؛ ئێمە دیتمان تورکە کەمالیەکان بە گۆڕینی هەلومەرج پەیمانی سێڤری قەبووڵکراوی نوێنەری دەوڵەتی خۆیان خستە ژێر پێوە،لەرێی" لۆزان "ەوە هاتنەوە ناودەوڵەتان و دوای ئەوە زۆر لە بەندەکانی لۆزانیشیان خستە ژێر پێوە؛ چەندین دەوڵەتی تر چەندین پەیمانیان پێشێل کرد. چەندین نەتەوە لە سەدەی بیستدا کەڵکیان لە شەڕی سارد(ی سۆڤیەت - ئەمریکا) دیت و سەربەخۆیی و یەکێتیی نەتەوایەتییان بەجێ‌هێناو پەیمانی پێشتریان پێشێل‌کردن. ئێستا ئەگەر پەیمانێکی‌جیهانی،نەك سەربەخۆیی،بگرە تەنیاهەرفێدەرا-لیەتی هەمووکوردستانی باشوور(کە تەنانەت ناکاتە ١٦٪ ی نیشتمانی کورد) دابین بکا، دەستکەوتێکی گرنگ دەبێ. پەیمان چیە؟ مەرەکەبێکە گۆڕانی بارتەقایی‌هێز دەیسڕێتەوەو یەکی دیکەی لەجێ دەسەپێنێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

« دوو پەراوێزی وەرگێڕ بۆ ئەم چاپە کە لە چاپی یەکەمدا نەبوون »

(١٧ئا) مارکۆ پۆلۆ، ساڵی ١٢٩٨ لە زیندانی" جێنەوا"دا، چیرۆکی گەشتەکانی بۆ هاوزیندانێکی،" روستو چێللۆ"یا" چیانۆ" ناوێك دەگێڕێتەوە و ئەویش دەینووسێتەوەو دەیکا بە کتێبێك، کە شێوانی زۆری تێکەوتووە .
باسی کورد دە ئەو کتێبەدا ( کە من وەرگێڕانە هۆڵەندییەکەیم لەبەردەستە) هەر ئەوەندەیە :
ـ لە باسی " پادشایی مووسڵ"دا، دەڵێ : " ( ..) جۆرە خەڵکێکی تریشی لێ هەن، چیانشین و پێیاندەڵێن کورد ، مەسیحی یا مسوڵمان، نەژادێکی ئەوپەری خراپ کە حەز لە رووت کردنی بازرگانان دەکەن " .
ـ هەشت پادشایی ئێران ناودەبا دەڵێ : " یەکەم : قەزوێن، دووەم : کـوردستان، سێیەم لورستان (... ئیدی) " و دەڵێ : " ( ئەو هەشت پادشاییە ) خەڵکی دڵڕەق و پیاوکوژیان لێ دەژین و هەر خەریکی یەکترکوشتنن و ئـەگەر حوکمی تـاتـاری لێ نـەبوایە زیانی زۆریان لە بازرگانان دەدا و دیسـا بەم حاڵەش بازرگان لـە راورووت و کوشتنیان هەر سەلامەت نین " .

(٣٩ئا) رەقابەتی فڕکان - فڕکانی تاڵانکردنی کەرەستەی شوێنەواری ژیاریی کۆنی مەڵبەندی مووسڵ لەلایەن ئەوروپاییانەوە، لە سەدەی نۆزدەدا، ناوی سێ کەسی ماڵی رەسسام (راسام ؟ Rassam ) ی تێدا هەیە :
ـ " کریستیان" جێگري کۆنسولي ئینگلیس لە مووسڵ،کە لە ١٨٤٥ ـەوە یارمەتیی" لایارد"ی ئینگلیسی لە بەرامبەر " رۆڤێ" داوە، "رۆڤێ"ی کە لە کۆڵین وتاڵاندا جێی " بۆتا"ی کۆنسولی فەرەنسیی گرتووەتەوە .
ـ "هۆرموزد" ( Hormuzd) برای حەڤدە ساڵانەی ئەو کریستیانە، کە دواتر لە نزیکی دەریاچەی وان خەریکی کۆڵین و تاڵان بووە .
ـ نیمرود( Nimrud) ی برازا یا خوشکەزای ئەو دووانە، بۆ پاسداریی کەرەستەی شوێنەوار لە نەینەوایان داناوە .
بڕوانە : Brian M. Fagan, Return To Babylon. 1979.
خاڵفین دەڵێ " نوێنەری کۆنسولی ئینگلیس لە مووسڵ راسام" (ل ١٠٩) ( کە " کریستیان " دەگرێتەوە) ؛
" لازارێڤ"یش( کێشەی کورد ١٨٩٦-١٩١٧، وەرگێڕ دکتۆر کاوس قەفتان، چاپی بەغدا ١٩٨٩، ل٥٢)
هەمان قسەی" خاڵفین" دەڵێتەوە ." دکتۆر قاسملو" دەڵێ " نەمروود" و" کەندال"ی هەڤاڵی دەڵێ " نمرود"،
دەبێ یەکێك لەم دوو هەڤاڵە ئەوەی لە " ئاڤریانۆڤ" و هەڤاڵەکەی لەوی وەرگرتبێ، کە دەبێ هەڵە بێ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باسی دووەم

# لێنۆڕینێکی مەسەلەی نەتەوایەتیی
# کوردستانی تورکیا
# بە زەمینەی مێژووییەوە

نووسینی : دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرێمی باكووری كوردستان ( یا: كوردستانی ژێردەستی توركیا، كوردستانی موستەعمەرەی توركیا )، كە تورك ئێستا نایانەوێ بەناوی خۆی ناوی بەرن و پێی دەڵێن : " دۆغو ئەنادۆلو" ( ئەنادۆڵی رۆژهەڵات) (١) ، یا : " گونەی دۆغو ئەنادۆلو" ( باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ) ، یا لە كورتیەوە دەیبڕنەوە و دەیكەن بە"دۆغو" ( رۆژهەڵات) و، وادەبێ پێی‌دەڵێن : " شەرق " ؛ لە رووی ئیداریەوە ١٩ ویلایەت لە ٦٧ ویلایەتەكەی كۆماری توركیا (٢) دەگرێتەوە . نیوەی رۆژئاوای مەرەش و هێندێك شوێنی كەناری ویلایەتەكانی مەڵاتیە و ئەرزەرۆم و قارسی لێ دەرچێ، ئەم ویلایەتانە كوردستانن :

١- ئادی‌یەمان؛ ٢- ئاگری(ئارارات)؛ ٣- ئورفە(٣) ؛ ٤- ئەرزنجان؛ ٥- ئەرزەرۆم ( ئەرزرۆم،ئەرزروم،ئەرزوروم ) ؛ ٦- بتلیس(بدلیس،بەتلیس،بەدلیس)؛ ٧- بنگۆل؛ ٨- خارپووت (خەرپووت(٤) )؛ ٩- دەرسیم (دێرسم،تونجەلی) ؛ ١٠- دیاربەكر( ئامەد ،ئامید)؛ ١١- سێرت(سعرت،سعرد ،سیعرد ،سعیرد)؛ ١٢- عەنتاب(غازیعانتەب،غازیان تەپە) ؛ ١٣- قارس؛ ١٤- ماردین؛ ١٥- مووش؛ ١٦- مەرەش(مەرعش) ؛ ١٧- مەڵاتیە؛ ١٨- وان ؛ ١٩- هەكاری ( حكاری ) . بەشێكی ویلایەتی " سیواس "یش، كە رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی باشووری " زارا"یە، كوردە .

سنووری نێوان كوردستان و توركیا لە " ئەسكەندەرۆنە"وە دەست پێ‌دەكا ؛ بە : مەرەش، ئەلبستان، رۆژئاوای مەڵاتیە،زارا ،باكووری ئەرزنجان، باكووری ئەرزەرۆم دا دەگاتە ئەردەهان و سنووری سۆڤیەت ( گورجستان- وەرگێر) .هەرێمی باكووری كوردستان دەوری ٢٢٥هەزاركم٢یە ، دەكاتە ٢٩,٣٪ ی پێوانەی كۆماری توركیا (٧٦٧هەزاركم٢) . پێوانەی هەموو ١٩ ویلایەتەكە بەتەواوی :٢٣٥هەزاركم٢ ( ئینگلستان ٢٣٠هەزاركم٢) . ژمارەی خەڵكی ١٩ ویلایەتەكەی هەرێمی باكووری كوردستان ، بە گوێرەی سەرژمێریی ١٩٦٥/١٠/٢٤ ، ٠٠٠ ٣٢٩ ٦ كەس بوو*(٥) . ژمارەی خەڵكی هەرێمی باكووری كوردستان ، بە ناوچەی زارا وە و، بێ ئەو بەشانەی كە كورد نین و خراونە سەر ویلایەتەكانی مەرەش و مەڵاتیە و ئەرزەرۆم و قارس، بە رەچاوگرتنی ئەوا- نەش كە سەرژماریەكە نەیگرتوونەوەو نەنووسراون**، هەر لەو ساڵەدا دەوری ٠٠٠ ٢٥٠ ٦ كەس بووە، دەكاتە

---

* Census of Population,by the State Institute of Statistics,Ankara 1969, publication Nr.588.

** من بە ١٠٠هەزار كەسم داناون، سەرژماریی رەسمیی حكومەتی توركیا حیساب بۆ نەنووسراو ناكا ،بەڵام ←

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەك لەسەر پێنجی ژمارەی خەڵکی کۆماری تورکیا کە لەو ساڵە(١٩٦٥)دا ٠٠٠ ٣٩١ ٣١ کەس بووە . ئەوجا ، لە لایەکەوە ملیۆنێك غەیرەکورد - کە زۆربەی تورکە - لە کوردستان دەژین ( دەکاتە ١٦٪ی خەڵکی هەرێمی باکووری کوردستان، ٨٤٪ کوردە)،لەلایەکی دیکەوە یەك ونیو ملیۆن کورد لە دەرەوەی کوردستان ( لە تورکیا) دەژین . ئەم جەدوەلە ئەو مەسەلەیە باشتر روون دەکاتەوە :

| خەڵك | «کەس- ساڵی ١٩٦٥» | «نیسبەتی بۆ ژمارەی هەموو خەڵکی کۆماری تورکیا» | «کەس- ساڵی ١٩٧٠ بەمەزەندە» |
|---|---|---|---|
| خەڵکی کۆماری تورکیا | ٠٠٠ ٣٩١ ٣١ | | ٠٠٠ ٥١٦ ٣٥ |
| خەڵکی هەرێمی باکووری کوردستان | ٠٠٠ ٢٥٠ ٦ | ٪١٩,٩ | ٠٠٠ ٠٧١ ٧ |
| کوردی هەرێمی باکووری کوردستان | ٠٠٠ ٢٥٠ ٥ | ٪١٦,٢٣ | ٠٠٠ ٩٤٠ ٥ |
| غەیرەکورد لە هەرێمی باکووری کوردستان | ٠٠٠ ٠٠٠ ١ | ٪ ٣,١٧ | ٠٠٠ ١٣١ ١ |
| کورد لە دەرەوەی کوردستان( لە تورکیا) | ٠٠٠ ٥٠٠ ١ | ٪ ٤,٧٧ | ٠٠٠ ٦٩٧ ١ |
| کوردی کۆماری تورکیا | ٠٠٠ ٧٥٠ ٦ | ٪٢١,٥ | ٠٠٠ ٦٣٧ ٧ |

٧٤٪ی خەڵکی کۆماری تورکیا تورکە ، ٢١,٥ی کوردە، کەمایەتیەکان ( عارەب ، جوو، ئەرمەنی ، یۆنانی ، چەرکەس، ئازەری و ئیدی...) : ٤,٥٪ .

پرۆفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی( تورکی چەپ)*، لە گوتارێکیدا کە لە گۆڤاری " ئانت" **(سوێند) دا بڵاوکرا- وەتەوە، دەڵێ : " ساڵی ١٩٦٩ " هالك " (گەل)ی کورد لە ١٨ ویلایەتی " دۆغو"دا ٠٠٠ ٩٠٣ ٥ کەس بووە . باسی ئەو کەمایەتیانە ناکا کە لە کوردستان دەژین ، باسی ئەو کوردانەش ناکا کە لە دەرەوەی کوردستان ( لە تورکیا) دەژین . باس کردنی ئەوانە بۆ دەرخستنی دوو نوختە گرنگە، یەکەمیان سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتە-

---

← دیارە - بەتایبەتی لە کوردستاندا - هەن .

* نووسەری " دۆغو ئەنادۆلوونوون دوزەنی : سۆسیۆ- ئیکۆنۆمیك ڤە ئەتنیك تەمەللەر " (بنچینەکانی نەریتی کۆمەڵایەتی- ئابووری و قەومیی ئەنادۆڵی رۆژهەڵات)، ئەستەمبووڵ،١٩٦٩ .

** ژ - ١٠، شوبات( فیوریە )ی ١٩٧١ ،ل ٤٦- ٧٣ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وایەتیی دژی كورد ، كە داگیركەرانی نیشتمانی دەیانەوێ بیتوێننەوە ، بەزۆر پێی‌بگوازنەوە، ئەگە بە دەستە - دەستە و ئەگە یەك- یەكە لە نیشتمانی خۆی هەڵیدەكەن ودەیبەنە ناو توركەوە( ئەمەیان بەتایبەتی لەنێوان دوو شەڕی جیهانیدا بەسەرهێنا)؛ دووەمیان : سیاسەتی دواخستنی بەئانقەستی ئابووری وكۆمەڵایەتیی كوردستان، تا كورد ناچار بێت لە كوردستانی بڕوا و بچێتە ناو توركەوە . بەڵام ئەوەیە كورد تۆڵەی ئەمە بەوە دەكاتەوە كە نیسبەتی زاوزێی(منداڵ بوونی) پترە، بەپێی بردنەوە سەریەكی چەند سەرژماریەكی كۆماری توركیا بۆم دەركەو- تووە: منداڵانی تەمەن ژێری چوارساڵ نیسبەتی١٩,٣٪ی كوردی هەرێمی باكووری كوردستان پێكدێنن ، كەچی نیسبەتی ئەوانە لەناو توركدا ١٣,٤٪ـە( لە كۆماری توركیادا ١٤,٧٪) . پرۆفیسۆر بێشكچی‌یش پاشكەوتوویی " دۆغو" - وێڕای خەتای پەرەسەندنی نایەكسانی سەرمایەداری - دەگەڕێنێتەوە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی . ٢٧٪ی خەڵكی هەرێمی باكووری كوردستان لە شار دەژین، ٧١تا ٧٢٪ی لە دێهاتن، تەنیا ١ تا٢٪ی عەشیرەتی نیوە كۆچەرن ( گەرمیان و كوێستان دەكەن)، كە ئەویش روو لەوەیە لەچەند ساڵێكدا نەمێنێ .

خاكی كوردستان بەم شێوەیە چوارپارچە كراوە :

| دەوڵەت | « پێوانەی (بە موستەعمەرەی كوردستانەوە) » | « پێوانەی پارچەی كوردستان بە كم٢ » | « نیسبەتی خاكی پارچەی كوردستان بۆ پێوانەی‌دەوڵەتەكە (بە پارچەی كوردستانەوە) » | « نیسبەتی خاكی پارچەی كوردستان بۆ پێوانەی هەموو خاكی كوردستان» |
|---|---|---|---|---|
| توركیا | ٧٦٧ ٠٠٠ | ٢٢٥ ٠٠٠ | ٪٢٩,٣ | ٪٤٧,٤ |
| ئێران | ١ ٦٤٠ ٠٠٠ | ١٦٠ ٠٠٠ | ٪ ٩,٨ | ٪٣٣,٧ |
| عیراق | ٤٤٤ ٠٠٠ | ٧٥ ٠٠٠ | ٪١٦,٩ | ٪١٥,٨ |
| سووریا | ١٨٥ ٠٠٠ | ١٥ ٠٠٠ | ٪ ٨ | ٪ ٣,١ |

٤٧٥ ٠٠٠ كم٢ پێوانەی هەموو خاكی كوردستان

كوردستان لەرووی جوغرافیاوە دەكرێ بە شەش بەشەوە : كوردستانی ناوەندی، باكوور، رۆژئاوا، رۆژهەڵات، باشوور، باشووری رۆژهەڵات ( لورستان) .

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژمارەی کورد بەم جۆرەیە :

| دەوڵەت | ژمارەی دانیشتوانی بەگوێرەی سەرژماریی ١٩٦٥ (و ١٩٧٠ بەمەزەندە) | ژمارەی کوردی ژێردەستەی بەگوێرەی سەرژماریی ١٩٦٥ (و ١٩٧٠ بەمەزەندە) | نیسبەتی کورد لەو دەوڵەتەدا |
|---|---|---|---|
| تورکیا | ٣١ ٣٩١ ٠٠٠ (٣٥ ٥١٦ ٠٠٠) | ٦ ٧٥٠ ٠٠٠ (٧ ٦٣٧ ٠٠٠) | ٪٢١,٥ |
| ئێران | ٢٤ ٥٤٩ ٠٠٠ (٢٨ ٥٤٨ ٠٠٠) | ٤ ٥٠٠ ٠٠٠ (٥ ٢٣٣ ٠٠٠) | ٪١٨,٣٣ |
| عیراق | ٨ ٢٦١ ٠٠٠ (٩ ٣٤٥ ٠٠٠) | ٢ ٢٧٢ ٠٠٠ (٢ ٥٧٠ ٠٠٠) | ٪٢٧,٥ |
| سووریا | ٥ ٦٣٤ ٠٠٠ (٦ ٤٩٢ ٠٠٠) | ٥٠٠ ٠٠٠ (٥٧٦ ٠٠٠) | ٪ ٩ |
| هەمووی | ٦٩ ٨٣٥ ٠٠٠ (٧٩ ٩٠١ ٠٠٠) | ١٤ ٠٢٢ ٠٠٠ (١٦ ٠١٦ ٠٠٠) | ٪٢٠,٠٨ |
| کوردی سۆڤیەت | | ١٥٠ ٠٠٠ (١٧٠ ٠٠٠) | |
| کوردی شوێنی دی(وەك ئەفغانستان و لوبنان و...ئیدی) | | ٢٢٨ ٠٠٠ (٢٦٤ ٠٠٠) | |
| ژمارەی هەموو کورد | | ١٤ ٤٠٠ ٠٠٠ (١٦ ٤٥٠ ٠٠٠) | |

ئەمەش جەدوەلێکە نیسبەتی ژمارەی کوردی یەکە- یەکەی ئەو دەوڵەتانە بۆ ژمارەی هەموو کورد دەردەخا :

| کورد لە دەوڵەتی | نیسبەتی بۆ ژمارەی هەموو کورد - ١٩٦٥ |
|---|---|
| تورکیا | ٪٤٦,٩ |
| ئێران | ٪٣١,٢ |
| عیراق | ٪١٥,٩ |
| سووریا | ٪ ٣,٥ |
| یەکێتی سۆڤیەت | ٪ ١ |
| شوێنی دی | ٪ ١,٥ |

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیسبەتی كورد و غەیرەكورد لە كوردستان بەم شێوەیە :

| خەڵكی كوردستانی ژێردەستی | ژمارەی هەموو دانیشتوانی بەگوێرەی سەرژماریی ١٩٦٥ (و ١٩٧٠ بەمەزەندە) | ژمارەی دانیشتوانی كوردی بەگوێرەی سەرژماریی ١٩٦٥ (و ١٩٧٠ بەمەزەندە) | نیسبەتی كورد |
|---|---|---|---|
| توركیا | ٦ ٢٥٠ ٠٠٠ (٧ ٠٧١ ٠٠٠) | ٥ ٢٥٠ ٠٠٠ (٥ ٩٤٠ ٠٠٠) | ٪٨٤ |
| ئێران | ٤ ٤٠٠ ٠٠٠ (٥ ١١٦ ٠٠٠) | ٣ ٩٠٠ ٠٠٠ (٤ ٥٣٥ ٠٠٠) | ٪٨٨,٦٤ |
| عیراق | ٢ ٢٤٧ ٠٠٠ (٢ ٥٤٢ ٠٠٠) | ٢ ٠٥٧ ٠٠٠ (٢ ٣٢٧ ٠٠٠) | ٪٩١,٥٤ |
| سووریا | ٤٨٠ ٠٠٠ (٥٥٣ ٠٠٠) | ٤٥٠ ٠٠٠ (٥١٨ ٠٠٠) | ٪٩٣,٧٥ |
| خەڵكی هەموو كوردستان | ١٣ ٣٧٧ ٠٠٠ (١٥ ٢٨٢ ٠٠٠) | ١١ ٦٥٧ ٠٠٠ (١٣ ٣٢٠ ٠٠٠) | ٪٨٧,١٤ |

دەبینین كوردستانساڵی ١٩٧٠ دەوری دوو ملیۆن غەیرەكوردی تێدایە .

ژمارەی ئەو كوردانەی لە دەرەوەی كوردستان دەژین :

| لە | ساڵی ١٩٦٥ | ساڵی ١٩٧٠ بەمەزەندە |
|---|---|---|
| توركیا | ١ ٥٠٠ ٠٠٠ | ١ ٦٩٧ ٠٠٠ |
| ئێران | ٦٠٠ ٠٠٠ | ٦٩٨ ٠٠٠ |
| عیراق | ٢١٥ ٠٠٠ | ٢٤٣ ٠٠٠ |
| سووریا | ٥٠ ٠٠٠ | ٥٨ ٠٠٠ |
| هەموو | ٢ ٣٦٥ ٠٠٠ | ٢ ٦٩٦ ٠٠٠ |

دەبینین ٢٢,٢ی كوردی كۆماری توركیا لە وڵاتی توركە ، ١٣,٣٪ی كوردی ناو سنووری رەسمیی دەوڵەتی ئێران و ٩,٠٤٪ی ئەوەی عیراق و ١٠٪ی ئەوەی سووریا لەدەرەوەی كوردستان لە وڵاتی داگیركەری نیشتمانی دەژی .

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو دوو جەدوەلەی دوایی ( کە نیسبەتی کوردو غەیرەکورد لە کوردستان و کورد لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا دەردەخەن ) بخەینە پاڵ یەك، دەبینین کە چۆن سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە هەرێمی باکووری کوردستاندا لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان سامناکترە .

بەرامبەر بە هەر یەك کم٢ خاك : ٢٨کەس لە ساڵی ١٩٦٥ و ٣٢,٢کەس لە ساڵی ١٩٧٠دا خەڵك لە کورد-ستان هەبووە ( ٢٧,٨ کەس/ کم٢ لە هەرێمی باکووری کوردستان، لە کۆماری تورکیا : ٤٠کەس/ کم٢) .

( ئەو بەمەزندە وەرگرتنەی سەرژمارییی ١٩٧٠یەم لە رووی نیسبەتی زۆربوونی خەڵکی ئەو شوێنانە داناوە، کە ئەویشم لە سەرچاوەکانی دەزگای کۆمەڵی نەتەوە یەککگرتووەکان دەرێناوە) .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوو- زەمینەی مێژوویی ( تا شەڕی جیهانیی یەکەم )

کورد لە میدیا و لە نەژادی " هیندۆ- ئەوروپایی"یە . زمانی کوردی لە زمانە " ئێرانی"یەکانە، ئێرانی واتا ئاری نەك فارس، نێوانی زمانی کوردی و فارسی و پەشتوو لە نێوانی زمانی سوێدی و ئەڵمانی ( جەرمەنی) یا لە نێوانی زمانی پۆڵەندیو رووسی ( سلاڤی) پتر نیە.کورد زەردەشتی بوون،کەمێکیشیان مەسیحی بوون . لە سەدەی حەوتەمەوە، دوای بەرگرییەکی - هەندێ جار- سەختی دژی عارەب، بوونە مسوڵمان . دوای ئەوە زۆر بۆ مسوڵمانێتی دڵگەرم بوون ، لەسەرەتای سەدەی دەیەمدا کە دەسەڵاتی عارەب روو لە کزی بوو، تەنیا هێزی عەسکەریی کورد و دەیلەمی (بوەیهیەکان) بوو ئیسلامی دەپاراست . پرۆفیسۆر " ڤلادیمیر مینۆرسکی"ی زا- نکۆی لەندەن، ئەم سەردەمی دەسەڵاتی کوردو دەیلەمییە لە رۆژهەڵاتی وڵاتی ئیسلامدا بە " ئینتەرمێدزو"ی (٦) ئێرانی ناودەبا . کاتێك یەکەم تورکی سەلجووقی لە سەدەی یازدەدا پێی ناوەتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ، ئەوسا دوو هەزارساڵ بوو کورد لە کوردستانی دێرینیاندا بوون، و لە دوای رووخانی" نەینەوا"ش (٦١٢پ ز) هاتبوونە بەشێکی دیکەی وڵاتەکەیانەوە . پتر لە سەد ساڵ بەرلەوەی سەلجووقی لە ئاسیای مەرکەزییەوە بەرەو تورکستانی رووسیای ئێستا بکشێن و لەوێوە بێنە ئەم ناوچەیەوە، کورد دەوڵەتی هەبوو، حکومەتی پادشایی سەدەکانی ناوەندی دامەزراندبوو، و سنووری وڵاتی ئیسلامی لە بیزەنتی و مەسیحییان دەپاراست .

چوار دەوڵەتی کوردی بەهێز لەو دەورانەدا هەبوون :

١- دەوڵەتی مەروانی : هەموو کوردستانی ژێردەستی تورکیای ئێستا جگە لە ناوچەکانی باکووری ئاراسی ژووروو و رۆژئاوای فورات،وکوردستانی ژێردەستی سووریای ئێستا جگە لە کورداغ و،بەشێکی کوردستانی ژێردەستی عیراقی ئێستا( بادینان، شنگار، مووسڵ )ی حوکم دەکرد. " شاباز"ی دامەزرێنەری (٧)،فەرمانڕە- وای ئەو شوێنانە و ماکۆ" ( ی کوردستانی ژێردەستی ئێرانی ئێستا ) بوو ، " ئامید" ( دیاربەکر )ی کردبووە پایتەخت، شارێکی بەناوی خۆی(شاباز) ئاوەدان کردبووەوە، دوایی"عادل شا" ناوەکەی کرد بە "عادل جەواز" (٨)کە ئێستاش هەر بەو ناوە ماوەتەوە . پادشایەکی دیکەی مەروانی،پایتەختی گواستەوە بردیە "میافارقین" (سیلڤان) .

٢- دەوڵەتی شەددادی (٩) : پتر لە نیوەی کۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستانی سۆڤیەتی ئێستای حوکم دەکرد ، شاری " گەنجە" (نزیکی رووباری کوورا) پایتەختی بوو .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣- دەوڵەتی راوەندی(رەوادی) (١٠) : تەوریز پایتەختی بوو ، هەموو ئازەربایجانی ئێرانی ئێستای حوکم دەکرد .

٤- دەوڵەتی حەسنەوی (١١) : ناوچەی کەرکووك و سلێمانی و کرماشان و هەمەدانی حوکم دەکرد .

لە سەدەی ١٢و١٣دا سولْتان سەلاحەدین و بنەماڵەی ئەیووبی پەیدابوون (١٢) ، ئیتر نۆرەی کورد بوو رابەریی ئیسلام و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکا . سەربازەکانی سەلاحەدین، نیوەیان کوردو نیوەکەی تریان تورك و چەرکەس بوون، عارەب ئەوسا بەتەواوی دەوری نەمابوو . سەلاحەدین،" ریچارد شێردڵ " (١٣) ی شای ئینگلیس و" فیلیپ ئۆگست "ی شای فەرەنسا و" فریدریك باربەرۆسە "ی شای ئەڵمانی لە شەڕی سێیەمی خاچ پەرستاندا(١٤) شکاند . دواتر، شایەکی دیکەی کورد( توورانی شای ئەیووبی، شای میسر)"سان لویس"ی شای فەرەنسای شکاند و بە دیلی گرت . سولْتان ئەشرەفی ئەیووبی ( شای کوردستان و سووریا) یارمەتیی " کەی قوبادی سەلجووقی" (سولْتانی قۆنیە)ی دا ،پێکەوە لەشکری مغوولیی" جەلالەدین خوارەزم شا "یان لە شەڕی بەناوبانگی" ئەرزنجان" لە ١٠/٨/١٢٣٠دا شکاند . سەلاحەدین، شارلمانی (١٥) رۆژهەڵاتی ئیسلامی بوو . ئیمپراتۆریی کوردی ئەیووبی : کوردستان، سووریا ، لوبنان، فەلەستین، عیراق، میسر، لیبیا ، توونس، سوودان، عارەبستان (ی سعوودیی ئێستا) و یەمەنی گرتبۆوە . سەربازی کورد لە هەر شوێنێك هەبوون . زۆر مێژوونووس و نووسەری گەورەی ئیسلام، وەك مێژوونووسی بەنێوبانگ " ئیبنولئەثیر "ی هەکاری (١٦)، و " ئیبنوخەلەکان"(١٧)ی هەرێمی باشووری کوردستان کورد بوون .

دوای رووخانی ئەیووبیو سەلجووقیەکان،کوردستان بوو بە چەند ئەمارەتێك و ژیاریەکی پڕشنگداری تێکەوت .

تورکی عوسمانی لە سەدەی ١٣دا هاتنە رۆژئاوای تورکیای ئێستا و لە ١٤٥٣دا "کۆنسانتینۆپۆل" (١٨) یان گرت، ئەوجا" بالکان"(١٩)یان گرت و ئەوە سەرەتای دروست بوونی ئیمپراتۆریی عوسمانی بوو .

کوردستان ، هەتاکو سەرەتای سەدەی ١٦ لەسەر رێوشوێنی خۆی دەڕۆیشت . لە ١٥١٤دا سولْتان سەلیمی یەکەم و شازادە کوردەکان پەیمانێکیان دژی سەفەویەکانی ئێران بەست، ئەوەبوو شا ئیسماعیلیان لە شەڕی چاڵدێراندا شکاند ، ئیتر لەوساوە زۆربەی میرنشینە کوردەکان بوون بە بەشێك لە ئیمپراتۆریی‌عوسمانی، بەڵام سەربەخۆیی ناوخۆ و دامودەزگای خۆیشیان هەر پاراستبوو . ئەو پەیمانەی نێوان سولْتان و شازادە کوردەکان ، زادەی بیرو کۆششی مەلا ئیدریسی بتلیسی بوو. فۆن هامەری مێژوونووسی بەنێوبانگی ئەڵمان، کە باشترین پسپۆڕی مێژووی عوسمانییە، دەڵێ سولْتان سەلیم ساڵی ١٥١٥ ئیدریسی نارد " بچێ بە وڵاتی‌کوردستاندا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بگەڕێ، هەر لە کەناری دەریاچەی ورمێی ئەوبەری سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا مەڵاتیەی سنووری ڕۆژئاوای،تاکو پەیمان لە میر و بەگزادە کوردەکان بۆ سوڵتان وەرگرێ" * . ئەم قسەیە زۆرگرنگە، ئەمە لەلایەکەوە دەریدەخا کە ئیمپراتۆریی عوسمانی ئەمارەتەکانی کوردستانی بەرەسمی قەبووڵ کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە سنووری کوردستانی سەرەتای سەدەی شازدە دیاری دەکا کە لە ورمێ وە تا مەڵاتیە بووە .

کە باس بێتە سەر مێژووی سیاسیوعەسکەریی دەوڵەت وئەمارەتە کوردەکان،دەکرێ پیاو بۆ سەرچاوەی مێژوو-ی نەتەوەیکورد" شەرەفنامە" بکاتەوە،کە میرشەرەف خانی میری بتلیس ساڵی ١٥٩٦ بە فارسی نووسیویەتی، دوایی کراوەتە فەرەنسی وعارەبییش . جوغرافیاناس وگەشتوەری سەدەی حەڤدەی تورك ئەولیاچەلەبی بە دوور و درێژی باسی ژیاریی ئەوسای کوردی لە کتێبەکەی (ئەولیا چەلەبی سیاحەتنامەسی) دا** نووسیوە . ژمارەی ئەمارەتە کوردەکان لە چل تێپەڕیبوو،هێندێکیان زۆر گرنگ بوون،دەوڵەتی تەواو و خاوەنی دامودەزگاو داب و نەریتی تایبەتی و لەشکری دایمی بوون، زۆرتر هەر سەربەخۆ بوون تاکو بنەماڵەی سەفەوی بوونە فەرمانڕەوای ئێران . لەدوای شەڕی چاڵدێرانەوە زۆربەیان ( وەك ئەوەی : بتلیس، مەحموودی، هەکاری، حەزۆ، شیروان، دەرسیم، بۆتان، بادینان، سۆران، بابان ) بوون بە شتی کە دەکرێ پێیان بڵێین" دەوڵەتی لەمپەر"ی نێوان عوسمانی و سەفەوی . "ئەردەڵان" یەکێك بوو لەو ئەمارەتە کوردە گەورانەی دوایی،کە خاوەنی مێژوویەکی سەربەخۆ بووە . ئەمارەتە کوردەکانی ئیمپراتۆرییعوسمانی ڕەگەڵ سوڵتانەکانیعوسمانیدا بوون،بە پیاوی خۆیان شەڕیان بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەم کرد تا عیراقیعارەب و سووریا ومیسری گرت . کاتێك سوڵتان سەلیم پەلاماری سووریای دا، خودی ئیدریسی بتلیسی و چەندین میری کوردی وێرابوون . کورد لە ئەورووپاشدا شەڕیان بۆ ئیمپراتۆریی عوسمانی کردووە .

سەدەکانی پازدە وشازدە وحەڤدە، سەردەمی ژیانەوە و گەشانەوەی ماددی و فەرهەنگیی کورد بوون .کوردستان لە سەدەی شازدەدا زۆر گەشابۆوە ، شەرەف خان لەوسەدەیەدا و ئەولیا چەلەبی لە سەدەی دوای ئەوەدا پەسنی نایابی کوردستانیان داوە،کە چۆن لە هەموو ڕوویەکەوە پێشکەوتوو بووە، هەر لە وەستاکاریی خانوو و شار

---

* Joseph von Hammer, Histoire de l'Empire ottoman, vol.4, pp,223-224(French ed.) .

** ساڵانی ١٨٩٦- ١٩٠٠ لە ئەستەمبووڵ چاپکراوە، ١٠ بەرگە، بە هەمان تورکیە کۆنەکەی خۆی و بەحەرفی عارەبییە (٢٠) .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاوەدان کردنەوەوە تا دەگاتە بژیشك و دەرمان،خوێندن،بازرگانی، سەنعەتی دەستی، و...ئیدی . شاری بتلیس (پایتەختی ئەمارەتی بتلیس) - بەغوونە - پڕبوو لە کۆشك و سەرا ،هوتێل، خوێندگە، مزگەوت، پرد ، قەڵا، کار-گەی بچووك، لۆقەنتە و چاخانە، باخچەی گشتی و حەوز و کانیاو؛ مەرکەزێکی گرنگی خوێندن و بازرگانیی دنیا و سیاحەت بوو . ئەولیا چەلەبی دەڵێ ئەم شارە ژمارەیەکی زۆری زانا و شاعیرو نووسەر هەبووە " حەوتیان لە ریزی شاعیرە هەرە ناودارەکانی کوردستان دادەنران" . شەرەف خان باسی ئەستێرەناس وماتماتیك (ریازیات) ناسێکی بەنێوبانگ دەکا . زۆر شاری دیش لە کوردستان : دیاربەکر، وان، جزرە(جزیرە)،عیمادیە، سنە،وکرما-شان، وەك بتلیس پێشکەوتو بوون . هەرچەندە کوردستان لە رووی سیاسیەوە یەك دەوڵەتی یەکگرتووش نە-بووە، بەڵام کورد لەهەرکوێ بووبێ کوردێکی دیکەی بە هاونەتەوەی خۆی داناوە و شایی بەوە بووە کە کوردە. شەرەف خان لە پێشەکیی شەرەفنامەدا باسی" نەتەوەی کورد" دەکا و لە خاسیەتەکانی و لە شەخسیەتی دەدوێ، باسی" نیشتمانی‌کورد"و" سنووری کوردستان"دەکا. هەستی سەربەرزیی بە میرە گەورەکان، پادشا مەزنەکان و شۆڕەسوارانی‌قارەمانی کوردستان لە هەموو باسەکانی شەرەفنامەدا دەبینین .هەروەك لە" ژیاریی کوردستان" یشدا - کە بە فەرەنسی نووسیومە و هێشتا چاپ نەکراوە - گوتوومە ، ئەو ژیانەوەیە گەشەکردنی ئەدەبیاتی نووسراوی کوردیشی وێرابوو . " مەلای جزیری" کە لە سەدەی پازدەدا(٢١) لە بۆتان ژیاوە، دەڵێ :

" گولێ باخێ ئیرەمێ بۆهتانم      شەبچراخێ شەڤێن کوردستانم "

بەداخەوە، حکومەتەکانی کورد و سەنجەقە خودموختارەکانی ، لەدوای پەیمانی ١٦٣٩وە (٢٢) ئیتر سەربە-خۆییان بەرەو نەمان چوو . سوڵتانەکان دەوڵەتە کوردەکانیان کردن بە ویلایەت و جەنەراڵ و پاشای تورکیان لە سەر دانان . بنەماڵە فەرمانڕەوا کوردەکان نەیانتوانی لە بەرەیەکدا بۆ شەڕی تورك کۆ ببنەوە . ئەمارەتەکان یەکە - یەکە پەلاماردران و لە ١٨٤٧دا دوا ئەمارەت( ئەمارەتی بۆتانی ماڵی بەدرخان) رووخا . کوردستانی ژێر دەستی ئێرانیش بە هەمان دەرد چوو، دوا ئەمارەتی ( ئەردەلان) ساڵی ١٨٦٧ لەبەین چوو . ئەفسەری ئەڵمانی بەنێوبانگ" فۆن مۆلتکە" لە گەنجێتیدا لەگەڵ لەشکری عوسمانیدا چووەتە شەڕی کورد ،لە نامەکانیداو لەگوتا-رێکیشیدا باسی ئەو شەڕانە دەکا . دەوڵەتی تورك بە ناوی " تەنزیمات "ـەوە ماڵی کوردی وێرانکرد، هەموو شتێکی لێئەستاندو هیچی نەدایە .کورد دەسەڵات و ئازادی و پێشکەوتنی لەدەست چوو، و ژیاریی کورد زۆر دواکەوت . کارێکی کە ئیمپراتۆریی عوسمانی بە کوردی هەبوو تەنیا لەشکر کردن و باج سەندن بوو . خوێندگە رێکی زەوی کران ؛ بتلیس، وان، دیاربەکر، سیلڤان،جزرە، و شاری دیکەی کوردەواری، کە پایتەختی جوان و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رازاوە بوون، پڕ لە ژیان و شتی جوان و ئاڵوواڵا بوون ، بوون بە جۆرە دێهاتێکی گەورە . ئەولیا چەلەبی خۆی میوانی"عەبداڵ خان"ی دوا میری بتلیس بووە،باسی دەکا دەڵێ عەبداڵ خان پیاوێکی زۆر ژیرو ئەهلی زانست بووە، چەندین کتێبی بژیشکی و گیاناسیی نووسیوە ، سەعاتساز و بژیشکێکی بێوێنە بووە، سەعاتێکی درو- ست کردووە کە بە ئەنگوستیلەیەکەوە بووە سوڵتان موراد کردوویەتە پەنجەی خۆیەوە، سەعاتی بە زەنگی وە- ئاگاهێنانی دروست کردووە کە ئیشارەتی بورجەکانی تێدا بووە ، ٤٤ کارگەی لە کۆشکەکەیدا هەبووە ، هەر یەکەی بۆ شتێك . عەبداڵ خان بە هەزاران کتێبی لە کتێبخانەکەیدا هەبووە کە زۆری هەر دەستخەت بووە، زۆر نەخشەی کۆن و مینیاتوور ی(٢٣) نایاب و نەخش و نیگاری هەبووە . عەبداڵ خان زۆر بە تەنگ تەندروستیی خەڵکەوە بووە ، ئەولیا چەلەبی دەڵێ خۆی میری دیتووە کە خەریکی دروست کردنی دەرمان بووە، یا بە چارە- کردنی کەسانێکی کوێر یا خەڵکی پیرەوە خەریك بووە. عەبداڵ خان لە دەوڵەمەندترین پیاوانی کوردستان بووە، مەلیك ئەحمەد پاشا(..)(٢٤) مڵك و ماڵی عەبداڵ خانی زەوت کرد :هەشتا کیسە زێڕ، دە کاروان ئێستر، دە کار- وان ئەسپ و ...ئیدی ئێمە بە هۆی ئەولیا چەلەبییەوە بەمانە دەزانین، کە لە کاتی نووسینی لیستەی تالانەکەدا لەوێ بووە . ( هەر بەرلەوەش،ئەم مەلیك ئەحمەدپاشایە ساڵی ١٦٣٨ ویستبووی عەبداڵ خان تاڵان بکا، عەبداڵ خان ئەوەندە زێڕی بەخۆی و ئەفسەرەکانی دابوو کە ئەوجارە لە کۆڵ خۆی کردبوونەوە و، چووبوون لە جیاتی ئەو کوردەکانی" شنگار"(٢٥)یان تالان کردبوون ) . گەنجینەی هونەری و فەرهەنگیی میری کوردی بەدبەخت بە یەکجاری لەنێوچوون ، ئەولیا دەڵێ کە توانیویە تەنیا نووسراوێکی نایابی دەستخەت لە چنگی عەسکەرێك دەرێنێ کە عەسکەرەکە بە چەقۆ تێی کەوتووە .

زۆربەی ئەو نووسەرە بێگانانەی باسی " کوردایەتی" دەکەن، دەست پێکردنی تەنیا لە سەدەی بیستەوە دەبینن، بەڵام ئەوەی ئاگاداری مێژووی کورد بێت دەزانێ ئەوانە هەڵەن. بەدرخان و شێخ عوبەیدوڵڵای شەمدینان هەر- دووکیان خەباتیان بۆ دروست کردنی دەوڵەتی کورد بووە . " ئەحمەدی خانی"یش کە شاعیرێکی هەژار بووە، لە سەدەی حەڤدەدا هەستی نەتەوایەتیی کوردی بە باشترین شێوە لە " دیباچە"ی " مەم و زین" دا تۆمار کردووە :

بفکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان ... کوردمانجیە بوویە شبهی برجان
ئەڤ رووم و عەجەم بوان حسارن ... کوردمانج هەمی ل چار کەنارن
هەردوو تەرەفان قەبیلی کوردمانج ... بۆ تیری قەزا کرینە ئامانـــج
گۆیا کۆ ل سەر حەدان کلیـــدن ... هەر تایفە سەددکن سەدیـــدن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەڤ قولزمی رووم و بەحری تاجیك          هندێ كۆ بكن خرووج و تەحریك
كوردمانج دبن ب خوون ملەتتەخ          (..)

خانی خەون بە پادشایەكەوە دەبینێ كە یەكگرتنەوە و ئازادیی كوردستان وەدەست بهێنێ، ئەوجا دەڵێ :

گەر دێ هەبوا مە ئتتفاقـــــەك          ڤێكرا بكرا مە ئنقیـــــادەك
تەكمیل دكر مە دین و دەولـــەت          تەحسیل دكر مە علم و حكمەت (٢٦)

كوردستانی عوسمانی ، سەرتاسەری سەدەی نۆزدە ، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی كورد و دەركردنی داگیركەری تورك لە كوردستان، لە شۆڕشدا بوو : راپەڕینی ١٨٢٨-١٨٢٩( وەك پرۆفیسۆر ڤیلچێڤسكی باسی كردووە و نیكیتین لێی وەرگرتووە)، راپەڕینی ١٨٥٣-١٨٥٥ (لە كاتی شەڕی قرم‌دا، بە رابەریی یەزدان شێر)، راپەڕینی ١٨٨٠-١٨٨١ بە رابەریی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمدینان كە گەیشتە چەند شوێنێكی كوردستانی ئێرانیش و داوای سەربەخۆیی تەواوی كوردستانی كرد .

بە بڵاوكردنەوەی یەكەم رۆژنامەی كوردی بەناوی " كوردستان"،لە ساڵی ١٨٩٨ـەوە قۆناغێكی نوێی كوردا-یەتی دەستی پێكرد. رۆشنبیرانی لاو رابەری ئەم قۆناغە بوون : پارێزەر، ئەفسەر، خوێندكارانی زانكۆ كە خوێندنی نوێیان دەستكەوتبوو و لە چینی ناوەند یا لە بنەماڵە ناسراوەكان بوون ؛ پێوەندیی رۆژانەیان لەگەڵ خەڵكی كوردەواریدا ئەوەندە نەبوو . هێندێكیان( وەك چەند كەسێكی ماڵی بەدرخان) ماوەیەك لە قاهیرە بوون دوای ئەوە چوونە جنێڤ . نەتەوایەتیی نوێ لەوكاتەدا بە دروشمەكانی شۆڕشی فەرەنساوە كەوتبووە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵام ئەمە بۆ كورد شتێكی نوێ نەبوو، بناخەی بیری نەتەوایەتی لای كورد دەگەڕێتەوە شەرەف خان و خانی و - دواتر- حاجی قادری كۆیی ( هەرێمی باشووری كوردستان ) .كەواتە نەتەوایەتی ، دووسەدەش بەر لە شۆڕشی فەرەنسا لە كوردستاندا هەر هەبوو . ئەم " نەتەوایەتی"یە تەئسیری بەسەر توركدا زۆر بوو .

شۆڕشی ١٩٠٨ی ئەفسەرە لاوە نەتەوەییەكانی تورك ملهوڕیی سولتان عەبدول حەمیدی بڕیەوە . كورد ئیجازە-ی كردنەوەی چەند یانە (كلوب )یەكی وەرگرت و بۆ یەكەم جار كۆمەڵەی سیاسیی كورد دروست بوون . كورد هیوادار بوو مافەكانی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییدا دەستكەوێ، بەڵام ئەوەبوو توركەكان لەپڕ لە گشت نەتەوە-كانی ژێردەستیان هەڵگەڕانەوە . ساڵی ١٩١٥ دەوری ملیۆنێك ئەرمەنی یا بەركوشتار كەوتن یا رایانكردە وڵاتانی تر.كوردیش لەم كارەساتە بێبەش نەبوو، ئارشاك سافراستیان ( نووسەری ئەرمەنی) دەڵێ : بە دەگمەن

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵك ئەوە دەزانێ کە کوردی باکووری مووسڵیش " بە رادەیەك کارەسات و بەڵای شەڕی جیهانیی یەکەم گرتنیەوە کە مەگەر بە رادەیەکی زۆر کەم لەوەی ئەرمەنییان کەمتر بێت" *. مێژووناسیکورد محەمەد ئەمین زەکی، کە لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا سەرهەنگ ( عەقید ) ی لەشکری عوسمانی بووە (٢٧) ، زۆر نموونەی زیانی کوردی لەو شەڕەدا لە کتێبەکەیدا ( خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان) باس کردووە، کە - بەڵای کەم بەشێکی - کاری سیاسەتی ئیتیحادیەکان ( ئەفسەرە لاوەکانی کە دوایی حوکمیان گرتە دەست ) بووە : هەڵکەندنی خەڵك لە شوێنی خۆیان و بەزۆر کۆچ پێکردنیان، زەوتکردنی خۆراك و دەغڵ و دانیان،برسێتی و قاتی نانەوەی بە ئانقەست و ... ئیدی .

---

* Arshak Safrastian, Kurds and Kurdistan, London, 1948, P.74.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سێ - بزووتنەوەی کەمالی و گەلی کورد

عوسمانی لە شەڕدا لایەنی ئەڵمانیا و هێزەکانی ئەوروپای مەرکەزیی گرت، و ئەو لایەنە شەڕی دۆڕاند .

گەلانی ژێردەستی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەبوو، بە پێی پەیمانی سێڤر ی ١٩٢٠، سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمییان بدرێتێ. رووخانی ئیمپراتۆرییعوسمانی و رزگاریی گەلانی ژێردەستی، بەشێك بوو لەو باسی نەهێشتنی ئیستیعمار و مافی دیاریکردنەی چارەنووسی خۆ ی لە چاردە نوختەکەی سەرەكکۆماری ئەمریکا " وودرۆ ویلسن"دا بوو. بە گوێرەی پەیمانی سێڤر، دەبوو عارەب لە چەند دەوڵەتێکدا بخرانایە ژێر ئینتیدابەوە.

بەگوێرەی" بەشی سێیەم - کوردستان،بەندی ٦٢و٦٣و ٦٤ " دەبوو دەوڵەتێکی خودموختاری لە چوارچێوەی تورکیادا بدرێ بە کوردستانیعوسمانیی کۆن و دوای ئەوە هەلی سەربەخۆیی تەواوی- بەچەندمەرجێکەوە- بۆ برەخسێندرێ . بەندی ٦٤ دەڵێ :

« ئەگەرهاتو تا ساڵێك پاش خستنە کاری ئەم پەیمانە،کوردەکانی دانیشتووی ئەو مەڵبەندەی لە بەندی ٦٢دا دەست نیشان کراوە، بە ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکانیان راگەیاندو سەلماندیان کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو مەڵبەندە دەیانەوێ لە تورکیا جیاببنەوەو، ئەگەر ئەنجومەنیش پێی وابوو ئەوانە بۆ سەربەخۆییەکی وا دەبن و رایسپارد کە بیاندرێتێ،ئەوا تورکیا لە ئێستاوە دەستەبەر دەبێ کە ئەو راسپاردەیە قەبووڵ بکا و لە هەموو هەق و دارایییەکی لەومەڵبەندە دەست هەڵگرێ . چۆنێتیی ئەو دەست هەڵگرتنە بەدرێژی لە پەیمانێکی تایبەتی نێوان تورکیا و هێزە هاوپەیمانەکاندا باس دەکرێ .

ئەگەر ،وکاتێك،دەست هەڵگرتنی باسکراو بەجێ هات، وکوردی لەو بەشەی کوردستان دەژین کە ئێستا سەر بە ویلایەتی مووسڵە بە ئارەزووی خۆیان ویستیان بچنە پاڵ ئەم کوردستانە سەربەخۆیە، ئەوە لەلایەن هێزە هاوپەیمانە سەرەکیەکانەوە هیچ بەرهەڵستییەکیان ناکرێ » .

کەواتە ئەم پەیمانە :

١- کوردستانی ژێردەستی ئێرانی نەخستووەتە ئەو دەوڵەتە کوردەوە .

٢- ئۆتۆنۆمیی کورد بۆ ئەو مەڵبەندە کوردانە بوو کە دەکەوتنە رۆژهەڵاتی فوراتەوە ( بەندی ٦٢)، واتا ئەو بەشەی کوردستانی رۆژئاوای فورات ( وەك- بەهنووسە- مەلاتیە) نەدەکەوتنە ناو سنووری ئەو ئۆتۆنۆمییەوە .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣- هەر بەگوێرەی ئەو بەندەی ٦٢ دەبوو مەڵبەندی ئۆتۆنۆمیی کورد بکەوێتە " باشووری سنووری باشووری ئەرمەنستان"ـەوە کە دواتر دیارەکرا ،بکەوێتە"باکووری سنووری تورکیا لەگەڵ سووریا ومیسۆپۆتامیا" وەك بەندی٢٧دیاری کردبوو. بە پێچەوانەی ئەوەی کە دەبووکوردستان لەپێشدا ئۆتۆنۆمیی لە چوارچێوەی تورکیادا بدرایێتێ، دەبوو ئەرمەنستان دەست بەجێ ببوایە بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ( بەندەکانی ٨٨ تا ٩٣ی پەیمانەکە) .

دەبوو سەرەك کۆماری ئەمریکا پاشان بەتەواوی بڕیاری بدایە چۆن سنووری باشووری ئەرمەنستان لـەگەڵ تورکیادا بکێشرایە . بەندی٨٩ باسی ئەم سنوورکێشانە دەکا کـە دەڵێ دەبێ " لە ویلایەتەکانی ئـەرزەرۆم، ترابزۆن،وان، و بتلیسدا" بێت ؛ واتا : ئەرزەرۆم و وان و بتلیس لەنێوان ئەرمەنستان و ئۆتۆنۆمیی‌کوردستاندا بەش بکرێن . دەمو راوێژی سیاسیەکانی رۆژئاوا وابوو کە حەقمن لە وان ـەوە بدرایە بە ئەرمەنستان . بـەڵام ویلایەتەکانی وان و بتلیس و ئەرزەرۆم کـورد بوون و ئەرمەنیەکی ئەوتۆ لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا نەمابۆوە*، ئەمە وەنەبێ هەر بە هۆی کوشتاری١٩١٥بێ؛ بەگوێرەی" کتێبی زەرد"ی کە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا ساڵی ١٨٩٦بەرەسمی دەربارەی مەسـەلەی ئـەرمەنیی بڵاوکردۆتەوە، خـەڵکی ئەو شەش ویلایەتەی "رۆژهـەڵات" ی کـە ئەرمەنی بـە ئەرمەنستانیان دادەنان (٢٨) تەنها ١٣٪یان ئـەرمەنی بوون . ترابزۆنی لێ‌دەرچێ ، ٨٠٪ ی ویلایەتەکانی" ئـەم رۆژهـەڵاتە " لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا کـورد بوون .کەواتە،هەموو بەشی باکووری هەرێمی باکووری کوردستان دەدرا بە ئەرمەنستان .

٤- هەموو هەرێمی باشووری کوردستان ( کەدوایی خرایە سەر عیراق ) لە بەشەکانی تری کوردستانی عوسمانی جیا کرابۆوە، کە دەکرێ پیاو ئەمە لە دوا بەشی بەندی ٦٢یش تێ‌بگا .

«هەرچەندە ئاگربەسی مودرۆس‌یش( لە ١٩١٨/١٠/٣٠دا) لەگەڵ تورکیادا بڕیاری لەسەر درابوو،بەڵام ئینگلیس گوێی نەدایێ وهات باشووری‌کوردستانی داگیرکرد. نە پەیمانی سێڤرو نە پەیمانی لۆزانی دوایئەوە مەسەلەی سنوورکێشانی تورکیا و میسۆپۆتامیایان چار نەکرد. ئیتر کێشەی دیپلۆماسیی نێوان تورکیا و ئینگلیس بـە ناوی " مەسەلەی مووسڵ " لەمەوە پەیدا بوو، تاکو بڕیاری ١٩٢٥/١٢/١٦ ی ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان بڕیەوە کە هەرێمی باشووری کوردستان بدرێ بە دەوڵەتی عیراق کە بەدەست ئینگلیسەوە بوو ، بە مەرجێ

---

* بڕ- باسی " نێوانی کورد و ئەرمەنی لە سەدەکانی ناوەندیدا"، لە کتێبی نووسینی مندا :

La Civilisation du Kurdistan : genèse, fastes et devenir de la nation Kurde .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خودموختاریی تێدا بدرێ بە کورد . هەرچەندە حکومەتی عیراق و ئینگلیس پاشان "بەرەسمی"یش رایانگەیاند کە "دەیانەوێ خودموختاریی کورد(ی هەرێمی باشووری کوردستان) دابین بکەن" ، بەڵام - دیتمان کە - ئەو بەڵێنەیان قەت بەجێنەهێنا . کوردی هەرێمی باشووری کوردستان زنجیرەیەك شۆڕشیان کرد ، کە دواییەکەیان ئەوەی ١٩٦١/٩/١١ی بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو*. »

٥- سنووری تورکیا و سووریا( کە بەندی ٦٢ ئاماژەی پێدەکا) بە پێی پەیمانی لەندەن لە ١٩٢١/٣/٩دا وا بڕایەوە کە بەشێکی کوردستانیعوسمانی( بەتایبەتی جزیرە و کورداغ ) بەر سووریا بکەوێ ، پەیمانی ئەنقەرەی نێوان فەرەنسا و تورکیاش لە ١٩٢١/١٠/٢٠دا پێی لەسەر ئەمە داگرت**.

تورك بەگژ پەیمانی سێڤر و هێزەکانی ڕۆژئاواو یۆناندا چوون . مستەفا کەمال بزووتنەوەکەی لە کوردستانەوە دەست پێکرد ، ڕووی لە سەرەك عەشیرەت و پیاوە ئاینیە گەورەکانی کورد نا کە ئەوان یارمەتی بدەن وئەویش بەڵێنیان دەداتێ هەمان ئەو ئازادی و یەکسانی و داهاتووە شادەیان بداتێ کە بۆ تورکی دەوێ . کەمالیەکان لە "پەیماننامەی میللیی تورك- ١٩٢٠/١٢/١٧"دا(٣٠) بەڵێنیان دا ڕێز لە مافی قەومە مسوڵمانەکانی عوسمانی بگرن . هەمیشە هەر باسی "پێوەندیی ئیسلامی" و "یەکگرتن" و "هاوکاریی کورد و تورك" یان دەکرد. کەمایەسیەکانی پەیمانی سێڤریان، بەتایبەتی ئەوەی زۆر شوێنی کوردستان بدرایە بە ئەرمەنیەکان،لە پڕۆپاگە-ندەیاندا زۆر بەکەڵك هات . ئەوەی ڕاستی بێت ، زۆربەی کورد بڕوایان بە بەڵێنەکانی ئەتاتورك (٣١) کردبوو، لەبەرئەوە لە ١٩٢١و تا ١٩٢٣-١٩٢٤هەڵوێستی ڕۆشنبیرانی کوردو هەڵوێستی زۆربەی گەلیکورد ڕێکی یەك نەدەهاتنەوە . وەفدی کورد بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ شەریف پاشا( باڵیۆزی پێشووی عوسمانی لە سوێد) داخواز-یەکانی کوردی بە دوو بیرخەرەوە (١٩١٩/٢/٦ و ١٩١٩/٣/٢٢) پێشکەشی کۆنگرەی ئاشتی کرد. وەفدی ئەر-

---

* بڕ- دکتۆرنامەی من( بە فەرەنسی) (٢٩)، کە لەسەر ئەم شۆڕشەی کوردستانە، لە زانکۆی لۆزان پێشکەش-کراوە و وەرگێراوە،و دوای ئەوە بە کتێب چاپ کراوە :

Dr. Ismet Chériff Vanly, Le Kurdistan irakien entité nationale, étude de la révolution de 1961(diss,), La Baconnière, Neuchâtel, Switzerland, 1970, 418 pages.

** بڕ- هەردوو نووسراوی من کە ساڵی ١٩٦٨ بڵاوکراونەتەوە :

The Kurdish Problem in Syria : Plans for the genocide of a national minority.

The Persecution of the Kurdish People by the Baath dictatorship in Syria.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەنیش،کە ئینگلیس بەسەری رادەگەیشتن، لە هەمان کۆنگرەدا بوو. ئەوەبوو دوو وەفدی کورد وئەرمەنی لەوێ لەسەر "بەشی سێیەم- کوردستان"ی پەیمانی سێڤر رێككەوتن ؛ بەڵام ئەوەتا زۆربەی کورد کەوتبوونە ژێر تەئسیری پڕۆپاگەندەی کەمالیەکانەوە و زۆر گوێیان بە وەفدەکەی پاریس‌یان نەدەدا . ئۆتۆنۆمیەکی تەواو (٣٢) کە بە "برایانە" لەگەڵ تورکدا لەسەری رێكبكەوتنایە و بەڵێنی کەمالیەکانیان بۆ جێبەجێ بوایە، لایان لەو ئۆتۆنۆمیەی پەیمانی سێڤر باشتر بوو کە دڵی گەلی تورکی"برایانی" لێ دەڕەنجاندن . گوتاری رەسمیی وەفدی تورك لە کۆنگرەی لۆزان (١٩٢٢-١٩٢٣) و دواتر لەبەردەمی کۆمەڵی نەتەوەکانیشدا(١٩٢٥) پڕ بوو لە زمان - لووسی بۆ کورد ،نەك هەر ئەوەندە کە بڵێن کورد گەلێکی جیاوازە، بەڵکە بە گەلی هاوبەشی تورکیان دادەنا لە کۆماری تورکیادا و وەك تورك بە گرنگ و خاوەن مافیان باسدەکرد . عیسمەت ئینونوی سەرۆکی وەفدی تورك و ( و دوای ئەوە سەرەكوەزیران) سەرلە بەیانیی ١٩٢٣/١/٢٣ ،لە کۆنگرەی لۆزاندا گوتی : " حکومەتی مەجلیسیگەورەی میللەتی تورکیا(٣٣) ئەوەندەی هی تورکە ئەوەندەش هی کوردە"، چونکە ئەوەتا "نوێنەرانی راستەقینە و شەرعي کورد لە مەجلیسدا کورسییان هەیە و رێك وەك نوێنەرانی تورك لە حکومەت و ئیدارەی وڵاتدا بەشدارن " . کاتێك سەرۆکی وەفدی ئینگلیس لۆردکەرزۆن لە کۆنگرەدا گوتی :"کورد لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا بە دڵ لای تورکیان نەگرتووە " ، عیسمەت پاشا وەڵامی دایەوە گوتی : " هەموو جەنەراڵ و ئەفسەرە گەورەکانی لەشکری عوسمانی لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا بە چاوی رێز و پەسندکردنی تەواوەوە لەو خزمەتەی گەلی کوردو ئەو قوربانیانەی دەنۆڕن کە لە رێگەی رزگاریی نیشتمانی دایکدا پێشکەشی کرد"،کە " لە شەڕی دژی سوڵتان و حکومەتی لەنێوچووی ئەستەمبوڵ" و لە" شەڕی سەربەخۆیی"(دژی یۆنان١٩٢٠-١٩٢٢) و" لە هێرشی دواییدا کە بووە هۆی شکانی یۆنان"،لەوانە هەموویدا" کورد و تورك لە پەنا یەك بوون، پێکەوە بۆ هەمان ئامانجی پیرۆز شەڕیان کردووە" ، لۆرد کەرزۆن گوتی هەرێمی باشووری کوردستان ئۆتۆنۆمیی لە چوارچێوەی دەوڵەتیعیراقی ژێر ئینتیدابی ئینگلیسدا دەدرێتێ،ئەوجا رووی کردە وەفدی تورك و گوتی :" ئایا ئێوە ئامادەن ئۆتۆنۆمی بدەن بە کوردەکان ؟ "، عیسمەت پاشا وەڵامی دایەوە گوتی : کورد هەموو مافێکی هاونیشتمانیی تورکیان هەیە "، حکومەتی ئەنقەرە" بۆ کورد حکومەتێکی بێگانە نیە " و ئەو ئۆتۆنۆمیەی بۆ ویلایەتی مووسڵ باس دەکرێ کورد" دەخاتە ژێر دەسەڵاتی هێزێکی بێگانەوە" بە شێوەیەك کە ئیتر کورد" لە نیشتمانی خۆیاندا ئازاد نابن" و "ئەم کەوتنە ژێر دەسەڵاتی هێزێکی بێگانەیە بە نەژادێکی وەك نەژادی کورد کە خۆی خاوەنی خۆیەتی قەبووڵ ناکرێ " . عیسمەت پاشا گوتی ئەگەر کوردی ویلایەتی مووسڵ بخرێنە سەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عیراق و بکەونە ژێر ئینتیدابەوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە "ئیستیعمار دەکرێن".

تورك، بە پەیمانی لۆزان ( ١٩٢٣/٧/٢٤ ) ، هەرچی لە پەیمانی سێڤر بەدڵیان نەبوو وەلایان د ا. پەیمانی لۆزان - وەك گوتمان - کێشەی مووسڵ و سنووری عیراق و تورکیای نەبڕیەوە ( ئەوە درایە دەست کۆمەڵی نەتەوەکان )، بەڵام تورکیای بەتەواوی لە نێوان دەوڵەتاندا جێکردەوە،کەمالیەکان هەستیان کرد کە - بە لۆزان - بەهێز بوون، ئیتر کاریان بە قەوانەی برایەتی و مرایەتی لەگەڵ کورددا نەما، پێچیاندایەوە و کەوتنە تاوانبارکردنی کورد بە بوونە" ئالەتی دەستی ئینگلیس و سوڵتان"، و بەوە کە " لە شەڕی جیهانیی یەکەم و لە شەڕی سەربەخۆییدا بە غەدر لەدواوە خەنجەریان لە پشتی تورك داوە ". کەمالی ، دەستێکیشیان بە مەجلیس ( پەرلەمان) دا هێنا و نوێنەرانی کورد"ی غەددار!" یان - بەگوێرەی ئوسووڵ و قاعیدە!- گرتن، و ئیتر ئەم سیاسەتەی تواندنەوە و لەنێودانەی نەتەوایەتیی کورد هات کە ئێستاش هەر بەردەوامە. پەیمانی لۆزان بەلای باسی کورد و بوونی لە کۆماری تورکیادا نەچوو . لە بەندی ٣٧ـەوە تا ٤٤ باسی ئەو " کەمایەتیانە "بوو کە لە تورکیا دەژین، کە مەبەستی زۆرتر مەسیحی ( وەك ئەرمەنی)یەکان بوو، چونکە تورك خۆیان دەیانگوت " کورد کەمایەتی نیە و گەلێکە لەگەڵ تورکدا پێکەوە حوکم دەکەن". حکومەتی تورکیا( لە بەندی ٣٨دا) " هەموو دانیشتوانی تورکیا" دڵنیا دەکا کە ژیان و ئازادییان بەتەواوی بپارێزێ ، بێ هیچ جیاوازیئانەوەیەك بەهۆی هەر هەلومەرجێکی کەس و کار، نەتەوە، زمان، نەژاد، یا ئاینەوە". بەپێی بەندی ٣٩، حکومەتی تورکیا پەیمان دەدا کە پێش بە هیچکەسێکی تورکیا نەگرێ، بە ئارەزووی خۆی هەر زمانێکی دەیەوێ بەکاربێنێ ،لە ژیانی تایبەتی،بازرگانی، کاروباری ئاینی،چاپ و بڵاوکردنەوە وکۆبوونەوەی گشتیدا . کەواتە ئەوەی کە تورکیا بەرامبەر بە کوردی دەکا : فەرهەنگی کوردو چاپ بە کوردی و، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بازرگانی و لەکۆبوونەوەی گشتیدا ڕێگا نادا، دژی ئەم بەندەی پەیمانی لۆزانە کە ئێستاش بە ڕەسمی لەکاردایە و دەوڵەتان کۆماری تورکیایان بە مەرجی بەجێهێنانی ئەو پەیمانە لەناوخۆیاندا قەبووڵ کردووە .

حکومەتی تورك،دوای پەیمانی لۆزانیش،لە هەمان کاتدا کە بەوجۆرە لە کوردی ژێردەستی خۆی هەڵگەڕابۆوە و کاری بە قەوانەی برایەتی و مرایەتی لەگەڵیدا نەبوو ، بەتەواوی دەستی لەوە نەشۆریبوو کە هەرێمی باشووری کوردستانی ژێردەستی ئینگلیس بخاتە دەستی خۆیەوە ، لەبەرئەوە لە کاتی باس کردنی مەسەلەی مووسڵ لە کۆمەڵی نەتەوەکاندا باسی کوردی هەر دەکرد . ئەوەبوو سەرۆکی وەفدی تورك " تەوفیق ڕوشتو ئاراس" لە کۆبوونەوەی ٣٥ـەمینی ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکاندا(ئەیلوولی ١٩٢٥- جنێڤ) گوتی: " چەند

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمایەتیەکی لێدەرچێ کە ژمارەیان لەچاو ئەوەی گشت تورکیا شتێکی ئەوتۆ نیە، دانیشتوانی کۆماری تورکیا لە دوو گەل پێکدێن : تورك و کورد ،و ئەم دووانە پێکەوە حوکمی وڵات دەکەن " ؛ کە واتا کورد لە کۆماری تورکیادا وەك عارەب و ئەرمەنی و یۆنانی کەمایەتی نین ، نەتەوەیەکن وەك تورکەکان خۆیان .

ئاراس گوتی : هەقی ئێران بەجای خۆی،بەڵام حکومەتی کۆماری تورکیا لەهەرحکومەتێکی تر پتر هەقی ئەوەی هەیە بە ناوی کوردەوە قسە بکا چونکە زۆربەی کورد لە تورکیا دەژی و وێڕای گەلی تورك حوکمی تورکیا دەکا. بەڵام ئیتر دوای بڕیاری ١٩٢٥/١٢/١٦ی ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان، کە هەرێمی باشووری کوردستانی خستە سەرعیراق، تەبیعی ئەم قسانە لە جنێڤیش نەمان .

کورد ،لە١٩٢٥بە سەرۆکایەتیی شێخ سەعیدی پیران،لە١٩٢٩-١٩٣١بە رابەریی خۆیبوون و سەرۆکایەتیی ئیحسان نووری پاشا، لە١٩٣٧-١٩٣٨ لە ناوچەی دەرسیم، شۆڕشی کرد .هەرچەندە کەمالیەکان ویستیان رەنگێکی ئاینی و کۆنەپەرستی لە شۆڕشی ١٩٢٥ بدەن و زۆرکەسی بێگانەش وای تێگەیشتن ، بەڵام ئەمە راست نیە، شۆڕشی ١٩٢٥ شۆڕشێکی نەتەوەیی کورد بوو، کۆمەڵی کوردەواری لەوکاتەدا وابوو کە رۆشنبیرانی شۆڕشەکە( ئەفسەر، پارێزەر، زانکۆیی و ... ئیدی) پشتیان بە هێزی دەسەڵاتداری دێهات بوو، هەستی ئاینییش کە هەبوو بەکار دەهێندرا . شۆڕشەکە شکا و رابەرانی لە حوزەیرانی ١٩٢٥دا دران بە دادگایەکی‌عورفیی تایبەتی ( ئیستیقلال مەحکەمەسی) لە دیاربەکر .

وەکیلی گشتی( موددەعی عام )ی دادگا گوتی :

" هۆ و ئەسڵەکانی ئەم شۆڕشەی دوایی کە لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی نیشتمانی تورکیای ئەمر هەڵگیرسا، هەمان ئەوانەن کە زۆر لەمەوبەرنەبوو کارێکیان کرد بۆسنێ- هەرسك کە لە سێ لاوە لەسەر سنووری نەژادی ناتورك و نامسوڵمان بوو،راپەڕێ؛ ئەوانەن کە کارێکیان کرد ئەڵبانیەکان لە شەڕی بالکاندا لەدواوە خەنجەر لە پشتی تورکان بدەن، ئەو تورکانەی هەمیشە ئەوپەڕی " خۆشەویستی"یان بە هاووڵاتەکانیان پیشان داوە . خواست و ئامانجی ئەم شۆڕشەی کورد هەمان ئەوەیە کە سووریا و فەلەستینی خراپکرد" .

سەرۆکی دادگا بڕیاری حوکمی مەرگی راگەیاند و رووی لە رابەرانی شۆڕش کرد و گوتی :

"هەندێکتان خۆ ویستی،هەندێکی دیتان تەماحی سیاسی پاڵی پێوە ناون،بەڵام هەمووتان لەسەر یەك نوختە یەکن کە ئەویش دامەزراندنی‌کوردستانێکی سەربەخۆیە . بزووتنەوەتان بۆ ئەوەبوو، دەبێ لەبەرسێدارە نرخی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاوانەکانتان بدەن " *.

شۆڕشی ١٩٢٩-١٩٣١ی ئاگری داغ ( ئارارات ) ، کۆمەڵەی سیاسیی نەتەوەیی کورد" خۆیبوون " ( کە ساڵی ١٩٢٧ دروست ببوو ) بەرپای کرد . جەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا ( سەرهەنگی کاتی خۆی لە لەشکری عوسمانیدا ) فەرماندەی گشتیی بوو، ئامانجی روون و ئاشکرا سەربەخۆیی کوردستان ( هەرێمی باکوور) بوو، حکومەتێکی مەدەنیشی بۆ ئەوە دروست کردبوو، بە ئاشکرا دژی تورك بوو، رێکخستنی تا رادەیەك باش بوو، بەڵام هەر سەرنەکەوت . عیسمەت پاشای سەرەك وەزیران ( کە کاتی خۆی باسی برایەتیی کوردو تورکی دەکرد)، لە مانگی ئابی ١٩٣٠دا لە سیڤاس، لە ئاهەنگی کردنەوەی خەتی قەتاری شاردا گوتی :

" ئەو شۆڕشەی کە بە دەسیسەی بێگانە لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات ئاگری خۆش کرا، وا پێنج ساڵی خایاند (٣٤) ، بەڵام ئەمرۆ نیوەی هێزی خۆی لەدەست داوە . هەر تەنیا نەتەوەی تورك هەقی هەیە مافی قەومی و نەژادیی لەم وڵاتەدا داوا بکا . هیچ عونسورێکی تر ئەو مافەی نیە . ئەو رۆژەی ئەم خەتیقەتارە دەگاتە سنوور، چی دوودڵییە نامێنێ؛ چی پیلانە، لەبەرامبەر ئەو حەقیقەتەدا کە ئەوسا بە شێوەی موتڵەقی دادەمەزرێندرێ، بێ‌تەفسیر دەبێ" ** .

مەحموود ئەسعەد (٣٥) ی وەزیری عەدلیە،لە گوتارێکیدا ( لە هەمان مانگ و ساڵدا) گوتی :" دەبێ تورك تاقە ئاغاو تاقە خاوەنێکی ئەم وڵاتە بێت . ئەوانەی لە ئەسڵی خالیسی تورك نین، دەتوانن هەر یەك مافیان هەبێ : مافی بوونە خزمەتکار و کۆیلە" *** .

شۆڕشی ١٩٣٧ی دەرسیم ، بەهۆی بەجێ‌هێنانی یاسای مایسی ١٩٣٢ی حکومەتی تورکیا هەڵگیرسا، کە بەزۆر کوردی لە کوردستان بار پێ‌کرد . هێزی هەوایی حکومەتی تورکیا- کە تازە دروست ببوو- دژی کوردی بێ‌چەك و هەژار بەکارهێنرا. کورد لە چەندین ناوچەی کوردەواری دەرکران و بە وڵاتی تورکدا بڵاوکرانەوە . تورکێکی زۆر، زۆرتر لەو تورکانەی لە بالکانەوە راونرابوون، هێنرانە کوردستان و پەیامی ئەوەیان

---

* رۆژنامەی" Vakit " ( وەخت،کات )ی ١٩٢٥/٦/٢٨ ، و لە ل٢٧ی ئەم سەرچاوەیەدا هەیە :

Lucien Rambout, Les Kurdes et le droit, Ed. du cerf, Paris 1947.

** رۆژنامەی " میللییەت "ی تورکی، ژ- ١٦٣٩ ی ١٩٣٠/٨/٣١ .

*** رۆژنامەی" میللییەت "ی تورکی، ژ- ١٦٥٥ی ١٩٣٠/٩/١٩ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێ سپاردن کە " ژیاری بخەنە ناو کوردی دڕندەوە!" .

سیاسەتی کەمالی، بە سووکی دەیڕوانیە کـورد و بە " تورکی چیایی "ی ناو دەبردن . چاپ و بڵاو کردنەوە بە کوردی قەدەغە بوو.گوتیان زمانیکوردی شێوازێکی هەژارە کە لە دوو یا سێ هەزار وشەی لە ئەسڵی نـاجۆری عارەبی و فارسی - یا ئەڵبەتە تورکی - پێکهاتووە . زەمانێك کەس نەدەبوو قسەشی پێ بکا ، کـوردی گوتن لـە ناو خەڵکدا - بە تایبەتی لە ئیدارەکاندا - بە " سـووکی کردن بە شەرەفی تورك" یا " تێکدانی ئـاسـایشـی دەوڵەت دەژمێردرا . ناوی کورد و کوردسـتان لە هەموو جۆرە نووسین و کتێبێکدا قەدەغەکرا . نەخشەکانی زەمانی عوسمانییش کە "کوردستان"یان تێدا نووسرابوو، گۆڕدران و ئەو ناوەیان لێ سڕدرایەوە . ئەو کوردەی تادوێنێ بە " نـەتـەوەیەکی ئیمپراتۆریی عوسمانی " دادەنرا، ئەمڕۆ لەپڕ کرا بـە " کۆمەڵێکی دواکەوتووی بێ زمان و مێژووی تایبەتی و بێئەوەی هیچ پێوەندیەك هەبێ پێکەوەی گرێ بدا!" .

لە بەرامبەر ئەمەدا، دەوڵەت هات و بـە رەسمی مێژوویەکی تورکی سـەیری بۆخـۆی داتاشی، سـۆمەری و هیتییەکانیشی کردن بە " نەژادی خالیسی تورك ! " . مێژووی تورك لە گەیشتنی سەلجووقیەکان و تورکە عوسمانیەکانەوە ( سەدەی یازدە- سێزدە) دەست پێدەکا . ئەسڵەن کاتێك یەکەم عەشیرەتانی سەلجووقی(ئوغوز) هاتنە ناوچەی ئەم ئەنقەرەیە (٣٦)، پتر لە دووهەزار ساڵ بوو کە هیتی هەر نەمابوون،کەچی ئەمان تازە دەڵێن هیتی تورك بوون . تورکیا، بۆ هاوکاری لەگەڵ داگیرکەرانی تری کوردسـتاندا دژی کـورد، پـەیمـانـی " سەعداباد" ی ئیمزاکرد ، کە بەندی حەوتەمی دەڵێ :

" هەریەکە لەو لایەنە بەرزانەی لێرەدا رێککەوتوون، دەستبەر دەبێ کە بەش بە حاڵی خۆی دژی دروست - بوونی یا چالاکیی باندی چەکدار و کۆمەڵە و رێکخراوانێك رەفتار بکا کە، بیانەوێ ئەو دامودەزگایانەی هەمن تێك بدەن و، یا نەزم و ئاسایشی هەر بەشێکی سنووری قەڵەمڕەویی لایەنی تر یا دەسەڵاتی حکومەتی ئەو لایەنە بشێوێنن " .

تورکیا، دوای مردنی ئەتاتورکیش (١٩٣٨)، هەڵوێستی لە نەتەوەی کورد نەگۆڕیوە .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چوار - باری ساڵانی ١٩٥٩ - ١٩٧٠

هەرچەندە تورکیا - وەك لە سەرژمارییەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا دەبینین - خۆی دواکەوتووە، بەڵام دیارە کوردستانی موستەعمەرەی دواکەوتووتر هێشتۆتەوە . کوردستان کە ١٩ ویلایەت ، ٢٩٪ی قەڵەمڕەویی کۆماری تورکیا و نزیکەی ٢٠٪ی هەموو دانیشتوانیەتی ؛ هێندێك لە هەلومەرجی، بەگوێرەی سەرژماریی ڕەسمیی دەوڵەتی تورکیا خۆی بەم جۆرەیە* :

| | ١٩ ویلایەتەکەی کوردستان | کۆماری تورکیا | ١٩ ویلایەتەکەی کوردستان بە نیسبەت کۆماری تورکیا |
|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٧٢٪ | ٥١٪ (٣٧) | |
| خەڵکی شار | ٢٦,٩٪ | ٣٤,٤٪ | |
| بەرهەمی ساڵانەی کشتوکاڵ | | | |
| ( بە ملیۆن لیرەی تورك ) | ٣٥٥٦ | ٣٣٢٤٥ | ١٠,٧٪ |
| ماشێنی دروێنە | ٢٧٠ | ٥٩٩٢ | ٤,٥ ٪ |
| ماشێنی هاتوچۆ و باربەری | ٥٢٥٣ | ٨٠٦٩٥ | ٦,٥ ٪ |
| ژمارەی لقی بانك | ١٧٩ | ١٩٨١ | ٩ ٪ |
| ڕێگا و بان (بە کم) | ٩٠٨٣ | ٤٨٦٣٩ | ١٨,٧٪ |

* بڕ- ئەم سەرچاوانەی " بنکەی سەرژماریی دەوڵەت " :

ئا- تاریم ئیستاتیستیکلەری ئوزەتی( خولاسەی سەرژماریی کشتوکاڵ) ١٩٦٥، ١٩٦٦، ١٩٦٧ .

ب - سەنایعەت ئیشیارلاری سایمی( سەرژماریی کارمەندانی سەنعەت) ١٩٦٤، ئەنقەرە .

ج - ئیستاتیستیك ییللگی ( ساڵنامەی سەرژماری) ١٩٦٣ .

هەروەها : کوی ڤەکویلو سۆرونو( مەسەلەی دێ و دێهاتی)، ئەنقەرە، ١٩٦٧، لە لایەن ڕێکخراوی نەخشەکێشیی دەوڵەت ( د. پ. ت. )، وێڕای بڵاوکراوەکانی وەزارەتی کاروباری دێهات .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم جەدوەلەی تر دەربارەی باری سەنعەتی ١٨ ویلایەتی کوردستان ( بێ مەرەش) و کۆماری تورکیایە،ساڵی ١٩٦٤ :

| | ١٨ ویلایەتی کوردستان | کۆماری تورکیا | ١٨ویلایەتی کوردستان بە نیسبەت کۆماری تورکیا |
|---|---|---|---|
| شیرکەتی دەوڵەتی | ٢٦ | ٢٥٧ | ٪١٠ |
| شیرکەتی ئەهلی | ٧٥ | ٢٧٧٥ | ٪ ٢,٧ |
| ژمارەی کرێکار | ١٧٠٣٦ | ٣٢٦٠٠٠ | ٪ ٥,٢ |
| ژمارەی مەکینە | ٧٨٢ | ٥٤٩٨ | ٪١٤,٢ |
| ژمارەی مۆتۆڕی کە بە کارەبا کار دەکا | ٤١٩٥ | ٩٨٠٠٠ | ٪ ٤,١ |
| ژمارەی مۆتۆڕی کە کارەبا دروست دەکا | ٥٥ | ٤٨٠٠ | ٪ ١,٢ |

ژمارەی تراکتۆر لە سێ ساڵدا :

| ساڵی | ١٨ ویلایەتی کوردستان | کۆماری تورکیا |
|---|---|---|
| ١٩٦٥ | ٣٥٩٤ | ٥٤٦٦٨ |
| ١٩٦٦ | ٥٢٣٧ | ٦٥١٠٣ |
| ١٩٦٧ | ٦٤٩٦ | ٧٤٩٨٢ |

خێزانێکی هەرێمی باکووری کورستان بە سەرانە خاوەنی ٧٣٠ ئار زەوی( ئار= ١٠٠م٢) و ٢٨ سەر گاوگۆل و ١١,٢سەر بزن و مەڕ و ٢٣ حەیوانی چووکترە . کۆمەڵەی هەرەوەز لە هەرێمی باکووری کوردستاندا، ساڵی ١٩٦٥ تەنیا لە ٢٤٧ گونددا هەبووە . تەنیا ٢٥٪ی خێزانی دێهاتی، بۆیان هەبووە قەرز ( بۆکشتوکاڵ ) وەربگرن، قەرزەکە وەریشبگیرایە هەر خێزانە بە سەرانە ٦٣١لیرەی تورکی پێدەبڕا .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانی باکوور لە ١٩٣٨ـەوە تا ١٩٥٨ بێ دەنگ دەیناڵاند .

لە نوامبری ١٩٥٩دا، دوابەدوای کۆبوونەوەیەکی سەنتۆ( پەیمانی بەغدا ی پێشوو)، ٤٩ رۆشنبیری کورد( پا-رێزەر، بژیشك، خوێندکاری زانکۆ، ئەفسەر، مامۆستا) بە تاوانی " کوردچولوك"( کوردایەتی) درانە دادگا، کە ئەوە بە شتێکی دژی" تورکچولوك" ( تورکایەتی)ی رەسمیی حکومەت دادەنرێ . ئێرانیش، هەر لەو کاتەدا و دوابەدوای ئەو کۆبوونەوەیەی سەنتۆ، چەندین رابەری حیزبی‌دیموکراتی‌کوردستانی گرت . ساڵێك و شتێك بوو رژێمی قاسمی عیراق ( لە ١٩٥٨/٧/١٤دا) هاتبووە سەرکارو دەستووری کاتیی دانابوو کە بەندی‌سێیەمی باسی هاوبەشیی کوردو عارەبی لە عیراقدا دەکرد . لە مایسی ١٩٦٠دا، خوێندکارو خەڵکی دیکەش لە شارە تورکەکاندا خۆپێشاندانی گەورەیان دژی عەدنان مەندەریس رێکخست و داوای گەڕانەوە سەر بەجێ هێنانی بیروباوەڕی ئەتاتورکیان کرد . عەسکەر لە ٢٧ی هەمان مانگدا کۆدێتایان کرد،" کۆمیتەی یەکێتی نەتەوایە-تی" جەنەراڵ گورسێل‌ی بە سەرەك‌کۆمار هەڵبژارد . جەنەراڵ گورسێل هاتە دیاربەکر، لە باڵکۆنی خانووی ئیدارەی شارەوانیی دیاربەکرەوە رووی لە خەڵك کرد وگوتی :"خەڵکی دیاربەکر،خەڵکی دۆغو،وەرن،ماقووڵ بن، ئێوە تورکی ئەسڵن و کورد نین" . " شەریف فرات " ناوێك، ساڵی ١٩٤٥، کتێبێکی بەناوی " ویلایەتە-کانی رۆژهەڵات و مێژووی ڤارتۆ" داناوە(٣٨)، ویستوویە بەو کتێبە ئیسباتی بکا کە کورد تورکی خالیسن!؛ حکومەت کتێبەکەی ئەمجارە بە پێشەکیەکی گورسێلـەوە چاپ کردەوە . گورسێل لەو پێشەکیەدا دەڵێ :

" گەلێکی وا کە شەخسیەتی تایبەتی خۆی هەبێ و پێی بگوترێ گەلی کورد،لە دنیادا نیە . کورد نەك هەر تەنیا هاونیشتمانی ئێمەن، بگرە بە خوێن و نەژادیش برامانن . بەڵام خەڵکی دۆغو بە درێژایی سەدان ساڵە،بە هۆی دامودەزگای ئیدارەی خراپ و پشتگوێ خستن ، دابڕاون . ئەوانەی دەیانەوێ نیشتمانی تورك بکەن بە دوو کەرتەوە(٣٩)، سوود لەم هەلومەرجانە دەبینن (..) دەبێ رۆشنبیرانی تورك ئەوە بزانن کە چالاکیی" کورد-یزم" تەنیا یەك مەبەستی هەیە : لاوازمان بکا و ماڵمان وێران کا . هەڵبەتە ، ئێمە نابێ رێگای ئەوە بدەین، چونکە ویلایەتەکانی دۆغو نەك هەر دەرگای نیشتمان، بگرە قەڵاکەشی پێکدێنن . دەبێ ئەوپەڕی توانامان بە-کار بهێنین،ئەو راستیانە بۆ براکانی دۆغومان روون بکەینەوە. ئەگەر ئێمە گوێ بەوە نەدەین کە بیریان بەمانە رۆشن بکەینەوە، ئیتر ناتوانن بزانن کە تورکی خالیسن و ناتوانن ئەو پڕۆپاگەندانە پووچ بکەنەوە . بەهۆی ئەم پڕۆپاگەندە پەستانەوە، ئەو رۆژە دێ کە وڵات بکرێ بە دووکەرتەوە . بەڵام ئەگەر ناوچەکانی‌دۆغومان لەدەست بچن، زەحمەت دەبێ بتوانین لە ناوەڕاست و رۆژئاوای ئەنادۆڵیش بمێنینەوە . ئەم مەسەلەیە،بەچاوی سەیرکردنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داهاتووی گەلیتورك و نیشتمانی،لەهەموو مەسەلەیەك گرنگترە. ئیتر رۆژی ئەوە هاتووە كە رۆشنبیرانیتورك لەم مەسەلەیە بگەن و بزانن چەندە گرنگە . دەبێ خۆمان یەكدی هۆشیار و ئاگاداركەینەو ە. ئەم مەسـەلـەیە ئەساسییە،گرنگە، جیددییە، هەتاكو چارەی نەدۆزینەوە ناتوانین لە داهاتوومان دڵنیا بین " .

عەسكەر دەیویست پەلاماری خەڵكی ویلایەتەكانیكوردسـتان بدا، جەنەراڵ گورسێل بـە رۆژنامەنووسێكی سوێدییگوت :" ئەگەر ئەو توركە چیاییانەی كە چاك نابن، ئارام دانەنیشن، لەشكر سێ و دوو لەوە ناكا شارو دێهاتیان بۆردومان و تەخت بكات، حەمامی خوێنێكی لێ سازدەكرێ كە خۆیان و وڵاتەكەیان هەڵلووشێ " * (٤٠) ؛ بەڵام گوایا عیسمەت پاشا - كە دیسان كرابۆوە بە سەرەك وەزیران - رای لەگەڵ ئەوەدا نەبووە .

هەرێمی باكووری كوردستان - وەك گوتمان- لە ١٩٣٨ـەوە تا ١٩٥٨ بێ‌دەنگ دەیناڵاند ، تا شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ی كورد لە هەرێمی باشووری كوردستانەوە پەردەی ئەو سەبرو بێ‌دەنگییەی دڕی . ئیترحكومەتیتوركیا-ش دوای دانانی دەستووری ١٩٦١ كەمێك شلتری كرد .كتێبی كوردی، بە مەرجێ لە دەرەوەی كۆماریتوركیا نەهاتبان، بە ئاشكرا چاپ دەكران و لە كتێبخانەكان دەفرۆشران، زۆر شریت و قەوانیكوردی بڵاوبوونەوە، وا دەبوو گۆرانیی كوردیت لە رادیۆ دەبیست . نووسەریكورد كەمال بادەللی كتێبی رێزمانی كوردی (بە توركی) بە ئاشكرا چاپ و بڵاو كردەوە. لە سەرەتای سالانی شێستدا ،خوێندكارانی زانكۆیەكانی ئەنقەرەوئەستەمبووڵ لە رێكخراوێكی بە ناوی " دجلە- فرات "دا كۆبوونەوە ، كە زۆر گۆرانی و موسیقا و هەڵپەركێی كوردیان بە ئاشكرا خستە بەرچاو. حكومەت ساڵی ١٩٦٢ ئیجازەی گۆڤاری"دەنگ"ی بە هەردوو زمانی كوردی وتوركی دا كە لە ئەستەمبووڵ دەرچێ، بەڵام تەنیا سێ ژمارەی لێ‌دەرچوو و، دوای ئەوە حكومەت بە بەهانەی ئەوە كە نووسینەكانی" خەڵك زۆر دەوروژێنن" دایخست . نووسەری كورد مووسا عەنتەر ، ساڵی ١٩٦٧- ١٩٦٨ ، فەرهەنگێكی بچووكی" كوردی- توركی" بڵاو كردەوە،كتێبەكە بە ئاشكرا دەفرۆشرا، بەڵام نووسەرەكەی چەند جار تووشی چەرمەسەری و دادگاكاری بوو(٤١) . نووسەرێكی دیكەی كورد محەمەدئەمین بۆزەرسلان ئەسڵی "مەم و زین"ی"خانی"ی كوردی و وەرگێراوی توركیی لەگەڵدا بڵاوكردەوە،خۆی گیرا وكتێبەكەشی كۆكرایەوە، تەنیا چەند سەد دانەیەكی لە دەستی حكومەت خەڵەست . لە لایەكی ترەوە، تورك " ئەولیا چەلەبی سیاحەتنامە-سی" یان بە زمانی توركیی نوێ بڵاو كردەوە ؛ بەڵام بەرگی چوارەمی كە باسی ئەمارەتە كوردەكان و ژیاریی

---

* رۆژنامەی داگینس نویهێتەر(Dagens Nyheter)ی ستۆكهۆڵم، ژمارەی ١٩٦٠/١١/١١ .

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردی تێدایە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە، هیواداریین ئەویش بڵاو بکرێتەوە و بە ئەمانەت و بە بێ خەوشی .

هێنانە وڵاتی هەر نووسین و ئەدەبیاتێکی باسی کـورد بکا لە دەرەوەی کۆماری تورکیاوە ،جا بەهەر زمانێك بێت، لەکۆماری تورکیا قەدەغەبووە و ئێستاش هەرقەدەغەیە؛لە ١٩٦٧/١/٢٥دا بڕیارێکی سەرەك‌کۆماریش بەم شێوەیە دەرچوو : " هێنانە وڵات و بڵاوکردنەوەی هەر چاپەمەنی، قەوان یان شریتێکی پڕکراوە، بـە هەر شکڵێك، کە لە سەرچاوەیەکی بێگانەوە بێ و بە زمانی کوردی بێ، ناقانوونی و قەدەغەیە " . ئەو بڕیارە لە ژمارەی رۆژی ١٩٦٧/٢/١٤ی رۆژنامەی رەسمیی‌حکومەتی تورکیادا بڵاوکرایەوە،کە جگە لە جەودەت سونای ( سەرەك کۆمار) خۆی، سەرەك وەزیران ( سولەیمان دەمیرێل ) ، سێ جێگری سەرەك وەزیران و هەژدە وەزیر ئیمزایان کردبوو .

ساڵی ١٩٦٧ ، سەرتاسەری هەرێمی باکووری کوردستان یەك پارچە چالاکی بوو . گۆڤاری" ئۆتوکەن "ی سەر بە فاشیستەکانی سەرهەنگ " تورکەش"ـە، وتارێکی بە ناوی نهێنیی نووسەرێك " ئادسز" (٤٢) لە ژمارە ٤٠ی نیسانی ١٩٦٧یدا بڵاوکردەوە . نووسەر دوای ئەوە کە تێدا دەڵێ : " کورد دواکەوتوو و بێ‌مێژوو و بێ فەرهەنگن، هەموویان کۆمونیستن و دەیانەوێ تورکیا لەت- لەت بکەن " ، پێشنیاری ئەوەمان بۆ دەکا کە " لـەم وڵاتە دەرچین چونکە ئەم وڵاتە بەتەنیا هی گەلی تورکە "، ئـەوجـا کـە پێشـەکی لێـی روونە کـورد پێشنیارەکەی قەبووڵ ناکەن دەقیژێنێ و دەڵێ :" کاتێك ئێمە بە کوردان دەڵێین ئێوە حەقیقەتەکەتان ئەمەیە، لەشەرمان داناوەشێن، چونکە هەر چرو چاوی ئینسانیان نیە" . کورد ، نارەزاییان دەربڕی، داوایان لە حکومەت کرد بەگوێرەی بەندی ١٢ی دەستووری نوێی تورکیا ( دابین کردنی مافی یەکسانی هاونیشتمانێتیی خەڵکی کۆماری تورکیا بەبێ‌گوێدانە نەژادو زمان و نەتەوەیان) گۆڤارەکە دابخا و نووسەری وتارەکەش سزا بدا . بەڵام ئەوەبوو لـە جیاتی وەڵامی حکومەت ، هەر ئەو ئۆتوکەنـە خۆی وتارێکی دیکەی ئادسزی لـە ژمـارە ٤٢ی حوزەیرانی ١٩٦٧دا بـە نـاوی " وەڕینی کـوردان " بڵاوکردەوە . دوای ئەوە کە بـە توندی لـە سەر قسەکانی پێشووی سوور دەبێ، دەڵێ :

" خۆ ئەوە هەر من نیم ، ئەوە سەرەك کۆماری تورکیا جەنەراڵ جەودەت سونای خۆی لە پێشدا گوتوویە ئەوانەی تورك نین با لە تورکیا دەرچن " .

ئەوجا دەڵێ : " با کورد لەپێشدا داوا لە سەرەك کۆمار بکەن حاڵ و حیسابی قسەکەی خۆییان تێبگەیەنێت".
دوای ئەوە دەڵێ :

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

" با خەڵکی ویلایەتەکانی دۆغو ١٠٠٪یش کورد بن، جا خەونی دروست کردنی دەوڵەتی کورد لەسەر خاکی تورکیا هەمیشە وەك ئەو خەونە دەبێ کە یۆنان بە بیزەنتە و ئەرمەنی بە ئەرمەنستانی گەورەیەوە دەبینن " .

ئادسز دیسان کورد ئامۆژگاریدەکاتەوە :

"با کورد لە تورکیا دەرچن، بۆ کوێ بچن؟ بۆ هەرکوێیەك حەز دەکەن . با بچنە ئێران،هیندستان، لای بارزانی؛ با لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان داوابکەن نیشتیمانێکیان لە ئەفریقا بۆ بدۆزێتەوە" .

ئادسز داوا لە کورد دەکا وا نەکەن تورك سەبریان بەسەر بچێ و تووڕە بن و، ئەوەی بەسەر ئەرمەنیەکان هات بە سەر کوردیش بێت :

" با پرسیاری ئێمە لە ئەرمەنیەکان بکەن (..) ئێمە تورکی نەتەوەیی راستەقینەین . تورك دەوریان لە مێژوودا هەبووە، ژیاریەکیان داهێناوە، و دەوڵەتی گەورەیان پێکهێناوە . نەژادی ئێمە قەڵەمڕەویی بێ پایانی حوکم کردووە . بەڵام تۆ وەرە توخوا سەیری ئەم رۆژهەڵاتی نزیکە بکە و رامێنە، لەوەتای تورك جێیهێشتووە چەند پایەی نزم بووە . عارەب نەتەوەیەك بوون چەقە و هەرایەکی زۆریان کرد، جارێك مێژوویەك و ژیاریەکیان هەبوو؛ بەڵام سەیرکە لەوەتای لە ئێمە جیابوونەتەوە و داویانەتە پاڵ ئینگلیس، چۆن بێچارە بـوون ، لـە شەرێکی پێنج رۆژەدا بە جووی قـزە راونران و لە بەرامبەر جیهاندا عاریان بەسەر خۆیان هێنا . ئێوە...، ئێوە تەنیا کۆمەڵێکی دواکەوتووی بێ فەرهەنگن و چیدی، ئێوە نە دەوڵەتتان هەبووە و نە ژیاری (..)، ئێوە تەنیا بۆ نەتەوایەتییکورد کار دەکەن . داوامان لێ دەکەن زمانەکەتان رێ بدەین، خوێندگەی خۆتان هەبێ و چاپەمەنیی جیای خۆتان هەبێ، بەڵام کۆبوونەوەی خۆتان هەر دەکەن،کە باسی" بـارزانـی "ی تێدا دەکەن و بە قارەمانی نیشتمانیی خۆتانی دادەنێن و چەکی بە تورکیادا بۆ دەبەن، شیعری کـوردی بۆ منداڵەکانتان دەخوێنەوە،و ئەوانەتان کە گەیشتوونەتە پلەی پرۆفیسۆری، پێوەندی بـە رێکخراوەکانی ئـەورووپاوە دەکەن . ئـەمـە هەمووی بۆ ئەوەیە دەوڵەتی کورد دامەزرێنن (..) بەڵام ئەورۆژەی ئێوە بۆ ئەوە رادەپەرن کە تورکیا لەت - لەت بکەن ، دەبینن بۆ چ جەهەننەمێکتان دەنێرین " .

کـورد بە گشتی، چ ئەوانەی لە هەرێمی باکووری کوردستان و چ ئەوانەی لە وڵاتی تورکدا ، بەتایبەتی لاوان و خوێندکاران، بەجارێك خرۆشان ؛ ١٩ کۆمیتەی خوێندکاران ( یا شاران ) ی : ئـاگری، باتمان، بنگۆل، بتلیس، جزرە، دیـاربـەکر ، خـارپووت، ئـەرزەرۆم، هـەکاری، خنس، کـاهتا ، کـارلیۆڤا ، مـاردین، مووش، سێوەرەك، دەرسیم، ئـورفە، وان،و ڤـارتۆ بەیانێکیان پێکەوە نووسی و ئیمزا کرد ؛ بەشێوەی نامەیەك بوو بۆ ئۆتوکەن و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پان توورانیستی فاشیست، و وێنەیان لێ بۆ سەرەك كۆمار و سەرەك وەزیرانی توركیاش نارد ، تێدا دەڵێن :

" ئێوە ئەوە باش بزانن كە هیچ هێزێك لەم دنیایەدا نیە بتوانێ لە نیشتمانی خۆمانمان دەربكا ، وەرنە مەیدان و ئەوجا دەبینین ئێمە یان ئێوەن لەم وڵاتە قاو دەدرێن " .

لە ١٩٦٧/٨/٣ دا ، نزیکەی هەموو شارەکانی هەرێمی باکووری کوردستان خۆپیشاندانی گەورەیان تێدا کرا . خۆپیشاندان دژی هەڵوێستی پان- تورانیستەکان بوو ،بەڵام جگە لەوەش هەر دژی سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و بەدواکەوتووهێشتنەوەی بەئانقەستی کورد و کوردستان بوو . لە بانگەوازێکی کۆمیتەی ئامادە- کردنی خۆپیشاندانەکاندا ، کە لە شاری دیاربەکر بڵاوکرایەوە ، ئەمە دەخوێنینەوە :

" برای ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات !

تــۆ كە سەدان ساڵە پشتگوێ خراوی (..) تــۆ كە قەت هیوات لەدەست نەداوە(..) ئەمڕۆ كە توركیا بە پێی نەخشەیەك پێش دەكەوێ، تــۆ بەگوێرەی پلانێکی بۆیان داناویت بە پاشكەوتووت دەهێڵنەوە، ئەم نەخشەی پێنج ساڵەی گەشەپێدانە تەنیا ئەوەیە جیاوازیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گەورەتر دەكا" .

لە بانگەوازی " كۆمیتەی ئامادەكردن"ی سیلڤاندا ئەمە دەبینین :

" برای ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات !

تۆ ، ڕۆڵەی ڕۆژهەڵاتی شەهید ،كە بەوەت تاوانبار دەكەن كە سەرەتاییت ، دەزانیت كە لە ٤٤ ساڵی تەمەنی جمهوریەتدا ڕێز لە هیچ مافێکت نەگیراوە (..) هەرچەندە كەرەستەی خاو لە وڵاتی ئێمەدایە ، كەچی مەڵبەندی ئێمە هیچ سەنعەتێكی بەخۆیەوە نەدیوە .نەوت، ئاسن، و كرۆم لە ناوچەكانی ئێمەوە دەبەنە ئەسكەندەرۆنە، مەرسین،قەرەبوك وشارەكانی دیكەی ڕۆژئاوا(..) حكومەت هەمووساڵێك فێڵمان لێدەكاو وردكەپاشماوە نەبێ هیچمان بۆ ناهێڵێتەوە .

برای ڕۆژهەڵات !

تۆ كە سەعاتی ڕزگاریت لێیدا ،پانتورانیی فاشیست دەیانەوێ لەنیشتمانی خۆتت دەركەن چونكە بەكوردی قسە دەكەیت و كوردیت(..)

برای ڕۆژهەڵات !

تۆ دەبێ وەڵامێكی ئەوانە بدەیتەوەكە بەهۆی نەتەوەو زمانەكەت بە سووكیەوە لێتدەڕوانن . تۆش- بەلای كەم- ئەوەندەی ئەوانی دی خاوەن بەرزیی گیانیت و زمانەكەشت وەك زمانانی دی شایانی ڕێزە، تۆ دەبێ بەوانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دی بڵێیت کە زەمانەکەت شایانی ڕێزە و کە خاوەنی شەرەفیت . لەبەرئەوەیە کە دەبێ لە خۆپیشاندانی گەورەی سیلڤانی ڕۆژی یەك شەممە ١٩٦٧/٨/٣دا بەشدار بیت " .

ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەرێکی گەورەی کورد " فـایق بوجاك "،کە پارێزەر و نایبی ئورفە بوو،کەمێك دوای خۆپیشاندانەکانی ١٩٦٧ بە شێوەیەکی تاریك کوژرا(٤٣) . ڕۆشنبیر و نایبێکی پێشـووی تر مستەفابوجاك ناچار لە وڵات ڕایکردو بووە پەنابەر لە هەندەران . ڕۆشنبیرانی دیکەی کورد ،لەوانە سەعید ئێلچی، بە تاوانی بوونە ئەندامی" پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا"، لە کانوونی دووەم(ژانویە)ی ١٩٦٨دا گیران و خرانە زیندانی ئەنتالیا؛ هەرچەندە بەڵگەیەکیشیان پێ نەگیرا و هیچیان لەسەر ئیسبات نەبوو، بەڵام هەر بەتەواوی وازیان لێ نەهێنان و بە کەفالەت(زامنی) بەربوون .

خـۆپیشـاندان، سـاڵی ١٩٦٨ و ١٩٦٩ش هـەر بەردەوام بوو و گوێی بـە هەڕەشەوگوڕەشەی پۆلیس نـەدەدا . ئەمجارە بە ڕابەریی" د. د. ك. ئۆ." (٤٤) بوو . دەوری بیست هەزار خوێندکاری کورد لە زانکۆیەکانی دەوڵەت وکۆلیجە ئەهلیەکانی ئەندازیاریدا هەبوون، زۆربەیان لە" د. د. ك. ئۆ." دا بوون،کە حکومەت ئیجازەی دابوو و بە یەکێك لە گەورەترین یەکێتیەکانی خوێندکاران دادەنرا لە کۆماری تورکیادا، ئەمەش ڕوویەکی لافی دیموکراسیی جمهوریەت؛ بەڵام کە لە مایسی ١٩٦٩دا دوو " شەرڵاتی نەناسراو" لە شەقامێکی پڕ لە خەڵکدا تەقەیان لە دوورابەری " د. د. ك. ئۆ. "کرد و هەردووکیان کوشتن، پیاوکوژەکان ڕایانکرد و باسێکیان نەبوو!، ئەوەش ڕوویەکەی دیکەی دیموکراسیی جمهوریەت .

ساڵی ١٩٦٩بوو، ئەو کوردە سۆسیالیستانەی لە سەر مەسەلەی کورد لە " تورکیە ئیشچی پارتیسی" ( پارتی کرێکارانی تورکیا) تەکینەوە،هاتن لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی دیکەی کورددا یەکیان گرتەوە . ئەوە تەوژمێکی زۆری دا بە کـوردایەتی، و لەولاشەوە ترسی زۆری خستە دڵی ڕژیمی تورکیا و ئەفسەرانی لەشکرەوە . لەشکر لەوە دەترسا حکومەتی دەمیرێل " خەتەری کورد"ی پێ لەناو نەچێ ، کەواتە دەبوو دەمیرێل یا لە کورد بدا یا واز لە حوکم بهێنێ،دیارە خۆی و مەنتەشە ئۆغلو ڕێگەی یەکەمیان هەڵبژارد. حکومەتی تورکیا،کەمێك دوای ١١ی مارتی١٩٧٠ ،ئیرهاب و کوشتن و برینی کوردی مل لێ نایەوە . باسی"عەمەلیاتی کۆماندۆ لە دۆغو"ی بەدناو، تورکیش بە بەربڵاوی ئاگاییان لێ هەیە . هێزی کۆماندۆ بە ڕەسمی بۆ شەڕی دز و جەردە سازکراوە، فەرمان لە وەزیری ناوخۆ وەردەگرێ . وەزیری ناوخۆ ( مەنتەشە ئۆغلو) ئەو کەسەیە کە ساڵی ١٩٦٦ کاتێ بوومەلەرزە شاری ڤارتۆی کوردی وێران کرد، و سێ هەزارکەسی کـوردی تێدا کوژرا، ئەوسا ئـەم چووبوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیدەنیی لە وێرانەکانی بوومەلەرزە کردبوو، ناڵەی قوربانییانی بەر گوێ کەوتبوو،گوتبووی : " دەنگی دڕندەی ژێر وێرانەکانم دێتە بەرگوێ".

شاری سیلڤان ، کە رۆژگارێك پایتەختی رازاوەی دەوڵەتی مەروانی‌ی کورد بووە، و ئێستا(١٩٧١) شارێکی بچکۆلەیە ١٨ هەزار کەسی تێدا دەژی، شانۆی یەکەم هێرشی کۆماندۆ بوو . ئەمە باسێکی کورتی ئەو عەمەلیەتەی کە "د. د. ك. ئۆ." لە بەیانی ئاگاداریی ژمارە ٢ی ١٩٧٠/٤/٢٥یدا بڵاوی کردۆتەوە :

« رۆژی ٨ی نیسانی ١٩٧٠، رێك لەگەڵ شەفەقدا، هێزێکی دووهەزارکەسیی کۆماندۆ و جەندرمە "سیلڤان"- یان ئابلۆقە دا، ٢٠٠ ئۆتۆمبیل و ٦ هەلیکۆپتەری کۆماندۆی ناوچەی دووەمی عەسکەرییان* پێبوو، فڕۆکەی ئاگاداریی " تیپی زرێپۆشی دیاربەکر "یشیان خستبووە کارەوە . کۆماندۆ و جەندرمە هاتنە شارەوە و هەتا سەعات هەشتی شەو، حەڤدە سەعات، بەسەر سەدانماڵیاندا دا، بێ ئەوەی هیچ ئیجازەیەکی رەسمیی پشکنین پیشان بدەن . پیاو لە ناو نوێنەوە کێشرانە دەرەوە و برانە ئۆردوگای تایبەت و لەوێ بەر شکەنجەی بێ وێنە دران (..) کۆماندۆ دەیانگوت کە فەرمانی حکومەتی حیزبی‌عەدالەت بەجێ دێنن، بەڵام ئەوەی کردیان دژی یاسا و دەستوور بوو، تەواو وەك لەشکرێکی بچێ وڵاتی دوژمنی داگیر بکا رەفتاریان کرد .

نزیکەی هەموو پیاوی شاری سیلڤان، رێك ٣١٤٤ بە ژمارە،برانە دەرەوەی شار، لێدران، و سووکایەتییان پێکرا : "سەگەل، کوردینە، جاسووسانی بارزانی" . کۆماندۆ دەیانقیڕاند :" پێمبڵێ چەکەکانت لە کوێ شاردووەتەوە دەنا ژنەکەت...، ژن ومنداڵ لە شاردا هێڵرانەوە و زۆریان دەستدرێژییان لێکرا ،لە ژنێکیان دا هەتا مرد.هەمان رەفتاریان لە چەند شاری بچکۆلەی کوردەواریی تریشدا کرد ؛لە : بنگۆل، باتمان، تەتوان؛ و لە زۆر دێهاتی ناوچەی : هەکاری، بنگۆل، سێوەرەك، دیاربەکر، و ماردین » .

ئەم بەیانە پێشکەش بە" گەلانی تورکیا" کرابوو،چەند رێکخراوێکی چەپی تورکیش ئیمزایانکردبوو**و وێنە- یان لێ بۆ سەرەك کۆمار و سەرەك وەزیرانی تورکیاش ناردبوو . سەرەك کۆمار( سونای ) زۆر لەوە تووڕە ببوو کە لاوی تورك شتیکی ئیمزا کردووە کە "گەلی تورکیا"ی تێدا کراوە بە "گەلانی تورکیا" .

(( عەمەلیاتی کۆماندۆ ساڵی ١٩٧١یش هەر بەردەوام بوو)) .

---

* لە ساڵی ١٩٦٧ـەوە کۆماری تورکیا کراوە بە سێ ناوچەی عەسکەری، دووەمیان کوردستان دەگرێتەوە .

** وەك : تورکیە دەڤریمجی گەنجلك فەدەراسیۆنو(یەکێتی گەنجانی شۆڕشگێڕی تورکیا)- لقی ئەستەمبووڵ؛←

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنج - تورکیە ئیشچی پارتیسی

" ت .ئی .پ." ( تورکیە ئیشچی پارتیسی = پارتی کرێکارانی تورکیا) پارتیەکی سۆسیالیستە ،یا - کە ئێستا قەدەغە کراوە- بڵێین سۆسیالیست "بوو"، سەردەمێك ئیجازەی رەسمی و نوێنەری لە پەرلەماندا هەبوو . هەمیشە بەشێکی گرنگی کورد بووە؛ سەردەمێك و هەتا پایزی ١٩٦٩ش، لەکاتێکدا سەرۆکەکەی محەمەدعەلی ( مەهمەت ئەلی) ئایبار تورك بوو، سکرتێری گشتیی دکتۆر زیا ئەکنجی( بژیشك و نایبی شاری دیاربەکر) کورد بوو؛ یان کاتێك رابەرێکی یەکێتی سەندیکایەکانی تورکیا شابان ئەریك ی تورك سکرتێری گشتیی بوو، محەمەد عەلی ئاسلان ی رۆژنامەچیی کوردی خەڵکی ئەرزەرۆم سەرۆکی بوو . " ت .ئی .پ." لە روو بە رووبوونەوەی مەسەلەی کورد و مەسەلەی دیکەی گرنگدا، ساڵی ١٩٦٩ بوو بە چەند دەستەیەك . هێندێك ئەندامانی، ساکارانە، لایان وابوو دەکرا لە رێی ئەفسەرانی گەنجی سۆسیالیستی لەشکرەوە حکومەتێکی دیموکرات دابمەزرێ . ئەزموونی ئەو " حکومەتە سۆسیالیستە دیموکراتانە"ی چەندین وڵاتی دنیای سێیەمیان لەبەرچاو نەبوو کە چ دیکتاتۆریەتێکی عەسکەرییان لێ پەیدا ببوو . بەڵام نوختەی هەرە گرنگ مەسەلەی کورد بوو . ئەوەبوو، تا ساڵی ١٩٧٠، لە کاتێکدا کە " ت .ئی .پ." لە مەیدانی تیۆریدا بڕیاری پێشڤەرووانەی لەسەر" ئیمپریالیزمی جیهانی " یا " پاشڤەرەویی تورك" دەدا ،دەهات بەرەسمی ئینکاری ئەوەی دەکرد مەسەلەیەك هەبێ ناوی" مەسەلەی کورد" بێ . دیارە زوو خۆیان دیتەوە کە چەند لەکاروانی رووداوان جێمابوون، بە تایبەتی لەم مەسەلەیەدا . بزووتنەوەی کورد لە کوردستان بە بێ پشتگیریی پارتیەکەی ئەوانیش هەر بەردەوام بووا!. لەلایەکی ترەوە رێکخراوێکی تر :" دەڤ - گەنج " (٤٥) ،بەدوای " د. د. ك. ئۆ."دا ،باسیکوردی دەکرد . وێنەی هەموو پەڵەکانی دەردی پەستی و ختەری لەخۆبێگانەبوون ،و نەخۆشیی ئەوەی پیاو شەرمی بە نەتەوە ونیشتمانی خۆی بێ، ئەوانەت هەمووی تا ١٩٦٩ و لەوانەیە تا ١٩٧٠ش،بە روونی لەم" ت .ئی .پ."یەدا دەدیت . ئەمە دەرسی تێدایە، بۆ ئەوە دەبێ پیاوکەمێکی لەسەر بڕوا : تا ١٩٧٠ش زۆر لە ئەندامانی " ت .ئی .پ."، ئەگەر بە چاوی سووکی و پەستییشەوە سەیری مەسەلەی کوردیان نەکردبێ،ئەوا حەقەن بەهیچ جۆرێك گوێیان نەداوەتێ . زۆر لاوی کورد لەو پارتیەدا ،کە زۆرتر

---

← و ئیستانبوڵتەکنیك ئوونیڤێرسیتەسی تەلەبە بیرلیگی(یەکێتی خوێندکارانی زانکۆی تەکنیکی ئەستەمبووڵ) .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوێندکارانی زانکۆی" دۆغو!" بوون، تەواو لەناخی دڵەوە خۆیان پێ سۆسیالیست بوو،کەچی بە فیزێکەوە،بە تورکیەکی شەق وپەق و لەهجەیەکی واوە کە ئاشکرای دەکردن خەڵکی "دۆغو!" بوون،شانازییان بەوەوە دەکرد کە " تورکی خالیسن!"، و زۆر بە سووکایەتی و گاڵتە پێکردنەوە پاکانەیان لە ئەسڵی کوردی خۆیان دەکرد . ئای...ئەفەندی( ئاغایان ) ویستیان شۆڕشی جیهانی بەجێ بێنن، ویستیان بۆ گەلانی ڤێتنام و فەلەستین شەڕ بکەن ... چۆن، بەڵام " دۆغو! "یان بەدڵ نەبوو، جگە لە گاڵتە پێکردن کارێکی دیکەیان پێ نەبوو . دایـك و باوکی خۆیان کە جووتیار و کرێکاری هەژاری کورد بوون و لەوانەیە یەك وشەی تورکییان نەزانیبێ، خەڵکی "دۆغو!"ی بێچارە کە دەچەوسێندرانەوەو دادەدۆشران، ئەوانە شتێك نەبوون سۆسیالیزمی ئەمان کارێکی پێ هەبێ و بەلایەوە بچێ . دە دیارە پارلەرسۆسیالیزم(ی لاف لێدان و فشەی بەتاڵ)ی وا کە خۆی لە خودی وڵاتی خۆی گێل بکا، ئاخریەکەی ناکرێ بەجیددی وەربگیرێ . پرۆفیسۆری بەلجیکی " گی ئێرۆ " لە کتێبەکەیدا " ئەتنیزم (قەومایەتی) چیە؟ "، باسـی ئەو دەردە دەکا کـە چۆن کەسانێکی گەلێکی چەوساوەی کـە لە رووی ژمارەوە کەمترە، لەوە دەگەڕێن خۆیان لە ریزی ئەو گەلەی تردا کـە زۆربەیە هاوجۆر کەن، تـاکو بەرژەوەندی و جێ و رێی خۆیان دابین کەن . ئـەو کەسـانەی گرێی خۆ بـە کەم زانین و نەخۆشی پەکی خستبوون ، بە دەست هەستی سووکایەتی تلانەوە وای لێ کردبوون ببن بە خەتەرترین و شۆڤێنیترین عونسور لەناو دەستەی زۆربەدا بۆ سەر ئەسڵی گەلی خۆیان . دیارە زۆرتر هەر وایە، ئەو جۆرە کەسانە کەسانێکی پەستن، شەرمیان بە نەتەوەی خۆیانە و دژی ئازادیی گەلی خۆیانن . قسەیەك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، دەڵێ : ئەوەی ئینکاری ئەسڵی خۆی بکا بیژووە( زۆڵە) . بەڵام، پیاو ناشبێ زۆر گلەیی لەو جۆرە کەسانە بکا کە ئاوا لە نەتەوەکەیان دادەبڕێن ، چونکە ئەوانە زۆریان - بە شێوەیەك - قوربانیی رژیمن، لەوانەیە زۆرتر شایانی ئەوە بن پیاو بەزەیی پیانابێتەوە تاوەکو ئاوا هەر بە پەستیان دابنێ .

کەواتە، بـە هـەرحاڵ، بیروباوەڕی نـەژادپـەرستـیی حوکمی تورکیا لـە پارتیەکی سـۆسـیالیسـتیشدا هەبوو!، راستیەکەی ئەمەیە :

نەتەوەیەکی چەوساوە، بەدەستی خۆی خەبات بۆ ئازادیی خۆی نەکا، هەرگیز ئازاد نابێت . نە سۆسیالیزم ، نـە دیموکراسی، نە ئینسانیەت، نایەن ئازادیی بۆ لەسەر سینییەك دابنێن و پێی بڵێن : " فەرموو"!(٤٦) .

نەتەوەیەکی وا،چەندە ئامادەی قوربانی دان بێت، دەتوانێ ئەوەندە سەربەرزیی خۆی بسەپێنێ، ئەوسـاو تـەنیا ئەوسا، ئەوەی دۆستایەتیی لەبـاردا بێت پەیدا دەبێت . ئەو نەتەوە سستەی دەست بەردەداتەوە، قوڕی بـە سـەر ،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنیا مەرگ بە چاوی خۆی دەبینێت .

زۆرتر وادەبێ، لەهەموو جیهاندا، کورد بە نموونەی ئازایەتی دەهێننەوە، بەڵام ئەو ئازایەتیەی بۆ نەتەوەیەکی دەروون سەربەخۆ پێویستە تا سەربەخۆیی کیانی خۆی بسەپێنێتەوە، زۆرتر لە رووی مەعنەوی و رەوشتەوەیە تا لە دەست و بازووەوە، ئەوەیە کە پیاو بەتەواوی بزانێ"بەرپرسیاری" چیە و شانی بداتە بەر و پەیمان لەگەڵ بیروباوەڕی فەلسەفی یا سیاسیدا ببەستێ . سەد شوکر، گەلی کورد لە سایەی کۆششی لاوەکانیەوە ئیسباتی کردووە کە ئەو جۆرە ئازایەتیەشی هەیە .

محەمەد عەلی ئایبار، لە ١٩٧٠/٧/٢٤دا لە پەرلەمان، داوای لە حکومەت کرد مەسەلەی " عەمەلیاتی کۆماندۆی دۆغو" روون بکاتەوە . ئایبار" خەتەری ئەو عەمەلیاتەی بۆ سەر یەکێتی نەتەوایەتی" خستە بەر چاوی حکومەت، ئەوجا گوتی :

« لەوەتای دروست بوونی کۆمارەوە، هاونیشتمانەکانی دۆغو وگونەی دۆغو هیچ کاتێك وەك هاونیشتمانی دی سەیر نەکراون . ئەم هاونیشتمانانەی کە بە کوردی قسە دەکەن،رەفتارێکی تایبەتی وایان لەگەڵدا دەکرێ وەك هاونیشتمانی دەرەجە سێ بن . ئەم حکومەتەی ئێستاش یەکەم حکومەت نیە سیاسەتی وای لەگەڵ بەکارهێنابن، سیاسەتی ئیرهاب هەمیشە لە دۆغو وگونەی دۆغو هەبووە . بەڵام گیروگرفت بەم شێوەیە چار ناکرێن، سیاسەتیئیرهاب دەمانگەیەنێتە رۆژێکی وا کە رێك بە پێچەوانەی ئاواتی خاوەنی ئەمکردارانە بێت . پێویستە ئەم سیاسەتە نەمێنێ، تاکوهاونیشتمانی دۆغو هەست بەوە بکا کە پێوەندیی بەم نیشتمانەو بە کۆمەڵگای ئەم نیشتمانەوە هەیە .»

ئەسڵی گشت قسەکانی ئایبارو هەڵوێستی نایبەکانی دی،دەکرێ لە پوختەی راپۆرتی پەرلەماندا بخوێنیتەوە*. قسەکانی ئایبار لەلایەکەوە زۆر ترسنۆکانە بوون،چونکە ئایبار کوردی بە نەتەوە ناونەبرد، داوای لەحکومەت نەکرد مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد بسەلمێنێ، ئەویش کوردستانی بە دۆغو ناوبرد. هەموو داواکەی ئەوەبوو حکومەت دەست لە سیاسەتی ئیرهاب لە"دۆغو" هەڵگرێ ،ئەویش بۆ خاتری"یەکێتی نەتەوایەتی"ی کۆماری تورکیا . قسەکانی لەلایەکی دیکەوە، ئازایانە بوون ،کە- بەهەرحاڵ - سەرنجی بۆ چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی کورد راکێشا؛ چەند نایبێکی "دۆغو" - لەسەرئەوەندەش - جنێویان پێدا . ئەگەر ئەوەمان لە بیر

---

* بەشی ٣، بەرگی ٨، تۆماری ١، کۆبوونەوەی ١٣٤ی ١٩٧٠/٧/٢٤ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێت کە سێ- چوار ساڵ بەر لە ١٩٧٠ ،هەر ئەم ئایبارە خۆی کە رابەرو نوێنەری" ت .ئی .پ." بوو لەکۆنگرەی سۆسیالیستی نێو- نەتەوایەتیدا لە ستۆکهۆڵم، لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسێکدا گوتی : " مەسەلەیەك نیە ناوی مەسەلەی کورد بێت لە تورکیادا "، و ئەو قسەیەی ئەوسای و ئەمانەی ئێرەی بەراوردبکەین، دەردەکەوێ کە هەڵوێستی دوای ئەو چوار ساڵەی باشتر بووە . رابەرێکی دیکەی" ت .ئی .پ." فاتمە ئیسمەنی ئەندامی مەجلیسی سەنای تورکیا ، ئەویش داوای لە حکومەت کرد"سیاسەتی کۆماندۆ لە ویلایەتەکانی دۆغو" بوەستێنێ . ئیسماعیل جەم، لە ژمارەی ١٩٧٠/١١/٢٦ی" میللیەت " دا، باسی قسەکانی ئایباری پەرلەمان دەکا : « لێدوانەکە دەریخست کە بە راستی کێشەیەکی دۆغو هەیە (..) بەڵام ئەو رێیەی بەرپرسیارانمان لەو مەسەلەیەدا گرتوویانەتە پێش جیددی نیە، هەروەك وشتەر دەکەن، سەریان دەخەنە ناو لمەوە . ئەم هەڵوێستەیان لەبەرامبەر مێژوودا بەرپرسیاریان دەکا(..) مەسەلەکە ئەوەیە کە ئایبار پیشانی داین .کە کرداری کۆماندۆیەکان بە پێچەوانەی دەستوورە .»

کۆنگرەی چوارەمی" ت .ئی .پ."( ٢٩- ٣١/ ٧/ ١٩٧٠) ئەم بڕیارەی دەربارەی مەسەلەی کورد هەبوو :

« ـ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی تورکیا هەیە .

- هێزی فاشیستی چینە دەسەڵاتدارەکان، هەر لە سەرەتاوە، سیاسەتی چەوساندنەوە و ئیرهاب و تواندنەوەی گەلی کوردی گرتۆتە بەر . ئەمەشی زۆر جار بە کرداری خوێناوی و بە تەوژم بۆهێنان بەجێ هێناوە .
- هۆیەکی ئەساسیی دواکەوتوویی ئەو ناوچانەی گەلی کوردی تێدا دەژی لەچاو ناوچەکانی دی، بێجگە لە یاسای پەرەسەندنی ناڕێکی سەرمایەداری، سیاسەتی کۆمەڵایەتی وئابووریی هێزی چینە دەسەڵاتدارەکانە، ئەوەیان لەبەرچاو بووە کە ئەم ناوچەیە گەلی کوردی تێدا دەژی .
- لەبەرئەوە، گیروگرفتی رۆژهەڵات بە گیروگرفتێکی ناوچەییدانان، درێژە پێدانی بیروباوەڕی شۆڤێنیانە و نەتەوەییانەی چینە دەسەڵاتدارەکان دەگەیەنێ و هیچی دی .
- پشتیوانیی حیزبی ئێمە، کە دوژمنێکی سەرسەختی رێبازی دژی دیموکراتی و فاشیستی و چەوسێنەرو نەتەوەیی شۆڤێنیانەیە، لە خەباتی گەلی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافە دەستووریەکانی هاونیشتمانێتیی خۆی و بۆ هێنانەدیی ئاوات و داخوازە دیموکراتیەکانی، ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەی تەبیعی و پێویستە .
- دەبێ سۆسیالیستەکانی کورد و تورك، شان بە شانی یەك لە چوارچێوەی حیزبدا ، بۆ ئەوە تێ بکۆشن کە، خەبات بۆ دەربڕین و بەجێهێنانی داخوازە دیموکراتیەکانی گەلی کورد و ئاواتەکانی بە ژیانێکی شاد لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لایەك و، خەبات بۆ شۆرشی سۆسیالیست بە رابەریی چینی کرێکارو پێشرەوەکەی کە پارتیەکەی ئێمەیە لەلایەکی دی، تێکەڵ بێ و ببێ بە تاقە شەپۆلێکی شۆرگێر .

- فرمانی لەناوبردنی بیروباوەری نەتەوەیی - رەگەزپەرستانە و شۆڤێنیانە و بۆرژوایانەی دژی کورد لە ناو ریزی لایەنگرانی حیزب، سۆسیالیستان، کرێکاران و هەموو جەماوەرانی زەحمەتکێشدا، ئامانجێکی ئەساسی و درێژخایەنی خەباتی فکری و پەرەپێدانی حیزبمانە .

- پارتی،لە روانگەی خەباتی شۆرشگێری سۆسیالیستی چینی کرێکارو پێویستیەکانیەوە دەروانێتە مەسەلەی کورد . »

١٤ ساڵ بەر لەوە بوو ( ئەیلوولی ١٩٥٦) ،کە "ح. ش. ع." ( الحزب الشیوعی العراقی = پارتی کۆمونیستی عیراقی ) ، لەژێر تەوژمی کوردایەتی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، ئەم بریارەی لە کۆنفرانسی دووەمیدا هەبوو :

«بەندی ١ :

ئەو مەڵبەندەی عیراقی کە عارەبی تێدا دەژی، بەشێکە لە نیشتمانی عارەب .

عیراق، بەم شێوەیەی کە کیانێکی سیاسیە، دەوڵەتێکە بە هەردوو رووی نیشتمانی و جیهانیی عارەبە و ئەندامێکی سەرەکیی خێزانی دەوڵەتە عارەبەکانە .

بەندی ٢ :

عیراق، بەم سنوورەی ئێستای کە لە لایەن ئیمپریالیزمەوە کێشراوە، بەشێکی کوردستان دەگرێتەوە .

بەندی ٣ :

کەواتە، عیراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێك دێ : عارەب و کورد .

گەلی کورد لە عیراق، بەشێکە لە نەتەوەی کورد ، کە لە مەڵبەندی خۆی" کوردستان "دا نیشتەجێیە ،کە ئێستا لە نێوان تورکیا و ئێران و عیراقدا دابەش کراوە . کورد نەتەوەیەك پێکدێنێ کە هەموو سیفەتە تایبەتیەکانی نەتەوەی هەیە، بەتایبەتی : کۆمەڵێك مرۆڤی کە بە درێژایی مێژوو پێکهاتووە، وڵاتێکی تایبەتی خۆی هەیە ، زمانێکی خۆی هەیە ، توانای پێکهێنانی ئابووریەکی نەتەوایەتیی خۆی هەیە و بەرەو رزگاری و یەکێتی نیشتمانی دەچێ . »

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمان بڕیار، لە بەشی شیکردنەوەیدا، دەڵێ :

« ئەمە شتێکە گشت ئەیزانن، کە ئیمپریالیزم کوردستانی پارچە- پارچە کردووە و نەیهێشتووە لەدوای شەڕی جیهانیی یەکەم دەوڵەتی کوردستان لەم شوێنە دروست ببێ . ئیمپریالیزمە، کە ئەو سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیەی لە عیراقدا بەرامبەر کورد هەیە و لە ئێرانیشدا دنە دەدا و هەر پشت دەگرێ . »

دوای ئەوەی شۆڕشی کورد لە هەرێمی باشووریکوردستان بە رابەریی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی پێکرد ،ئەوجا کۆمیتەی ناوەندیی"ح. ش. ع." لە کۆبوونەوەی مارتی ١٩٦٢یدا بڕیاری دا کە "مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ ی گەلی کورد، بە مافی جیابوونەوە و دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ش" دەسەلمێنێ . ئەم بڕیارە(ی مارتی ١٩٦٢) دەڵێ :

« نەتەوەی کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی دی، دەبێ مافی ئەوەی بەدەستەوە بێ خۆی بڕیار بدا : چۆن بژی، چ دامودەزگایەکی سیاسیی هەبێ ، و پێوەندیی کوردستان لەگەڵ وڵاتان و گەلانی هاوسێدا چۆن بێ .

بـــــــــــــــــــــــــەڵام

لە هەلومەرجی ئێستادا، تاقە چارەیەکی هێژا ئەوەیە یەکێتی " بە راستی دیموکراتیانە "ی عارەب وکورد پێك بێ، ئەویش بە دامەزراندنی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عیراقدا دەبێ .»

دیارە، بەشێکی کوردســـتان کە لە عیراق بێ ( بەندی ٢) و، ئەوجا کە عیراق بە هەردوو رووی نیشتمانی و جیهانیی دەوڵەتێکی تەنیا عارەب بێ، دوو قسەی بە پێچەوانەی یەکن و یەك ناگرنەوە . دەکرا بڵێ " عیراق دەوڵەتێکی دوو نەتەوەیی کورد- عارەبە "، نەك هەر عارەبە و تەواو .

بڕیاری ئەیلوولی ١٩٥٦، لە بەشێکیدا دەڵێ :

« دەبێ کوردی دەوڵەتی عیراق، پێش هەموو شتێك، چالاکانە بەشداری خەباتی هاوبەش بن لەگەڵ عارەبی عیراقدا ،بەشداری شەڕی دنیایعارەب بن لەدژی ئیمپریالیزمدا ،خەبات بۆ بەجێهێنانی یەکێتیعارەب بکەن . کاتێك یەکێتیعارەبیان بەجێهێنا و وڵاتی عارەبی یەکگرتوو بوو بە سۆسیالیست، ئەوسا کوردستانی عیراق دەبێ بە بنکەیەکی پتەوی رزگاریی هەموو کوردستان . »

دە فەرموو دەی، ئەمانە چۆن کورد بە قوربانی عارەب دەکەن . کوردی هەرێمی باشووری کوردستان بە هیچ جۆرێك مەجبوور نین بەرلەوەی بیر بۆ رزگاریی خۆیان بکەنەوە بچن رزگاری و یەکێتی و سۆسیالیست کردنی دنیای عارەب بەجێ بێنن . هاوکاریی دووگەل بەجێیخۆی، بەڵام مەسەلەی کورد ناکرێ وەك بڕیاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٩٥٦ی "ح. ش. ع." بێ، بکرێ بە بەشێك لە مەسەلەی عارەب . بەهەرحاڵ، دیارە خەڵکی هەرێمی باشووری کوردســـتان دوای قسەی "ح. ش. ع." نەکەوتن، ناچار"ح. ش. ع." لە بڕیاری ١٩٦٢یدا بایدایەوە سەر خەتی گشتیی هەڵوێستی شۆڕشی کورد .

ئەمجا بێینەوە سەر باسی "ت .ئی .پ." :

هەرچەندە لە باسی تورکیادا تەنیا کۆماری تورکیا هەیە و ئیدی وەك "دنیای وڵاتانی عارەب" نیە و ئەمە مەسەلەکە لە رووی تیۆریەوە دەبێ سادەتر بکا، کەچی کاتێك سەیری بڕیاری "ت. ئی. پ." دەکەین دەبینین بۆکورد لەوەی"ح. ش. ع." ی چاردە ساڵ بەر لەوە کەمترە."ح. ش. ع." کوردی "عیراق"ی بـە یەکێك لە دوو نەتەوە سەرەکیەکانی دەوڵەت داناوە، ددانی بەوەدا ناوە کەکوردستان نێشتمانی کوردە و ئیمپریالیزم دابەشی-کردووە،و ئەوەی کە "عیراق" بەشێکی کوردســتان دەگرێتەوە لەوەوە هاتووە کـە ئیمپریالیزم ئەو سـنوورانەی داناوە، تەنانەت ئەوەش دەڵێ کە کورد مافی دیاریکردنیچارەنووسیخۆ ی هەیە . ئەم قسانە،هیچیان جێگەیان لە بڕیاری" ت .ئی .پ." دا نەبۆتەوە ." ت .ئی .پ." ناڵێ" کوردستان" و دەڵێ "دۆغو"، ناڵێ" نەتەوەی کورد" و دەڵێ "گەلی کورد"، باسی دابەش کردنی کوردستان و بەشێکی بەر کۆماری تورکیا کەوتن نیە ، و بە لای مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ ی کورددا هەر نەچووە .

ئەسڵەن ئەمە خۆی وایە و قسەی پێ ناوێ ، شت دەبێ بە ناوی خۆی ناوببرێ ، کوردستان نیشتمانی کوردە و ناوی وایە، ئیدی بۆچی لێمدەکەی بە دۆغو وگونەی دۆغو؟ . ئەمیش دەردی عارەبە شۆڤێنیەکانی عیراقە کە بە هەرێمی باشووری کوردستانیان دەگوت "شیمال" (باکوور) . بەلای کەمەوە، ٧٠٠ ساڵ ناوی کوردستان لە هەموو نەخشەکانی تورکدا هەبووە، و تورك پشت بە پشت ئەو نەخشانە و ئەو ناوەی بەکار هێناوە . شەرەفنامە و ئەولیا چەلەبی و سێڤر یش لەولاوە بوەستن، خۆ بەر لە سوڵتان سەلیم و لە سوڵتان سەنجەری سەلجووقیەوە ( سەدەی دوازدە) و تا پەیدابوونی کۆماری تورکیا هەر هەبووە . نامەی ١٨٨٠/٧/٥ی عابدین پاشای سەرەك-وەزیران و وەزیری دەرەوەی عوسمانی(٤٧) کە بۆ گۆشینی نووسیوە، نموونەیەکی ترە :

دەوڵەتیعوسمانی لە شەڕی ١٨٧٧-١٨٧٨ی لەگەڵ رووسدا شکا،ئەوەبوو ساڵی ١٨٧٨ دوو پەیمانی پێ ئیمزا کرا: سان ستیفانۆ و بەرلین . لە بەندی ٦١ی ئەوەی بەرلیندا،عوسمانی پەیمانی دا هێندێك کاروباری ئیداری

www.rabari.org

بۆ ئەرمەنیەکان بەجێ بهێنێ . هەیئەتی دیپلۆماسیی ئەوروپایی لە ئەستەمبوولْ ، دەبوو بەسەر بەجێ هێنانی ئەو پەیمانە رابگا لە : ئەرزەرۆم، وان، بتلیس، دیاربەکر، خارپووت، و سیواس . گۆشین ( گەورە سەفیری ئەوروپایی لە ئەستەمبوولْ ) بە ناوی هێزە ئەوروپاییەکان، لە ١٨٨٠/٦/١١دا بە نامەیەکی رەسمی داوای لە حکومەتی عوسمانی کرد کە پەیمانەکە بەجێ بهێنێ (٤٨) . عابدین پاشا وەڵامی دەداتەوە دەڵێ :

« (..) وێڕای ئەو سەرقاڵ بوون و زەحمەتیانەش کە شەڕەکە پەیدای کردوون، دیسـان حکومەتی ئیمپراتۆریی عوسمانیهەمیشەهەرئاگای لەوەبووە ئەو بەندانە بەجێ بهێنێ و زۆر کارمەندی مەدەنیی دەسەڵاتداری ناردۆتە هەموو بەشەکانی کوردستان و ویلایەتەکانی دی، کە ئەرکی ئەوەیان پێ سپێراوە باشترین رێ بدۆزنەوە بۆ (..) بەر لەوەی ئەم نامەیە تەواوکەم،بە ئەرکی سەرشانیخۆمی هەست پێ دەکەم بەتەواوی ئەوە لە جەنابتان تەئکید بکەمەوە و دەستنیشانی بکەم کە ئەنجامی دوا سەرژماریی رەسمیی دانیشتوانی ئەرمەنی لە " وان، دیاربەکر، بتلیس، ئەرزەرۆم، و سیواس " بەم جۆرە بوو : ژمارەی ئەرمەنی : ١٧٪ هەموودانیشتوان، کۆمەڵە نامسوڵما- نەکانی دی : ٤٪ ، مسوڵمان : ٧٩٪ . دیارە،بێ ئەوە پێویست بەگوتنیش بکا،" بابی عالی " ئەو هێزانەی کە پەیمانی بەرلینیان ئیمزاکردووە لەو کارانە ئاگادار دەکاتەوە کە بـۆ پیادەکردنی یەك بەدوا یەکی ئـەو ئیسلاحاتەی دەکا،لەویلایەتەکانی" کوردستان" و ئەوانەی " ئەنادۆڵ"یش کە ئەرمەنییان تێدا نیشتەجێن »*.

عابدین پاشا لێرەدا دان بەو حەقیقەتەدا دەنێ کە " کوردستان" و" تورکیا"( ئەنادۆڵ ) دوو وڵاتن لە ئیمپرا- تۆریی عوسمانیدا. کوردستانی ژێردەستی تورکیا دەکەوێتە رۆژهەڵاتی تورکیاوە، بەشی رۆژهەڵاتی تورکیا نیە . ئەوجا بۆچی هەر وڵات و شوێنە بەناوی خۆیەوە ناو نەبرێ؟ ، فەرموو لە بریتانیادا : ئینگلتەرە ، سکۆتلەندا، وێلز،ئولستەر بە ناوی خۆیان ناودەبرێن . سۆڤیەت ١٦ کـۆمارە . یوگۆسـلاڤیا، چیکۆسـلۆڤاکیا، تـەنـانەت ئەڵمانیای رۆژئاواش ( کە یەك نەتەوەیە) و لە چەند و چەندی دیدا، هەر کۆمارەو هەر بەشە ناوی خۆی پێوەیـە و بەکار دێ، ئیدی بۆچی لەو بەینەدا ناوی نیشتمانی" کوردســتان" نابێ بەکار بێت ؟ . یـەکێتی وەرزشـی ئەوروپایی،یاریی وەرزشی نێوان تیپینەتەوایەتیی وەرزشی ئینگلیس(ئینگلتەرە) و تیپینەتەوایەتیی وەرزشی سکۆتلەندا بەیاریی"نێو نەتەوایەتی" ( نێوان نەتەوەکان) دادەنێ . ئەم سویسرا بچووکە لە ٢٢دەوڵەتی بچووکتر

---

* La Nation Kurde et son évolution sociale, Messoud Fany, diss.at the University of Paris, 1933,PP,153-159 .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

( کانتۆن ) پێکدێ ، هەریەکە : حکومەتی خۆی، پەرلەمانی، ئاڵای، پایتەختی، یاسای تایبەتی، دارایی ، و پۆلیسی خۆی هەیە، مێژووی تایبەتی خۆی وێڕای مێژووی سویسرا لە خوێندگەیدا دەخوێندرێ، هەر شارە و هەر دێیە ئاڵای خۆی هەیە، کسێك تێدا حەز بکا ئاڵای سویسراشی لە پەنادا هەڵدەکا و ئەگەر نەیەوێ نایکا. " لۆزان " بەرەسمی پایتەختی" دەوڵەتی ڤۆ"یە ، ناوی جنێڤ بەرەسمی" دەوڵەت و کۆماری جنێڤ "ـە . ئیدی تورکیەئیشچی پارتیسی،بۆچی تۆش بۆ باسی یەکێتی کوردوتورکت بیرت بۆ ئەوانە ناچێت بڵێی با ئێمەش وەك ئەوان بکەین ؟، لەجیاتی ئەوە هەر ناوی ناوئاساییشمان لێ دەکەی بە"دۆغو"ی تورکی، مەگەر یەکێتی کورد و تورکی کە باسی دەکەی بەوە پێکدێ کە ناوی "کوردستان"مان بکەی بە " دۆغـو ڤـە گونـەی دۆغـو ئەنادۆلو" ؟! .

لەگەڵ ئەوەشدا ، رێکخراوەکانی کورد بەگەرمی پێشوازییان لەو بڕیارەی " ت .ئی .پ." کرد. کۆمەڵەی خوێند-کارانی کورد لە ئەوروپا - بە نموونە - پەسندی کرد . ئەوە یەکەم جار بوو پارتیەکی رەسمی لە کۆماری تورکیا هەڵوێستی ئەوەندە گرنگ دەربارەی مەسەلەی کورد بنوێنێ، بەڵام دیسان دەکرێ دوا قسەیەکیشمان لەگەڵ چوارەم بەشی بڕیارەکەیاندا هەبێ، کە باسی " یەکێتی" خەباتی سۆسیالیستی کورد و تورك دەکا لە " تاقە شەپۆلێکی شۆڕشگێڕ"دا . ئێمە دەڵێین دەبێ کورد پارتی تایبەتی خۆی هەبێ و نابێ لە پارتیەکانی تورکدا بتوێتەوە، خۆ ئەگەر چەند کوردێکی خوێندەواری واش هەبن کە بچنە ناو پارتی کۆمونیستی تورکیاوە ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە گەلی کورد دوایان دەکەوێ . ئەمەی بە تورکیە ئیشچی پارتیسی ( و کۆمونیستەکانی تری تورکیا)ی دەڵێین ، پڕ بە باڵای " الحزب الشیوعی العراقی" و " حزب تودەء ایران "یشە .

## شەش - رژێمی فاشیستی مارتی ١٩٧١

جەنەراڵ تاگماچ ١٩٧١/١/١ بە رۆژنامەنووسانی جیهانی گوت کە لەشکر نیگەرانە چونکە لاوانی تورکیا بە ئاشکرا باسی گەلانی تورکیا و مافەکانی گەلی کورد دەکەن. لە قسەیەکی دیکەیدا کە رۆژنامەی "جمهوریەت"ی رۆژی ١٠ی شوبات (فیوریە) بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ:

" سەرانی لەشکر لە سێ شت نیگەرانن: ١ - چالاکیی چەپ وخوێندکاران، ٢ - پەرەسەندنی کورت چولوك (کوردایەتی) لە ویلایەتەکانی دۆغو، ٣ - چالاکیی بزووتنەوەی ئەوپەڕی راست". بەڵام دیارە ئەوەی نەگوت کە سێیەمەکەیان (فاشیست و ئاینی) پشتگیری لە خودی لەشکری تورکیا وەردەگرن.

لە ١٩٧٠/١٠/١٥دا دەوری ٣٠ رۆشنبیری کورد گیرابوون: دکتۆر تارق زیا ئەکنجی، دکتۆر جانپ یلدرم (دکتۆرای قانوونی لە زانکۆی مۆنت پلیێ وەرگرتووە، پێشوو پرۆفیسۆری یاریدەدەر بوو لە زانکۆی ئەنقەرە)، مووسا عەنتەر، محەمەدئەمین بۆزەرسلان، و چەندین خوێندکاری رابەری کۆمەڵەی "د. د. ك. ئۆ.". خوێندکارەکانیان لە حەپسدا هێشتبوونەوە* و ئەوانی تریان دوای دوو حەفتە بە کەفالەت بەردابوون. گرتن و هێشتنەوەی خوێندکارەکانیش لە حەپسدا تەئسیرێکی نەکردبووە سەر چالاکیی رێکخراوەکانیان.

جەنەراڵ تاگماچ، جەنەراڵ گورلەر (هێزی زەوی)، جەنەراڵ باتور (هێزی هەوایی)، و ئەدمیراڵ ئەییجە ئۆغلو (هێزی دەریایی) لە ١٩٧١/٣/١٢دا ئیزارێکیان دا بە حکومەت کە:

« پەرلەمان و حکومەت، بەوە کە وڵاتیان بە پاشاگەردانی، شەڕی براکوژی، شێوانی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەیاندووە و، بەوەی نەتەوەیان لە بەرزترین هیوای دابڕیوە کە بە پلەی ژیاریەکی نوێ - ئەو ئامانجەی ئەتاتورك دیاری کرد - بگات، بەوانە داهاتووی تورکیایان خستۆتە مەترسیەکی گەورەوە.

پێویستە بە رێوشوێنی دیموکراتیانە حکومەتێکی بەهێز دروست بکەن، بتوانێ بە گیانی کەمالییانە ئەو ئیسلاحاتە بەجێ بهێنێ کە دەستوور دەڵێ. خۆ ئەگەر ئەمە لە زووترین‌کاتی لەتواناداپێك نەیەت،ئەوا هێزە

---

* ناوی هێندێکیان بە نموونە: زەکی تەکەس، ئیبراهیم گوچلو، سەبری جەپك، مومتاز کۆتان، نەزیر سەمی‌کانلی،نەجمەدین بویوك کایا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەکدارەکانی تورک بڕیاری تەواویان داوە راستەوخۆ حوکم بگرنە دەست خۆیان . »
سەردێری سەروتارێك لە رۆژنامەیەکی سویسرادا ئەو بارەی لە دێڕێکدا کۆکردەوە : " تورکیا لە ژێر شمشیری دامۆکلیسدا" (٤٩) . عیسمەت ئینونو گوتی : " ئەو حکومەتە بەهێزەی لەشکر دەیەوێ ، کۆتایی هێنانە بە سیستمی دیموکراسی " . تورکیە ئیشچی پارتیسی بڵاوی کردەوە کە ئەو گۆڕانە " فاشیستی" یە . بەهیجە بۆران خانم (سکرتێری گشتیی تورکیە ئیشچی پارتیسی و ئەندامی مەجلیسی سەنای تورکیا) گیرا . هەرچەندە عیسمەت ئینونو گوتیشی کە باوەڕ ناکا حکومەتێکی کاتیی وەها بتوانێ ئیسلاحاتی پێویست بە جێ بهێنێ، کەچی تەنیا سێ رۆژ دوای ئینزارەکەی لەشکر، خۆی و رابەری عەدالەت پارتیسی ( دەمیرێل) بایانداییەوە و، گوتیان کە ئەگەر رژێمێکی وا بێتە سەرکار ئەوا ئەوان پشتگیریی لێ دەکەن .
لە ١٩ی مارتدا، جەنەراڵ سونای داوای لە نیهادئەریم( ئەندامی حیزبەکەی عیسمەت ئینونو) کرد کە حکومەتە بەهێزەکە پێك بهێنێ . هەرچەندە نیهاد ئەریم تازە بەتایبەتی بۆ مەسەلەی ئەم حکومەتە نوێیە لە حیزبەکەی دەرچوو، بەڵام هەر بە ناوی "ناحیزبی" ناوبرا . " حکومەتی بەهێز "ی نوێ، لە ٤/٢٦دا حوکمی عورفی (عەسکەری)ی خستە یازدە ویلایەتەوە،کە جگە لە ئەنقەرە و ئەستەمبووڵ ، دیاربەکر و ماردین و سێرت یشی گرتەوە . دەستوور و یاسای سزا دەستکاری کران تاکو یاسا -ئەریم واتەنی -" وەکو گۆپاڵی لێ بێ"! . فەرمانی جەنەراڵ تاگماچ و دەستەکەی بە یاسا دانرا ." دادگای ئەمنی دەوڵەت" جێی دادگای مەدەنییان گرتەوە . ئەوەی لە یاسادا باسی رێکخراو و کۆمەڵە و کۆبوونەوەی گشتی و خۆ پیشاندان بوو، بە شێوەیەك دەستکاری کرا کە ئیتر کورد نەتوانێ لەهیچ گۆشەیەکەوە سوودی لێ ببینێ . چاپەمەنی، پتر خرایە ژێر چاودێرییەوە . هەموو نووسینێکی دژیکرداری حکومەت ودژی ئینزاری ١٢ی مارت بە"وێرانکەر" و"دژی بەرژەوەندی نەتەوە" دانرا. خەڵك گرتن، دوو رۆژ دوای دەست پێ‌کردنی حوکمیعورفی دەستی پێ‌کرد ."د. د. ك. ئۆ." بە"وێرانکەر دانرا و دەست بەسەر بارەگاکانیدا گیرا. یەکێتی خوێندکارانی چەپی تورکیاو چەند کۆمەڵەی دی داخران . لە ٤/٢٨دا، فەرماندەی لەشکری یەکەم جەنەراڵ فایق توورون باسی" خەتەری کورد"ی لە گوتارێکیدا کرد، گوتی :"کورد دەیانەوێ دەوڵەتێکی کورد لە رۆژهەڵاتی تورکیادا دابمەزرێنن " . وەزیری ناوخۆ عومەرئۆغلو لە هەمان رۆژ (٤/٢٨)دا داوای لە پەرلەمان کرد دەنگ بۆ حوکمیعورفی بدا . تەنیا دوو ئەندامی تورکیە ئیشچی پارتیسی : ئایبارو ئیسمەن خانمیان لێ‌دەرچێ، ئەوانی دی هەموویان قەبووڵیان کرد و دەنگیان بۆ دا . عومەرئۆغلو، پێنج مەترسیی رێکخراوو بەهێزی بۆسەر"نیشتمان وکۆمار"ی لە پەرلەماندا ناوبرد: ئەوپەڕی راست،ئەوپەڕی چەپ،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزووتنەوەی کورد ،خراپکاریی سووریا لە ئەسکەندەرۆنە،و چالاکیی ئەوانەی خەون بە" دیکتاتۆریەتیعەسکەر-ی"یەوە دەبینن! . وەزیری ناوخۆ لە باسی کورددا گوتی : " چالاکیی کوردەکان دەیەوێ خاکی نیشتمان بکا بە دوو کەرتەوە"و کە" ژمارەیەکی زۆر چەك لە دۆغوی ولات دۆزراوەتەوە"، ئەوجا" هێزەکانی مستەفا بارزانیی سەرۆکی کوردی عیراق"ی بەوە تاوانبارکرد کە"خەباتی جیابوونەوەخوازیی کوردی تورکیا" پشت دەگرن . هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ، وەزیری عەدلیە ( و ئەندامی حیزبەکەی عیسمەت ئینونو و زمانی حاڵی حکومەت) ئارار گوتی : " حکومەتی تورکیا بەڵگەی بوونی پارتیەکی سەربەخۆیی کوردی لە تورکیا بەدەستەوەیە" *. لە ٥/٢دا سەرەك وەزیران (ئەریم) بە درێژی باسی " خەتەری کورد"ی کرد، باسی " جیابوونەوەخوازیی کورد" ی کرد کە " هێزەکانی بێگانە هانی دەدەن " ، دوو رۆژ بەر لەوە (٤/٣٠) جەنەراڵ تاگماچ و فەرماندەکانی ستادی سێ لەشکری وێڕا، سەریان لە دیاربەکر دا کە رووی هەڕەشە وگوڕەشەیان پیشانی کورد بدەن ** .

ئەم کۆدێتایە هەرلە خۆپیشاندانەکانیهاوینی ١٩٦٧ـەوە چاوەڕوان دەکرا،چونکە"سیاسەتی عەمەلیاتیدۆغو" بە مەبەستی خۆی نەگەیشتبوو (کورد نە بێوەخت شۆڕشی کرد و نە دەمی خۆی گرت) . لە ١٩٧١/٧/٢٠دا " تورکیە ئیشچی پارتیسی" بە پێی بەندی٥٧و ٨٧ی یاسای کۆمەڵە و پارتیە سیاسیەکان قەدەغەکرا،چونکە گوتبووی " گەلی کورد لە دۆغو هەیە" . بەندی ٥٧ ئەو پارتیە قەدەغە دەکا کە " زیانی بۆ یەکێتی نەتەوایەتی و یەك پارچەیی کۆماری تورك هەبێ" . بەندی ٨٧ ئەو کۆمەڵەیەقەدەغە دەکا کە "یەك نەتەوەیەتیی تورك تێك-بدا، یا فەرهەنگێکی غەیری فەرهەنگی تورك لە تورکیا گەشە پێبدا" .

کوردێکی زۆر گیران : یاشارکەمال ( نووسەرێکی بەنێوبانگی جیهان،سەربە هیچ پارتی و دەستەیەکی سیاسی نیە؛ چاپەمەنیی جیهان ناوی بە تورك برد، بەڵام تورك نیە و خەڵکی وانی کوردستانە، لە گێڕانەوەی ژیانی خۆیدا دەڵێ :" باپیرم تەنیا کوردیی دەزانی") . یلماز گونەی (بەرهەمهێنی فیلم و سیناریۆنووسی بەنێوبانگی جیهان، لە دوا میهرەجانی کان دا فیلمێکی هەبوو زۆر سەرنجی راکێشا، چاپەمەنیی جیهان بە تورکی ناوبرد، بەڵام تورك نیە، کوردە و خەڵکی سێوەرەك ی کوردستانە و بە کوردی قسە دەکا) . دکتۆر تارق زیا ئەکنجی (خەڵکی دیاربەکر) و دوو برای تەحسین و یووسوف ( کە هەردوو پارێزەرن) . دکتۆر ناجیکوتلای ( بژیشکی

---

* Le Monde, avril 30, 1971.

**Le Monde, mai 4, 1971.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکی لای ئارارات). محەمەدئەمین بۆزەرسلان(نووسەر).مەهدی زانا( کرێکار).ئەحمەد ئاراس(ئابووریناس) . روسەن ئاسلان( قانووناس ) . کەمال بورکای ( پارێزەر، خەڵکی دەرسیم ) . دکتۆر ئەحمەد مەلیك ( بژیشك، خەڵکی باتمان) . دکتۆر ئۆگوز ئوزۆك( ددانساز) . نەجمەدین بویوك کایا و زەکی تەکەس (خوێندکار) و زۆری دی و ...زۆری دی . بە سەدان خۆیان شاردەوە .

جگە لە کورد ،دوو رابەری" تورکیە ئیشچی پارتیسی": پرۆفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی و بەهیجە بۆران یش گیران و بەوە تاوانبارکران کە " جیابوونەوەخوازیی کوردیان هان داوە" .

(..)

ئازادی، ئازادی، با رۆژت (..) هەڵبێ، زەردە بێتە سەر لێوت، خۆشی بخەیەوە شیو و دۆڵی زەنوێری خاکی کــوردی کە ئێستا تەمی خەم تاریکی کردوون .

رۆما ، ئاب (ئووت) ی ١٩٧١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەراوێزی وەرگێڕ

« زۆرتر وایە ناوی سەرچاوە لێرەدا هەر بە کورتی ئیشارەتی پێدەکرێ،

بۆناوی تەواو بڕ- ناوی هێندێك لە سەرچاوەکانی وەرگێڕ» .

(١) ئەنادۆڵ( ئاناتۆلێی یۆنانی= رۆژهەڵات) بەو وڵاتە گوتراوە کە ئەمڕۆ بەشی ئاسیایی وڵاتی تورکی کۆماری تورکیا پێکدەهێنێ . هەموو نەخشە و ئەنسیکلۆپێدیەکان - جگە لەوانەی کۆماری تورکیا - ئەوەیان پیشان داوە کە کوردستان و ئەنادۆڵ دوو وڵاتن ؛ و بڕ- ل ١١٨ی ئەم کتێبە .

(٢) مەبەست لە کۆماری تورکیا لێرەدا: تورکیاو هەرێمی باکووری کوردستانی موستەعمەرەی ؛
ویلایەت یان (بەرەسمی) ئیل : ئوستان (استان)، محافەزە ؛ والی : استاندار، محافز ؛
ویلایەت/ ئیل لە چەندین ئیلچە( بەخش، قەزا) پێکدێت و،لە خوار ئیلچەوە دەبێ بە"بوجاك" .
ژمارەی ویلایەتەکان هەمیشە لەگۆڕاندایە : ساڵی ١٩٩٠، ٧٣ویلایەت بوون، چواری نوێی تورکیا و، لە کوردستانیش باتمان و شرناخ کرابوون بە ویلایەت ؛ ساڵی٢٠٠٠ ژمارەی ویلایەتان ٨١ بوو، لەوساشەوە هەر لە پترێووندابووە و پترو پتربوون درێژەی هەیە ) .

(٣) تورك بە رەسمی بە شاری مەرکەزی ( و وادەبێ بە ویلایەتەکەش) دەڵێن " شانلی ئورفە"؛
شانلی : بە شەئن، بە شان و شکۆ .

(٤) حکومەتی تورك ئێستا هەر بە شارۆچکەیەکی باکووری شاری مەرکەزی ویلایەتەکە دەڵێ " هارپووت" ، بە ویلایەتەکە و شاری مەرکەزی دەڵێ " ئەلازیە" . سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانی ساڵی ١٨٦٢ لە سێ کیلۆمیتریی باشووری خارپووتەوە بەشی نوێی وە ئەو شارە خست، ئیتر ناوی بە " ئەلعەزیز" و " مەعموورەتولعەزیز" برا؛ مستەفا کەمال بۆ شاردنەوەی ناوی سوڵتانان کردی بە " ئەلازیە" ؛ لە هەندێ نەخشەی چاپیئێراندا ئەوە بووە بە"علازیق"! . ناوی" خارپوت مەزرەعە "و"حەربەرووت"یش بەکارهاتوون .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| (٥) ويلايەت | پێوانە- کم٢ | ژمارەی دانیشتوان بە گوێرەی سەرژماریی ١٩٩٠ | |
|---|---|---|---|
| | | ویلایەت | شاری مەرکەز |
| ١- ئادی‌یەمان | ٧ ٤٢٣ | ٥١٣ ١٣١ | (هەر ئەوانەی لە سەد هەزار پتر) |
| ٢- ئاگری | ١١ ٠٦٦ | ٤٣٧ ٠٩٣ | ١٠٠ ٠٤٥ |
| ٣- ئورفە | ١٩ ٢٧١ | ١ ٠٠١ ٤٥٥ | ٢٧٦ ٥٢٨ |
| ٤- ئەرزنجان | ١١ ٤١٣ | ٢٩٩ ٢٥١ | |
| ٥- ئەرزەرۆم | ٢٥ ١٣٣ | ٨٤٨ ٢٠١ | ٢٤٢ ٣٩١ |
| ٦- باتمان | ٤ ٦٩٤ | ٣٤٤ ٦٦٩ | ١٤٧ ٣٤٧ |
| ٧- بتلیس | ٨ ٠١٠ | ٣٣٠ ١١٥ | |
| ٨- بنگۆل | ٨ ٣١٩ | ٢٥٠ ٩٦٦ | |
| ٩- خارپووت | ٩ ٤٥٥ | ٤٩٨ ٢٢٥ | ٢٠٤ ٦٠٣ |
| ١٠- دەرسیم | ٧ ٩٥٤ | ١٣٣ ١٤٣ | |
| ١١- دیاربەکر | ١٤ ٩٠٨ | ١ ٠٩٤ ٩٩٦ | ٣٨١ ١٤٤ |
| ١٢- سێرت | ٦ ١٧٦ | ٢٤٣ ٤٣٥ | |
| ١٣- شرناخ | ٧ ١٧٢ | ٢٦٢ ٠٠٦ | |
| ١٤- عەنتاب | ٨ ٠١٥ | ١ ١٤٠ ٥٩٤ | ٦٠٣ ٤٣٤ |
| ١٥- قارس | ١٨ ٨٤١ | ٦٦٢ ١٥٥ | |
| ١٦- ماردین | ٨ ٥٩٤ | ٥٥٧ ٧٢٧ | |
| ١٧- مووش | ٨ ٤١٣ | ٣٧٦ ٥٤٣ | |
| ١٨- مەرەش | ١٤ ٦٨٠ | ٨٩٢ ٩٥٢ | ٢٢٨ ١٢٩ |
| ١٩- مەلاتیە | ١١ ٧٥٢ | ٧٠٢ ٠٥٥ | ٢٨١ ٧٧٦ |
| ٢٠- وان | ٢١ ٠٩٥ | ٦٣٧ ٤٣٣ | ١٥٣ ١١١ |
| ٢١- هەکاری | ٧ ١٢١ | ١٧٢ ٤٧٩ | |
| هەموو | ٢٣٩ ٥٠٥ کم٢ | ١١ ٣٩٨ ٦٢٤ کەس | |

( ساڵنامەی سیاسەتمەداری١٩٩٢-١٩٩٣ ، هەنتەر)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(٦) ئینتەرمێدزو( یان ئینتەرمێتسو) : ئاوازێکی کورتی نێوان بەشەکانی پارچە موسیقایەکی درێژ، پێوەندیی نێوان بەشەکانی ئۆپێرا یان چیرۆکی سەرشانۆ...؛ وەك لەم نموونەیەدا بە مەجازیش بەکاردێ .( لە ئینتەرمیدیەم ی لاتینی، واتا " نێوان " ) .

(٧) سەرچاوەی کوردی بە حکومەتی شاباز دەڵێن " دۆستەکی" ( باز حوسێن کوڕی" دۆستەك" یان "دوشتێك" ٩٣٤- ٨/٢٧ یان ٩/١٤ی ٩٩٠) . دوای نەمانی باز، برازا یا خوشکەزای ( ئەبوعەلی حەسەن کوڕی"مەروان") حوکمی خۆی دامەزراند و ئێمە بەمەیان دەڵێین " مەروانی" ، کە بەشی زۆری سەدەی ١١ هەبووە،؛ بەڵام سەر- چاوە هەن بە حوکمی هەردوو بنماڵەی دۆستەکی دەڵێن" مەروانی" . ( دەبێ محەمەدئەمین بۆزەرسلان باسێکی " مەروانی"ی لە عارەبیەوە کردبێتە تورکی ، کە باسی " باز "یشی تێدا هەیە ) .

(٨) سەید حوزنی دەڵێ کاتێك مەلیك عادل ( برای سەلاحەدینی ئەیووبی) شاری " شاباز"ی گرت، ناوی نا " عادل کوا باز" و ئەمڕۆکە بە " عادل جواز" دەناسرێت . ( دیرێکی پێشکەوتن،ل٩) .

(٩) دەوڵەتی شەددادی : ٩٥١- ١٠٧٥ ( خولاسەی ئەمین زەکی، با ٢، ل٣٤٩- ٣٥٤ ) .

(١٠) دەوڵەتی رەوادی : سەدەی ٩-١٣( هەمان سەرچاوەی ئەمین زەکی، ل ٣٦-٦٢) .

(١١) دەوڵەتی حەسنەوی ( بەرزیکانی) : سەدەی ١٠-١١ (هەمان سەرچاوەی ئەمین زەکی، ل٩٤-١١٤) .

(١٢) سەلاحەدینی ئەیووبی ١١٣٧( یان ١١٣٨) - ١١٩٣/٣/٤.

تووران شای ئەیووبی (کوڕی نەوەی مەلیك عادلی یەکەم ) ساڵی ١٢٤٩ ( بە مردنی باوکی) بوو بە هەشتەم و دوا پادشای ئەیووبی لە میسر(و دیمەشق)، شەجەرەتوددوڕ( کەنیزەکی باوکی) ساڵی ١٢٥٠ کوشتی و مێردی بە عیزەدین ئەیبەك ( دامەزرێنەری حوکمی مەملووکەکان) کرد ، ساڵی ١٢٥٧ ئەویشی کوشت ؛ کەنیزەکێکی یەکەم ژنی ئەیبەك لە تۆڵەدا لەهەمان ساڵدا بە کەوش کەوتە سەر لێدانی تا کوشتی . ئەیووبیەکان تا ساڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٢٨٤ هەر فەرمانڕەوای " میافارقین"(سیلڤان) بوون .

(١٣) ریشار کۆر دو لیۆن / ریچارد لایەنهارت... هەرکەسە نازناوەکەی بە زمانی خۆی دەڵێ، پادشای ئینگلیس (١١٨٩- ١١٩٩) بوو، بەڵام زمانی ئینگلیسیی نەدەزانی ،فەرەنسی زمان بوو .

(١٤) شەڕی سێیەمی خاچ پەرستان : ١١٨٩- ١١٩٢ .

(١٥) شارلمان(کارلی گەورە) ٧٤٢- ٨١٤، پادشای فەرەنگی( فرانکی)، و لە ساڵی ٨٠٠ـەوە ئیمپراتۆری ئیمپراتۆرییەك لـە دەریای باکوورەوە تا ڕووباری دانووب ، و لە دەریای بالتیکەوە تا باشووری ئیتالیا و باکووری سپانیا ، ئێکس لا شاپێل ( ئاخن )ی کردووەتە پایتەخت .

(١٦) عیزەدین ١١٦٠- ١٢٣٤؛ دوو برای بەهەمان ناو(ئیبنول ئەثیر) نووسەر و بەنێوبانگ بوون :
مەجدوددین ١١٤٩- ١٢١٠، و زیائوددین ١١٦٢- ١٢٣٩کە سەردەمێك وەزیری ئەل مەلیکول ئەفزەل( کوڕی سەلاحەدینی ئەیووبی) بووە .

(١٧) ئەحمەد ئیبنوخەلەکان١٢١١- ١٢٨٢، خەڵکی گوندی "خەلەکان"ی دۆڵی خەلەکان ی نزیکی کۆیە .

(١٨) یۆنانی لە سەدەی حەوتەمی پ ز دا دروستیان کردووە( بە ناوی" بیزانس" یا" بیزانتیوم") . ئیمپراتۆری ڕۆمانی کۆنستانتین( قسطنطین)ی یەکەم (گەورە) ناوەکەی گۆڕی،کردی بە کۆنستانتینۆپۆل( شاری کۆنستا-نتین) و ئیتر پایتەختی ئیمپراتۆریی ڕۆمانیی ڕۆژهەڵات( بیزەنتی) بوو . عوسمانی لە سەردەمێکی ئابلۆقەیدا ( سەردەمی سوڵتان بایەزید، کۆتایی سەدەی چاردە ) پێیاندەگوت " ئیستەنبوول " ، کە شێوەیەکی شێواوی " ئیس تین پۆلی" بوو، بە یۆنانی واتا " بۆ شارەکە"( کینرۆس، سەدەکانی عوسمانی، ل٦٥) . سوڵتان محەمەدی دووەمی عوسمانی لە ١٤٥٣/٥/٢٩دا گرتی و بە ڕەسمی ناوی کرد بە ئیستەنبوول؛ سەرچاوەی ئەوروپایی ئەوە بە ( رەمزی ) کۆتایی سەدەکانی ناوەندی دادەنێن ( کۆتایی ئیمپراتۆریی بیزەنتی ) . ئێرانی سەردەمێك بە ئەستە-

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مبوولیان دەگوت " ئاستانە " ( هەمان ئاسانەی کوردی : دەربار ،بارەگا ، سەردەرانە... ئیدی ) ؛ " بابی عالی" ناوی بارەگای حکومەت بوو ( سەرەك وەزیران، وەزیری دەرەوە و دیوانی دەوڵەت) دوای جیاکرانەوەی لە ماڵ و دەرباری سوڵتان ( ١٦٥٤ ) کە لە کۆشکی " تۆپ قاپی " بوو، و ئەوەبوو دواتر (١٧٤٠) لە خوار کۆشکەوە دامەزرا . عارەب ناوی " القسطنطينيه" و " الآستانه"شیان بەکارهێناوە .

« سوڵتان محەمەدی دووەمی عوسمانی( ولەگرتنی ئەستەمبوولەوە ئەل فاتیح )،بە منداڵی هەرکە هێشتا تەمەنی شەش ساڵان بووە(١٤٣٥) ، باوکی ( سوڵتان موورادی دووەم ) کردوویە بە حاکمی ئاماسیاو دوو ساڵ دوای ئەوە بە حاکمی ماغنیسیا ؛لە تەمەنی ١١ساڵیدا باوکی لەدووی ناردووە بچێتەلای ببینێ،کە دەچێ و دەیبینێ، باوك بە نەزانی و هیچ فێرنەبوویی کوڕی زۆر تێكدەچێ و ناڕەحەت دەبێ، پرسیار دەکا کە یانیچی هیچ فێر-نەکراوە؟، پێی دەڵێن کەکوڕەکەی گوێ لە مامۆستا ناگرێ و دیارە کەسێکی کە خۆی حاکم وکوڕی سوڵتانیش بێت ناکرێ زۆری لێ بکرێ . سوڵتان لەدووی مامۆستایەکی کورد دەنێرێ کە ناوی " ئەحمەد گۆرانی" دەبێ ( دەرسی شەریعەت و قورئانی لە ئەزهەر خوێندووە، و مامۆستایەکی بەنێوبانگ بووە لە بەرزترین خوێندگەی پایتەخت - بورسە ) ،کوڕەکەی و دارێکی وێڕا دەداتە دەست و پێی دەڵێ ئەگەر کوڕ بە قسەی نەکرد بەو دارە لێی بدا . مامۆستای کورد ، ڕۆژی یەکەمی دەرس، پێشەکی وەبیر محەمەدی دەهێنێتەوە کە باوکی لە بەرچاوی خۆی چی گوتووە، محەمەد کەگاڵتەی پێ دێ( کێ بێ بوێرێ لەکوڕی سوڵتان بدا؟) قاقا پێی پێدەکەنێ، بەڵام مامۆستا نایەڵێ پێکەنینەکەی تەواو بکا ، بەو دارە وەریدەگەڕێتێ و زۆری لێ دەدا ؛ ئیدی وا گوێ لە مشتی دەکا ،زۆر بەزوویی قورئانی پێ خەتم دەکا». لۆرد کینرۆس( کە لە"سەدەکانی عوسمانی" ل٨٨دا باسی ئەوە دەکا) دەڵێ سوڵتان محەمەدی دووەم،جگە لە زمانی تورکی( زمانی باوکی) و یۆنانی( ڕەنگە زمانی دایکی بووبێت) ، لاتینی و فارسی وعارەبی وعیبرییشی زانیوە،ومامۆستاکانی پێشووی خۆی خۆشویستوون و لەگەڵیاندا زۆر چاك بووە . ( کینرۆس ناوی" ئەحمەد گۆرانی " ی بە Ahmed Kourani نووسیوە ) .

(١٩) نیوەدوڕگەی بالکان، مەڵبەندی کە لە سێ لاوە ئەم ئاوانە دەوریان داوە : دەریای ڕەش، تەنگەی بۆسفۆر، دەریای مەرمەرە، دەریای ئیجە، دەریای ئیۆنی، دەریای ئەدریاتیك . سنووری باکووری زۆرتر بە دوو ڕووباری دانووب و ساڤ دادەنرێ، کەواتە : یوگۆسلاڤیای پێشوو(١٩٣١- ١٩٩٢)، ئەڵبانیا ، یۆنان، بولگاریا ، تراکیا دەگرێتەوە . بڕ - « نەخشەیەکی درشتی بالکان » لە لاپەڕەی دوای ئەمەدا .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-١




١: ١٥ ٠٠٠ ٠٠٠

« نەخشەیەکی درشتی بالکان »

(٢٠) « (..) یادداشتەکانی سەفەری دەربارەی کوردستان ( لەبەرگی٤و٥دا) سامانێکی زانیاری دەدەنە دەست . چاپی یەکەمی سیاحەتنامە لە ئەستەمبوڵ دەرچووە(١٨٩٦- ١٩٢٨)، ٨ بەرگ بە حەرفی عارەبی، و دووەکەی دواییەنی بە حەرفی لاتینین . بەتایبەتی بەرگەکانی پێشینی لەلایەن سانسۆری سوڵتان عەبدول حەمیدەوە زۆر شێوێندراون.چاپی لەوە باشتریش جارێ نیە . دوو چاپی هاسانکراوە دوایی بە تورکیی نوێ دەرچوون،یەکێکیان ( لە لایەن " ز. دانیشمەن "ـەوە) یەکجار زۆر کوڵەوارە، و ئەوەی تریان ( لە لایەن " ت. تەمەل کوران " و " ن . ئاکتاش"ـەوە) کەمێ بەدوای ئەوەی یەکەمدا دەرچووە . » ( م . فان برووینسن،ئاغاوشێخ ودەوڵەت،چاپی ئەسڵی ئینگلیسیی دکتۆرنامەکەی،ل١٣) . دیسان لە هەمان سەرچاوە :« ئەولیا چەلەبی(..) لەگەڵ مەلیك ئەحمەدپاشای

خاڵیدا ( کە کرابووە والیی وان ) و بە سێ هەزار سەربازەوە، لە ڕێی چوونە واندا لایانداوەتە لای عەبداڵ خانی فەرمانڕەوای بتلیس( کە بتلیس ئەوسا سەر بە ئەیالەتی وان بووە)،وعەبداڵ خان میوانداریەکی باشی لێ‌کردوون. بەڵام بەهەرحاڵ، زۆر بەسەر ئەو میوانداریەدا نەچوو کە عەبداڵ خان پەلاماری قەڵەمڕەویەکانی تری دەوروبەری دا و بە شێوەی تریش پەیمان شکێنیی پێشانی دەوڵەتی عوسمانی دا( !!- وەرگێڕ) . مەلیك ئەحمەدپاشا حەملەیەکی تەنبێ کردنی ناردە سەر بتلیس، عەبداڵ خانی دەرپەڕاند، دارایی زەوت کرد (..) ئەولیا ئەوجارەش لەوێ بووە و ئەوانەی بە چاوی خۆی دیوە؛ جاری سێیەمیش لە ڕێی گەڕانەوەیدا بۆ ئەستەمبووڵ ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە، ئەوەبووە عەبداڵ خان لەوکاتەدا گەڕاوەتەوە بتلیس و جڵەوی حوکمی گرتۆتەوە دەست خۆی، ئەولیا بە زۆر گل- دراوەتەوە ( یانی بە بارمتە) کە بە میوانی لای بهێنێتەوە . بەشێکی زۆری بەرگی چوارەم و پێنجەمی سیاحەتنامە- کەی باسی ئەو ڕووداوانە دەکا ." تـاڤێرنیە "ش لە هەمان ئەو سـەروبـەندەی ئەولیادا لە بتلیس میوان بووە، و زانیاریەکی کە داویەتی قسەکانی چەلەبی دەسەلمێنێ .»( بە هێندێك کورت کردنەوە لە ل ١٩٥-١٩٦ ) .

هەمان سەرچاوە ئاماژە بە وەرگێڕانی " فۆن هامەر"ی سیاحەتنامە دەکا و ناوی دوو سەرچاوە دەهێنێ کە لە سەر ئەساسی سیاحەتنامە نووسراون . لە ل ١٩٢یدا دەنووسێ : ( ئەگەر سەنجەقی‌کورد لەلایەن حکومەتەوە لە خاوەنی بستێندرایەتەوە ) " دەبوو ئەوسا بدرایە بە کوڕێکی یا کەسێکی ئەو خاوەن مووچەیە و نەدەکرا بدرێ بـە غەریبان(!) ".(خەتی ژێرو ئیشارەت لە ڤان برووئەسن خۆیە،و ژمارە ١٠٣ی پەراوێزی لەسەرداناوە،لە پەراوێزەکەدا دەڵێ :

" ئەولیا، کتێبی ١( وەرگێڕانی فۆن هامەر) بەشی ١، ل٢٤ ( بەشێکی ئەم فەسڵە لە چاپە تورکیەکەدا نیە!)".

ناوی دوو سەرچاوەکە لە لیستەی ناوی سەرچاوەکانیدا :

Sakisian, A. (1937), ' Abdal Khan, seigneur Kurde de Bitlis au XVIIe siècle, et ses trésors, JA 229 : 253- 270 . ( JA = Journal Asiatique ) .

Köhler, W. (1928), Die Kurdenstadt Bitlîs nach dem türkischen Reisewerk des Ewlija Tschelebî. Mŭnchen (diss.) .

شۆ لە " مێژووی ئیمپراتۆریی‌عوسمانی و تورکیای نوێ، پا-١ ،ل٢٨٦- ٢٨٨"دا چیرۆکی ژیانی ئەولیا چەلەبی باس دەکات، لەوە : ئەولیا چەلەبی (١٦١٤- ١٦٨٢)، کوڕی " دەروێش محەمەدزیللی ئەفەندی" . باوکی ئەولیا سەرۆکی زێڕینگەران( قویومجو باشی) ی کۆشکی سوڵتانی عوسمانی ( تۆپ قاپی) و سەرۆکی سنفی زێڕینگەران بووە . دایکی ئەولیا، ژنێکی ئەبازەیی بووە کە لە سەردەمی سەڵتەنەتی ئەحمەدی یەکەمدا ( ١٦٠٣- ١٦١٧ ) بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی پاداش و دەستخۆشی دراوە بەو دەروێش ئەفەندییە . وێدەچێ خزمایەتیی لەگەڵ مەلیك ئەحمەد پاشاو ئیبشیر مستەفا پاشادا هەبووبێ، کە ئەولیا لە خزمەتیاندا پێگەیشتووە و دنیا گەڕاوە". شۆ باسی ئەوە دەکا کە ئەولیا هەر لە سەرەتای ژیانی مەسلەکیەوە چەند جارسەفەری کوردستانی کردووە .

بەرگی چوارەمی سیاحەتنامەی کوردی (وەرگێڕانی سەعید ناکام، چاپی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ١٩٧٩) هیچ ئاماژەیەکی بە ئەسڵە تورکیەکە نەکردووە ( چاپی کێ و کەی و کوێ ؟ ) ؛ ڕێ و تاریخی گەشتەکەی بەم جۆرە باس دەکا( تاریخەکانی بە کۆچی/ مانگی تێدان،من لێرەدا زاینیەکانم نووسیون) : ( ئەولیا چەلەبی ڕۆژی ٣/٩/ ١٦٥٥ لە شاری ئوسکودار دەرچووە، چووە بۆ سێواس، لە سێواسەوە :) قنغال، حەکیم خان، مەلاتیە،




------ ڕێگای گەشتی ئەولیا چەلەبی - بە گوێرەی بەرگی چوارەمی کوردیی سیاحەتنامە .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەڕینەوە بۆ بەری رۆژهەڵاتی فورات، پالوو، ئەگیل، ئەرغنی،( چوونەوە بۆ هەمان شوێنی پێش چوونە پالوو)، دیاربەکر، ماردین، قزلتەپە، شنگار (٥/٧) ؛ ( گەڕانەوە لە شنگار بە هەمان ڕێی قزلتەپە و ماردین دا بۆ : ) دیاربەکر ؛ ( ئەوجا : ) میافارقین(سیلڤان)، حەزۆ، بتلیس (٥/٢٣) ؛ ( لە بتلیسەوە ٦/٦ : ) تەتوان، ئەخلات، عادل جەواز، ئەرجیش، وان ؛ ( لە وان ـەوە گەڕانەوە ٧/٥ بەرەو بتلیس : ) بتلیس ( ٧/٢٨ ) ؛ ( لە بتلیسەوە گەڕانەوە ٨/٢ ) بە ڕێی باشووری دەریاچەی وان و بە قەڵای ئاختەمار دا بۆ : ) وان ؛ ( دەرچوون لە وان٩/٤/ ١٦٥٥ بۆ : ) خۆشاب، قەتور(قۆتور) . لێرەدا کوردیەکەی بەرگی چوارەم کۆتایی دێ .

(٢١) ١٤٠٧-١٤٨١( بە گوێرەی سەجادی )، ١٥٧٠- ١٦٤٠ ( بە گوێرەی جۆیس بلۆ ) .

(٢٢) عوسمانی ساڵی ١٥٥٥ بەغدایان لە سەفەوی ئەستاند ، شاعەباس ساڵی ١٦٢٤ لێی ئەستاندنەوە. سوڵتان موڕادی چوارەمی عوسمانی،لە ١٦٣٨/١٢/٢٥دا بەغدای لە سەفەوی ئەستاندەوە و، لەوێوە چووە مووسڵ تا زستانەکەی لەوێ بەسەربەرێ و لەگەڵ بەهاردا بچێ دیسان یەریڤان و تەورێز بگرێتەوە . ئێران ترسی لێ نیشت و داوای ئاشتیی کرد و پیشانی دا کە ئاشتیی پێویست بوو، سوڵتان مورادیش ئیتر گەڕایەوە ئەستەمبووڵ . لە بەهار(ی١٦٣٩) دا هاتەوە، لە بنکەیەکی عەسکەرییعوسمانی لە ناوچەی زەهاو لە نزیکی قەسری شیرین، رۆژی ( سێشەممە) ١٦٣٩/٥/١٧ پەیمانێکی لەگەڵ شای ئێران(شا سەفی)دا بەست . بەگوێرەی ئەوە، شەڕی پتر لە سەدە و نیوێکی نێوانیان-گوایا-کۆتایی هات، لەسەر ئەو سنوورە ڕێککەوتن کە - گۆڕانی کەمی لێرەولەوێی لێدەرچێ- ئەم سنوورە سیاسیە بوو کە ئێستاش لە نێوان ئێران لەلایەک و کۆماری تورکیا و عێراقدا لە لایەکی ترەوە هەیە؛ وا ڕێککەوتن کە رۆژئاوای چیاکانی زاگرۆس ( کە عێراقیش دەگرێتەوە) بۆعوسمانی بێ، و رۆژهەڵاتی زاگرۆس ( و یەریڤان و هێندێك شوێنی قەوقاس) بۆ ئێران بێ،هیچیان یارمەتیی کورد لە دژی ئەوی تر نەدا، و جنێودانی ڕەسمی بە سوننی لە ئێران هەڵبگیرێ .( بڕ-" پەیمانی قەسری شیرین" - شۆ، ئیمپراتۆریی عوسمانی و تورکیای نوێ، پا ١) .

(٢٣) مینیاتوور : رەسمی بچووك بە رەنگی جوان، زۆرتر بۆ ڕازاندنەوەی کتێب، یان لە رووی کەڵبەی فیل، یان لەسەر مەعدەن...، کە هونەرێکە سەرچاوەکەی رۆژهەڵاتە . ئەم ناوەی لە " مینیەم " ی لاتینیەوەیە کە ناوی ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جۆرە دەرمانە( لەجێی مەرەکەب)ی ئەو رەسم کردنەیە ( تۆزی لاجوەرد ، سولفاتی جیوە و ...ئیدی) .

(٢٤) نووسەر دەڵێ:"سوڵتان موڕادی چوارەم ساڵی ١٦٦٦ئەم عەبداڵ خانەی لادا"و کە " مەلیك ئەحمەدپاشای خوشکەزای حاکمی کوردستان بووە". بەڵام ئەو قسەیەی پتر لە یەك هەڵەی تیدایە،چونکە : ١- سوڵتان موڕادی چوارەم ١٦٤٠/٢/٨ مردووە . ٢- ئەولیا چەلەبی رۆژ و تاریخی داگیرکردنی بارەگای عەبداڵ خانی نووسیوە کە ٢٧/ ٩(رەمەزان) / ١٠٦٥ کۆچی/ مانگی بووە ( دەکاتە چوارشەمە ١٦٥٥/٧/٢٨) ، و کە سێ رۆژ دوای ئەوە زیادین بەگی‌کوڕی عەبداڵ خان لەجێی باوکی دانراوە .٣- ئەوە لە سەردەمی‌سوڵتان محەممەدی چوارەمدا بووە .
٤- مەلیك ئەحمەدپاشای ئەبازەیی خوشکەزای هیچ سوڵتانێك نەبووە و لەوکاتەدا حاکمی ئەیالەتی وان بووە .
بەهەرحاڵ، مەلیك ئەحمەدپاشا ، بە پێوانەی ئەوسای عوسمانییش، زەلامێکی یەکجار زۆر فاسید بووە . سیاسەتی پایتەختی ئیمپراتۆریی‌عوسمانی لە سەردەمی محەممەدی چوارەمدا تا سەردەمی "کوپرولو"ەکان، بە شەڕی نێوان ژنەکانی حەرەمسەرا و تیوەگلانی ئاغاوەتی یەنیچەری و کۆیلە خەساوەکان لە پاشاگەردانیدا بوو . یەکەم ٨ ساڵی حوکمی ئەو سوڵتانە ١٠ سەرەکوەزیرانی دیتووە،کێ بەرتیلی باشتری بدایە و دەستی بە داوێنی خەساو-یێك بگەیشتایە ( تا ئەویش هێندێك پارەی لەگەڵ چەند ژنێکی حەرەمسەرادا بەش بکردایە) مەرکەزێکی دەست-دەکەوت . ئا لەو کاتەدا بوو کە مەلیك ئەحمەدپاشا بە بەرتیل‌دان بە ئاغاوەتی یەنی چەری و تاقمی ئەوانە لە حەرەمسەرادا کراوە بە سەرەك وەزیران، ئەوە دەستی " قۆیسەم سوڵتان خانم " ی تێدا بووە لە دژی " سوڵتانە والیدە تورهان خەدیجە سوڵتان خانم "، سوڵتانە والیدە تورهان خەدیجە سوڵتان خانمیش لە تۆڵەدا ( بە تاوانی هەوڵی دەرمانداوکردنی سوڵتان وکۆدێتا ) قۆیسەم خانمی خنکاندو تاقمی کۆیلە رەشە خەساوەکانی رابەری کرد و کاروباری گرتە دەست خۆی ، و ملقەوییەکی تر(سیاوەش پاشا) جێی مەلیك ئەحمەد پاشای گرتەوە .
شۆ دەڵێ محەممەد کوپرولوی سەرەك وەزیران لە دوای ئەو ئەبازە مەلیك ئەحمەد پاشایەی نارد بچێتە لای لە ئەستەمبووڵ، کە چوو دەست بەجێ گرتی و کوشتی ؛ بەهانەی کوشتنەکەی ئەوەبوو کە لە بەرامبەر هێرشی ڤینیسیەکاندا بۆ سەر بۆزجائادا (دوورگەی تێنێدۆس لە دەریای ئێجە) بەرگریی نەکردووە، و ئەو شوێنە گرنگ و خەتەرە کەوتۆتە دەست دوژمنەوە ( ڤینیسی لەو شەڕەدا هەزار تۆپی‌عوسمانییان گرت و ڕێی هاتوچۆ وئازووقەیان لە ئەستەمبووڵ بڕی،کە ژیانی تێدا شێوا و ترسی داگیرکرانی پەیدابوو؛ سوڵتانە والیدە تورهان لە ناچاریدا دەسەڵاتی موتڵەقی دا بە محەممەد کوپرولو ی ئەڵبانی، ئەو وەزعە چارە بکا. کوپرولو لە رۆژی یەکەمی سەرەك-

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەزیرایەتییەوە کەوتە هەوڵی نەهێشتنی دەسەڵاتی حەرەمسەرا بە سەر سیاسەتدا، تورهان خانم لە بەرامبەر ئەوەدا وەخۆکەوتەوە ، مەلیك ئەحمەد پاشا ئەمجارەیان ویستی لە رێی تورهان خانەوە بێتەوە پێشەوە ) ، هۆی راستەقینەی کوشتنی،ئەو هاوکارییەی بوو لەگەڵ حەرەمسەرادا لە دژی کوپرولو .

بەڵام تاریخەکانی شۆ شێواون و لەگەڵ قسەکانی تری ( دەربارەی ئەولیا چەلەبی) دا ناگونجێن، بۆ ئەم قسەیەی ئاماژەی بە نوعەیمە ( ١٦٦٥-١٧١٦ ) ( کە سەرچاوەیەکی گرنگی ئەمین زەکی و سەید حوزنییشە،لای ئەوان بووە بە نعیما) و بە "سیلاحدار تاریخی" (چاپی ١٩٢٨ و ١٩٤٧) کردووە ؛ بۆ ژیانی ئەولیا چەلەبی ئاماژەی بە"مەشکوورە ئەرەن" و "جاوید بایسون" و" ف. تایشنەر" کردووە . بەڵام تاریخەکانی بەراورد نەکردوون . بە نموونە : محەمەدکوپرولو ساڵی ١٦٦١ مردووە ؛ لە کاتێکدا کە شۆ لە باسی ژیانی ئەولیا چەلەبی دا دەڵێ کە مەلیك ئەحمەدپاشا ساڵی ١٦٦٩ و ١٦٧٠حاکمی بۆسنێ بووە ئەولیا چووە بە بۆسنێ‌داگەڕاوە،ئەی چۆن ئەوەی یەکەم(کوپرولو) ئەوەی دووەم( مەلیك ئەحمەدپاشا)ی کوشتووە؟ .

(٢٥) نەخشە کۆنەکانی رۆمانی ئێستا لە کتێبخانەکانی ئەوروپادا هەن، شنگاریان بە SENGARA "سەنگارا" یان "سەنگ ئارا" تێدا نووسراوە .

(٢٦) دیارە نووسەر وەرگێڕاوی ئینگلیسیی ئەو شیعرانەی نووسیوە، کوردیەکەی من لە گۆڤاری "هاوار" ە (ژ٤٨ی ١٩٤٢/٨/١٥) . ساڵی لەدایك بوونی خانی ١٠٦١ی کۆچی/مانگی( دەکەوێتە نێوان ١٢/٢٥/ ١٦٥٠و١٦٥١/١٢/١٣)؛ تەواوبوونی دانانی مەم و زین لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا ١١٠٥ کۆچی/مانگی (دەکەوێتە نێوان ١٦٩٣/٩/٢ و ١٦٩٤/٨/٢١)؛کۆچی دوایی ١١٨٠کۆچی/مانگی ( دەکەوێتە نێوان ١٧٠٦/٤/١٥ و ١٧٠٧/٤/٣) ؛ شوێنی لەدایك بوون و کۆچی دوایی : شاری بایەزید لە هەرێمی باکوور ( ئێستا حکومەتی تورك بە " دۆغو بایازیت"ی دەنووسێ ) .

(٢٧) - وردتر بڵێین - محەمەدئەمین زەکی لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا روتبەکەی پلەیەك لەخوار ئەوەی سەرهەنگەوە بووە، ساڵی ١٩٢٥ روتبەی عەقید( سەرهەنگ)ی دراوەتێ . (سەجادی،گۆڤاری" گەلاوێژ"، سەروتاری ژ ٦ی ساڵی ٤ ، حوزەیرانی ١٩٤٣) .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(٢٨) كە ئەوسا پێیانگوتراوە " ویلایەتی سِتّە "، مەبەست لەم ویلایەتانە بووە : وان ، ئەرزەرۆم ، سێواس ، خارپووت ، بتلیس ، دیاربەکر . ( ڤان بروونسن، ئاغاوشێخ و دەوڵەت ل٣٦٤)

(٢٩) ئەو باسانەی دەربارەی کورد کە دیپلۆمیان پێ وەردەگیرێن، دەبێ بکرێنە کوردی و بخرێنە بەرچاوی کورد ، بەڵای کەم تا کورد بزانن لەو کارنامانەدا چیان دەربارە گوتراوە . ئەوروپایی و مەورووپایی، خۆیان بە پێیخۆیان دێنە کوردستان و زانیاری وەکۆ دەکەن،ئێمەش بەپێی خۆمان دێین ئەو هەمووە کارنامانەیان بۆ دەخەینە سەرسامانی ئەرشیفیان و کەڵەکەی دەکەن ، بە زانیاری ئەنگراون ، تووشی توخمە بوون ؛ با کوردی ئەوەندە برسی و پەرپووت و نەزان و سواڵکەریش کە دەستی بۆ کردوونەوە شتێکی دە مشتی بنێن، بزانێ ئەو دیپلۆم وەرگرتنانەتان بەنرخی پێشکەشکردنی چ ئاگاداریەك بووە دەربارەی، بە دەسەڵاتدارانی جیهانی بەئاگاداری ئەنگراو و تووشی توخمبوو . ئەگەر دکتۆر وانلی نازانێ کوردی بنووسێ، خۆ چەندین لەوانی تر بە رادەی یەکەم کوردینووسن و هیچ بەهانەیەکیان نیە .

(٣٠) بە رەسمی ناوی " میساقی میللی" بوو؛ نووسەر دەڵێ : لە ١٩٢٠/١/٢٦دا، بەڵام- وەك شۆ و شۆ روونیان کردووەتەوە- ئەندامانی پەرلەمان لە ١٩٢٠/١/٢٨دا بە نهێنی یەکتریان دیت و باسیان لەوە کرد ناوی مستەفا کەمال بە سەرۆکی پەرلەمان رابگەیەنن، بەڵام لە ترسی ئەوەی ئینگلیس پەرلەمان هەڵوەشێنن و ئەسڵی مەبەست تێكبچێ( کە سەلماندنی راگەیاندنی کۆنگرەی سێواسی ٤-١٩١٩/٩/١١ بوو )، وازیان لەوە هێناوە و لە ١٩٢٠/٢/١٧دا " میساقی میللی"یان راگەیاندووە .

(٣١) مستەفا عەلی رزا، لە ساڵی دووەمی خوێندنی لە خوێندگەی ناوەندیی‌عەسکەرییدا ، مامۆستایەکی کە ئەویش ناوی مستەفا بووە زۆری خۆش ویستووە و دۆستایەتیی لەگەڵدا کردووە،" دۆستایەتیەکی ناساغ " ( ئارمستڕۆگ، گورگەبۆر، ١٩٣٣، ل٧) و کردوویە بە سەرپەرشتی کلاسەکەی، و بۆ جیاکردنەوەی ناوی ئەو لە هی خۆی( کە هەرتك مستەفا بوون) ناوی مستەفا عەلی رزای شاگردی کردووە بە"مستەفا کەمال" .
مستەفا کەمال، ساڵی ١٩١٥( لە شەری دەردەنیلدا) کرا بە " پاشا"( جەنەراڵی لەشکری عوسمانی) ؛ لەدوای شەری ساکاریا ی دژی یۆنان(٨-١٩٢١/٩/١٣) کە کەمالی هەراو هەنگامەیەکی پرۆپاگەندەی ئاینیی زۆریان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ نایەوە، ناوی " غازی" ( موجاهیدی ئیسلام لە شەڕی کافراندا) شی بۆ زیادکرا ( ئەوەیە جەلادەت عالی بەدرخان نامەکەی ١٩٣٣/١/٨ی کە لە تەبەریاوە بۆ مستەفا کەمال نووسیوە ئاڕاستەی " غازی مستەفا کەمال پاشا"ی کردووە)، و ڕوتبەی " موشیر"یشی درایێ؛ بەڵام بەوەندە وازی نەهێنا، ساڵی ١٩٣٠ کرا بە " ئەبەدی شێف" . کەمالی لە ١٩٣٤/٦/٢١دا ناوی " پاشا" و" بێی" و" ئەفەندی"یان قەدەغەکردن، و بڕیار-یان دا هەر کەسە ناوی خانەوادەی وە ناویەوە بێ، پەرلەمان ( ی وەك پەرلەمانی سەددام حوسێن ) گورج بە دوای ئەوەدا ناوی خانەوادەی" ئەتاتورك"ی لە کەمال ! نا و بڕیاری دا کە جگە لەو هیچکەسێکی تر نابێ ئەو ناوە بەکار بهێنێ ( ئەتاتورك واتا " بابە تورك" ) ؛ ئەتاتورکیش - بە نۆرەی خۆی - ناوی خانەوادەی بە سەر کاسەلێسەکانیدا بەشینەوە، لەوانە عیسمەت پاشا بە ناوی ڕووباری ئینونو کرا کە لە نزیکی ئەو لەشکری یۆنانی ناچارکردبوو پاشەکشە بکا ...ئیدی .

(٣٢) ئەم " تەواو" ە ماوەیەك لە هەرێمی باشووری کوردستاندا ببوو بە " حەقیقی " ( حوکمی زاتیی حەقیقی) .

(٣٣) " تورکیە بویوك میللەت مەجلیسی"، نووسەر دەڵێ " مەجلیسی گەورەی نەتەوایەتیی تورکیا" .

(٣٤) باس لە شۆڕشی ئاراراتە، مەبەست ئەوەیە کە هەر درێژە پێدانی شۆڕشی ١٩٢٥ی بە ڕابەریی شێخ سەعیدە .

(٣٥) لاتینیەکەی نووسەر" ئاسساد"،و لە شوێنێ تر" ئەسات"؛ ئەو لاتینیەی مستەفا کەمال پاشاگەردانیەکی سەیری ناوەتەوە .

(٣٦) لە کۆندا" ئانسیرانوم"، بە گوێرەی ئەفسانەیەك میداس شا لە سەدەی ٩ی پێش زایندا ئاوەدانی کردۆتە-وە، مەرکەزێکی گرنگی دەورانی دوایی ڕۆمانی و بیزەنتی بووە،سەلجووقی لە سەدەی ١١دا گرتوویانە و،لە سەدەی ١٤دا کەوتۆتە دەست عوسمانی؛ ناوی دواتر بووە بە " آنغرە ، آنقرە " ( لای ئەورووپاییان " ئانگۆرا")؛ مستەفا کەمال کردی بە پایتەختی تورکیا(١٩٢٣/١٠/١٣)،١٦ ڕۆژ پێش ڕاگەیاندنی" کۆمار" ی تورکیا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و سەرەككۆماریی مستەفا کەمال . بە نووسینە لاتینیەکەی مستەفا کەمال(١٩٢٨/١١/٣) بوو بە" ئانکارا" .

(٣٧) سەرژماریی ساڵی ١٩٨٠ی حکومەتی تورکیا نەخوێندەواری لە کۆماری تورکیادا بە ٣٢,٥٪ داناوە . ( ساڵنامەی پاکستان) .

(٣٨) م . شەریف فرات ، دۆغو ئیل‌لەری ڤە ڤارتۆ تاریهی . ڤان بروونەسن ئاماژەی بە " چاپی سێیەم ، ساڵی ١٩٧٠ ، ئەنقەرە" کردووە و ،هۆی ئەو هەڵوێستەی فرات دەباتەوە سەر دوژمنایەتیی عەشیرەتی : فرات لە ماڵی سەرۆکانی عەشیرەتی خۆرمەك بووە و ئەو عەشیرەتە دوژمنایەتیی لەگەڵ عەشیرەتی جبران دا هەبووە . خالید بەگی جبران لەگەڵ شۆڕشی کورددا بوو ، لەبەر ئەوە خۆرمەك و لۆلان زۆر لە جەندرمە و لەشکر گەرمتر شەڕیان دژی شۆڕشی‌کورد کردووە . هەرچەندە شێخ سەعید نامەی بۆ سەرۆکانی خۆرمەك نووسیوە و تکای لێ‌کردوون کە ئەو دوژمنایەتیە بخەنە لاوە، بەڵام بەقسەیان نەکردووە . وا فرات کە مامۆستا(ی‌خوێندگە) بووە، شەرەکەی لەدژی کورد بە کتێب نووسین‌یش کردووە . ئەم کتێبە کە یەکەم جار ساڵی ١٩٤٥ دەرچوو، نووسەرەکەی لە سەر کوژرا .( بڕ- ئاغا و شێخ و دەوڵەت...،ل ٣٥٥،٣٨٤،٤٥٢ ) .

(٣٩) چەند کەسێکی خەڵکی دیاربەکر گێڕایانەوە گوتیان :" دادگای دیاربەکر سەردەمێك ڕێی دەدا خەڵك بچنە سەیرکردنی دادگاکرانی خەباتکاران، ئێمەش دەچووین . ڕۆژێکیان حاکم لە گیراوێکی پرسی :

ـ دەزانی بۆچی لێرەی ؟

ـ نەوەڵڵا چووزانم، هیچم نەکردووە و کوردم .

ـ چی؟ دەتەوێ تورکیا لەت بکەی؟

( کابرای گیراو دەست بەجێ و بە ئەدایەکی ئەوپەڕی گاڵتە پێ‌کردنەوە گوتی) :

ـ لەت کردن ؟ خودا عافوت کا جەنابی حاکم، تۆش ، بۆچی تورکیا خەیارە من لەتی بکەم؟ مردووت نەمرێ !

( و لەگەڵ " لەتی بکەم"دا هەردوودەستی بەرز کردەوە و زۆر شانۆگەریانە وای کرد وەك خەیار لەت بکا ! ؛ ئیدی هەموو ئەوانەی هاتبوونە دادگا دامانە قاقای پێکەنین، و تا ماوەیەکی زۆر پێکەنینی دیاربەکر لەسەرئەوە بوو )" .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتم : ئەی سەوزی فرۆشەکان؟

ـ سەوزی فرۆشی چی ؟

ـ ئەی نەچوون پێیان بڵێن هەرچی خەیارە تا لەتی نەکەن نەیفرۆشن ؟

کە دیاربوو نەیانکردبوو .

(٤٠) ئەسڵ : حەمامی خوێنێکی ئەوەندە گەورە دەبێ کە لەگەڵ وڵاتەکەیاندا هەڵدەلووشرێن .

(٤١) مووسا عەنتەر ١٩١٥- ١٩٩٢/٩/٢٠ ، نووسەری شانۆ و دانەری فەرهەنگی کوردی- تورکی و ،ڕۆژنامە- نووس و قانوونی .لە دێیەکی سەر بە نسێبینی ویلایەتی ماردین لە دایك بووە، لەسەر خەباتی سیاسی چەند جارگیراوە، بە ساڵان دە زینداندا بووە ، پۆلیسی نهێنیی تورك کوشتی . دوا نووسینێکی کە من ئاگادارم ڕۆژی ١٩٩١/١٢/٢٥ لە ڕۆژنامەی " ڕۆژنامە "ی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە ، کە لە ئەستەمبووڵ دەرچووە؛ نووسینێکی بە کوردیەکی زۆر جوان و ڕەوان نووسیوە ، کە من تا ئێستا لە ئەدەبیاتی کوردیی نیو سەدەی ڕابردووی هەرێمی باکووردا وێنەم نەدیتووە ؛ بەناوی ئاشکرای خۆی و تا بڵێی کوردانە وئازایانە وئەوپەڕی بێباك بە دوژمن .

(٤٢) ئەسڵ نووسراوە " ئات سز" و مانای لێ دراوەتەوە : " بێ ناو". بە نووسینی ئێستای تورکی " ئادسز " واتا بێناو و،" ئات سز" واتا بێئەسپ ؛ بەڵام پێشتر وابووە ئات سز بە هەردوو مانا نووسراوە .
نووسەر ئەم " ئات سزە" بە ناوی نهێنی تێگەیشتووە، ئەمە ناوی ڕاستەقینەیە : حوسێن نیهال ئاتسز ١٩٠٥-١٩٧٥ .

(٤٣) فایق بوجاك یەکەم سکرتێری پارتی دیموکراتیکوردستانی تورکیا ـ ١٩٦٥ ،پۆلیسی نهێنیی تورك کوشتی . ( نووسەر دەڵێ " بوچاك ") .

(٤٤) " دۆغو دەڤریمجی کولتور ئۆجاکلەری " = وەجاخە فەرهەنگیە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵات .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(٤٥) وا دیارە مەبەست لە " تورکیە دەڤریمجی گەنجلیك فەدەراسیۆنو"( یەکێتی گەنجانی شۆڕشگێڕی تورکیا) یە، کە لە " فکر کولوپلەری فەدەراسیۆنو" سەری هەڵداوە (١٩٦٩)، ( نەك " دەڤریمجی گەنجلیك دەرنەکلەری فەدەراسیۆنو"ی کە " دەڤ - یۆڵ " و " دەڤ - سۆڵ " ی لێ کەوتوونەوە ) . بەڵام بەهەرحاڵ، نووسەری کە" ت. ئی. پ." ی وا ریسوا کردووە،سەیرە کە دڵی بە " دەڤ - گەنج " خۆش بووە .

(٤٦) نووسەر لە تووڕە بوونەکەیدا و لەداخا زۆر شتی تێکەڵ و پێکەڵ کردوون . نووسەر ساڵانێك ڕەمزی دیپلۆماسیەتی کورد بوو،نوێنەری سەرۆك بارزانی بوو، هەر ڕێبازێکی فکری و فەلسەفی لای ئەو دیکۆر-ێکی دیپلۆماسیەتە، سینییە و فەرمووی تێدا هەیە، کەی سینیی " سۆسیالیزم- دیموکراسی- ئینسانیەت" دابندرێ وکەی هەڵگیرێ و لەجیاتی ئەوە سینیی" ئازایەتی- قوربانی دان "بیسمیللای لێ بکرێ . نووسەر دوای ئەم قسانەی ئێرەشی هەر وازی نەهێنا و چەند جار گەڕایەوە سەر جۆرەها سینی هەڵگرتن و دانان، تاکو - بە قسەی خۆی - " شوغڵی کورد چێ کا! ".

((٤٧) جەنانی زادە محەمەد قەدری پاشا(١٨٣٢-١٨٨٣) لە ١٨٨٠/٦/٩ تا ١٨٨٠/٩/١٢ سەرەك وەزیرانی عوسمانی بووە،١٨٧٨ وەزیری ناوخۆ و ١٨٧٩ وەزیری کاروباری گشتی بووە . ( شۆ و شۆ )

(٤٨) رووسیا دەمێك بوو هەوڵی دەدا بالکان بخاتە ژێردەستی خۆیەوە( کاتەرینا تەنانەت پادشایەکیشی بۆ دەو-ڵەتێکی مەسیحی پەروەردە کردبوو کە ئەستەمبوڵ بکاتە پایتەختی خۆی) . لێدانی زۆر دڕندانەی شۆڕشی بولگاریا لەلایەن عوسمانیەوە و وروژانی بیروڕای ئەوروپایی ( ١٨٧٦ ) هەلێکی باشی دا بە رووسیا کە خەونی دێرینی تێدا بەجێ بێنێ . هەرچەندە عوسمانی و دەوڵەتی ئەوروپایی ویستیان شۆڕشگێڕان بسازێنن ، بەڵام رووسیا کاری خۆی هەر کرد ،لە ١٨٧٧دا هێرشی بردە سەرعوسمانی .گوایە بەشێکی بەهۆی دەنگدانەوەی دڕندەیی‌عوسمانی بەرامبەر بولگارەکان لە ئەوروپادا( و بەتایبەتی لە رۆژنامەگەری و لەپەرلەمانی ئینگلیسدا)، کەس فریای عوسمانی نەکەوت و پەیمانی بەڵێنی پشتگیریی لە شەڕی رووسدا هیچی لێ دەرنەچوو، و دەبوو شەڕەکەی بەتەنیا بکا. رووس،لە رۆژهەڵاتەوە ئەردەهان(١٨٧٧/٥/١٨) و زێدی خانی"بایەزید"(١٨٧٧/٦/٢٠) ی گرت، و لە رۆژئاواوە تا چەند کیلۆمیتریی ئەستەمبوڵ هات ( تا سان ستیفانۆ کە ئێستا تورك پێی دەڵێن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەشیل کوی= دێی سەوز) و بەتەمابوو بچێ یەکجاری ئەستەمبوولیش بگرێ و کۆتایی بە - قەیسەری رووس ساڵی ١٨٥٣ گوتەنی - " پیاوە نەخۆشەکە " بهێنێ . بەڵام ئینگلیس وەخۆکەوتن و بە مانۆڕی عەسکەری و هێز پیشاندان رووسیایان ناچارکرد ئاگربەس بکات ( دیارە، رۆژنامەگەریی ئینگلیسیش شەرعەکەیان وەرچەرخاند و بولگار و مولگاریان لەبیر خەڵك بردەوە،و ئەمجارە خەڵکیان فێری گۆرانیی " جینگۆ" دەکرد کە هەڕەشە بوو لە رووسیا ـ لەوەوە زاراوەی سیاسیی " جینگۆییزم" ) . بەهەرحاڵ، ئاگربەسێك کە لە نزیکی ئەستەمبووڵ بێ، دەبێ چی بێ ؟ . رووس پەیمانێکیان بۆخۆیان رازاندەوە و بە عوسمانییان ئیمزا کرد (پەیمانی سان ستیفانۆ ٣/ ١٨٧٨/٣) ، ئیتر دۆم بێ و کەڵاش بۆخۆی بکا ؛ " پەیمان" رووسیای کردە تاقە دەسەڵاتی حەقیقی لە ئەورووپا-ی باشووردا ، دروشمی " پان سلاڤ"ی قەیسەری لەسەر حیسابی ناسلاڤەکان تەواوکرد (سلاڤی باکوور:رووس، ئۆکرانی،پۆلۆنی،چیك،سلۆڤاك؛ سلاڤی باشوور: سیرب،کروات،سلۆڤین،بولگار) ؛ بەشێکی لە رۆمانیا ( ی لاتین ) خستە سەر رووسیا ( بەڵام چونکە رۆمانیا - بەشێوەیەك - یارمەتیی رووسیای دابوو ، بە قەڵەمڕەویی تر زیانێکی بۆبژێردرا ،و قەبووڵ کردنی سەربەخۆیی لای عوسمانی دابینکرا)؛ چیای رەش( کرناگۆرا یا مۆنتی نیگرۆ یا بەشێوەی عوسمانی " قەرەداغ ") و سیرب سەربەخۆییان درایە . ئەرمەنیەکان،سەرۆکی ئاینی(پاتریار-ك)ی خۆیان لە ئەستەمبووڵەوە ناردە سان ستیفانۆ، داوای لە رووس کرد یارمەتیی دروست کردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی لە هەرێمی باکووری کوردستان بدەن، بەڵام رووسەکان بەرژەوەندی خۆیان لەوەدا نەدیت . عوسمانی دەبوو ٢٤هەزارملیۆن قووروش(١,٤هەزار ملیۆن روبل) زیانی جەنگی بدا بە رووسیا ، چەند شوێنی قەڵەمڕەویی عوسمانی لە بریتی کەمتر لە نیوەی ئەو پارەیە بدا : قارس، ئەردەهان، بـایەزید،و باتوم . دەبوو هەموو ئۆرتۆدۆ-کسەکانی قەڵەمڕەویی عوسمانی، کلیساکان و پیاوانی ئاینییان لەژێر سێبەری " پارێزگاری"ی رووسیادا بن . دیارە هێزە ئەورووپاییەکان بە هیچ جۆرێك ئامادەی قەبووڵ کردنی ئەو ئیمتیازە یەك لایەنیانەی رووس نەبوون . هەرچەندە لە پەیمانی سان ستیفانۆدا نووسرابوو کە" ناڕازی بوونی هەر دەوڵەتێکی تری دنیا لەم پەیمانە دەبێ بە هیچ دابندرێ"، بەڵام ئیتر ئەوە بۆ خۆی نووسیبوو نەك بۆ " هێزی بەهێزان" . کـە مەترسیی شەڕێکی گەورە نزیك بۆوە، رووس ناچار ملیان دا و پێشنیاری" بسمارك"یان قەبووڵ کرد کە بچنە بەرلین و لەوێ کێشە چارە-بکەن .

کۆنگرەی بەرلین لە وەفدەکانی : ئینگلیس،رووس،فەرەنسا ،نەمسا- هەنگاریا(ئوتریش-مەجارستان)،ئیتالیا، عوسمانی، و دیارە بە سەرۆکایەتیی بسمارك بوو ؛ بەڵام نوێنەرانی تریش روویان تێکردبوو : وەفدی دەوڵەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یۆنان، وەفدی مەسیحیەکانی بۆسنێ و هەرسك(هەرزیگۆڤینا)، مەسیحیی بولگاریا،و ئەرمەنیش . ئەرمەنی، داوایان لە کۆنگرە کرد هەموو هەرێمی باکووری کوردستان بە ناوی دەوڵەتێکی ئەرمەنی بخاتە ژێردەسەڵاتیا-نەوە . لەو هەلومەرجەدا بووە کە حاجی قادری کۆیی لە دروست بوونی دەوڵەتی وەهای ئەرمەنی ترساوە :

خاکی جزیر و بۆتان یانی وڵاتی کوردان        سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان ...ئیدی .

پەیمانی بەرلین( ١٨٧٨/٧/١٣) پەیمانی سان ستیفانۆ ی پووچ کردەوە و دەسەڵاتی رووسی لە بالکاندا تا رادەیەك لغاو کرد . بولگاریای گەورە(ی پەیمانی سان ستیفانۆ) کرا بە سێ بەش؛ دوو بەشی سەرەکیی ئۆتۆ-نۆمییان درایە : هەرێمی باکووری بە ناوی "بولگاریا" ئۆتۆنۆمیەکی فراوانی درایە ( لەشکر و ئیدارە و میری خۆی) بەڵام دەبوو ساڵانە پارەیەك بدا بە عوسمانی، هەرێمی باشووری بە ناوی " رومێلیی رۆژهەڵات " هەر سوڵتانی عوسمانی بەرەسمی فەرمانڕەوای راستەوخۆی مایەوە بەڵام ئیدارەکەی خرایە دەست " کۆمیتەیەکی ئەورووپایی"!؛ بەشی سێیەم وەکو پێشوو خرایەوە ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی عوسمانی بەڵام بە بەڵێنی هەندێ ئیسلاحاتەوە . بۆسنێ و هەرسك، دەبوو ماوەیەك عەسکەر و ئیدارەی " نەمسا- هەنگاریا "یان تێدابێ، سەربەخۆیی " سیرب "و" چیای رەش " قەبووڵ کرا. سەربەخۆیی رۆمانیاش قەبووڵ کرا بەڵام ئەو قەڵەمڕەویەی کە رووسیا لێی داپڵۆسیبوو تازە چووا! ( بە ناوی پەیمانێکی ساڵانێکی پێشتر) و لە جیاتی ئەوە زیان بژێریەکی قەڵەمڕەویی لەبەدبەختێکی تر بۆ کرا.عوسمانی دەبوو ٨٠٢,٥ملیۆن فرانك زیانیجەنگی بدا بە رووسیا(ساڵانە ٣٥ ملیۆن قورووش) و ئەگەر پێی نەدرێ دەبێ داوای قەڵەمڕەویی لەبریتی ئەوە لە رووسیا قەبووڵ بکا. قارس و ئەردەهان و باتوم دران بە رووسیا ( باتوم کرا بەبەندەرێکی ئازاد)، بایەزید و شیوی ئەلەشگرد درانەوە بە عوسمانی . عوسمانی دەبوو ئیسلاحاتێك لەو ناوچانەدا بکات کە ئەرمەنی تێدا دەژیان، و ژیان ومالیان لە چەرکەس و لە کورد بپارێزێ ( پێشنیاری ئینگلیس ) ، و ئازادیی مەدەنی و ئاینی لە سەر تا سەری ئیمپراتۆرییدا دابین بکات ( سوڵتان عەبدول حەمید پێشەکی جۆرە تاها محیەدینێکی ساز کردبوو، کاربەدەستێکی مەسیحیی کردبوو بە سەرۆکی وەفدی عوسمانی : " کاراتۆدۆری پاشا") . حاجی قادری کۆیی ( ١٨١٥- ١٨٩٢ ، یان : ١٨١٧ - ١٨٩٧) ئاماژەی بەو رووداوانە کردووە کە گوتوویە :

بولغار و سیرب و یۆنان هەم ئەرمەنی و قەرەداغ        هەر پێنجیان بە تەعداد نابن بە قەدی بابان

هەریەکە موستەقیللن کول یەکی دەوڵەتێکن        ساحیبی جەیش و رایەت ئەرکانیحەرب و لێدان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهەرحاڵ، سوڵتان عەبدول حەمید هەوڵی دەدا بەتەواوی مل بۆ هەموو بەندەکانی پەیمانەکە نەدا، بە نموونە : فلانە بەندەر( ئەنتیڤاری) کە پەیمانیبەرلین بۆ دەوڵەتی چیای رەشی دانابوو،ئەو دەستی بۆ لێهەڵنەدەگرت، دەیگوت نابێ ئاڵای بولگاری لە بولگاریاداهەڵکرێ! و... ئیدی . لێرەدا گۆشین (سەفیریگلادستۆن،سەرەك-وەزیرانی ئینگلیس ی کەکاتی خۆی لە ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەماندا هەراو هەنگامەی بۆ قوربانییانی بولگاریا نابۆوە و نەیهێشتبوو ئینگلیس زوو فریای عوسمانی بکەوێ) ئەم دەورە دەبینێ کە نووسەر باسی دەکا .

( بە نموونە بڕ- شۆ و شۆ) .

(٤٩) مەبەست لە مەترسیی هەمیشە لە ئارادا، بەڵایەکی کە لە هەر لەحزەیەکدا بکرێ بەسەردا داباریێ . لە ئەفسانەیەکی یۆنانی : دیۆنیسس حاکمی موتڵەقی سیراکۆزە بووە، دامۆکلیس ( یا دامەکلیز ) بە ئێرەییەوە زۆر بە بەختەوەریی حاکمیەتی موتڵەقی ئەو دیۆنیسسەی هەڵگوتووە؛ دیۆنیسس رۆژێك بانگێشتنێکی زۆر شایانەی لێ دەکا، و ئەو رۆژە لە سەرتەختەکەی خۆی دادەنێ . دامۆکلیس لە سەرەتادا لە خۆشییان گەشکەدەبێ، دوایی سەیردەکا وا : شمشێرێکی رووت،بەشێوەیەك،بە یەك تاڵەمووی ئەسپێك بەمیچەوە لە ئاست سەری ئەوەوە هەڵواسراوە، کە لە هەر لەحزەیەکدا بە کەمترین تەکانی، بکرێ بە سەر تەپڵی سەریدا بکەوێ و لەسەر تەختەکەی دوو لەتی بکا . دیۆنیسس دەیەوێ بەوە تێی بگەیەنێ کە حاکمی موتڵەق هەمیشە لە مەترسیی تێداچوونی لەهەر لەحزەیەکدایە .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمین زەكی(خولاسەی) : خولاسەیەكی تاریخی كورد و كوردستان، جلدی ئەووەڵ، لە مەبدەئی تاریخەوە تا ئیمڕۆ، چاپی بەغدا ١٩٣١؛ جلدی دووەم ١٩٣٧؛( كۆپی و بڵاوكردنەوەی هەردوو جلد لە لایەن سەیدیان لە مهاباد لە یەك بەرگدا و لەسەری نووسراوە" جلد ١-٢-٣") .

خالفین : ن. أ. خەلفین، خەبات لە ریی كوردستاندا، وەرگێڕی لە رووسیەوە جەلال تەقی،سلیمانی، ١٩٧١ .

سەید حوزنی موكریانی : - دیرێكی پێشكەوتن، چاپی گیو لە هەولێر ١٩٦٢ (چاپی یەكەم ١٩٣٥ لە رواندز بووە ) .
- مێژووی میرانی سۆران، چاپی گیو لە هەولێر ١٩٦٢ (چاپی یەكەم ١٩٣٥ لە رواندز بووە) .

سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی : كورد لە مێژووی دراوسێكانیدا، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی سەعیدناكام، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد- بەغدا، ١٩٧٩ .

شەرەفنامە (ی كوردی) : شرفنامەی شرفخانی بدلیسی، هەژار كردویە بە كوردی،(چاپ كردنەوەچەند قسمیەكی نوێی وەرگێڕ لە پاڵدا) تاران، ١٩٨١ ( جاری یەكەم كۆڕی زانیاری كورد ساڵی ١٩٧٣ لە چاپخانەیەكی نجەف لەچاپی داوە

ساڵنامەی پاكستن : THE STATESMAN'S YEAR-BOOK,Edited by JOHN PAXTON, 127th EDITION, 1990-1991.

ساڵنامەی هەفتەر : THE STATESMAN'S YEAR-BOOK,Edited by BRIAN HUNTER, 129th EDITION, 1992-1993.

ئارمستڕۆنگ : H.C.ARMSTRONG, GRAY WOLF MUSTAFA KEMAL, An Intimate Study of a Dictator, NEW YORK, 1933.

بیركەن : Andreas Birken, Die Provinzen des Osmanischen Reiches, Wiesbaden 1976.

جۆیس بلۆ : JOYCE BLAU, mémoire du Kurdistan, Paris, 1984.

زورخەر : ERIK JAN ZÜRCHER, THE UNIONIST FACTOR The Role of the Committee of Union and Progress in the Turkish National Movement, 1905-1926, Leiden, 1984.

شۆ : Stanford J. Shaw, History of the Ottoman Empire and Modern Turkey,Volume I: Empire of the Gazis, The Rise and Decline of the Ottoman Empire 1280-1808, Cambridge University Press, 1976.

شۆ و شۆ : Stanford J. Shaw & Ezel Kural Shaw, History of the Ottoman Empire and Modern Turkey,Volume II Reform, Revolution, and Republic-The Rise of Modern Turkey 1808-1975, Cambridge University Press, 1977.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فان برووێنسن M. M. van Bruinessen, AGHA, SHAIKH AND STATE,
On the social and political organization of Kurdistan(diss.), Rijswijk, 1978.

کریس کوچێرا : CHRIS KUTSCHERA, LE MOUVEMENT NATIONAL KURDE, Paris, 1979.

کەنیهۆلم : BRUCE R. KUNIHOLM, The Origins of the Cold War in the Near East-
Great Power Conflict and Diplomacy in Iran, Turkey, and Greece,Princeton University Press, 1980.

لۆرد کینرۆس : Lord Kinross, The Ottoman Centuries-The Rise and Fall of the Turkish Empire,U. S. A.,1977.

گارنیە : Jean-Paul GARNIER, La fin de l'Empire Ottoman- du Sultan Rouge à Mustafa Kemal,Edit.PLON,1973.

لانداو : JACOB M. LANDAU, PAN-TURKISM IN TURKEY- A STUDY IN IRREDENTISM, London,1981.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

( بێ لەم ناوانە : ناوی سەرچاوەکانی نووسەری‌کە لە داوێنی لاپەڕەکانن؛ناوی سەرچاوەکانی وەرگێڕی
کە لە دەقی باسدا نین و هەرلە دووکەواندا ئاماژەیان پێ‌کراوە و لیستەیان لە ل١٤٣-١٤٤دا هەیە ؛
ئەو ناوانەی کە دەبێ هەموو لاپەڕەکانی کتێبەکەیان بۆ سەیر بکرێ : کورد ،کوردستان،تورك،تورکیا ،
عوسمانی؛ ناوی کەندالْ و وانلی و وەرگێڕ؛ ئەو ناوانەی دە نەخشەکاندا ) .

ئا ئاتسز ١٠٦-١٠٧،١٣٨؛ ئاختەمار١٣٢؛ ئاخن١٢٧؛ ئادی یەمان ٥٣، ٨١، ١٢٥؛ ئاراپکر(عەرەبگر) ٦١؛ ئارار١٢٢؛ ئارارات
( بڕ- ئاگری ؛ ئاراس ( رووبار )٨٧ ؛ ئاراس( ئەحمەد) ١٢٣؛ ئاراس ( تەوفیق روشتو) ٩٨-٩٩؛ ئاری ( ئێرانی/ زمان ) ٨٧ ؛
ئازەربایجان١٧، ٢٦، ٣٢-٣٣، ٦٣، ٨٢، ٨٧-٨٨؛ ئاستانە١٢٨؛ ئاستی١٩؛ ئاسلان ( روسەن) ١٢٣؛ ئاسلان ( محەمەدعلی،
خەڵکی ئارارات؟ )١١١؛ ئاسووری/ئاشووری٢٨، ٥٢، ٦٣؛ ئاسیای مەرکەزی١٧، ٦٣، ٨٧؛ ئاقۆیونلو٢٨، ٦٩؛ئاکتاش١٢٩؛
ئاگری/ئارارات٥٤، ٨١، ١٠٠، ١٠٧، ١٢٣، ١٢٥، ١٣٦؛ ئاماسیا١٢٨؛ئاموودەریا/ئۆکسەس٦٣؛ ئامەد/ئامید بڕ- دیاربەکر؛
ئامێدی بڕ- عیمادیە؛ ئانت( گۆڤار)٨٢؛ ئایبار(محەمەدعلی)١١١، ١١٣-١١٤؛
ئو ئوزبەکستان١٧، ٦٣؛ ئوسکودار١٣١؛ ئوغوز١٠١؛ ئولستەر١١٨؛ ئوتریش بڕ-نەمسا؛ ئوردون٤٧؛ ئورفە٤٥، ٥٣، ٨١، ١٠٧،
١٠٩، ١٢٤_١٢٥؛
ئۆ ئۆتوکەن١٠٦؛ ئۆدێسە(ی ئۆکرانیا)٧٥؛ ئۆزوك( ئۆگوز ) ١٢٣؛ ئۆسبۆرن( ئێدوارد )٥٦؛ ئۆسمانلی ئەحرارفرقەسی٦٢؛
ئۆکرانیا / ئۆکرایین١٤٠؛
ئە ئەتاتورك بڕ- مستەفا کەمال ؛ ئەحمەدتەوفیق پاشا٧٤؛ ئەحمەدرزا ٦٠-٦٢؛ ئەحمەدمەلیك(دکتۆر)١٢٣؛ ئەحمەدی یەکەم( سوڵتان)
١٣٠؛ ئەخلات١٣٢؛ ئەدمەنە٧٤؛ ئەدیپ( خالیدە)٦٣؛ ئەرجیش١٣٢؛ ئەردەڵان٢٨، ٨٩-٩٠؛ ئەردەهان٨١، ١٣٩-١٤١؛ ئەرزنجان
٢٧، ٥٤، ٨١، ٨٨، ١٢٥؛ ئەرزەرۆم ٢٥، ٢٧، ٣٢، ٣٤، ٣٩، ٥٣-٥٤، ٦٦، ٨١، ٩٥، ١٠٧، ١١٨، ١٢٥، ١٣٥؛ ئەرغەنی١٣٢ ؛
« ئەرمەنستان٤٤، ٥٣-٥٤، ٨٧(ی سۆڤیەتی)، ٩٥، ١٠٧، ١٤١،ــ دەوڵەتێکی ئەرمەنی ٥٠، ١٤٠-١٤١،ــ ئەرمەنی١٤-١٨، ٢٥،
٢٨، ٣٤-٣٥، ٤٠، ٤٣، ٥١، ٦١، ٧٢، ٧٤، ٧٦-٧٧، ٨٢، ٩٢-٩٣، ٩٥، ٩٧-٩٩، ١٠٧، ١١٨»؛ ئەرووخ٢٩،ئەرەن(مەشکورە)١٣٤؛
؛ ئەریك(شابان)١١١؛ ئەریم(نیهاد)١٢١-١٢٢؛ ئەزهەر(ی قاهیرە)١٢٨؛ ئەستۆنی/ ئەستۆنیا٦٣؛ ئەستەمبوڵ ١٣، ٢٧، ٢٩، ٣٢-
٣٥، ٣٧-٤١، ٥٦-٥٩، ٦١-٦٢، ٧٤-٧٦، ٨٨، ٩٧، ١٠٥، ١١٠-١١١، ١١٨، ١١٨، ١٢١، ١٢٧، ١٢٩-١٣٠، ١٣٣، ١٣٨-١٤٠؛
ئەسعەدمەحموود١٠٠؛ ئەسکەندەرۆنە٨١، ١٠٨، ١٢٢؛ ئەفریقا١٠٧؛ ئەفغانستان٦٣، ٧٦، ٨٤( کوردی)؛ ئەفواجی خەفیفە٣٥-٣٦،
٧٢-٧٣؛ ئەکنجی(دکتۆرتارق زیا ) ١١١، ١٢٠، ١٢٢( و دووبرای تەحسین و یووسوف ) ؛ ئەکەدی٦٣؛ ئەگیل١٩، ١٣٢؛ ئەلازیە
بڕ- خارپووت ؛ ئەڵبانیـا/ ١٥-١٦، ٣٤، ٦١، ٩٩، ١٢٨، ١٣٣؛ ئەلبستان٥٣، ٨١؛ ئەلجەزایر(پەیمانی)٦٩؛« ئەڵمان/یـا/ ١٦، ١٧(
یان)، ٢٦، ٥٩(ی لاو)، ٦٢، ٦٤(ی نازی)، ٦٨، ٧٥، ٨٧-٨٨، ٩٤، ١١٨»؛ ئەلەشگرد( شیوی)١٤١؛ ئەمریکا/یی ٢٨-٢٩، ٤٧-٤٨،
٥٠-٥١، ٥٣-٥٤، ٦٩، ٧١، ٧٧، ٩٤-٩٥؛ ئەمین زەکی ( محەمەد )٧٢، ٧٦، ٩٣، ١٣٤؛ ئەنادۆڵ ( نەك ئەنادۆلو) ١٦، ١٨، ٤٥،
١٠٤، ١١٨، ١٢٤؛ ئەنتالیا١٠٩؛ ئەنتیڤاری١٤٢؛ ئەنوەرپاشا١٧، ٦٢، ٧٥-٧٦؛ ئەنقەرە ٩٦( پەیمانی )، ١٠٠، ١٠٥، ١٢١،
١٣٦-١٣٧( ناوی ) ؛ « ئەولیاچەلەبی و سیاحەتنامەکەی ٨٩، ٩١، ١٠٥، ١١٧، ١٢٩-١٣٢ ( چیرۆکی چاپی کتێبی و رێگای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گشتەکەی )،١٣٣-١٣٤ ،ــ باوکی ئەولیا ١٣٠-١٣١»؛ ئەیبەك(عیزەدین)١٢٦؛ « ئەیووبی١٢٦.٨٨ ، ــ سەلاحەدین٢٥، ٨٨، ١٢٦، ــ ئەشرەف٣٥،٨٨، ــ ئەل مەلیکول ئەفزەل ١٢٧ ،ــ تووران١٢٦.٨٨ ،ــ مەلیك عادلی یەکەم »؛ ئەییجەنۆغلو ١٢٠؛

ئیــ ئیبراهیم پاشای ملی ( حەرەسی ختی شەمەنەفەری حیجاز ١٩٠٨) ٣٥؛ ئیبشیر مستەفا پاشا١٣١؛ ئیبنوخەلەکان ١٢٧.٨٨ ؛ ئیبنولئەثیر١٢٧.٨٨؛ ئیتالیـا/ ١٣، ٣٩، ٤٥، ٥١-٥٣، ٥٦-٥٧، ٥٩(ی لاو)،٧٤(و/ی‌لاو)، ١٤٠؛ « ئیتیحاد وە تەرەقی (ئۆسمانلی ـ جەمعیەتی ) ١٥( وکۆمیتەی، ئیتیحادیەکان )،٦١-٦٢، ٧٣ ، ـ ئیتیحادیەکان ١٦-١٧، ٤١، ٤٥، ٦٢، ٧٤، ٩٣، ـ ئیتیحادی عوسمانی جەمعیەتی ٦١، ٧٣، ـ تورکی لاو١٤-١٥، ٣٥-٣٦، ٣٨-٤٠، ٦٠، ٧٣-٧٤، ـ عوسمانیانی لاو١٤، ٦٠ » ؛ ئیتیحادی محەممەدی جەمعیەتی/ فرقەسی/ محەممەدییە٧٤؛ ئیجتیهاد ( مانگنامە )٤٢؛ ئیحسان نووری پاشا٩٩-١٠٠؛ ئیستەنبوڵ بڕ- ئەستەمبووڵ؛ ئیستیخلاسی کوردستان٤٧؛ ئیستیقلال مەحکەمەسی/ لەری٩٩؛ئیسلام/ ی/ مسوڵمان١٥-(یان)١٦، ٢٢، ٢٧، ٣٤ ( یان )،٣٧، ٥٨، ٦٥، ٦٩، ٧٣-٧٤، ٨٧ - ٨٨، ٩٦؛ ئیسلام ئیختیلال جەمعیەتلەری ئیتیحادی٧٥؛ ئیسماعیل ( شای ئێران ) ٨٨؛ ئیسماعیل حەقی پاشا٦٢؛ ئیسماعیلیەکان ٧٣؛ ئیسمەن(فاتمە)١١٤؛ ئیگدیر٥٤؛ ئینگلیس/ی/ستان/بریتانیا١٣-١٥، ٢٦، ٢٨-٣٠، ٣٢، ٣٨، ٤٠، ٤٣-٤٨، ٥٠-٥٤، ٥٦-٥٨، ٦٠، ٦٥(بە-ی)،٦٩-٧٢، ٨١، ٨٨، ٩٥، ٩٧-٩٨، ١٠٧، ١١٨(و ئینگلتەرە) ٢٣٩-١٤٢؛

ئێــ ئێراکلیۆن٧٠؛ ئێران/ و شای ١٨-١٩، ٢٣-٢٦، ٢٨، ٣١-٣٣، ٤٥، ٥٠، ٥٢، ٥٤، ٥٦-٥٧، ٦٣، ٦٦-٦٧، ٧١(وفارس)-٧٢، ٨٣-٨٥، ٨٨-٨٩، ٩٤، ١٠٤، ١١٥، ١٣٢؛ ئێرۆ(گی)١١٢؛" ئێششەك" لەردر٦٣؛

با « بابان ٢٣-٢٤، ٦٦-٦٧، ٨٩،ــ ئەحمەد/ خالید/ مەحموود پاشا / بەکربەگ٦٧ ــ ئیبراهیم پاشا٢٤، ٦٧،ــ حیکمەت٣٧، ٦١، ٧٦، ــ شەریف پاشا٣٨، ٥٠-٥١، ٦٢، ٧٦، ٩٦، ــ .عەبدوڕەحمان پاشا٢٤ ، ٣٤، ٦٧»؛ بابلی٦٣؛ بادەللی( کەمال )١٠٥؛ بابی عالی ١١٨، ١٢٨؛ باتمان١٠٧، ١١٠، ١٢٣-١٢٥؛ باتور( جەنەراڵ )١٢٠؛ باتوم١٤٠-١٤١؛ باتێ( مەلائەحمەد )٢٠؛ « بادینان ٢٣(عیمادیە)، ٢٥(زێی)، ٢٧(سەعیدبەگی)، ٣٢، ٨٧-(ئەمارەتی)٨٨ »؛ باربارۆسە(فریدریك)٨٨؛ « بارزانی ٤٠( ـیان)، ــ سەرۆك مستەفا٧٢، ٩٦، ١٠٧، ١٢٢، ١٣٩ ، ــ شێخ عەبدوسسەلام٤٠، ٧٥( و بارزان و پیرەش- ئەیووبی‌شێخ‌بابۆ) »؛ باز( شا) ٨٧، ١٢٦؛ باکۆ٦١؛ بالکان ١٣، ١٦، ٥٩، ٨٨، ٩٩، ١٢٨، ١٣٩، ١٤١؛ باڵیۆز/ خانە/ بایلۆس٥٦؛ بایسۆن(جاوید)١٣٤؛ بایەزید(ی کوردستان)٢٧، ١٣٤، ١٣٩-١٤١؛ بایەزید(ی یەکەم )٥٦، ١٢٧؛ بایەزید( مەیدانی)٧٥؛ بایەزیدی ( مەلا مەحموود)٢٠؛

بت بتلیس ١٩-٢٠، ٢٧، ٢٩-٣٠، ٣٤، ٣٩، ٥٣-٥٤، ٨١، ٨٩-٩٠، ٩٥، ١٠٧، ١١٨، ١٢٥، ١٣٠، ١٣٢، ١٣٥،ــ ئیدریسی٨٨-٨٩؛

بر- بنـ بریتانیا بڕ- ئینگلیس، و /ی ٤٦؛ بسمارك٦٨، ١٤٠؛ بنگۆل٥٤، ٨١، ١٠٧، ١١٠، ١٢٥؛

بو بوجاك( فایق،یەکەم سکرتێری پ.د.ك.-تورکیا) ١٠٩(ومستەفای ئامۆزای)،١٣٨؛ بوخارێست٦٠؛ بورسە١٢٨؛ بورکای(کەمال، ئێستا سکرتێری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا)١٢٣؛ بورهان ( شێخ یووسفی شەمسەدین-ی موکری، بە ئەسڵ خەڵکی شارباژێڕ)٦٨-٦٩؛ بولگار/یا١٥-١٦؛٥٩، ٧٠، ١٢٨، ١٣٩-١٤٢؛ بوەیهی٨٧؛ بویوككایا( نەجمەدین١٩٤٣-١٩٨٤ قوربانیی ئاگرنانەوەی کاربەدەستانی زیندان)١٢٠، ١٢٣؛ بۆتان٢٣، ٢٧(و بۆتی/ بوهتی)-٢٩، ٨٩-٩٠؛

بۆ بۆران( بەهیجە)١٢١، ١٢٣؛ بۆزجا ئادا( تێنێدۆس )١٣٣؛ بۆزکورت ( گۆڤار )٦٤؛ بۆسفۆر٤٥، ١٢٨؛ بۆسنێ- هەرسك٩٩، ١٣٤ (بۆسنێ)، ١٤١؛ بۆغۆس نووبار پاشا٥١؛ بۆلشەفیك٧٦؛


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به « بەدرخان٢٥، ٢٧-٢٩، ٣٤، ٤٦، ٩١، ـــ ماڵی/ ـەکان٣٩-٤٠، ٩٠، ٩٢، ـــ کوڕانی بەدرخان :ئەمینعالی٣٨، ٤٨، ٦٢، / بەحری٣٤، / سەیفەدین٢٥، / عەبدوڕەحمان٣٧-٣٨، / مدحت٣٧-٣٨، // کوڕانی ئەمینعالی : جەلادەت١٣٦، / سورەیا٣٨، ٤٧، ٤٩» ؛
بەرزیکانی بڕ- حەسنەوی؛ « بەرلین ( کۆنگرە / پەیمان )٥٧، ١١٧-١١٨، ١٤٠-١٤٢(زەمینە و مێژووی،و شیعری حاجی قادر)، ـشار٧٥-٧٦»؛ بەسرا ٤٠؛ بەعسی ( نازیی عارەب ) ٧٣؛ بەغدا ١٦، ٢٥، ٣٠، ٣٥، ٤٠، ٦٥، ٧٢، ١٣٢، و بۆ پەیمانی بڕ- سەنتۆ؛ بەکران٢٧؛ بەکرەجۆ٦٧؛ بەلجیکا/ بلژیك٥١؛ بەیرەم پاشا٦٦؛

بیـ - بێـ بیرکەن ( ئەندریياس)٦٥؛ بیرەجیك٥٣، ٧٠؛ بیزەنت/ ـەی٨٧، ١٠٧، ١٢٧، ١٣٦؛ بێشکچی( ئیسماعیل )٨٢-٨٣، ١٢٣؛

پ پارتی بڕ- پ.د.ك.؛ پارلا( تاها)٦٥؛« پاریس٥٩-٦٠، ٦٢، ـــ کۆنگرە(ی١٨٥٦)٧١، ( ی١٩٠٢)٦١، ( ی ئاشتی) ٥٠-٥١، ٧٧؛
پاسوور/ قولب/ قولپ٢٧؛ پالوو١٩، ١٣٢؛ پان- بڕ- ناوەکە بە بێ پان؛ پ.د.ك٦٦(پارتی)، ٩٦؛
پ.د.ك.-تورکیا١٠٩، ١٣٨؛ پرودۆن٦٢؛ پۆرتوگال٥١؛ پۆزیتیڤیزم (وەزعی ، موسبەتە)١٥، ٦٢؛ پۆگرۆم ( گـۆڤار)٧٦؛
پۆڵەندا(لەستان)٥١، ٨٧(ی)؛ پەشتوو(زمانی پاتان)٨٧؛ پەهلەوی/ رەزاشا وکوڕی٧١؛ پیکۆ ( جۆرج)٧٥؛ پێرسی کۆك٥٠؛

ت ت. ئی. پ.(تورکیە ئیشچی پارتیسی)١٠٩، ١١١، ١١٤، ١١٧، ١١٩، ١٢١-١٢٣؛ تاتار٦٣؛ تاجیك/ستان٧٦،(بەحری تاچیك= دەریای قەزوێن)٩٢؛ تاران٣١، ٣٣؛ تاڤێرنیە( ژان باپتیست)١٢٩ ؛تاگماچ( جەنەراڵ)١٢٠-١٢٢؛ تاها محیەدین ( کوردی جاشی- بەناو- جێگری سەددام حوسێن)١٤١؛ تایشنەر( ف.)١٣٤؛ ترابزۆن٥٣، ٩٥؛ تراکیا١٢٨؛ ترایانوس٦٣؛ تفلیس٧٦؛ تودە( حزب-ء ایران)١١٩؛ تورکستان١٧، ٤٣، ٨٧(ی رووسیا)؛ تورکەش( ئالپ ئەرسەلان)٦٣-٦٤؛ تورکمەن١٧(ستان)، ٦٣؛ تورکی لاو بڕ- ئیتیحاد وە تەرەقی؛ تورکیە بویوك میللەت مەجلیسی١٣٦ ؛تورون( جەنەراڵ)١٢١؛ تورهان(دایکی سوڵتان محەممەدی چوارەم)١٣٣ ـ١٣٤؛ تونجەلی بڕ- دەرسیم؛ تووران/ ی/ ـەت١٧، ٤٣، ٤٥، ٦٣، ١٠٨؛ تووران( شەرافەدین)١٨؛ توونس٨٨؛ تـەبـەریا١٣٦؛ تەتوان١١٠، ١٣٢؛ تەرجیل بڕ- حەزرۆ؛ تەسویری ئەفکار(رۆژنامە)٥٨؛ تەشەببوسووشەخسیوەعەدەمی مەرکەزیەت جەمعیەتی ٦١؛ تەعالی وە تەرەقیی کوردستان بڕ-کوردستان تەعالی وە تەرەقی جەمعیەتی، ٤٠؛ تەکس( زەکی) ١٢٠، ١٢٣؛ تەلعەت پاشا (محەممەد)١٧، ٤٣، ٦٢، ٧٥-٧٦؛ تەمۆ/ تێمۆ(Temo ی ئەڵبانی،سیناتۆر لە رۆمانیا ١٩٢٠)٦١؛ تەمەل کوران١٢٩؛ تەنزیمات ١٣، ٥٦-٥٨، ٩٠؛ تەورێز٧١، ٨٨، ١٣٢؛ تەیمووریەگـ(سەرۆکی میلان)٢٧؛ تەیمووری لەنگـ٢٨، ٦٩؛تێسالی/ تێسساليا٧٤؛

جـ جاش(وشەی)٧٢؛ جبران ( عەشیرەتی- وخالیدبەگی)١٣٧؛« جزرە ١٩( دەوڵەتی )،٢٨-٢٩( جەزیرە پایتەختی ئەمارەت)،٥٣ ( کورداغ و دەشتی جزیرە، و جەزیرەی ئیبنی عومەر/ جزرە)، ٩٠(شاری جزرە/ جزیرە)؛٩٦(جەزیرەوکورداغ بۆ سووریا)،١٠٧(شاری جزرە) » ؛ جزیری٢٠، ٩٠؛ جەزیرە بڕ- جزرە؛ جنێڤ٣٨، ٦٠، ٩٢، ٩٨-٩٩، ١١٩؛ جوو١٤، ١٦، ٦٣، ٨٢، ١٠٧؛ جەپك( سەبری) ١٢٠؛ جەرمەنی٨٧؛ جەم( ئیسماعیل)١١٤؛ جەمال پاشا(محەممەد)٤٣، ٦٢، ٧٦؛ جەمیل پاشا ٣٨، ٤٩(/ زادە و یانەی دیاربەکر)؛ جەیحوون٦٣؛ جینگۆ/ یزم ١٤٠؛ جێنەوا ٥٦؛

چـ چاڵدێران١٨، ٢٠، ٢٣، ٨٨؛ چرچل(وینستون)٧١؛ چەرکەس ٦١( محەممەد رەشید)، ٨٢، ٨٨، ١٤١؛ چەنبەرلی/چەمبەرلی(گەڕەك) ٣٨، ٤٠، ٥٦؛چیای رەش/ مۆنتی نیگرۆ/ قەرەداغ ١٤٠-١٤٢؛ چیك ١٤٠؛ چیکۆسلۆڤاکیا٥١، ٥٥، ١١٨؛

حـ حاجی قادری کۆیی٢٠، ٩٢، ١٤١؛ حافز دەرویش وەحدەتی٧٤؛ ح.د.ك.- ئێران١٠٤؛ح.ش.ع.١١٥-١١٧، ١١٩؛ حوریەت وە ئیتیلاف فرقەسی/ پارتیسی١٥، ٦٢؛ حوزنی( سەید)٦٨؛ حوسێن حیلمی پاشا٧٤؛حەزرۆ/ تەرجیل١٩، ٦٥؛ حەزۆ/ ساسۆن٦٥، ٨٩، ١٣٢؛

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەسنەوی/ بەرزیکانی١٢٦،٨٨ ؛حەکیم خان/ حوکم خانی١٣١ ؛حەمەدی شیرین٦٧؛ حەمید/حەمەدی پاشا(جەنەراڵ)٤٨؛ حەمیدیە ٣٤-٣٦؛ حەنیف/ ئەحناف٧٣؛ حیجاز(/ عارەبستانی سعوودی)٥١،١٦؛

خـ خارپووت/ ئەلازیە١٩، ١٣٥،١٢٥-١٢٤،١١٨،١٠٧،٨١،٥٤؛ خاڵفین/ خەلفین٣١؛ خانی و مەم وزینی٩١-١٣٤،١٠٥،٩٢؛ خدری حەمەد٦٧؛ خزان/ خیزان/ خێزان١٩؛ خنس/ خونوس١٠٧؛ خوارەزم شا(جەلالەدین) ٨٨ ؛ خۆرمەك١٣٧؛ خۆشاب١٣٢؛ خۆی٣١؛ خۆیبوون٩٩-١٠٠؛ خەتی شەریف/ هومایەنی/ گولخانە(١٨٣٩) ٥٦ ؛خەلەکان١٢٧؛ خەلیل بڕ- مۆتکی؛ خەلیل غانم( مارۆونیی لوبنانی)٦٠،٦٢؛

د دارەندە٥٣؛ داشناق٦١؛ دامۆکلیس١٢١؛ دانیشمەن(ز. )١٢٩ ؛دجلە - فرات( مانگنامە / رێکخراو)١٠٥؛ د. د. ك. ئۆ. ١٠٩- ١١١ ، ١٣٨،١٢١-١٢٠؛ دورکهایم/ دورکێم١٧، ٦٥؛ دورو(کازم نامی)٦١؛ دۆستەکی/ دوشتێك١٢٦؛ دەرسیم٣٢،٣٥،٤٣، ٤٩،٥٤،٨١،١٢٢،١٢٥ ؛دەریا /ی ئەدریاتیك١٢٨ ،/ی ئیۆنی١٢٨ ،/ی ئێجە١٣٣ ،/ی رەش٧٠،٨٩،٩٩-١٠٠ ،و بڕ- تاجیك؛ دەڤ- سۆڵ١٣٩؛ دەڤ - گەنج ١١٠- ١١١ ،١٣٩؛ دەڤ- یۆڵ١٣٩؛ دەمیرێل( سولەیمان)١٠٦،١٠٩،١٢١؛ دەنگ(گۆڤار)١٠٥؛ دەیلەمی٨٧؛ دیاربەکر/ ئامید/ ئامەد١٧،١٩،٢٧، ٣٠،٣٩،٤٩(یانەی)،٥٤،٦١،٦٥،٨١،٨٧،٩٠،١٠٤،١٠٧-١٠٨،١١٠- ١١١،١١٨،١٢١-١٢٢،١٢٥،١٣٢،١٣٥،١٣٧؛ دیجلە بڕ- دجلە- فورات / و بڕ- فورات ؛ دیڤریك/ دیوریك٥٣؛ دیونو عمومیە قۆمسیۆنو١٣،٥٧؛ دیۆنیسس١٤٢؛

ر راگوسا( دوبرۆڤنیك ی کرواتیا)٥٦؛ راوەندی/ رەوادی١٢٦،٨٨؛ رزا نوور٦٢؛ رواندز بڕ- سۆران؛ رومێلیی رۆژهەڵات ١٤١؛ رووس/ رووسیا ١٣،٢٣-٢٦،٢٨-٣٤،٤٣-٤٥، ٥٠،٥٧،٥٩-٦٠،٦٩-٧١،٨٧( رووسی/ و تورکستانی )،١١٧،١٣٩-١٤١؛ رووم( رۆم/ تورك)٩١ ،ـــ قولزمی- (دەریای ناوەڕاست)٩٢؛ رۆژی کورد(رۆژنامە)٤١؛ رۆڤێ ٧٨؛ رۆمانی(ی ئیمپراتۆریی رۆما) ٦٣،١٣٦؛ رۆمانیا٥١، ١٤٠-١٤١؛ رەجەب بەگ٢٧؛ رەحمان بەکر٥٥؛ رەسسام٣٠-٣١،٧٨؛ رەشادی پێنجەم( سوڵتان محەمەد) ١٧-١٨،٤٣،٧٤؛ رەش کۆتان٢٧؛ رەشید پاشا( محەمەد)٢٥،٦٨؛ رەوادی بڕ - راوەندی ؛ ریچارد(ی یەکەم) شێردڵ٨٨،١٢٧؛

ز زارا( شار)٨١؛ زاگرۆس٦٦،٦٩،١٣٢ ؛زامدار(مەحموود)٧٧؛ زەردەشتی٨٧؛ زەکی پاشا(ی حەمیدیە)٣٥؛ زەهاو(پەیمانی) بڕ- قەسری شیرین؛ زیا پاشا( عەبدول حەمید-)١٤،٥٨؛ زیادین بەگ بڕ- عەبداڵ خان) ؛ زیللی ئەفەندی بڕ- ئەولیا(باوکی) ؛

ز- ژ زێباری٤٠؛ زێنەب خان بڕ- هێمن(دایکی)؛ ژاپۆن٥١؛ ژ. ك. ٧٣؛

س ساسۆن بڕ- حەزۆ؛ سافراستیان٢٨،٩٢؛ ساڤ١٢٨؛ سالۆنیك/ تێسسالۆنیکا٧٤؛ سانت جۆرج٥٨؛ سانت سۆفیا( مەیدانی)١٦؛ سان ستیفانۆ( پەیمانی )٧١،١١٧،١٣٩-١٤١؛ سان سیمۆن٦٢؛ ٨٨؛ سان لویس٦٨؛ سانیحە( خوشکی عەبدول حەمید)٦١؛ سایکس( سێر مارك)٧٥؛ سایکس - پیکۆ٤٤-٤٥، ٥٠-٥١؛ سعوودی بڕ- حیجاز؛ سکۆتلەندا١١٨؛ سلاڤ٨٧، ١٤٠؛ سلۆڤاك ١٤٠؛ سلۆڤین١٤٠؛ سلێمانی٢٤،٦٧، ٧٠،٨٨؛ سنە٩٠ ؛ سواڤی(عەلی)٥٨، ٦٠؛ سونای( جەودەت)١٠٦،١٢١؛ سوننی٦٦؛ سوکووتی( ئیسحاق)٦١؛ سوودان٨٨؛ سووریا٤٦، ٥٠-٥١،٥٣-٥٤،٨٣-٨٥،٨٧-٨٩،٩٥-٩٦،٩٩،١٢٢؛ سویسرا٣٨،١١٩؛ سوێد/ی ٨٧،٩٦،١٠٥؛

سۆ « سۆران ٢٣،٢٥،٦٧-٦٨،٨٩،ـــ رواندز٢٥،٢٧،٦٧،٦٩،٧٣،ـــ میرمحەمەد ٢٥-٢٧،٦٧-٦٨(شازدە پشتی)،٦٩،٧٣(پاشا کۆرە)،ـــ ئەحمەد بەگ٢٧،٢٩» ؛ سۆڤیەت٤٥، ٥٠،٦٤،٧٥-٧٧،٨١،٨٤،٨٧،١١٨؛ سۆمەری١٠٠؛

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سە سەباحەدین( شازادە)١٥، ٦١-٦٢؛ سەددام حوسێن٧٣،١٣٦؛ سەعداباد(پەیمان)١٠٠؛ سەعید ( شێخ - ی پیران،بە ئەسڵ خەڵکی شاری سلێمانی- هەرێمی باشووری کوردستان)٦٥،٩٩،١٣٦-١٣٧؛ سەعید نوورسی (مەلا - بەدیعوززەمان) و نوورجوو٤٧؛ سەفوەت بەگ٧٥؛ سەفەوی٨٩،١٣٢( و شاعەباسی یەکەم و شا سەفی)؛ سەکبان(شوکرو/ چوکرو محەمەد)٤١؛ سەلجووقی ٨٧-(کەیقوبادی)٨٨، ١٠٠،ــ سەنجەر١١٧؛ سەلیم( مەلا، خەلیفە)٤٠، ٧٥؛ سەلیم( ی یەکەم ،سوڵتان)٨٨-٨٩، ١١٧؛ سەلیم ( ی سێیەم، سوڵتان)٥٧؛ سەمی کانلی(نەزیر)١٢٠؛ سەنتۆ١٠٤؛

سیـ سیاوەش پاشا١٣٣؛ سیراکۆزە١٤٢؛ سیرب١٤٠، ١٤٢؛ سیرب- کروات - سلۆڤین٥١؛ سیروان٦٧؛ سیلاحدار تاریخی ( ی فندقلی‌لی محەمەدئاغا سیلاحدار)١٣٤؛ سیلڤان / میافارقین/ فەرقین٨٧، ٩٠،١٠٩-١١٠،١٢٧،١٣٢؛

سێـ سێرت ١٩، ٣٠،٥٤،٨١،١٢١،١٢٥؛ سێڤەر٥٠-٥٢،٥٤،٩٤-٩٨،١١٧؛ سێواس٢٥،٤٨،٨١، ١٠٠،١١٨،١٣١،١٣٥؛ سێوەرەك١٠٧، ١١٠،١٢٢؛

ش شارلمان٨٨،١٢٧(قەڵەمڕەوی وپایتەختی)؛ شارەزوور بڕ- شەهریزۆر؛ شام(دیمەشق)٢٩،١٢٦؛ شرناخ١٢٤-١٢٥؛ شنگار/ شنگال/ سنجار ٨٧، ٩١،١٣٢، ١٣٤( / سەنگ ئارا)؛ شۆ٦٥، ١٣١، ١٣٣؛ شەجەرەتوددوڕ١٢٦؛ شەددادی٨٧،١٢٦؛ شەرەف خان ٨٩- ٩٠، ٩٢/ شەرەفنامە٢٧، ٨٩- ٩٠، ١١٧؛ شەڕی جیهانی ی یەکەم١٧، ٣٨، ٤١-٤٣، ٤٥، ٥٠، ٥٥، ٦٢، ٦٤، ٨٧، ٩٣، ٩٧،/ ی دووەم٦٤،/ نێوان دوو ٨٣؛ شەریف بەگ(ی بتلیس)٢٩؛ شەریف پاشای بابان بڕ- بابان؛ شەمدینان ( شەمدین،شەمزین، لای حکومەتی‌تورك" شەمدین‌لی") ٣٢،و بڕ- نەهری؛ شەهریزۆر/ شارەزوور١٩؛ شیروان٨٩؛ شیعە٦٥؛

عا عابدین پاشا١١٧-١١٨؛عادل(شا)٨٧؛ عادل جەواز٨٧،١٢٦، ١٣٢؛ عارەب١٥، ٣٤-٣٥، ٣٧، ٤٠، ٤٣، ٦٣، ٧٣، ٧٦، ٨٢، ٨٧-٨٩، ٩٤، ٩٩، ١٠٤، ١٠٧، ١١٥-١١٧،/ ستان بڕ- حیجاز،/ ی ٦٥، ٨٩، ١٠١، ١٢٨؛ عاشیرەت مەکتەبی/ لەری٣٥؛

عو عوبەیدوڵڵا( شێخ) بڕ- نەهری؛ عوسبەی ئومەم بڕ- کۆمەڵی نەتەوەکان؛ عوسمان پاشا شەلە٢٨-٢٩؛ عومەر ئۆغلو١٢١-١٢٢؛

عە عەباس( ی یەکەم، شای ئێران)١٣٢؛ عەبداڵ خان٩١، ١٣٣(و زیادین بەگی کوڕی)؛ عەبدول حەمیدی دووەم( سوڵتان)١٥، ١٧، ٣٣-٣٥، ٣٧، ٣٩، ٥٧، ٥٩-٦١، ٧٢، ٧٤، ٩٢، ١٢٩، ١٤١-١٤٢؛ عەبدول عەزیز( سوڵتان)٥٧، ١٢٤؛ عەبدوڵڵا جەودەت٤٢، ٦١؛ عەبدول مەجیدی یەکەم(سوڵتان)٥٧، ٦٢؛ عەجەم٩١؛ عەدالەت پارتیسی١٢١؛ عەرەبگریر- ئاراپکر؛عەلی‌ی باکۆیی٦١؛ عەلی پاشا( محەمەدئەمین، پێنج جار سەرەك وەزیران)٥٨؛ عەنتاب٤٥، ٥٣، ٧٠، ٨١، ١٢٥؛

عیـ عیبری١٢٨؛ عیراق٤٠، ٤٦، ٥٠، ٥٤، ٦٣، ٦٥، ٧١، ٨٣-٨٥، ٨٨-٨٩، ٩٥، ٩٨-٩٩، ١٠٤، ١١٥-١١٧، ١٢٢، ١٣٢؛ عیسمەت مستەفاپاشا(ئینونو)٩٧، ١٠٠، ١٠٥، ١٢١، ١٣٦(ناوی ئینونو)؛ عیمادیە/ ئامێدی ١٩، ٢٣، ٢٧، ٩٠ و بڕ- بادینان؛

غـ غازی عەنتاب بڕ- عەنتاب؛

فـ فارس بڕ- ئێران؛ فارسی ٦٥، ٨٧، ٨٩، ١٠١، ١٢٨؛ فرات(م. شەریف)١٠٤، ١٣٧؛ فرۆهێر( حوسێنی-، زێڕینگەران)٧٣؛ فکر کولوپ لەری فەدەراسیۆنو١٣٩؛ فوئاد پاشا(جەنەراڵ)٤٨؛ فوئاد پاشا(محەمەد)٥٨؛ فورات ٥١، ٥٣، ٨٧، ٩٤، ١٣٢،ــ دیجلە و فورات /دۆڵی١٩، ٢١،/ مەڵبەندی٦٣،و بڕ- میسۆپۆتامیا؛ فوزوولی( محەمەدی کوڕی سولەیمان)٢٠، ٦٥؛ فۆلکستۆن ( لە ئینگلستان)٣٨؛ فۆن مۆلتکە٢٦، ٦٨، ٩٠؛ فۆن هامەر١٩، ٨٨، ١٣٠ ؛ فەرەنسا/ فەرەنسی١٣-١٤، ٣٠، ٤٣-٤٨، ٥٠-٥٤، ٥٦-٥٧، ٥٩، ٧٢، ٨٨، ٩٢، ٩٥، ١٤٠،/ بە زمانی ٦٢، ٨٩؛ فەرید پاشا ( پێنج جار سەرەك وەزیران)٦٢؛ فەقێی تەیران٢٠؛

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەلەستین٧٠،٨٨،٩٩،١١٢؛ فیلیپ ئۆگست٨٨؛ فینلەندی٦٣؛

ڤـ ڤارتۆ٤ ١٠،١٠٧،١٠٩،١٣٧؛ ڤارنا٢٩، ٧٠؛ ڤالاشیا(فالاقیا/ ئەفلاق/ ئەفلاك) ٧٠؛ ڤامبەری(ئارمینیەس)٦٣؛ ڤاندال٧٢؛ ڤۆ ١١٩؛ ڤیکتۆریا( شاژنی ئینگلیس)٥٨؛ ڤیلچێڤسکی٩٢؛ ڤینیس/ی٥٦، ١٣٣؛ ڤێتنام١١٢؛

قـ قاجار٣١؛ قارس٢٨،٧١،٨١،١٢٥،١٤٠-١٤١؛ قاسم( عەبدول کەریم -، رژیمی )٧٢،١٠٤؛ قاهیرە ٣٨،٤٧،٩٢؛ قرخیز / ستان١٧،/ی٦٣؛ قرم٣٠، ٧٠-٧١،٩٢؛ قزل تەپە١٣٢؛ قنغال١٣١؛ قۆتور/ قەتور١٣٢؛ قولب بڕ- پاسوور؛ قۆنیە ٨٨؛ قۆیسەم سوڵتان( دایکی دوو سوڵتان)١٣٣؛ قەرز بڕ- دیونو؛ قەرەبوك١٠٨؛ قەرەداغ بڕ- چیای رەش؛ قەسری شیرین( پەیمانی زەهاو)١٣٢؛ قەمچووغە٦٨؛ قەوقاس/ کافکاس٣٤، ١٣٢؛

کـ کاپیتولاسیۆن٥٥-٥٦؛ کاتەرینا١٣٩؛ کاراتۆدۆری پاشا١٤١؛ کاربۆناری٣٩،٧٣-٧٤؛ کارلیۆڤا١٠٧؛ کاندیا(کریت)٢٩، ٧٠؛ کانینگ( ستراتفۆرد)١٣،٥٧؛ کاهتا١٠٧؛ کرماشان٨٨، ٩٠؛ کروات١٤٠؛کلدانی٢٨، ٥٢؛کلیکیا/ سیلیسیا٥١؛

کو کوپرولو١٣٣-١٣٤؛ کوتلای( ناجی)١٢٢؛ کورد ئیستیقلال جمعیەتی٤٧،٤٩؛کورداغ٥٣،٨٧؛ کورد تەشکیلاتی ئیجتیماعیە جمعیەتی٤٩؛ کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی٣٨، ٤٠؛ کوردستان( یەکەم رۆژنامەی کوردی)٣٧،٩٢؛ کوردستان تەعالی جمعیەتی٤٧-٤٩؛ کوردستان تەعالی وە تەرەقی جمعیەتی٣٨، ٤٠؛ کوردستان موحیببوون جمعیەتی٤١؛ کورد کولوپ لەری/ یانە کوردیەکان٣٩-٤٠؛ کورد میللەت فرقەسی٤٩؛ کورد نەشری مەعاریف جمعیەتی٣٨؛ کوورا( رووبار)٨٧؛

کۆ کۆتان( مومتاز)١٢٠؛ کۆچران٧١؛ کۆچگیری٤٨؛ کۆڕی زانیاری کورد١٣١؛ کۆلۆمبیا(زانکۆ)٦٥؛ کۆماندۆ(عەمەلیاتی)١٠٩-١١٠،١١٣-١١٤،١٢٢؛ کۆمونیستی تورکیا(پارتی)١١٩؛ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا١١٩؛ کۆمەڵەی دۆستایەتیی بریتانی٤٦؛ کۆمەڵی نەتەوەکان٥٢-٥٣،٩٤،٩٧-٩٩؛ کۆنت( ئۆگست)٦٢؛ کۆنستانتین(ی یەکەم)١٢٧؛ کۆنستانتینۆپۆل (ئەستەمبوول)٨٨،١٢٧؛ کۆیە٢٤، ٦٧(زێی)،١٢٧؛

کە کەرزۆن(لۆرد)٩٧؛ کەرکوك٨٨؛ کەمال مەزهەر( دکتۆر)٧٢؛ کەمالی/یەکان٤٨، ٦٢،٧٧،٩٤،٩٦-٩٩،١٠١، ١٢٠؛

کیـ کیغی١٩؛کیلیس٥٣؛ کینرۆس٥٨؛ کینگ- کرێن( کۆمیتە)٥٠؛

گـ گارتەر٥٨؛ گالاتا(پرد)١٦؛ گلادستۆن١٤٢؛ گوچلو(ئیبراهیم)١٢٠؛ گورجان(گورجستان/ جۆرجیا)٨١؛ گورسێل( جەنەراڵ)١٠٤-١٠٥؛ گورلەر(جەنەراڵ)١٢٠؛ گۆرانی( ئەحمەد)١٢٨؛ گۆشین( جۆرج یواخیم )١١٧-١١٨؛ گۆك ئالپ ( زیا )١٧، ٤٣؛ گەنج

گـ/ ل (حکومەتی کورد)١٩؛ گەنجە( شار)٨٧؛ لاتینی / زمان ١٢٨، ١٣٢، ١٤٠،/ی نووسینی تورکی١٢٩، ١٣٦؛ لایارد ٧٨ ؛

لـ لوبنان٤٦،٨٨،/ی٦٠؛ لوتفوڵڵا( برای شازادە سەباحەدین)٦١؛ لوتفی فکری٤١؛ لوڕستان٨٣؛ لۆزان/ کۆنگرە-پەیمان٧٧،٩٥،٩٧-٩٨،/ شار١١٩؛ لۆلان١٣٧؛ لۆید جۆرج٥٠؛ لەندەن٣٨، ٦٠،٩٦(پەیمان١٩٢١)؛ لیبیا٨٨؛ لیتان( عەشیرەت)٦٨؛ لیخۆتین٣١؛

مـ ماردین١٩، ٣٢،٥٣،٨١،١٠٧،١١٠،١٢١،١٢٥،١٣٢،١٣٨؛ مارسێی/ مارسیلیا٥١؛ مارکۆ پۆلۆ٢٠،٧٨؛ مازینی٧٤؛ ماسۆنی ٧٣-٧٤؛ ماغنیسیا( مانیسا)١٢٨؛ محەمەد( میری رواندز، پاشا کۆرە) بڕ- سۆران؛ محەمەد/ی دووەم(سوڵتان)٥٦،١٢٧-١٢٨،/ ی چوارەم(سوڵتان)٦٥، / ی پێنجەم رەشاد بڕ- رەشاد؛ محەمەد ئەمین بۆزەرسلان١٠٥، ١٢٠،١٢٣،١٢٦؛ محەمەد رەشید بڕ- چەرکەس ؛ محەمەد عەلی پاشای میسر٢٣،٥٥ ـــ ئیبراهیمی کوڕی٢٨،٥٩( مستەفا فازل پاشای کوڕی )،٧٠؛ محەمەد قەدری پاشا١٣٩؛ محەمەدی جمعیەتی بڕ- ئیتیحادی-؛ مدحەت پاشا٥٩-٦٠؛ مراد بڕ- موراد؛ مستەفا رەشید پاشا٥٥؛ مستەفا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فازل بڕ- محەمەد عەلی ؛ مستەفا کەمال (مستەفا عەلی رزا، ئەتاتورك )١٩،١٦(زانکۆی)، ٤٢، ٤٨-٤٩، ٥٧، ٧٤، ٧٦، ٩٦، ١٠٠، ١٠٤، ١٢٠، ١٢٤، ١٣٥( ناوەکانی) - ١٣٧ ؛ مغوولی/ مەنگۆلی٨٨؛ موجەددید(پارتی)٤١-٤٢؛ مودرۆس/ مۆندرۆس٤٥ ،٤٧، ٥٠، ٩٥؛ موراد/ی دووەم( سوڵتان)١٢٨ ،/ی چوارەم(سوڵتان)٩١، ١٣٢-١٣٣، موراد/ی پێنجەم(سوڵتان) ٦٠؛
موساحیب مستەفا ئەفەندی٦٥؛مووسا عەنتەر ١٠٥، ١٢٠، ١٣٨؛ مووسڵ٢٥، ٣٠، ٣٥، ٣٩-٤٠، ٧٥، ٧٨، ٨٧، ٩٣، ١٣٢، / ویلایەتی ٥٠، ٥٢، ٥٤،/ مسەلەی ٩٤-٩٥، ٩٧-٩٨؛ مووش٣٩، ٥٤، ٨١، ١٠٧، ١٢٥؛ مۆتکی / خەلیل حسەن٤١،/ خەلیل خەیالی٤٧؛ مۆسکۆ٦٥، ٧٥-٧٦؛ مۆلداڤیا ٧٠؛ مۆنت پلیێ(زانکۆ) ١٢٠؛ مۆنتی نیگرۆ بڕ- چیای رەش؛
مه مهاباد٣٢؛ مەحموودی بەرزنجی( شێخ، مەلیك) ٤٠، ٧٥؛ مەحموودی دووەم( سوڵتان)٢٧؛ مەحموود جەلالەدین پاشا(داماد)٦١؛ مەحموود خانی مەکس/ موکوس ٢٨؛ مەحموودشەوکەت پاشا٧٤-٧٥؛ مەحموودی( حکومەتی کورد)١٩، ٨٩؛ مەدحەت پاشا بڕ- مدحەت ؛ مەدیحە(کچی عەبدول مەجید)٦٢؛ مەراغە٣٢؛ مەرسین١٠٨؛ مەرەش٨١، ١٠٣، ١٢٥؛ مەروان/ مەروانی٨٧، ١١٠، ١٢٦؛ مەرمەرە١٢٨؛ مەسیحی / یەت١٤، ١٦-١٧، ٢٠، ٢٢-٢٣، ٢٨-٢٩، ٥٥، ٥٨، ٧١، ٨٧، ١٢٧، ١٣٩-١٤١، ــ شەڕی سێیەمی خاچپەرستان٨٨، ١٢٧؛ مەشورەت( رۆژنامە)٦٢؛ مەکس/ موکوس٢٨، هەمزە بەگی٤٧؛ مەککە٣٢-٣٣، ٤٨، ٥٥؛ مەکەدۆنیا/ ماسەدۆنیا٧٤؛ مەڵاتیە٤٨، ٥٣، ٦١، ٨١، ٨٩، ٩٤، ١٢٥، ١٣١؛ مەلای خەتێ٢٧؛ مەلیك ئەحمەد پاشای ئەبازەیی٩١، ١٣٣-١٣٤؛ مەنتەشە ئۆغلو١٠٩؛ مەندەریس( عەدنان)١٠٤؛ مەهدی زانا ١٢٣؛
میـ میافارقین بڕ- سیلڤان؛میاندواو٣٢؛ میداس شا١٣٦؛ میدیا٨٧؛ میساقی میللی(١٩٢٠)٩٦، ١٣٥؛ میسر ٢٥، ٣١-٣٢، ٦٠، ٨٨-٨٩، ١٢٦؛ میسۆپۆتامیا١٦، ١٩، ٢١، ٥١، ٦٣، ٩٥،و بڕ- فورات؛ میل(جۆن ستیوارت)٦٢؛ میللیەتچی حەرەکەت پارتیسی(و ناوی پێش ئەوە)٦٣-٦٤؛ میهریبان / میهریڤانا١٩؛
نـ نابی٢٠؛٦٥ ؛ ناکام(سەعید)١٣١؛ نامیق کەمال١٤، ٥٨-٥٩؛ نسێبین٥٣، ١٣٨؛ نوعەیمە ئەفەندی(مستەفا/ نعیما)١٣٤؛ نوورسی( و نوورجوو) بڕ- سەعیدنوورسی؛
نه نەعمانی(ئیزرائیل)٣٧؛ نەفعی٢٠، ٦٦؛ نەقشبەندی(تەریقەت)٣١؛ نەلوس(قەڵای)٦٨؛نەمسا(ئوتریش)١٣، ٥٥-٥٦، ٧٠، / نەمسا- هەنگاریا١٣، ٥٥، ٥٧، ١٤٠-١٤١،و بڕ- هەنگاریا؛ «نەهری / سەیدەکانی٣٨،/ کۆنگرەی٧٢،/ شێخ عوبەیدوڵڵا ٣١-٣٥، ٦٢، ٧١-٧٢،/ شێخ تاها ٣١،/ شێخ عەبدول قادر٣٤، ٣٨-٣٩، ٤٧-٤٨،/ سەید عەبدوڵڵا٤٧،/ دکتۆر شەمزینی٧٢»؛ نەینەوا ٧٨، ٨٧؛
نیـ نیزامی جەدید(ی سەلیمی سێیەم)٥٧؛ نیزیب٢٨، ٧٠؛ نیکیتین٩٢؛ نیمرود بڕ- رەسسام؛
و «وان / شار ٣٢، ٩٠، ١٠٧(و کۆمیتەی)، ١٣٢،/ ویلایەت٥٣-٥٤، ٨١، ٩٥، ١١٨، ١٢٥، ١٣٠(والیی)، ١٣٣(ئەیالەت)، / ناوچە٣٤،/(زێدی یاشار کەمال)١٢٢،/ دەریاچە٣٠، ٧٨، ١٣٢»؛ ورمێ / دەریاچە٣٠، ٨٩،/ شار٧١؛ وەحدەتی بڕ- حافز دەرویش؛ ویلسن(وودرۆ)٤٧، ٥٣-٥٤، ٩٤؛ وێلز١١٨؛
هـ هاربۆرن(ویلیام)٥٦؛ هالك شوورالار فرقەسی٧٦؛ هاوار( گۆڤار)١٣٤؛ هۆڵەندا٥٧، ٦٥؛ هەتاوی کورد(رۆژنامە)٣٩، ٤١؛ هەرسك/ هەرزیگۆڤین بڕ بۆسنێ؛ هەرکی(فەتاح ئاغا)٧٢؛ هەکاری١٩-٢٠، ٢٣، ٢٨-٢٩، ٣٢، ٥٤، ٨١، ٨٩، ١٠٧، ١١٠، ١٢٥؛ هەمزەبەگ بڕ- مەکس؛ هەمەدان٨٨؛ هەنگار /یا٥٥،/ی٦٣،و بڕ- نەمسا؛ هەودیان٦٧؛ هەولێر٧٠، ٧٢؛ هیتی١٠٠؛

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیندۆ- ئەوروپایی٨٧؛هێڤیا کورد ٤٠-٤١؛ هێمن(و زێنەب خانی دایکی)٦٩؛

یـ یاشار کەمال١٢٢؛ یانە کوردیەکان بڕ- کورد کولوپ لەری؛ یلدرم(جانپ)١٢٠؛ یلماز گونەی١٢٢؛ یوگۆسلاڤیا١١٨،٥١، ١٢٨؛ «یۆنان ٣١،٥١، ٧٠،٩٦-٩٧،١٠٧،١٢٧،١٤١،/ ی١٤-١٥ (بازرگان)،١٦،٤٥(لەشکر)،٨٢،٩٩،١٢٧،١٤٢ (ئەفسانە)،//(بە)زمانی ٥٦،٦٣، ١٢٧-١٢٨»؛ یەریڤان١٣٢؛ یـەزدان شێر٢٩-٣١،٤٦،٩٢؛ یەزیدی٢٢؛ یەشیل کوی ١٤٠؛ یەکێتی(ی.ن.ك.)٦٦؛ یەمەن ٨٨ و شێخ یەحیای ٤٠،٧٥؛ یەنی ئۆسمانلی جمعیەتی٥٩؛

هـەرچی کتێبی چاپی منە، من خۆم تایپی دەکەم و، بە ژمارەیەکی زۆرکـەم بەچاپی دەدەم( ژمارەی پترم بۆ هەڵناسووڕێ) و، ئەوانە بە سەر چەند کتێبخانە و کەسانێکدا دەبەشمەوە . کەواتە :

هیچ کتێبێکی چـاپی من لای منەوە بۆ فرۆشـتن نیـە، بـەڵام ئـەگـەر هـەر کەسێك بیەوێ بۆخۆی چاپ بکاتەوەو بفرۆشێ، دیارە ئەو نرخی چاپکردنەوەی خۆی بۆخۆی لە سەر دادەنێ، ئەوە مـافی رەوای خۆیەتی و هیـچ کـارێکی بە من نەداوە، بەڵام دیارە دەبێ لێرەدا لە جیاتی هەر" نرخ " لە سەری بنووسێ " نرخی چاپ کردنەوە " .

شێرکۆ هەژار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

Çend basêkî

# Kurd u Turk

bergî yekem

nûsînî : Kendal, Wanlî

( wergêran u) perawêznûsînî : Şêrko Hejar

çapî dûwem

2621 / 2009

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org